فێڵ و تەڵەکانی شەیتان لەسەر بەندەکانی ڕەحمان

لە (قورئان و فەرموودە)

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نوسینی
ڕەنجدەر سیامەند خالند

پێداچوونەوەی
م. ئاراڕام خەلەکانی
م. نیازعلي شوانی

چاپی یەکەم
٢٠٢٢ ز

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

فێڵ و تەڵەکانی شەیتان لەسەر بەندەکانی ڕەحمان

لە (قورئان و فەرموودە)

نوسینی:

ڕەنجدەر سیامەند خالند

پێداچوونەوەی:

م. ئارام خەلەکانی

م. نیاز علي شوانی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتوك: فێڵ و تەڵەکانی شەیتان لەسەر بەندەکانی پەحمان.

نوسینی: پەنجدەر سیامەند خالند.

پێداچوونەوەو پێشەکی: م. ئارام خەلەکانی، م. نیاز علي شوانی.

نەخشەسازی ناوەوە: نوسەر.

چاپی: یەکەم، ساڵی ١٤٤٤ کۆچی، ٢٠٢٢ میلادی.

تیراژ: ١٠٠٠ دانە.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (٧٢٤) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.

مامۆستا ئارام خەلەکانی (حَفِظَهُ اللّٰه) دەربارەی

ئەو کتێبە دەڵێ: دەستت خۆش مامۆستا ڕەنجدەر گیان

بۆنووسینی کتێبەکەت بەڕاستی شتێکی باشت نوسیوە

ماندووبونی پێوە دیارە من لەخوێندنەوەی ئەوکتێبە سوودمەندبووم

ئاگادارت دەکاتەوە لە تەواوی فێڵەکانی شەیتان و ڕێگاکانی

اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ قەڵەمت پڕ بڕشت کات اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ

پاداشتت بداتەوە برای خۆم.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

پێشەکی

(م. نیاز علی شوانی)

بِسْمِ اللَّه الْحَمْدُلِلَّه وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلى رَسُول اللَّه وَعَلى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعين وَبَعْد: مرۆڤی موسڵمان بەردەوام لەسەر چاکەو خێرە هەتا ئەو کاتەی خۆی فێری چاکەو خێر دەکات یاخود ئەمر بە چاکە دەکات و نەهی لە خراپە دەکات، بۆ ئەوەی ئەمر بە چاکە بکەی و نەهی لە خراپە بکەی پێویستە ڕوو بکەیتە پەیامەکانی ئیسلام کەبریتییە لە: (قورئان، فەرمووده) کە هەموو شتێکی تێدا ڕوون کراوەتەوە لە چاکە کردن ڕۆیشتن بەرەو بەهەشت نەکردنی خراپە و خۆپارێزی لە دۆزەخ و فێڵەکانی شەیتان و مرۆڤە خراپەکان و وە خوێندنەوەی کتێبی زانایان و رَحِمَهُمُ ٱللَّهُ وە ئەو کتێبانەی کە سوود بەخشن بۆ ئەو بابەتانەی دەبیتە پارێزگاری مرۆڤی موسڵمان لە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان و مرۆڤە شەیتان ئاساکان پەنا بە اللّٰه عَزَّوَجَلَّ ئەم کتێبەی کە لەبەر دەستتە ئەی خوێنەری بەڕێز بە ناونیشانی: (فێڵ و تەڵەکانی شەیتان لەسەر بەندەکانی ڕەحمان) نووسینی برای بەڕێزمان کاک (ڕەنجدەر سیامەند) دوای ماندووبوونێکی زۆر و پێداچوونەوەیەکی زۆر کەوتۆتە بەر دەستی تۆی بەڕێز ڕێگایەکی باشە بۆ ئەوەی مرۆڤی موسڵمان خۆی بپارێزێ لە فێڵ و تەڵەکانی شەیتان کە من بۆ خۆم سوودم لێ بینیوە لە کاتی پێداچوونەوەو خوێندنەوە کە هەموو بابەتەکانی بە گوێرەی ئایەتەکانی اللّٰه عَزَّوَجَلَّ وە فەرموودەکانی رسول اللّٰه صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وتەی زانایانی داناوە لە جێگەی خۆی، ئەگەر چی ئەمە دانراوی مرۆڤە بەدەر نابێت لە کەم و

کـوڕی، وەک ئەوەی لە زانایـان رَحِمَهُمُ‌ٱللَّهُ گێـڕدراوەتەوە چ زانایـانی سـەلەف یـاخود سـەردەم، کە کاتێـک کتێبێکیـان نووسـیوە دوای چەنـدان جـار پێداچوونەوەی هەر کەم و زیادیان کردووە لێی دواجار فەرموویـانە ئەمە بەرهەمی مرۆڤە بێ کەم و کوڕی نابێ وازیـان لـێ هێناوە وە ئەم کتێبە اللّـه عَزَّوَجَلَّ پاداشـتی کـاک (ڕەنجـدەر) بـداتەوە، وە ئامۆژگـاری هەمـوو موسڵـمانێک دەکەم کە ئەم بەرهەمە بخـوێنێتەوە، اللّـه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ لە قورئانە پیرۆزەکەی ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا﴾ (فاطر:٦) واتا: شەیتان دووژمنە بۆیە ئێوەش بیکەنە دووژمنی خۆتان.

لەم ئایـەتە بە جـوانی دەردەکەوێـت کە شـەیتان دوژمنـی سەرسـەختی مـرۆڤە، بە تـایبەت مرۆڤـی موسڵمان و ئیمانـدار ، کاتێـک اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ئەفەرموێ دوژمنە ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە دوژمن بەردەوام چەکـی خـۆی پێـیە، بـۆ ئەوەی بەرامـبەرەکەی لە نـاو بـبات کە شەیتانیش بۆ ئەم کارە لە لەناوبردنی مرۆڤەکـانەوە بەردەوام لە کەمین دایە بۆ ئەوەی گومڕایان بکات وەک اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت لە سەر زاری شـەیتان: ﴿فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴿٨٣﴾﴾ (ص:٨٢_ ٨٣) واتا: سوێند بە عزەتت هەموویان گومڕادەکەم (مرۆڤەکان) تەنیا ئەوانە نەبێـت کە بەنـدایەتی تـۆ دەکەن بە نیـاز پـاکیەوە (لەسـەر مەنهەجێکی پاک و بیروباوڕێکی پاک).

لە کاتێکدا کەشـەیتان دووژمنـی سەرسـەختی مرۆڤە ، ئەمە دیـارە لە لای هەموو کەسێک دووژمنە کە دوژمن دەبێت خـۆی بـۆ ئامادە بکەی لە هەموو کاتێکدا و چەکی پێویستی بۆ هەڵگری چەکی پێویستیش بۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی فێـڵ و تەڵەکـانی شـەیتان بـریتیە لە بەنـدایەتی

اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ئەنجامدانی عبادەتەکان بە نیاز پاکی بۆ اللّەسُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ و دوورکەوتنەوە لە تاوان و بێ فەرمانی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ، بەم جۆرە پارێزراو دەبی لە دووژنی سەرسەختی خۆت کە دووژمنێکی شاراوەیە ئەویش شەیتانە هەر کاتێک مرۆڤی موسڵمان پەنای بە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ نەگرت و بەندایەتیەکی تەواوی اللّەسُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰی نەکرد بە خاڵصی ئەوە با دڵنیابێت توشی گەورەترین کارەسات دێت لە ژیانیدا کە هەموو کێشە و کارەساتەکان لە چاوی بچووکن ئەویش کەوتنە بەر لێشاوی فێڵ و تەڵەکانی شەیتانە کە زیانەکی لە کوفر و چوونە دۆزەخەوە کۆتای دێت پەنا بە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ، بۆیە چۆن مرۆڤ خەمی بەدەستهێنانی دونیایەتی بە شێوەیەکی باش ئاواش پێش ئەوە دەبێت خەمی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی اللّەسُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰی بێت کاتێک کە تۆ شوێنی فەرمانەکانی بکەوی فەرموودەکانی رسول اللّه صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ لەو کاتەوا شەیتان و بە چکە شەیتانەکان ناتوانن گومڕات بکەن پارێزراو دەبی لە فێڵ و تەڵەکانی شەیتانی نەفرین لێکراو.

لەکۆتاییدا دەڵێم: مرۆڤ بەردەوام لەسەر خێروچاکە دایە تائەوکاتەی خۆی لەفێڵ و تەڵەکانی شەیتان دەپارێزێ، چونکە مرۆڤ لەفیترەتدا پاکەو اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بەپاکی دروستمان دەکات، بەڵام فێڵ و تەڵەکانی شەیتان و بەچکە شەیتانەکان لەئینس و جن وادەکەن ئێمە کوفرو فیسق ئەنجام بدەین و گومڕابین و کاری خراپە بکەین، سنورەکانی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ببەزێنین، بۆیە دەبێت زۆر وریای خۆمان بین، هۆکارەکانی خۆپارێزی بگرینبەر، کەئەم کتێبەی بەردەستت یەکێکە لەهۆکارەکان إن شآءاللّه دەبێتە هۆی ئەوەی پارێزراوبین لەشەیتانەکانی ئینس و جن، ئەگەر، هۆکارەکانی خۆپارێزی بگرینبەر ئەوە بەئیزنی اللّه

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ سەردەکەوین بەسەر فێڵ و تەڵەکانی شەیتان و دونیاو قیامەتمان ڕووناک دەبێتن.

م.نیاز علي شوانی

چوارشەممە/ هەولێر

٢٩/ ٦/ ٢٠٢٢م

٣٠ /ذو القعدة/ ١٤٤٣ه

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

پێشەکی

(نوسەر)

إِنَّ الْحَمْدَ للهِ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدهُ لا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّه حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ (آل عمران:١٠٢) ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّه الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّه كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً﴾ (النساء:١) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّه وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّه وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً﴾ (الأحزاب:٧١). أَمَّا بَعْدُ: ((فَإِنَّ خَيْرَ الْكَلَامِ كَلَامُ اللَّهِ تَعَالَى، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَشَرَّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ)).

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى شەیتانی کردووە بە دوژمنی ئینسانەکان، بەجۆرێک شەیتانەکان وا لەبەندەکان دەکەن تاکو لەسەر رێگا ڕاستەکەی اللَّه

جَلَّ وَعَلَا لابدەن و گومڕایان بکات، لەهەموو لایەکەوەو بەهەموو شێوازێك بۆ ئینسانەکان دێن، لەڕێگەی وەسوەسکردن وا لە ئینسانەکان دەکەن کە فەرمانەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ جێبەجێ نەکەن بۆیە «اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فەرمانی بەهیچ شتێك نەکردووە ئیلا شەیتان دوو دەستی دەخاتە ناوی یان ئەوەتا وا لەبەندەکە دەکات کەمتەرخەمی بکات لەفەرمانەکە یاخود زێدەڕەوی بکات بەهەر کامێکیان بێت شەیتان ڕازییە» بۆیە رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت: «إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنْ ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ»[1] واتا: شەیتان بەناو خوێنی نەوەی ئادەم هاتوچۆ دەکات. ئایە شەیتانێك بەم شێوەیە لەنێو خوێنی ئینسان هاتوچۆ بکات ئاخۆ دەبێ چ خراپەکاریەك بە ئینسانەکان بکات؟! دەبێ چۆن داوێکی بۆ پێهەڵ خلیسکانی مرۆڤەکان دانابێ؟! بۆ ئەوەی لەفەرمانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دووریان بخاتەوەو گومڕایان بکات، بۆیە پێویستە خۆمان بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بپارێزین لە شەیطان.

هەروەها شەیتان لەناو لوتی ئینسانیش دەمینێتەوە بەمەش کاتێك ئینسان هەڵدەستی با لوتی بشوات هەروەکو چۆن رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ مَنَامِهِ فَلْيَسْتَنْثِرْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَبِيتُ عَلَى خَيَاشِيمِهِ»[2] واتا: ئەگەر هەر یەکێکتان کاتێ کە لە خەو هەستا با سێ جار فن بکات لووتی بشوات و پاک بکاتەوە، چونکە شەیتان لەلوتیدا ماوەتەوە.

---

١) أخرجه البخارى(٧١٧١). ومسلم(٢١٧٥) عن صَفِيَّةَ بنتَ حُيَيّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا.

٢) أخرجه البخارى(٣٢٩٥). ومسلم(٢٣٨) عن أبى هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

هەروەها شەیتان دەیەوێت ئینسان نەیێتە ناو دینی ئیسلام هەروەکو چۆن اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵی پێداوین دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴾ (البقرة:٢٠٨). واتا: ئەی ئەوانەی ئیمان و باوارتان هێناوە هەر هەموتان خۆتان بخەنە ژێر سایەی ئیسلامەوە و بە تەواوی پەیرەوی بکەن و شوێنی هەنگاوەکانی شەیطان مەکەون، چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنی ئاشکراتانە (هەمیشە دەیەوێت شەڕو جەنگ لە نێوان خەڵکیدا بەرپا بکات و لە ئیسلام دووریان بخاتەوە). لەفەرموودەیەکیشدا رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((إِنَّ الشَّيْطَانَ قَعَدَ لِابْنِ آدَمَ بِأَطْرُقِهِ، فَقَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الإِسْلاَمِ، فَقَالَ لَهُ: أَتُسْلِمُ وَتَذَرُ دِينَكَ، وَدِينَ آبَائِكَ؟ قَالَ: فَعَصَاهُ فَأَسْلَمَ، ثُمَّ قَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْهِجْرَةِ، فَقَالَ: أَتُهَاجِرُ وَتَذَرُ أَرْضَكَ وَسَمَاءَكَ، وَإِنَّمَا مَثَلُ الْمُهَاجِرِ كَمَثَلِ الْفَرَسِ فِي الطِّوَلِ، قَالَ: فَعَصَاهُ فَهَاجَرَ، قَالَ: ثُمَّ قَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْجِهَادِ، فَقَالَ لَهُ: هُوَ جَهْدُ النَّفْسِ، وَالْمَالِ فَتُقَاتِلُ فَتُقْتَلُ فَتُنْكَحُ الْمَرْأَةُ، وَيُقَسَّمُ الْمَالُ، قَالَ:فَعَصَاهُ فَجَاهَدَ))[٣] واتا: شەیتان بۆ نەوەی ئادەم لەسەر ڕێگەکانی دانیشتووە، وە سەرەتا لەسەر ڕێی ئیسلامەتی بۆی دانیشتووە، کە هەر نەهێڵێ بێتە ناو ئیسلام، پێی دەڵێ: ئایا مسوڵمان دەبی ئاییینی خۆت و ئاییینی باب و باپیرانت واز لێ دەهێنێ؟ سەرپێچی لە شەیتان دەکاو مسوڵمان دەبێ، دوایی لەسەر ڕێی کۆچ کردندا بۆی دادەنیشێ، پێی دەڵێ: ئایا کۆچ دەکەی و نیشتیمانی خۆت و ئاسمانی خۆت بەجێ دێڵی؟ وە کۆچکەر وەک ئەسپێک وایە، کە بە پەتێک بەستراوێتەوە بۆ لەوەڕ بێت و بچێ ئایا کۆچ دەکەی؟ سەرپێچی لە قسەی شەیطان دەکاو کۆچ

٣) سنن النسائي (٣١٣٤). ومسند أحمد (١٥٩٥٨) من حديث سبرة بن أبي فاكه رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

دەکات، دوایی لە ڕێگای جەنگ و جیهاد بۆی دادەنیشێ، کە بڕیتیە لەوەی ئینسان مال و نەفسی خۆی لە پێناوی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ببەخشێ، ئیبلیس بە وەسوەسە پێی دەڵێ: ئایا جەنگ دەکەی دوایی بکوژرێی و ژنەکەت مارە بکرێتەوەو ماڵەکەشت دابەش بکرێ بەسەر میراتگراندا؟ (جا ئەگەر ئەو کەسە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هیدایەتی دابێ) سەرپێچی لە قسەی شەیطان دەکات، لە ڕێگای اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ جەنگ و جیهاد دەکات.

جا خوێنەری بەڕێز اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەقورئاندا هەواڵی سەرەتای دوژمنایەتی شەیتانمان بۆ بەیان دەکات جا کاتێك ویستی جێنشینێك لەسەر زەوی دابنێ بە فریشتکانی فەرموو: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ (البقرة:٣٠). واتا: پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو من ئەمەوێ لەسەر ڕووی زەویدا کەسانێك دانێم کە ببن بە جێنشینی یەکتری، فریشتەکان وتیان: ئەی پەروەردگار ئایا تۆ کەسانێکی تیا دائەنێی کە ئاشووب بگێڕن لەسەر زەوی وە خوێن بڕێژن وە تاوان بکەن، لە کاتێکدا ئێمە تۆ بەگەورەو بە پاك ڕائەگرین لە هەموو کەموکوڕییەك لە هەموو شتێك کە شایەنی تۆ نەبێ، لەوەی کە خەڵکی ئەیداتە پاڵ تۆ لە شەریك دانان بۆ اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بۆیە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فەرمووی: ئەوەی کە من ئەیزانم ئێوە نایزانن.

اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ویستی جێنشینێک لەسەر زەوی دابنێت، تاکو فەرمانەکانی و نەهیەکانی بەخەڵکی ڕابگەیەنێ و حەق وڕاستی بۆ

خەڵکی بەیان بکات، تاکو لە پەروەدگارەکەیان نزیک بکاتەوە بەوهۆیەوە بەهەشتەکەی بەدەست بێنن و لەئاگرەکەی بەدوور بن، جا بەدەستەکانی خۆی ئادەمی دروست کرد و لەڕوحی خۆی بەبەرداکرد، وە فەرمانی کرد بەفریشتەکان سوجدەی بۆ ببەن، سوجدەی ڕێزو فەزڵ، اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُواْ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾ (الأعراف: ١١). واتا: سوێند بێت بێگومان ئێوەمان بەدی هێنا و پاشان شکڵ و شێوەمان کێشان پاشان وتمان بە فریشتەکان سوژدە ببەن بۆ ئادەم هەموویان یەکسەر سوژدەیان برد بێجگە لە شەیتان کە لە سوژدە بەران نەبوو.

جا اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ پێی فەرموو: ﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ﴾ (الأعراف:١٢). واتا: اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ فەرمووی چی بەرگری کردی کە سوژدە نەبەیت کاتێ فەرمانم پێکردی شەیتان وتی: من لەو ئادەم چاکترم چونکە منت لە ئاگر دروست کردووەو ئەوت لە قوڕ دروست کردووە.

جا کاتێک ئیبلیس هەستی بەخەسارەت و سەرشۆڕی کرد چونکە سوجدەی شوکر و ڕێزی نەبرد بۆ ئادەم، دوای ئەوەی اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ لەڕەحمەتی خۆی دەری کرد و پێی فەرموو : ﴿قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ وَإِنَّ عَلَيْكَ اللَّعْنَةَ إِلَى يَوْمِ الدِّينِ﴾ (الحجر:٣٤، ٣٥). واتا: اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ فەرمووی: دەی تۆ دەرچۆ لە بەهەشت وە تۆ دەرکراوی لە ڕەحمەتی اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ وە نەفرەتی منت لەسەرە تا ڕۆژی سزاو ڕۆژی قیامەت.

جا ئیبلیس داوای مۆڵەتی لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کرد، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ مۆڵەتی داو پێی فەرموو: ﴿قَالَ رَبِّ فَأَنْظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ (الحجر:٣٦). ئیبلیس وتی: ئەی پەروەردگار مۆڵەتم بدەو بمهێڵەرەوەو تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە مەممرێنە.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پێی فەرموو: ﴿قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنْظَرِينَ﴾ (الحجر:٣٧). اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەڵامی دایەوەو فەرمووی: تۆ لەوانەی کە ئەمێنیتەوەو مۆڵەتت ئەدەم ﴿إِلَىٰ يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ﴾ (الحجر:٣٨). تا کاتی دیاریکراو کە ڕۆژی قیامەتە.

جا لێرەوە ڕق و کینەی شەیتان بەرامبەر ئادەمیزادەکان دەردەکەوێت و بەڵێن دەدات کە بەندەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ گومڕا بکات بەپەروەردگاری گوت: ﴿قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ۝٣٩ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ۝٤٠﴾ (الحجر: ٤٠_ ٣٩). ئیبلیس وتی: ئەی پەروەردگار بەهۆی ئەوەی کە تۆ گومڕات کردم ئەبێ لەسەر زەویدا تاوان بۆ خەڵکی برازێنمەوەو خۆشەویستی بکەم لایان تا ئەنجامی بدەن، وە ئەبێ هەموویان گومڕا بکەم و لە ڕێگای ڕاست دەریان بکەم، تەنها ئەو بەندە پاك و دڵسۆزانەت نەبێ کە هەڵتبژاردوون بۆ عیبادەتی خۆت.

لەئایەتێکی تردا دەڵێ: ﴿قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَآتِيَنَّهُمْ مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَنْ شَمَائِلِهِمْ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ﴾ (الأعراف:١٦، ١٧). واتا: ئیبلیس وتی: پەروەردگار بەهۆی ئەوەی کە تۆ منت گومڕا کرد، ئەبێ لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی تۆ دابنیشم وە خەڵکی گومڕا بکەم پاشان ئەبێ بۆیان بێم لە پێشیانەوە هانیان ئەدەم بۆ دونیا، وە لە دوایانەوە گومانیان بۆ دروست دەکەم سەبارەت بە قیامەت، وە لەلای ڕاستیانەوە سستیان دەکەم لە چاکە کردن، وە لەلای چەپیانەوە خراپەو تاوانیان بۆ دەرازێنمەوە، هەموو ڕێگاو هۆکارێک ئەگرمە بەر بۆ گومڕا کردنیان، وە ئەبێ ئەی پەروەردگار زۆربەی خەڵک نەبینی کە شوکرانەبژێری تۆ بکات، یان بەتاك و تەنها تۆ بپەرستن بەڵکو گومڕایان ئەکەم و لە ڕێگای ڕاست دەریان ئەکەم.

اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ فەرمووی: ﴿قَالَ اخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَدْحُورًا لَمَنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ (الأعراف:١٨). واتا: اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ فەرمووی: ئەی ئیبلیس دەرچۆ لە ئاسمان یان لە بەهەشت بەزەمکراوی و بەدەرکراوی و ریسوایی هەر کەسێك کە شوێن تۆ بکەوێ لە مرۆڤ و جنیەکان اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ سوێندی خوارد ئەبێ دۆزەخ پڕ بکەم لە ئێوە لە تۆ و شوێنکەوتوانت.

شەیتان دەستی کرد بەوەسوەسە دروست کردن بۆ باوکمان ئادەم و دایکمان حەوا[٤] بەردەوام بوو لەسەر وەسوەسە دروستکردن، اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِنْ سَوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ﴾ (الأعراف:٢٠). واتا: شەیتان لە دەرەوەی بەهەشت بوو وەسوەسەی بۆ دروست کردن لەناو بەهەشتدا، کە ئەو بەهەشتەیە کە ئیمانداران لە ڕۆژی قیامەت ئەچنە ناوی تا ئەوەی کە عەورەتی خۆیان پێ داپۆشی بوو شەیتان ویستی عەورەتیان دەربخات ، وە پێی وتن کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ قەدەغەی ئێوەی نەکردووە لەم دارە بخۆن تەنها بۆ ئەوە نەبێ کە ئەگەر لەو دارە بخۆن ئێوە ئەبن بە دوو مەلائیکەت یان لە بەهەشتدا بەهەمیشەیی ئەمێننەوەو تیایدا نامرن.

جا شەیتان سوێندیشی بۆ خواردن کە ئامۆژگاریان دەکات ! گوتی: ﴿وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ﴾ (الأعراف:٢١). واتا: شەیتان سوێندی بۆ خواردن کە من دڵسۆزو ئامۆژگاریکاری ئێوەم.

ئادەم و حەوای هەڵخەڵەتاند اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿ فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَنْ تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُلْ لَكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ

٤) تێبینی ناوی خێزانی باوکمان ئادەم جێگیر نەبووە لەقورئان و سوننەت بەناوی حەوا، بەڵکو ئەو ناوە لەئیسرائیلیات وەرگیراوە.

مُبِينٌ﴾ (الأعراف:٢٢). واتە: شەیتان فێڵی لێ کردن کاتێك کە ئادەم و حەوا لە دارەکەیان خوارد، عەورەتیان کە دایان پۆشی بوو دەرکەوت، وە بەگەڵای دارەکانی بەهەشت عەورەتی خۆیان داپۆشی، اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بانگی لێ کردن ئەی ئادەم و حەوا ئایا من قەدەغەی ئێوەم نەکرد لەو دارە نەخۆن؟ اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ سەرزەنشت و لۆمەی کردن بۆ کەوتنە ناو فێڵی شەیطانەوە، ئەی من پێم نەووتن: کە بە دڵنیایی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە.

جا ئادەم و حەوا داوای لێخۆشبونیان کرد اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنْفُسَنَا وَإِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (الأعراف: ٢٣). واتا: ئادەمو حەوا تەوبە دەکەنو بۆ لای اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەگەڕێنەوە هەردووکیان یەکسەر تەوبەیان کرد وەکو ئیبلیس نەبوون کە تاوانی کردو تەوبەی نەکرد، بەڵکو ئەمان یەکسەر دانیان بە تاوانی خۆیاندا نا ئەی پەروەردگار زوڵممان لە نەفسی خۆمان کردو تاوانمان کرد، (پێویستە هەر کەسێك تاوانی کرد وەکو ئادەم و حەوا خێرا تەوبە بکات و بۆ لای اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بگەڕێتەوە تا اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لێی خۆش بێت) وە ئەگەر تۆ لێمان خۆش نەبی وە ڕەحممان پێ نەکەی ئەوا ئێمە لە زەرەرمەندان ئەبین لە دونیاو قیامەتدا، اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لێیان خۆشبوو.

جا اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ پێی فەرموون: ﴿ قَالَ اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ﴾ (الأعراف:٢٤). واتا: اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ فەرمووی: دەی دابەزن بۆ سەر ڕووی زەوی کە هەندێکتان ئەبن بە دوژمنی هەندێکتان، واتە: ئیبلیس ئەبێتە دوژمن بۆ ئێوە ﴿وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ﴾ وە لەسەر زەوی بە زیندوویی و لە ژێر زەوی بە مردوویی ئێوە نیشتەجێ و جێگیر ئەبن وە لە دونیادا کات بەسەر ئەبەن تا کاتی دیاریکراوی خۆتان کە ئەجەلتان دێت و ئەمرن.

ئینجا اللّه جَلَّجَلَالُهُ خەبەرمان پێدەدات و ئاگادارمان دەکاتەوە کە چۆن شەیتان باوکمان ئادەم و حەوای هەڵخەڵەتاند و ئێمەش وریا دەکاتەوە کە خۆمان لەفێڵ و تەڵەکەی شەیتان بپارێزین و هەڵمان نەخەڵتێنێ، اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿ يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ يَنْزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ (الأعراف:٢٧).

واتا: ئەی نەوەکانی ئادەم شەیتان فێڵتان لێ نەکات و نەتانخەڵەتێنێ هەروەکو فێڵی لە دایك و باوکتان کردو لە بەهەشت دەری کردن بەوەی کە تووشی ئەو سەرپێچی و تاوانەی کردن کە بەهۆی ئەو تاوانەوە پۆشاکیان لەبەر نەماو عەورەتیان دەرکەوت لەبەر ئەوەی ئەوان واتە: جنی و شەیطانەکان ئێوە ئەبینن بە شێوازێك کە ئێوە لە دونیادا ئەوان نابینن، ئێمە شەیتانەکانمان داناوە کە دۆست و یارمەتیدەری ئەو کەسانە بن کە ئیمانیان نیە و بێ ئیمانن.

خوێنەری بەڕێز لەم کتێبەدا فێڵ و پیلانەکانی شەیتانت بۆ بەیان دەکرێت لەقورئان و سوننەت وە بۆت بەدەر دەکەوێت کە چەندە دوژمنێکی ئاشکرایە و بی وەچان لەجەنگ دایە بۆ گومڕا کردنی نەوەی ئادەم وە اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ خۆی دەفەرموێت:﴿ وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (سبأ:٢٠). واتا: لەڕاستیدا گومانی شەیتان بەڕاست دەرچوو بەرامبەر ئەو جۆرە کەسانە، شوێنی شەیتان کەوتن، تەنها کۆمەڵێك لەباوەڕداران نەبێت.

وە اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ئایەتێکدا ئاگادارمان دەکاتەوە لەدوژمنایەتی شەیتان اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا ٱلشَّيْطَٰنَ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ (يس: ٦٠). واتا: ئەی نەوەکانی ئادەم ئایا وەسێتم بۆ نەکردن کە شەیتان نەپەرستن چونکە بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە.

هەروەها لەئایەتێکی تر دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ (فاطر:٦). واتا: بە دڵنیایی شەیتان دوژمنی ڕاستەقینەی ئێوەیە ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی بزانن بەوەی کە بە قسەی مەکەن و گوێڕایەڵی مەکەن ئەو بانگەوازو بانگەشەی حیزب و پێڕەکەی خۆی دەکات کە گوێڕایەڵی بکەن بۆ ئەوەی کە ئەوانیش لەگەڵیدا بچنە ناو ئاگری سووتێنەری دۆزەخەوە.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەئایەتێکی تر دەفەرموویت:** ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ﴾ (البقرة:١٦٨). **واتا: ئەی خەڵکی ئەوەی لەسەر زەوی هەیە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بۆی حەڵاڵ کردوون و پاکەو حەڵاڵە ئێوە بخۆن بەحەڵاڵی و بەپاکی وە شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون ئەمە شەیتانە ئەوەی کە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **حەڵاڵی کردووە لێتان حەرام ئەکات بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی زۆر ئاشکرای ئێوەیە .**

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هەواڵی پێداوین کە هەرکەس شوێنی شەیتان بکەوێت ئەوە شەیتان گومڕای دەکات اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿كُتِبَ عَلَيْهِ أَنَّهُ مَنْ تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُ يُضِلُّهُ وَيَهْدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ﴾ (الحج:٤). **واتا: لەسەر شەیتان بڕیاردراوە، بێگومان ئەوەی شوێنی بکەوێت و بەگوێی بکات، ئەوە بەڕاستی گومڕای دەکات و ڕێگەی بۆ خۆش دەکات تا بەرەو سزای دۆزەخ بیبات.**

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هەواڵی پەشیمانی ئەو کەسانەشی بۆ بەیان کردووین کە شەیتان گومڕای کردوونەو شوێن شەیتان کەوتوون، اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَمَنْ يَعْشُ عَنْ ذِكْرِ الرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ ۝٣٦ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ ۝٣٧ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَنَا قَالَ يَا لَيْتَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ بُعْدَ الْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ الْقَرِينُ ۝٣٨ وَلَنْ يَنْفَعَكُمُ الْيَوْمَ إِذْ ظَلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ۝٣٩﴾ (الزخرف:٣٦- ٣٧- ٣٨- ٣٩). **واتا:** ﴿وَمَنْ يَعْشُ عَنْ

ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ﴾ وه هەر کەسێکیش خۆی کوێرو بێئاگا بکات لە ئاستی زیکرو عیبادەت و دینی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەوە ئێمە شەیتانێکی بۆ ئامادە ئەکەین و بەسەردا زاڵ ئەکەین کە هەمیشە لەگەڵیدا ئەبێت و لێی جیا نابێتەوەو وەسوەسەی بۆ دروست ئەکات. ﴿وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ وە ئەو شەیتانانە رێگریان لێ ئەکەن لە رێگای ڕاستی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وە کافران وا ئەزانن ئەوان لەسەر رێگای هیدایەتن. ﴿حَتَّى إِذَا جَاءَنَا قَالَ يَا لَيْتَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ بُعْدَ الْمَشْرِقَيْنِ﴾ تا لە ڕۆژی قیامەتدا کە ئەمرێت و لەگەڵ شەیتانەکەدا دێت پێی ئەڵێ: خۆزگە نێوان من و تۆ نێوان هەردوو ڕۆژهەڵات بوایە. ﴿وَلَنْ يَنْفَعَكُمُ الْيَوْمَ إِذْ ظَلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ﴾ وە ئێوە لە دونیادا زوڵمتان لە خۆتان کردو شەریکتان بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دانا ئێستا لە سزادا بەشدارن وە هیچ شتێك سوودتان پێ ناگەیەنێ.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلًا﴾ (الكهف:٥٠). واتا: ئایا ڕەوایە کە شەیتان و نەوەکەی بکەنە پاڵپشت و یارو یاوەری خۆتان لە جیاتی من، لەحاڵێکدا ئەوان دوژمنی هەمیشەیی ئێوەن، ئای کە چەندە کارێکی خراپ و ناڕەوایە بۆ ستەمکاران کە لە جیاتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دوژمنێکی وەك شەیتانیان داناوەو گوێڕایەڵی دەکەن.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَمَنْ يَكُنِ الشَّيْطَانُ لَهُ قَرِينًا فَسَاءَ قَرِينًا﴾ (النساء ٣٨). **واتا: وەهەر کەسێك شەیتان دۆست و هاوەڵی بێت و لەگەڵیدا بێ ئەوا خراپترین دۆست و هاوڕێیە.**

اللّه جَلَّ جَلَالُهُ **بە رسول اللّه** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموویت ئەگەر شەیتان توشی وەسوەسەی کردی ئەوە پەنام پێ بگرە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (فصلت:٣٦). **واتا: ئەگەر لەلایەن شەیطانیشەوە شەیطان وەسوەسەیەکی بۆ دروست کردی یان توڕەی کردی ئەوا پەنا بگرە بە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ (أعوذ باللّه من الشيطان الرجيم) **بکە ، بە دڵنیایی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **زۆر بیسەرەو وەڵامت ئەداتەوە، وە زۆر زانایەو ئاگای لێتە.**

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ ۝٩٧ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَنْ يَحْضُرُونِ ۝٩٨﴾ (المؤمنون:٩٧_ ٩٨). **واتا: خۆت بسپێرە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بڵێ: پەروەردگارا من پەنا دەگرم بە تۆ لەهەموو خەتەرەو خەیاڵ و وەسوەسەی شەیتانەکان. وەبڵێ پەنا دەگرم بە تۆ ئەی پەروەردگارم کە شەیتانەکان بەدەورمدا کۆ ببنەوەو (سەرم لێ بشێوێنن).**

هەربۆیەش رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **زۆر پەنای دەگرت بە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لە شیرکی شەیتان هەروەکو دەفەرموویت:** ((اللَّهُمَّ فَاطِرَ

السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، اللَّهُمَّ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ، فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ، رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي. وَشَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ))[٥] واتا: پەروەردگارە ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، ئەی زانا بەهەموو نهێنی و ئاشکرایەك، ئەی پەروەردگارو پادشای هەموو شتێك، شایەتی دەدەم کەهیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگە لەتۆ، پەنا دەگرم بەتۆ لەخراپەی نەفس و دەروونم، هەروەها لەشەڕو خراپەی شەیطان و شیرك و هاوتا دانانی.

هەروەها دەیفەرموو: ((أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لَامَّةٍ))[٦] واتا: پەنا دەگرم بە وشە پڕ ماناو تێرو تەواوەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە هەموو شەیتانێک ، وە لە هەموو چاوێکی زیاندەرو لادەر.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِمْ بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُورًا﴾ (الإسراء: ٦٤). واتا: وە گومڕایان بکەو لەڕێی راست دەریانبکە وە بیانترسێنە بە دەنگەکەت، واتە: بە وەسوەسەکەت، یاخود بە گۆرانی، یان هەر کەسێك بانگەوازی خەڵکی بکات بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ

---

٥) ((سنن أبو داود (٥٠٦٧) وغيره بإسناد صحيح عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئەبو بەکر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ وتویەتی: يا رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چەند وشەیەکم فێر بکە هەتا بەیانیان و ئێواران بیانخوێنم رسول اللّەش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم پارانەوەی پێگوت.)).

٦) ((أخرجه البخاري (٣٣٧١)) من حديث ابن عباس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا

﴿وَأَجْلِبْ عَلَيْهِمْ بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ﴾ وە بە سواری و بە پیادە دیسانەوە خەڵکی گومڕا بکەو بۆیان بڕۆ و زاڵ بە بەسەریاندا ﴿وَشَارِكْهُمْ فِي الْأَمْوَالِ﴾ وە بەشداریان بکە لە ماڵدا، بەشداری کردن لە ماڵدا بەوەی کە وایان لێ بکە لە ڕێی حەرامدا مااڵ پەیدا بکەن وەکو دزی و ڕیبا، وە لە حەرامدا سەرفی بکەن ﴿وَالْأَوْلَادِ﴾ وە بەشداریان بکە لە منااڵیشیاندا بەوەی کە منااڵیان بە زینا ببێ و تووشی زینایان بکە، یاخود ناوی بنێن بە عەبدی غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەکو بەناوی (عبداللات و عبدالعزی) و ئەوانەوە ناوی منداڵەکانیان بنێن، وە ئەوانەی کە منااڵەکانیان ئەکوشت لە ترسی برسێتی و کچیان زیندە بەچاڵ ئەکرد یان منداڵیان کافر ئەکرد هەمووی شەیطان وای لێ دەکردن ﴿وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُورًا﴾ وە بەڵێنیان پێ بدە وە وەعدو بەڵێنی شەیتان تەنها لە خشتە بردنەو هیچ حەقیقەت و ڕاستیەکی نییە.

گرینگی ئەم کتێبە:

لەم کتێبە فێڵ و تەڵەکانی شەیتانت بۆ بەدیار دەکەوێت، چونکە شەیتان ترسناکترین دوژمنی ئینسانەکانە بەڕەهایی، دوژمنایەتیەکەی لەکۆنەوە هەبووە هەتا ڕۆژی دوایی هەردەبێ و ناپچڕێت و دەمێنێ، چونکە ئەو دوژمنە چەک و کەرەستەی وای هەیە ئینسان بێتوانایە بەرامبەر چەکەکانی و توانای بەرەنگار بوونەوەی نییە، مەگەر کەسێک خۆی پڕ چەک کردبێ بەئیمان و یەقین و خۆپاراستن لەفڕو فێڵەکانی، هەوەکو چۆن رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((لَمَّا صَوَّرَ اللَّهُ آدَمَ فِي الجَنَّةِ تَرَكَهُ ما شاءَ اللَّهُ أنْ يَتْرُكَهُ، فَجَعَلَ إبْلِيسُ يُطِيفُ بِهِ، يَنْظُرُ مَا هُوَ،

فَلَمَّا رَآهُ أَجْوَفَ عَرَفَ أَنَّهُ خُلِقَ خَلْقًا لا يَتَمَالَكُ))[7] واتا: كاتێك اللَّه عَزَّوَجَلَّ وێنەی ئادەمی کێشا لەبەهەشتدا جا اللَّه عَزَّوَجَلَّ لێی گەڕا تا ئەو کاتەی وێستی لێبوو لێی گەڕێت، جا ئیبلیس بەدەوریدا دەهات و ئەچوو تا سەیری بکات بزانێ چییە، جا کە بینی ناوەوەی بۆشە، زانی دروستکراوێکە خۆی ناگرێت.

هەروەها ابن الجوزي (ت٥٩٧ هـ) دەڵێ: ((وَاعْلَمْ أَنَّ الْقَلْبَ كَالْحِصْنِ وَالشَّيَاطِين لَا تَزَالُ تَدورُ حَوْلَ الْحِصْنِ تُطْلَب غَفْلَة الْحَارِس فَيَنْبَغِي للحارس أَنْ لَا يَفْتُرُ عَنِ الحِراسَةِ لَحْظَة فَإِنَّ الْعَدُوَّ مَا يَفْتُرُ))[8] بزانە کە دڵ وەک قەڵا وایە ، وە شەیتانەکان بەردەوام بەدەوری قەڵاکەدا دەسوڕێنەوە، بێ ئاگایی پاسەوانی قەڵاکە دەخوازن، بۆیە پێویستە پاسەوانەکە بۆ یەک لەحزە بێ ئاگا نەبێت لە دووژمنەکەی، چونکە ئەو دوژمنە بێ ئاگا نابێ. هەروەها ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَأَصْلُ كُلَّ مَعْصِيَةٍ وَبَلَاءٍ إِنَّمَا هُوَ الْوَسْوَسَةُ..إِذْ كُلُّ شَرٍّ فِي الْعَالَمِ فَهُوَ السَبَبُ فِيهِ))[9] واتا: بنچینەی هەموو خراپە و بەڵایێك بەتەنها ئەو وەسوەسەیە، بەڵکو هەموو خراپەیەك لەجیهاندا هۆکارەکەی شەیتانە.

جا خەتەری شەیتان لەچەند شتێک بۆمان بەدەردەکەوێت:

یەکەم: شەیتان دەمان بینێ ئێمە ئەو نابینین، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا

---

٧) (أخرجه مسلم (٢٦١١). من حديث أنس بن مالك رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ

٨) (تَلْبِيسِ إِبْلِيسَ ص: ٢٣).

٩) (بدائع الفوائد (٢٩٠-٢٩٢ /٢).

الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ (الأعراف: ٢٧). واتا: بێگومان شەیتان و دارو دەستەی ئێوە دەبینن، لە شوێنێکدا کە (دنیایە) ئێوە ئەوان نابینن، جا دڵنیابن کە ئێمە شەیتانەکانمان کردووە بە یارو یاوەری ئەوانەی باوەڕ ناهێنن.

دووەم: شەیتان بەناو خوێنێ نەوەی ئادەم دێت و دەچێت هەروەکو لەفەرمووودەدا هاتووە دایکی ئیمانداران صەفییە لە رسول اللَّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ((إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنْ ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ))[١٠] واتا: شەیتان بەناو خوێنی نەوەی ئادەم هاتوچۆ دەکات.

هەروەها هەموو کەسێك شەیتانێکی لەگەڵە هەروەکو چۆن دایکمان عائیشە بە رسول اللَّەی صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ گوت: ((يا رَسُولَ اللَّهِ، أَوَمَعِيَ شَيْطَانٌ ؟ قَالَ : " نَعَمْ ". قُلْتُ : وَمَعَ كُلِّ إِنْسَانٍ ؟ قَالَ : " نَعَمْ ". قُلْتُ : وَمَعَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : نَعَمْ، وَلَكِنْ رَبِّي أَعَانَنِي عَلَيْهِ حَتَّى أَسْلَمَ))[١١] واتا: ئەی پەیامبەری اللَّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ ئایە شەیتانم لەگەڵ دایە ؟ فەرمووی بەڵێ، دەڵێ گوتم لەگەڵ هەموو ئینسانێکە، فەرمووی: بەڵێ، دەڵێ گوتم لەگەڵ تۆشە ؟ فەرمووی بەڵێ، بەڵام پەروەردگارم یارمەتی دام بەسەری هەتا موسوڵمان بوو.

سێیەم: زۆر بەتوندی ئێمە لەشەیتان ئاگادارکراینەوەو لەقورئان و سوننەت دوژمنایەتی شەیتانمان بۆ ڕوونکراوەتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە

---

١٠) أخرجه البخارى(٧١٧١). ومسلم(٢١٧٥) عن صَفِيَّةَ بنتَ حُيَيّ رَضِيَٱللَّهُعَنْهَا.
١١)) (أخرجه مسلم (٢٨١٥)

اللّـه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **خـۆی دروسـتەکەری شـەیتانەو هەرخۆشـی دەزانـێ چ دوژمنێکـی سەرسـەختی ئینسـانە بـێ وەچـان، لەو ئایەتـانەی کە اللّـە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **ئـــێمەی لەشـــەیتان ئاگـــادارکردۆتەوە: اللّـــە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَنْ يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾ (النور: ٢١). **واتا: ئەی باوەڕداران ئێوە شوێنی هەنگاو و نەخشەو پیلان و ڕێچکەو کردەوەی شەیتان مەکەون چونکە هەر کەسێك شوێن هەنگاو و گومان و پیلان و ڕێچکەی شەیتان بکەوێت ئەوا بە دڵنیایی شەیطان فەرمان ئەکات بە بەدڕەوشتی و خراپەکاری و تاوان.**

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:**﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ (البقرة:٢٠٨). **واتا: ئەی ئەوانەی ئیمان و باوارتان هێناوە هەر هەمووتان خۆتان بخەنە ژێر سایەی ئیسلامەوە و بە تەواوی پەیڕەوی بکەن و شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە بەڕاستی ئەو دوژمنی ئاشکراتانە (هەمیشە دەیەوێت شەڕو جەنگ لە نێوان خەڵکیدا بەرپا بکات و لە ئیسلام دووریان بخاتەوە).**

اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا ٱلشَّيْطَٰنَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ (يس: ٦٠). **واتا: ئەی نەوەکانی ئادەم ئایا وەسێتم**

بۆ نەکردن کە شەیطان نەپەرستن چونکە بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە.

چوارەم: لێهاتووی شەیتان لە گومڕاکردنی مرۆڤەکان و هەڵخەڵتاندنیان ڕەنگە چەندین دەرگای گەورەی خێر بکاتەوە بۆ ئەوەی بگات بە دەرگایەکی خراپ، جا دەیڕازێنێتەوەو بەڵێن و هیواو ئومێدی پووچەڵ و درۆیینەیان پێ ئەدا، هەروەکو چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿لَعَنَهُ اللَّهُ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الْأَنْعَامِ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ وَمَنْ يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُبِينًا﴾ (النساء: ١١٩_١٢٠). واتا: ئەو شەیتانەی کە اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ نەفرینی لێکردووە وتوویەتی: سوێند بێت بە تۆ ئەی پەروەردگار بەشێکی دیاریکراو لە بەندەکانت دائەبڕم لە ئیمان و خواناسی. سوێند بێت بە تۆ گومڕایان دەکەم و بە ئاوات و خەیاڵی پووچەوە سەرگەرمیان دەکەم و خۆم فرمانیان پێدەدەم و هانیان دەدەم و ئەوجا ئەوانیش بێگومان گوێی ئاژەڵەکانیان دەبڕن، هەروەها فرمانیان پێ دەدەم ئەوانیش دروست کراوانی اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەستکاری بکەن و بیگۆڕن جا ئەوەی لە جیاتی اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ شەیتان بکاتە پشتیوانی خۆی، ئەوە بەڕاستی دووچاری زیان و خەسارەتمەندیەکی ئاشکرا بووە.

پێنجەم: بێ ئاگابوونی زۆربەی خەڵك لەشەیتان وە شەیتان هۆکاری هەموو ئاژاوەو شەڕێکە لەدونیادا. ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ‌ٱللَّهُ دەڵێ: ((إِنَّهُ لَا

يَنْجُو مِنْ عَدُوِّهِ إِلَّا مَنْ عَرَفَهُ وَعَرَفَ طَرِيقَهُ الَّتِي يَأْتِيهِ مِنْهَا وَجَيْشَهُ الَّذِي يَسْتَعِينُ بِهِ عَلَيْهِ وَعَرَفَتْ دَاخِلَهُ وَمَخَارِجَهُ وَكَيْفِيَّة مُحَارَبَتِهِ وَبِأَيِّ شَيْءٍ يُحَارِبُهُ وَبِمَاذَا يُدَاوِي جِرَاحَتَهُ وَبِأَيِّ شَيْءٍ يَسْتَمِدُّ الْقُوَّة لِقِتَالِهِ وَدَفْعِهِ وَهَذَا كُلُّهُ لَا يَحْصُلُ إِلَّا بِالْعِلْمِ فَالْجَاهِلُ فِي غَفلَةٍ وَعَمَى عَن هَذَا الأَمْرْ الْعَظِيمِ والخطب الجسيم))[12] واتا: بەڕاستی کەس لە دوژمنەکەی ڕزگاری نابێ مەگەر کەسێك بیناسێت و وە ئەو ڕێگایەی کە بۆی دێت بیزانێ و وە ئەو جەیشەی لەناوەوو دەرەوە کە یارمەتی دەدات لەسەری و وەچۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی ئەو جەیشەو بەچ شتێك ڕووبەڕووی دەبێتەوەو بەچ شتێك چارەسەری بڕینەکەی دەکات و بەپشت بە چ هێزێك دەبەستێت بۆ لەناوبردنی و لادانی، وە ئەوە هەمووی بەدەست نایێت ئیلا بەزانست نەبێت، جا کەسی جاهیل لەبێئگای و نابینای دایە بەرامبەر ئەو شتە گەورەیە.

شەشەم: هەموو ئینسانێك نییە ئیلا هاوەمێکی جنی شەیتانی لەگەڵە، هەروەکو لەفەرموودەدا هاتووە رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلاّ وَقَدْ وُكِّلَ بِهِ قَرِينُهُ مِنَ الْجِنّ قَالُوا :وَإِيّاكَ يَا رَسُولَ اللّهِ؟ قَالَ: وَإِيّايَ فَلاَ يَأْمُرُنِي إِلاّ بِخَيْرٍ))[13] واتا: هیچ کامێک لە ئێوە نیە مەگەر هاوەمێکی لە جن (شەیتان)ی لەگەڵدایە، گوتیان: تۆش ئەی پەیامبەری اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ ؟ فەرمووی: منیش، بەڵام اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یارمەتی منی داوە لەسەری، (واتە: مسوڵمان بووە) جگە لە هەق و ڕاستی هانم نادات و فەرمانم بە هیچ شتێکی دیکە پێناکات. هەروەها ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێ: ((وَقَدْ جَعَلَ اللّٰهُ لِلشَّيْطَانِ

---

١٢) ((مفتاح السعادة (١/ ٢٠٦)).

١٣) ((أخرجه مسلم (٢٨١٤)). من حديث ابن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

دُخُولاً فِي جَوْفِ الْعَبْدِ وَنُفُوذا إِلى قَلْبِهِ وَصَدْرِهِ فَهُوَ يَجْرِي مِنْهُ مَجْرَى الدَّمِ وَقَدْ وُكِّلَ بِالْعَبْدِ فَلَا يُفَارِقُهُ إِلَى الْمَمَاتِ))[١٤] واتا: الله سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕێی بەشەیتان داوە بەناو سینەی بەندەدا بچێتە ژوورەوەو دەسەڵاتی هەیە بۆناو دڵ و سینگی بەندەکان، شەیتان بەناو خوێنی نەوەی ئادەم هاتووچۆ دەکات و لەگەڵ بەندە دایەو وازی لێ ناهێنێ هەتا مردن.

حەوتەم: خەو و بەئاگابون شەیتان ناوەستێنێ و دوژمنی مرۆڤایەتیە ئەو شەیتانە بوو بوە هۆی دەرکردنی باوکمان ئادەم لەبەهەشت، ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((إِنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ بِحِكْمَتِهِ سَلَّطَ عَلَى الْعَبْدِ عَدُوّاً عَالِماً بِطُرُقِ هَلَاكِهِ، وَأَسْبَابِ الشَّرِّ الَّذِي يُلَقِّيهِ فِيهِ مُتَفَنِّنًا فِيهَا خَبِيرًا بِهَا حَرِيصاً عَلَيْهَا،لَا يَفْتُرُ يَقْظَةً وَلَا مَنَاماً))[١٥] واتا: بەڕاستی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەحیکمەتی خۆی شەیتانی زاڵ کردووە بەسەر بەندە، کە ئەو شەیتانە زانایە بەڕێگاکانی بەهیلاك بردنی ئینسان، وە ئەو هۆکارە خراپەی کە تێیدا ڕووبەڕووی دەکاتەوە، جا بەلێزانە تێیداو خەبیرە پێی، زۆر حەریسە لەسەری، خەو و بەئاگای نایوەستێنێ لەگومڕاکردنی نەوەی ئادەم.

صەحابەی بەڕێز ابن عباس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا دەفەرموێت: ((لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ وَيَصْرِفَنَّكُمْ عَنِ اتِّبَاعِ رُسُلِ اللَّهِ وَتَصْدِيقِ كَلِمَاتِهِ فَإِنَّهُ غَرَّار كَذَّابٌ أَفَّاكٌ))[١٦] واتا: بە شەیتان لەخشتەتان نەبات و لاتان بدات لە شوێن

١٤) (بدائع الفوائد (٢٨٨/٢).
١٥) ((مفتاح دار السعادة(٢٠٦/١)).
١٦) ((تفسير ابن كثير(ج:٦/ ص:٥٣٤)).

کەوتنی پێغەمبەران و بەڕاستدانانی وتەکانی، چونکە بەڕاستی شەیتان لەخشتبەرو زۆر درۆزن درۆ هەڵبەستە.

ئیمام حەسەنی کوڕی صالح (ت١٦٩هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((إِنَّ الشَّيْطَانَ لَيُفتَحُ لِلْعبدِ تِسْعَةً وَتِسْعِيْنَ بَابًا مِنَ الخَيْرِ، يُرِيْدُ بِهَا بَابًا مِنَ الشَّرِّ))[١٧] واتا: شەیتان نەوەدو نۆ دەرگای خێر لەبەندە دەکاتەوە، مەبەستیشی لێی دەرگایەکی شەڕە.

ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَإِيَّاكَ أَنْ تُمَكِّنَ الشَّيْطَانُ مِنْ بَيْتِ أَفْكَارِكَ وَإِرَادَتِكَ فَإِنَّهُ يُفْسِدهَا عَلَيْكَ فَسَادًا يَصْعُبُ تَدَارُكهُ وَيلقِي إِلَيْكَ أَنْوَاع الوَسَاوِسِ وَالْأَفْكَارِ المُضِرَّةِ وَيَحُولُ بَيْنكَ وَبَين الْفِكْرِ فِيمَا يَنْفَعُكَ وَأَنْتَ الَّذِي أَعَنْتَهُ عَلى نَفْسِكَ بِتَمْكِينهِ مِنْ قَلْبِكَ وَخَواطِرِكَ فَمَلَكَهَا عَلَيْكَ))[١٨] واتا: ئاگاداربە لەوەی ڕێگە بدەیت شەیتان بەسەر بیرکردنەوەکانت و ئیرادەت زاڵ بێت، چونکە ئەو لە دژی تۆ گەندەڵیان دەکات کە ڕاستکردنەوەی قورسە، وە هەموو جۆرە وەسوەسە و بیرکردنەوەی زیانبەخشت بۆ پێش دێنێ و دێتە نێوان تۆو نێوانی ئەوبیرکردنەوەی سوودت پێدەگەیەنێت، تۆش ئەو کەسەی کە یارمەتیت داوە لەسەر خۆت، بە جێگیر کردنی شەیتان لەدڵت و بیرکردنەوەکانت بەسەرتدا زاڵ بووە.

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَمِنْ مَكَايِدِهِ أَنَّهُ يَسْحَرُ الْعَقْلَ دَائِمًا حَتَّى يَكِيدَهُ، وَلَا يَسْلَمُ مِنْ سِحْرِهِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ، فَيُزَيِّنُ لَهُ الْفِعْلَ الَّذِى

---

١٧) (كتاب سير أعلام النبلاء ط الرسالة (٧/ ٣٦٩)).

١٨) (الفوائد لابن القيم (ص:١٧٥)

يَضُرُّهُ حَتَّى يُخَيَّلَ إِلَيْهِ أَنَّهُ مِنْ أَنْفَعِ الْأَشْيَاءِ، وَيَنَفِّرَهُ مِنَ الْفِعْلِ الَّذِي هُوَ أَنْفَعُ الْأَشْيَاءِ لَهُ، حَتَّى يُخَيَّلَ لَهُ أَنَّهُ يَضُرُّهُ، فَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، كَمْ فُتِنَ بِهَذَا السِّحْرِ مِنْ إِنْسَانٍ))[19] واتا: لەفێڵەکانی شەیتان ئەوەیە سیحر لەعەقڵ دەکات بەبەردەوام هەتا فێڵی لێدەکات، هیچ کەسێك لەسیحری شەیتان ڕزگاری نابێ ئیلا کەسێك اللّە بیەوێت، جا ئەو کردەوەی کەزیانی پێدەگەیەنێ بۆی دەڕازێنێتەوە هەتا وا خەیاڵی بۆ دەکات کە باشترین و بەسودترین شتە، وە لەو کارە لایدەدات کە بەسوود ترین شتە بۆی وا خەیاڵی بۆ دەکات کەزیانی پیدەگەیەنێ، جا لا إله إلا الله، چەندین ئینسان بەو سیحرەوە توشی فیتنە بوون.

ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((شەیتان حەوت تەڵە و کەمین بۆ نەوەکانی ئادەم دائەنێت تاکو ڕاویان بکات و توشی شکستیان بکات، بەشێکی لەبەشێکی قورسترە؛ تەڵەی یەکەم: عُقْبَةُ الْكُفْرِ بِاللَّهِ وَبِدِينِهِ وَلِقَائِهِ، وَبِصِفَاتِ كَمَالِهِ، وَبِمَا أَخْبَرَتْ بِهِ رُسُلُهُ عَنْهُ واتا: تەڵەی کوفر کردن بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و بەدینەکەی و دیداری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و بەسیفاتە تەواوەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و ئەوەشی کە پێغەمبەران هەواڵیان دەربارەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ داوە، جا ئەگەر شەیتان لەو فێڵە زەفەری بەئینسان برد و هەڵی خەڵەتاند ئەوە دوژمنایەتیەکەی سارد دەبێتەوە لەگەڵ ئەو کەسە و شەیتان ئیسراحەت دەکات، ئەگەریش کەسەکە لەو تەڵەی شەیتان ڕزگاری بوو و ئەو بەربەستەی شکاندو چاو ڕۆشن بوو بەهیدایەت، نوری ئیمان لەگەڵی سەلامەت بوو ئەوە شەیتان ئەو جارە

---

١٩) (إغاثة اللهفان (١/ ١١٠).

لەتەڵەی دووەمەوە بانگی دەکات، تەڵەی دووەم، عُقْبَةُ الْبِدْعَةِ، واتا: تەڵەی بیدعە. تەڵەی سێیەم: عُقْبَةُ الْكَبَائِرِ، واتا: تەڵەی گوناهە گەورەکان، تەڵەی چوارەم: عُقْبَةُ الصَّغَائِرِ، واتا: تەڵەی گوناهە بچوکەکان. تەڵەی پێنجەم: عُقْبَةُ الْمُبَاحَاتِ، واتا: تەڵەی مەشغولکردنی بە شتە موباحەکان. تەڵەی شەشەم: عُقْبَةُ الْأَعْمَالِ الْمَرْجُوحَةِ الْمَفْضُولَةِ مِنَ الطَّاعَاتِ، واتا: تەڵەی کردەوە ڕاجحەکەکان شتە باش و فەزڵ دراوەکان بەسەر پەرستشەکانی تر، (واتا: وادەکات کردەوە باشەکان بکەی و واز لەباشترەکان بێنی) جا ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ لەتەڵەی حەوتەم و کۆتای دەڵێ: ئەگەر لەهەموو ئەو تەڵە و کەمینانە ڕزگاری بوو ، ئەوجا شەیتان جوندی و سەربازەکانی خۆی ئەنێرێت تاکو ئازاری بدەن)[٢٠]

کەواتە با بێ ئاگا نەبین لەفێڵ و پیلانەکانی شەیتان و خۆمان بپارێزین، چونکە بەهەموو شێوازێك پیلانی بۆ دارشتووین، وەهەروەها ئەو شەیتانە تەواوی تەمەنی خۆی تەرخان کردووە بۆ خراپکردنی نەوەی ئادەم، وەهەروەها زۆربەی گوناهەکان کە نەوەی ئادەم ئەنجامی دەدات هۆکارەکەی ئەو شەیتانەیە کە بۆ نەوەی ئادەمی دەڕازێنێتەوە، بۆیە پێویستە خۆمان شارەزا بکەین و فێری زانستی شەرعی ببین چونکە شەیتان بەهۆی کەم زانستی ئینسانەکان بەشەرع و بەرنامەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئینسانەکان هەڵدەخەڵەتێنێ، هەروەکو چۆن ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((بِحَسَبِ قِلَّةِ عِلْمِ الرَّجُلِ يُضِلُّهُ الشَّيْطَانُ))[٢١] واتا: بەئەندازەی

---

٢٠) (كتاب مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين(١/ ٢٣٨_ ٢٤٠).
٢١) (مجموع الفتاوى (٢٧/ ٣٩٢).

کەم زانستی پیاو شەیتان گومڕای دەکات. هەروەها ابن الجوزی دەڵێ: «إِنَّمَا يَتَمَكَّنُ إِبْلِيس مِنَ الْإِنْسَانِ عَلَى قَدْرِ قِلَّةِ عِلْمِه فَكُلَّمَا قَلَّ عِلْمُ الْإِنْسَانِ كَثُرَ تَمَكُّنُ إِبْلِيسِ مِنْهُ وَكُلَّمَا كَثُرَ الْعِلْمُ قَلَّ تَمَكُّنَهُ مِنْهُ»[٢٢] واتا: بەڕاستی ئیبلیس بەئەندازەی کەم زانستی ئینسانەکان بەسەریان زاڵ دەبێت، جا هەرکاتێك زانستی ئینسان کەم بوو ئەوە زاڵ بوونی شەیتان بەسەریەوە زیاد دەبێت، وەهەرکاتێکیش زانستی ئینسان زیاد بوو ئەوە زاڵ بوونی ئیبلیس بەسەریەوە کەم دەبێت.

وە لەبیریش نەکەین کە نەفسی ئینسان فەرمان بەخراپە دەکات ئەگەر هاتوو ئینسان خۆی نەپارێزێ و نەفسی لەسەر چاکە ڕانەهێنێ، چونکە گەر نەفس تەبعی لەسەر خراپە گرت ئەوە گوناهی لەلا ئاسان دەبێت، نەفسیش دەبێتە سێ چۆر:

جۆری یەکەم : (النَّفْس الْأَمَّارَةُ بِالسُّوءِ) واتا: نەفسی فەرماندەر بە تاوان. ئەوە ئەو نەفسەیە کە فەرمان بە خاوەنەکەی ئەکات بەوەی خراپە و تاوان و گوناهـ ئەنجام بدات . اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَى ئەو جۆرە نەفسەی لا خراپە و دەربارەی ئەو جۆرە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلاَّ مَا رَحِمَ رَبِّيَ إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (يوسف: ٥٣) واتا : خۆ هەرگیز پاکانە بۆ خۆم ناکەم ، چونکە نەفس و دەروون هەمیشە فەرمان بە خراپە دەدا، مەگەر کەسێك پەروەردگارم خۆی ڕەحمی پێبکا و لە پیلان و فرت و فێڵی بیپارێزێ ، بەڕاستی پەروەردگارم زۆر لێبووردەیە بۆ هەڵەو تاوانەکان ، زۆریش میهرەبانە بەرامبەر بە تەوبەکاران.

---

٢٢) (تَلْبِيس إِبْلِيس لابن الجوزي (٣٣٤/١).

جۆری دووەم: (النَّفْس اللَّوَّامَة) واتا: نەفسی لۆمەکار و سەرزەنشتکار. ئەوەش ئەو نەفسەیە کە خاوەنەکەی کاتێک تاوانێک ئەکات یەکسەر سەرزەنشت و لۆمەی نەفسی خۆی بکات و پەشیمان دەبیتەوە یان بەردەوام خاوەنی ئەو جۆرە نەفسە پەشیمانن لە رابردووی خۆیان اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەم جۆرە نەفسەی لاپەسەندە و سوێندی پێ خواردووە ، جا هەر کەس خاوەنی نەفسێکی ئاوەها بێ ئەوە مانای وایە ئیمان و باوەڕی سەلامەتە ، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَلَا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ﴾ (القيامة:٢) واتە :سوێند دەخۆم بە نەفسی سەرزەنشتکار.

جۆری سێیەم : (النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ) واتا: نەفسی ئارام و دڵنیا و دامەزراو. ئەوەش ئەو نەفسەیە کە هەمیشە وا لە خاوەنەکەی دەکات کە دەمی بە زیکر بێ و دڵی پڕ ترس لە اللَّه بێ و بەردەوام لە عیبادەت و کردەوەی چاک بێ . خاوەنی ئەو جۆرە نەفسەش لە کاتی سەرەمەرگدا مژدەی بەهەشتیان پێدەدرێت. هەروەک اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ارْجِعِي إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَادْخُلِي فِي عِبَادِي ﴿٢٩﴾ وَادْخُلِي جَنَّتِي﴿٣٠﴾﴾ (الفجر:٢٧-٣٠) واتا : ئەی خاوەنی دڵ و دەروونی پڕ لە ئارامی ، بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت کە تۆ لەو ڕازیت و ئەویش لە تۆ ڕازیە ، دە بچۆرە ڕیزی بەندە چاکە نازدار و بەڕێزەکانمەوە ، بچۆرە بەهەشتە خۆشە ڕازاوەکەمەوە.

گوتم: هۆکاری خراپ بوونی نەفسی ئینسان بەهۆی شەیتانەوەیە چونکە ئەو گوناهو تاوان بۆ نەفسی ئینسان دەڕازێنێتەوە؛ ابن تيمية

(ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((الْبَلَاءُ الْعَظِيمُ مِنْ الشَّيْطَانِ لَا مِنْ مُجَرَّدِ النَّفْسِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يُزَيِّنُ لَهَا السَّيِّئَاتِ، وَيَأْمُرُهَا بِهَا، وَيَذْكُرُ لَهَا مَا فِيهَا مِنْ الْمَحَاسِنِ))[٢٣] **واتا: بەڵای گەورە لەشەیتانەوەیە، نەك بەتەنها نەفسی ئینسان، بەڕاستی شەیتان خراپەکاری بۆ نەفس دەڕازێنێتەوەو فەرمانی پێدەکات، باسی ئەو جوانیانەی بۆ دەکات کە لەو شتە دا هەیە.**

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((وَمَن تأَمَّلَ الْقُرْآنَ وَالسُّنَّةَ وَجَدَ اِعْتِنَاءَهُمَا بِذِكْرِ الشَّيْطَانِ وَمُحَارَبَتِهِ أَكْثَرَ مِنْ ذِكْرِ النَّفْسِ.... وَتَحْذِيرُ الرَّبِّ لِعِبَادِهِ مِنْهُ جَاءَ أَكْثَرَ مِنْ تَحْذِيرِهِ مِنَ النَّفْسِ.... فَإِنَّ شَرَّ النَّفْسِ وَفَسَادِهَا يَنْشَأُ مِنْ وَسْوَسَتِهِ))[٢٤] **واتا: هەرکەسێك سەرنجی قورئان و سوننەت بدات گرینگی ئەو دوانە بەباسکردنی شەیتان دەبینێ، جەنگی شەیتان زۆرتر لە لەباسکردنی نەفس.... ئاگادارکردنەوەی بەندەکان لەلایەن پەروەردگارەوە لەشەیتان زۆرتر لەئاگادارکردنەوەی لەنەفس... بەڕاستی شەڕو خراپەی نەفس وگەندەڵ بوونی لە وەسوەسەی شەیتانەوە سەر هەڵدەدات.**

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((وَقَدْ أَمَرَ اللَّهُ سُبْحَانَهُ بِالِاسْتِعَاذَةِ مِنْهُ عِنْدَ قِرَاءَةِ الْقُرْآنِ وَغَيْرِ ذَلِكَ، وَهَذَا لِشِدَّةِ الْحَاجَةِ إِلَى التَّعَوُّذِ مِنْهُ، وَلَمْ يَأْمُرْ بِالِاسْتِعَاذَةِ مِنْ النَّفْسِ فِي مَوْضِعٍ وَاحِدٍ))[٢٥] **واتا: اللە فەرمانی کردووە بە پەناگرتن لەشەیتان لەکاتی خوێندنەوەی قورئان و بێجگە**

---

٢٣) (مجموع الفتاوى (١٤/ ٢٨٩- ٢٩٠).

٢٤) (إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان (١/ ٩٠).

٢٥) (إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان (١/ ٩٠).

لەوەش، ئەوەش لەبەر زۆری پێویستی پەناگرتن لەشەیتان، فەرمانی نەکردووە پەنا بگیرێت لەنەفس لەهیچ شوێنێك.

ڕەنجدەر سیامەند خالند

دووشممە/ هەولێر

٢/ ١/ ٢٠٢٠م

٨/ذو القعدة/ ١٤٤٢هـ

فێڵ و تەڵەکەی شەیتان

لەسەر تەوحیدی بەندەکان

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنْسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ﴾ (الحشر :١٦) **واتا:** ﴿كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنْسَانِ اكْفُرْ﴾ **واتا:نموونەی ئەم جوولەکانە کە هەڵخەڵەتان بە بەڵێنی درۆینەی مونافیقان کە وتیان بەرگریتان لێدەکەین و سەرتاندەخەین دواتریش پشتیان تێکردن وەکو نموونەی شەیتان وایە کاتێك کە بە مرۆڤ دەڵێ کوفر بکە بە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ، **وە کوفرو تاوانی بۆ ئەڕازێنێتەوەو بۆی جوان ئەکات** ﴿فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ﴾ **کاتێك کە ئینسان کوفر ئەکات و ئەچێتە سەر ڕێبازو ڕێگای کوفر کردن بە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لە ڕۆژی قیامەتدا شەیتان بەڕائەت ئەکات لەو کەسانەی کە شوێنی کەوتوون و پێیان ئەڵێ من بەریم لە ئێوە لەبەر ئەوەی من لە پەروەردگاری هەموو جیهان ئەترسێم.**

خوێنەری بەڕێز اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **خەڵکی وا دروست کردووە دان بنێن بە پەروەردگارو تەوحیدییان هەبێت وبەتاک و تەنهای بزانن**

بەڵام شەیتانەکان دێنە لای نەوەی ئادەم ودووریان دەخەنەوە لەتەوحید و لەدین، وە کوفر شیرك بە ئینسانەکان دەکەن، لەفەرموودەیەکی قودسی داهاتووە رسول اللّە ﷺ دەفەرموێت: اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ فەرموویەتی: ((وَإِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ، وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ، وَحَرَّمَتْ عَلَيْهِمْ مَا أَحْلَلْتُ لَهُمْ، وَأَمَرَتْهُمْ أَنْ يُشْرِكُوا بِي مَا لَمْ أُنْزِلْ بِهِ سُلْطَانًا))[٢٦] واتا: بەندەکانم بەیەك اللّە پەرست و پاك دروست کردووە ئەوە شەیتانەکانن دووریان دەخەنەوە لەدین و شتانێکیان لەسەر حەرام دەکەن کە لەئەسڵدا حەڵاڵە، فەرمانیان پێکردن کە هاوەڵ و شەریکم بۆ دابنێن بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکم لەسەر ناردبێت.

هەروەها رسول اللّە ﷺ لەفەرموودەیەکدا لە پیلان و فێڵی شەیتان ئاگادارمان دەکاتەوەو کەچۆن دەیەوێت کوفر بەئینسان بکات دەفەرموێت: ((يَأْتِي الشَّيْطَانُ أَحَدَكُمْ فَيَقُولُ : مَنْ خَلَقَ كَذَا ؟ مَنْ خَلَقَ كَذَا ؟ حَتَّى يَقُولَ : مَنْ خَلَقَ رَبَّكَ ؟ فَإِذَا بَلَغَهُ فَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ وَلْيَنْتَهِ))[٢٧] واتا: لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ رسول اللّە ﷺ فەرووی: شەیطان دێت بۆ لای یەکێکتان دەڵێ: ئەوە کێ دروستی کردووە ؟ ئەدی ئەمە کێ دروستی کردووە ؟ هەتا دەڵێ: کێ پەروەردگاری دروست کردووە ؟ ئەگەر گەیشتنە ئەو ڕادەیە ئەوە ئەو کەسە پەنا بگرێت بە اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ و واز بێنێ.

---

٢٦) أخرجه مسلم (٢٨٦٥) عَنْ عِيَاضِ بْنِ حِمَارٍ الْمُجَاشِعِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٢٧) متفق عليه، أخرجه البخاري (٣٢٧٦). ومسلم(١٣٤). من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

خوێنەری بەڕێز پێویستە لەسەر ئینسان خۆی بپارێزێت لە کوفر و شیرک و پارێزگاری لەتەوحیدەکەی بکات، رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ لِأَهْوَنِ أَهْلِ النَّارِ عَذَابًا : لَوْ أَنَّ لَكَ مَا فِي الْأَرْضِ مِنْ شَيْءٍ كُنْتَ تَفْتَدِي بِهِ ؟ قَالَ : نَعَمْ. قَالَ : فَقَدْ سَأَلْتُكَ مَا هُوَ أَهْوَنُ مِنْ هَذَا، وَأَنْتَ فِي صُلْبِ آدَمَ ؛ أَنْ لَا تُشْرِكَ بِي، فَأَبَيْتَ إِلَّا الشِّرْكَ))[28] واتا: اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَى بەکەسێك دەڵێ کە سووکترین سزای ئەهلی دۆزەخی لەسەرە، ئەگەر هەموو ئەو شتانەی سەرزەوی هی تۆ بوایە، دەتدا لەبری ئەوەی لەئاگر ڕزگارت ببوایە ؟ کابرای کافر دەڵێ بەڵێ، اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَى دەفەرموێت: بەڕاستی داوای کەمتر لەوەم لێکردی کاتێک لەپشتی ئادەم بویت، کەهاوەڵم بۆدانەنێی، بەڵام تۆ ئەوەت ڕەتکردەوەو هاوەڵت بۆدانام.

پێناسەی کوفر و جۆرەکانی:

پێناسەی کوفر لەڕووی زمانەوانیەوە واتا: ((التَّغْطِيَةُ والسَّتْرُ))[29] واتا: شاردنەوە و داپۆشین.

پێناسەی کوفر لەڕووی شەرعەوە واتا: ((وَالْكُفْرُ شَرْعًا :ضِدُّ الْإِيمَانِ، فَيَكُونُ قَوْلاً وَعَمَلاً وَاعْتِقَادًا وَتَرْكًا، كَمَا أَنَّ الْإِيمَانَ قَوْلٌ وَعَمَلٌ وَاعْتِقَادٌ))[30] واتا: کوفر شەرعەن بریتیە لەوەی کە دژی ئیمانە، جا بەوتە بێت، یان کردار،

---

٢٨) (أخرجه البخاري (٣٣٣٤) من حديث أنس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٢٩) ((الدرر السنية(ج:٦/ ص:٢٥٠)).

٣٠) ((الدرر السنية(ج:٦/ ص:٢٥٠)).

یانیش بیروباوەڕ و وازهێنان بێت، وەك چۆن ئیمان وتەو کردارو بیروباوەڕە.

یان بریتییە لە: ((الكُفْرُ عَدَمُ الإيمانِ باللهِ ورَسولِه، سَواءٌ كَانَ مَعَهُ تَكْذِيبٌ أَوْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُ تَكْذيبٌ، بَلْ شَكٌّ وَرَيْبٌ أَوْ إِعْرَاضٌ عَنْ هذا حَسَدًا أَوْ كِبْرًا أَوْ اتِّبَاعًا لِبَعْضِ الْأَهَوَاءِ الصَّارِفِ عَن اتِّبَاعِ الرَّسَالَةِ))[٣١]

واتا: کوفر واتا نەبوونی ئیمان بە اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ و بە پێغەمبەرەکەی، جا چ ئەو کوفرەو بێباوەڕیە بەدرۆخستنەوەی لەگەڵ بێت، یان بەدرۆخستنەوەی لەگەڵ نەبێت، بەڵکو گومان و دوودڵی یان پشت هەڵکردن لەدین بێت، بەهۆی حەسوودی یانیش خۆبەگەورە زانین یان شوێنکەوتنی بەشێك لەهەواو ئارەزووی لادەر بێت لە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت.

جۆرەکانی کوفر: [٣٢]

یەکەم: ئەو کوفرانەی کە موسڵمان لەدینی ئیسلام دەباتە دەرەوە، ئەمەش پێنج جۆرە:

١. كُفْرُ تَكْذِيبٍ: واتا: کوفری بەدرۆخستنەوە. بەلگەش لەسەر ئەمە اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَافِرِينَ﴾ (العنكبوت:٦٨). واتا: کێ لەو کەسە

---

٣١) ((مجموع الفتاوى (٣٣٥/١٢)).

٣٢) ((الرسالة المفيدة (ص: ٤٥ _ ٤٦)).

ستەمکارترە کە درۆ بەدەم اللَّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ وە هەڵدەبەستێ یا باوەڕ نەهێنێ بە ئایینی ڕاست کاتێ بۆی هات ئایا جێگای مانەوەی بۆ بێ بڕوایان لە دۆزەخدا نییە.

٢. كُفْرُ اسْتِكْبَارٍ وَإِبَاءٍ مَعَ التَّصْدِيقِ: واتا: کوفری پشت هەڵکردن لەدین و لوت بەرزی و خۆ بەگەورەدانان لەگەل ئەوەی کە ئاینەکەی اللَّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بەڕاست دادەنێت. «وەکو کوفرەکەی ئیبلیس، جا ئیبلیس نکوڵی لەفەرمانی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ نەکرد و ئینکاری نەکرد، بەڵکو پشتی تێکردو لووتبەرز بوو»[٣٣] بەڵگەش لەسەر ئەمە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾ (البقرة:٣٤). واتا: بیّنەوە بیر کاتێک وتمان بە فریشتەکان سوژدە بۆ ئادەم ببەن جا هەموو سوژدەیان برد شەیطان نەبێت کە گوێی نەدایەو خۆی بەگەورە زانی وەلە بێ بڕوایان بوو. «هەروەها وەکو کوفری أبو طالیبی مامی رسول اللَّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ جا أبو طالب رسول اللَّەی صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بەڕاست دەزانی و گومانی لەڕاستگۆیی نەبوو، بەڵام دەمارگیری هەبوو لەبەر گەورەی باوباپیرانی و پشتکردن لەدینەکەیان و شایەتی دان لەسەریان بەکوفر»[٣٤] «ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: کەسێك سەرنج بداتە ژیاننامەی رسول اللَّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ ئەو هەواڵانەی کە جێگیر بوون، لەشایەتیدانی زۆرێك لەئەهلی کیتاب و موشریکەکان بۆ

---

٣٣) (كتاب مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين (١ /٣٤٦)

٣٤) (كتاب مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين (١ /٣٤٧)

پەیامی رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بەوەی کە رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ ڕاستگۆیە، ئەم شایەتیەش نەیبردنە ناو ئیسلامەوە لەبەر ئەوەی ئیسلام شتێکی تر‌ە، وە ئیسلام تەنها ناسین نییە، وە ناسین و دانپێدانییش نییە بەتەنها، بەڵکو ئیسلام ناسین و دانپێدانان و ملکەچ بوون و ئیلتیزام و گوێڕایەڵی رسول اللّەیە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ لەڕوکەش و ناوەوەدا. بەمەش لەوتەکەی ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ بۆمان دەردەکەوێت ئەوان رسول اللّەیان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بەڕاست دەزانی بەڵام لوت بەرز بوون و ملکەچ نەبوون پشتیان لەگوێڕایەڵێ رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ کرد.

٣. كُفْرُ شَكٍّ، وَهُوَ كُفْرُ الظَّنِّ: واتا: کوفری بێ باوەڕی دوودڵی، کە بریتیە لەگومان بردن. بەڵگەش لەسەر ئەمە اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ قَالَ مَا أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِ أَبَدًا ﴿٣٥﴾ وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا ﴿٣٦﴾ قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا ﴿٣٧﴾ لَّٰكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا﴿٣٨﴾﴾ (الكهف:٣٥،٣٦،٣٧،٣٨) واتا: وە چووە ناو باخەکەیەوە لە کاتێکدا کە ستەمکار بوو لە خۆی وتی باوەڕ ناکەم هەرگیز ئەم باخەم لەناو بچێ باوەڕیش ناکەم ڕۆژی دوایی بێت و ڕوو بدات سوێند بە اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ ئەگەر (پاش مردن) بمگێڕنەوە بۆلای پەروەردگارم بێگومان باشتر لەم باخەم دەست دەکەوێ هاوڕێ (ئیماندارە) کەی پێی وت لە کاتێکدا کە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد ئایا تۆ بێ باوەڕیت بەو زاتەی کە تۆی لە خاك دروست کردووە پاشان لە دڵۆپە ئاوێك پاشان کردوێتی بە پیاو بەڵام

من هەر (دەڵێم) ئەو اللّەیە پەروەردگارمە و هیچ کەسیش ناکەم بە هاوبەشی پەروەردگارم.

٤. **كُفْرُ إِعْرَاضٍ: واتا: کوفری پشت لێهەلکردن و ڕوو وەرگێڕان. بەڵگەش لەسەر ئەمە اللّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿مَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى وَالَّذِينَ كَفَرُوا عَمَّا أُنذِرُوا مُعْرِضُونَ﴾ (الأحقاف:٣). **واتا: ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە دروستمان نەکردووە مەگەر بە هەق و ڕاستی و بۆ کاتێکی دیاری کراو کەچی ئەوانەی بێ باوەڕ بوو لەوەی کە پێ ی ترسێنرابوون ڕوو وەردەگێڕن و پشت هەڵدەکەن. ((وە هەروەها ابن القيم** (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی کوفری پشت لێهەڵکردن و ڕوو وەرگێڕان دەڵێ: ئەو کوفرە برتییە لەوەی بەدڵ و بەگوێ پشت لە رسول اللّه** صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **بکات نە بەڕاستی بزانێ و نە بەدرۆی بزانێ نە دۆستایەتی بکات و نە دوژمنایەتی بکات و گوێ بۆ ئەوە نەگرێت کە پێی هاتووە هەرگیز))**[٣٥]

٥. **كُفْرُ نِفَاقٍ: واتا: کوفری دووڕوویی. بەڵگەش لەسەر ئەمە اللّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ﴾ (المنافقون:٣). **واتا: ئەوە ئەی کە وترا لەبەرئەوە بوو کە بەڕاستی ئەوان باوەڕیان هێناو لەپاشان بێ باوەڕ بوون ئینجا مۆر نرا بەسەر دڵیاندا ئیتر ئەوان هیچ تێ ناگەن. ((وەهەروەها** ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ: کوفری دووڕووی بریتییە لەوەی بەزمان ئیمانی دەربخات**

---

٣٥) (كتاب مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين (١ /٣٤٧)

بەڵام لەدڵەوەی بەدرۆی بزانێ»[٣٦] « شێخ سلیمان بن عبد اللَّه بن محمد بن عبد الوهاب رَحِمَهُمَاٱللَّهُ دەربارەی کوفری دووڕووی دەڵێ: کوفری دووڕووی بریتییە لەوەی بەزمان دان بنێت و کار بەشەریعەتی ئیسلام بکات لەڕووکەشدا، بەڵام لەدڵەوە باوەڕی وا نەبێت، بەڵکو یان بەدرۆی بزانێ یان بەکەمی بزانێ بەڵام لەترسان کاری پێ بکات و پەنای بۆ ببات، جا ئەوە ئەو دوڕوویییەیە کە خاوەنەکەی لەبنی بنەوەی ئاگردایە»[٣٧]

دووەم: كُفْرُ أَصْغَر، لَا يَخْرُجُ مِنَ الْمِلَّةِ، وَهُوَ كُفْرُ النِّعْمَةِ: واتا: بێ باوەڕی بچووك، کە ئەمجامەرکەی لەئایینی ئیسلام دەرناکات، کە ئەویش بێ باوەڕیە بە بەخششەکان و نیعمەتەکانی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ. بەڵگەش لەسەر ئەمە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ﴾ (النحل:١١٢). واتا: اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ نموونەی هێناوەتەوە بە دانیشتوانی شارێك کە ژیانیان بە هێمنی و ئاسوودەیی دەبردە سەر، لە هەموو لایەکەوە ڕزق و ڕۆزی جۆراو جۆریان بۆ دەهات (بەڵام لە جیاتی سوپاسگوزاریی) ناشوکرو قەدرنەزانی نازو نیعمەتەکانی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بوون، ئینجا اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ پۆشاکی برسێتی و ترسی کردە کاڵای باڵایان و تاڵاوی نەداریی و ترسی پێ چەشتن لە سەر ئەنجامی ئەو ئیش و کارە (ناپوخت و ناڕێکانەدا) کە دەیانکردە پیشەی خۆیان.

---

٣٦) (كتاب مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين (١ /٣٤٧)

٣٧) (التوضيح عن توحيد الخلاق في جواب أهل العراق وتذكرة أولي الألباب في طريقة الشيخ محمد بن عبد الوهاب، ص: ١٥٢)

تەوحید چییە ؟

تەوحید ئەسڵ و بنچینەو ئەساسی ئەو دینەیە کەهەموو دینی لەسەر بینا دەکرێت، نەئیمان بەدەست دێت و نەکردەوەش قەبوڵ دەبێ ئیلا بەبەدەست هێنانی ئەو تەوحیدە نەبێ، وە تەوحید بریتییە لە وشەی (لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّـه) وە تەوحید بانگەشەی هەموو پیغەمبەران بووە عَلَيْهِمُ‌السَّلَامُ، اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللَّه وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ﴾ (النحل:٣٦). واتا:سویند بە اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ لەناو هەموو گەل و ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بەمەی تەنها اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ بپەرستن و دوورکەونەوە لەپەرستنی طاغوت.

وەهەروەها بزانە رەحمەتی اللَّەت لێبێ تۆ تەکلیفت لەسەرە بەوەی شارەزای تەوحید بی و بیانوت نییە چونکە ئینسان بەو تەوحیدە دێتە ناو بازنەی ئیسلام و بەنەبوونی ئەو تەوحیدەش لەو بازنەیە دەردەچێت، هەروەکو چۆن موفتی و گەورە زانای نەجد أبو بطین (ت١٢٨٢هـ) رَحِمَهُ‌ٱللَّهُ دەڵێ: ((أَنْتَ مُكَلَّفٌ بِمَعْرِفَةِ التَّوْحِيدِ الَّذِي خَلْقَ اللَّهُ الْجِنَّ وَالإِنْسِ لِأَجْلِهِ، وَأَرْسَلَ جَمِيعُ الرُّسُلَ يَدْعُونَ إِلَيْهِ ،وَمَعْرِفَةُ ضِدِّهِ وَهُوَ الشِّرْكُ الَّذِي لَا يَغْفِرُهُ اللَّهُ ، وَلَا عُذْرَ لِمُكَلَّفٍ فِي الجَهْلِ بِذَلِكَ، وَلَا يَجُوزُ فِيهِ التَّقْلِيدُ ، لِأَنَّهُ أَصْلُ الأُصُولِ ، فَمَنْ لَمْ يَعْرِفْ المَعْرُوفَ ، وَيُنْكِرُ المُنْكَرَ فَهُوَ هَالِكٌ، لَا سِيَّمَا أَعْظَمَ المَعْرُوفِ ، وَهُوَ التَّوْحِيدُ وَأَكْبَرُ المُنْكَرِ وَهُوَ الشِّرْكُ))[٣٨] واتا: تۆ تەکلیفت لێکراوە بەناسین و شارەزا بوونی ئەو تەوحیدەی کە اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ جن و ئینسانەکانی

٣٨) (كتاب الانتصار لحزب الله الموحدين والرد على المجادل عن المشركين (ص: ٢٩_٣٠)

دروستکردووە لەپێناوی، وە تەواوی پێغەمبەرانی عَلَيْهِمُ‌ٱلسَّلَامُ ناردووە بانگەشە بۆ ئەو تەوحیدە دەکەن، وە ناسینی دژەکەی کە بریتییە لەشیرك کە اللّٰه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ لەو شیرکە خۆش نابێت و ئەوەی تەکلیفی لەسەرەهیچ عوزرێك نییە بەنەزانین بەوە، وە دروستیش نییە لەشیرکدا لاسایی و تەقلیدی هیچ کەسێك بکەیەوە لەبەر ئەوەی ئەسڵ و بنچینەی دینە، جا هەرکەسێك چاکە نەناسێ و ڕێگری لەخراپە نەکات ئەوە لەناو چووە، بەتایبەت گەورەترین چاکە کەبریتییە لەتەوحید، وە گەورەترین خراپە کە بریتییە لەشیرك.

پێغەمبەر نوح عَلَيْهِ‌ٱلسَّلَامُ یەکەم بانگەشەی بۆ قەومەکەی بریتیبوو لە بانگەشە کردنیان بۆ تەوحید هەروەکو چۆن اللّٰه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ﴾ (الأعراف:٥٩). واتا: بەدڵنیایی ئێمە نوحمان عَلَيْهِ‌ٱلسَّلَامُ نارد بۆ لای قەومەکەی فەرمووی: ئەی قەومی خۆم ئێوە بەتاك و تەنها عیبادەتی اللّٰه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ بکەن و بیپەرستن چونکە جگە لە اللّٰه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ هیچ پەرستراوێکی ترتان نیە کە حەق بێ وە شایەنی پەرستن بێ.

پێغەمبەر هودیش عَلَيْهِ‌ٱلسَّلَامُ یەکەم بانگەشەی بۆ تەوحید بوو هەروەکو چۆن اللّٰه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿ وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾ (الأعراف:٦٥). واتا: بۆ قەومی (عاد)یش (هود)ی برایانمان نارد وتی: ئەی گەل و عەشیرەتم هەر اللّٰه

تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بپەرستن چونکە جگە لەو زاتە پەروەردگارێکی ترتان نیە، ئایا ئەوە لە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ ناترسن؟!.

پێغەمبەر صالحیش عَلَيْهِ السَّلَامُ یەکەم بانگەشەی لەگەڵ قەومەکەی بۆ تەوحید بوو هەروەکو چۆن اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿ وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ﴾ (الأعراف:٧٣). واتا: بۆ سەر قەومی (ثمود)یش (صالح)ی برایانمان نارد (ئەویش پێی وتن): ئەی گەلەکەم اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بپەرستن چونکە جگە لەو پەروەردگارێکی ترتان نییە.

پێغەمبەر شوعەیبیش عَلَيْهِ السَّلَامُ یەکەم بانگەشەی لەگەڵ قەومەکەی بۆ تەوحید بوو هەروەکو چۆن اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت:﴿ وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ﴾ (الأعراف:٨٥). واتا: بۆ هۆزی مەدیەنیش (شعیب)ی برایانمان نارد، ئەویش پێی وتن: ئەی قەوم و هۆزو گەلم تەنها اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بپەرستن، چونکە جگە لەو زاتە پەروەردگارێکی ترتان نییە.

رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەدوای ئەوەی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ وەحی بۆ نارد سێزدە مانگ لەمەکە خەڵکی بانگ دەکرد بۆ تەوحید و چاککردنی بیروباوەڕیان پێی دەگوتن: ((أَيُّها النَّاسُ قُولُوا لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ تُفْلِحوا))[٣٩] واتا: ئەی خەڵکینە بڵێن لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ سەرفراز دەبن. رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

---

٣٩ (مسند الإمام أحمد)) بسند صحيح(٦٣/٤).

سەرفرازی بەستەوە بە وتەی لا إلَهَ إلَّا اللَّه وەلەگەڵ کارکردن بە داخوازیەکانی ئەوەشی کە لا إلَهَ إلَّا اللَّه دەلالەتی لێدەکات.

تەوحید کلیلی بانگەشەی هەموو پێغەمبەران بووە هەر بۆیەش رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە موعاذی کوڕی جەبەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ گوت کاتێك بۆ یەمەن ناردی پێی فەرموو: ((إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمٍ مِن أَهْلِ الكِتَابِ، فَلْيَكُنْ أَوَّلَ ما تَدْعُوهُمْ إلى أنْ يُوَحِّدُوا اللَّهَ تَعَالَى، فَإِذَا عَرَفُوا ذلكَ، فأخْبِرْهُمْ أنَّ اللَّهَ قدْ فَرَضَ عليهم خَمْسَ صَلَوَاتٍ في يَومِهِمْ ولَيْلَتِهِمْ))[٤٠] واتا: رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بەموعاذی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ فەرموو: تۆ دەگەیت بەکەسانێك لەخاوەن کتێبەکان، با یەکەم شتێك کە بانگیان دەکەی بۆی تەوحید و بەتەنها دانانی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بێ بۆ وتن و جێبەجێکرنی شایەتمان (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه) جا ئەگەر ئەوان ملکەچ بوون بۆ ئەوە، تێیان بگەیەنە کە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لەشەوو ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژی لەسەر فەرز کردوون.

وە تەوحید یەکەم شتێکە کە پێی دەچیە ناو ئیسلام، وە کۆتا شتێکە کە پێی لەدونیادا دەردەچی، هەروەکو چۆن رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت:((مَنْ كَانَ آخِرُ كَلَامِهِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ))[٤١] واتا: هەرکەسێک دوا وتەی لا إلَهَ إلَّا اللَّه بێت دەچێتە بەهەشتەوە.

وەهەروەها تەوحید حەقی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ یە لەسەر بەندەکانی هەروەك چۆن لەفەرموودەی موعاذ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ هاتووە: ((عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ

---

٤٠) أخرجه البخاری(٧٣٧٢) ومسلم(١٩). من حديث ابن عباس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا

٤١) (أخرجه أبو داود (٣١١٦) واللفظ له، وأحمد (٢٢٠٣٤) وغيرهما.

رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: يَا مُعَاذُ، أَتَدْرِي مَا حَقُّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ؟ قَالَ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: أَنْ يُعْبَدَ اللَّهُ وَلاَ يُشْرَكَ بِهِ شَيْءٌ، قَالَ: أَتَدْرِي مَا حَقُّهُمْ عَلَيْهِ إِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ؟ فَقَالَ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: أَنْ لاَ يُعَذِّبَهُم))[٤٢] **واتا: لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **دەڵێ: رسول اللە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **فەرمووی: ئەی موعاذ، ئایا دەزانی مافی اللە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **بەسەر بەندەکانیەوە چییە؟ دەڵێ: منیش گوتم: اللە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **و پێغەمبەرەکەی** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **زاناترن، فەرمووی: ئەوەیە کەوا بە جوانی بیپەرستێ و هیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نەدات. فەرمووی: ئایا دەزانی مافی ئەوان بەسەر اللە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **وە چییە، ئەگەر ئەوەیان جێبەجێ کرد؟ گوتم: اللە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **پێغەمبەرەکەی** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **زاناترن، فەرمووی: مافیان بەسەر اللە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **ئەوەیە کەوا هیچ سزایەکیان نەدات.**

وە دروستکردنی بونەوەر ئەو خەلقە لەپێناو تەوحید کردنی اللە تَبَارَكَ وَتَعَالَى **و بەتەنها دانانی اللە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **یە اللە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **دەفەرموێت:** ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات:٥٦). **واتا: من جنۆکەو ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە بەندایەتی من بکەن. اللە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **دەفەرموێت:** ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾ (الأنبياء:٢٥). **واتا: ئێمە نەمان ناردووە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێك مەگەر نیگامان بۆ ناردووە بەوەی کە بێگومان جگە لەمن هیچ پەرستراوێك نییە کەواتە تەنها من بپەرستن.**

---

٤٢) أخرجه البخاري (٧٣٧٣) ومسلم (٣٠) من حديث معاذ بن جبل رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

تەوحید یەکەم شتێکە کە موخاطبەو قسەی لەسەر دەکرێت لەگەڵ خەڵکدا لە کاروباری دیندا. هەروەکو چۆن اللَّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت:﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ (آل عمران:٦٤). واتا: ئەی موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بڵێ: ئەی خاوەن نامەکان وەرن بۆ لای وتەیەکی ڕاست یەکسان لە نێوان ئێمە و ئێوەدا، کە جگە اللَّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ نەپەرستین وە هیچ شتێک نەکەین بە هاوبەشی وە هێندێکمان هێندێکمان بە پەروەردگار دانەنێین ئینجا ئەگەر پشتیان هەڵکرد ئێوەش بڵێن: ئێوە شاهید بن کە ئێمە موسوڵمانین ملکەچی فەرمانی اللَّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ ین.

رسول اللَّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ کاتێك موعاذی کوڕی جەبەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ نارد بۆ یەمەن بۆ بانگکردنیان بۆ دینی ئیسلام، پێی فەرموو: ((إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمٍ مِن أَهْلِ الكِتَابِ، فَلْيَكُنْ أَوَّلَ ما تَدْعُوهُمْ إلى أَنْ يُوَحِّدُوا اللَّهَ تَعَالَى، فَإِذَا عَرَفُوا ذلكَ، فأخْبِرْهُمْ أنَّ اللَّهَ قدْ فَرَضَ عليهم خَمْسَ صَلَوَاتٍ في يَومِهِمْ ولَيْلَتِهِمْ))[٤٣] واتا: رسول اللَّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بەموعاذی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ فەرموو: تۆ دەگەیت بەکەسانێك لەخاوەن کتێبەکان، با یەکەم شتێك کە بانگیان دەکەی بۆی تەوحید و بەتەنها دانانی اللَّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بێ (بۆ وتن و جێبەجێکرنی شایەتمان (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه) جا ئەگەر ئەوان ملکەچ بوون بۆ

٤٣) أخرجه البخاری(٧٣٧٢) ومسلم(١٩). من حدیث ابن عباس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا

ئەوە، تێیان بگەیەنە کە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لەشەوو ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژی لەسەر فەرز کردوون.

تەوحید هۆی پاراستنی خوێن و ئەمن و ئەمانە لەدونیادا چونکە دانانن بە تەوحید خوێن و مالّ حەرام دەکات رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَمَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، فَقَدْ عَصَمَ مِنِّي مَالَهُ وَنَفْسَهُ إِلَّا بِحَقِّهِ، وَحِسَابُهُ عَلَى اللَّهِ»[٤٤] واتا: فەرمانم پێکراوە بجەنگم لەگەلّ خەلّکیدا هەتا دەلّێن: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه) هەرکەس وتی: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه) خۆی و سامانیشی پارێزراوە، تەنها بەهەقی خۆی نەبێت، لێپرسینەوەشی لەلای اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ ـیە. ئیمامی مالك بن أنس (ت ١٧٩ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەربارەی ئەو فەرموودە دەلّێ: «فَمَا عُصِمَ بِهِ الدَّمُ وَالْمَالُ فَهُوَ حَقِيقَةُ التَّوْحِيدِ»[٤٥] واتا: ئەوەی کە خوێن و مالّی پارێزراو کردووە بریتییە لەحەقیقەتی تەوحید.

تەوحید هۆکاری ڕزگاربوون و سەرکەوتنە لە ڕۆژی دوایدا اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾ (المائدة:٧٢). واتا: بەڕاستی هەرکەسێك هاوبەش و شەریك بۆ اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دابنێ ئەوە بێگومان اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات وە جێی و شوێنی ئاگر دەبێت وە ئەو ستەمکارانە هیچ یارمەتیدەرێك نییە.

---

٤٤) أخرجه البخاری(١٤٠٠، ٦٩٢٤، ٧٢٨٥)، ومسلم(٢٠، ٢١) وللفظ لمسلم من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٤٥) (ذم الكلام وأهله للرازي (١/ ٩٢).

تەوحید هۆکارە بۆ چونە بەهەشت صەحابەی بەڕێز جابری کوڕی عبداللّە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **دەڵێ:** «أَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا الْمُوجِبَتَانِ؟ قَالَ: مَنْ مَاتَ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَمَنْ مَاتَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ»[٤٦] **واتا: جابری کوڕی عبداللّە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا **دەڵێ: پیاوێک هاتە خزمەت رسول اللّە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ **وتی: ئەی پێغەمبەر**صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ **ئەو دوو سیفەتەی مرۆڤ شایانی بەهەشت و دۆزەخ دەکەن چین؟ فەرمووی: هەرکەس مردو هیچ شتێکی نەکردبێ بەهاوەڵ بۆ اللّە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **دەچێتە بەهەشت، هەرکەسیش مرد شتێکی کردبێ بەهاوەڵ بۆ اللّە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **دەچێتە ئاگرەوە.**

تەوحید مەرجی دروستی و قەبوڵ بوونی تەواوی عیبادەتەکانە، اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَى **دەفەرموێت:** ﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (الزمر:٦٥). **واتا: سوێند بە اللّە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **نیگا کراوە بۆتۆ وە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ، ئەگەر هاوبەش و شەریک بۆ اللّە** تَبَارَكَ وَتَعَالَى **دابنێی بەڕاستی کردەوەت هەڵدەوەشێتەوە، وە بێگومان لەزەرەرمەندان دەبیت.**

تەوحید بنچینەی سەرەکی هەموو چاکەیەکە لەدونیادا، هەروەکو چۆن شیرک بنچینەی هەموو خراپەکاری و فەسادیە، ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێ:** «فَأَصْلُ الصَّلَاحِ: التَّوْحِيدُ وَالْإِيمَانُ وَأَصْلُ الْفَسَادِ: الشِّرْكُ

---

٤٦) أخرجه مسلم(٩٣) من حديث جابر بن عبدالله رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا

وَالْكُفْرُ))[٤٧] واتا: بنچینەی چاکەکاری بریتییە لە تەوحید و ئیمان، وە بنچینەی خراپەکاری بریتییە لە شیرك و کوفر.

هەروەها ابن تیمیة (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ لەوتەیەکی تردا دەڵێ: ((كُلَّمَا قَوِيَ التَّوْحِيدُ فِي قَلْبِ الْعَبْدِ قَوِيَ إِيمَانُهُ وَطُمَأْنِينَتُهُ وَتَوَكُّلُهُ وَيَقِينُهُ))[٤٨] واتا: هەرچەندێك تەوحید بەهێزتر بێت لە دڵی بەندە ئەوا ئیمانی و ئاسوودەیی و پشتبەستنی بە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ و دڵنیاییەکەی بەهێزتر دەبێت.

ئیمامی قَتَادَة (ت١١٧هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رُسُلِنَا﴾ (الزخرف: ٤٥). واتا:پرسیار لەو پێغەمبەرانەی پێش خۆت بکە کە لە پێش تۆدا ناردوومانن. دەڵێ: ((يَقُولُ : سَلْ أَهْلَ التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ : هَلْ جَاءَتْهُمُ الرُّسُلُ إِلَّا بِالتَّوْحِيدِ أَنْ يُوَحِّدُوا اللَّهَ وَحْدَهُ ؟))[٤٩] واتا: اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەڵێ: لەئەهلی تەورات و ئینجیل بپرسە: ئایە پێغەمبەرانیان بۆ هاتووە جگە بەتەوحید نەبێت کە تەنها اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بەتەنها ڕاگرن.

هەروەها زۆربەی ئایەتەکانی قورئان باسی تەوحیدی تێدایە، لەبەر گەورەی سەنگی تەوحید کەچەندە گرینگە بۆ نمونە: سورەتی ئیخلاص ابن تیمیة (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ مَعَ قِلَّةِ حُرُوفِهَا تَعْدِلُ

---

٤٧) ((مجموع الفتاوى لابن تيميه (١٦٣/١٨)).
٤٨) ((مجموع الفتاوى لابن تيميه (٣٥/ ٢٨)).
٤٩) (تفسير الطبري (٣٠٨٨٥).

ثُلُثَ الْقُرْآنِ؛ لِأَنَّ فِيهَا التَّوْحِيدَ فَعُلِمَ أَنَّ آيَاتِ التَّوْحِيدِ أَفْضَلُ مِنْ غَيْرِهَا))[٥٠] واتا: سورەتی الإخلاص (قل هو اللّه أحد) سەرەڕای کەمی وشەکانی، هاوتایە بە سێ یەکی قورئان، چونکە ئەو سورەتە باسی تەوحیدی لەخۆ گرتووە، بەوەش زانراوە تایبەتمەندی و مەزنی ئایەتەکانی تەوحید باشترن لەوانی تر.

هەروەها سورەتی الفاتحة هەرسێ جۆری تەوحیدی لەخۆ گرتووە، وتەی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ : ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ئەوە تەوحیدی ڕبوبیەتە. وە وتەی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ ئەوە تەوحیدی ئولوهیەتە. وە وتەی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ: ﴿ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ﴾ ئەوە تەوحیدی ئەسمائو سیفاتە.

ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی سورەتی فاتیحە لەکتێبەکەی (مدارج السالكين) بابێکی داناوە بەناوی: ((فَصْلٌ اشْتِمَالُ الْفَاتِحَةِ عَلَى أَنْوَاعِ التَّوْحِيدِ)) واتا: فەسڵێ لەخۆگرتنی سورەتی فاتیحە لەجۆرەکانی تەوحید. جا ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ لەژێر ئەو بابەو دەربارەی سورەتی فاتیحە دەڵێ: ((فِي اشْتِمَالِ هَذِهِ السُّورَةِ عَلَى أَنْوَاعِ التَّوْحِيدِ الثَّلَاثَةِ الَّتِي اتَّفَقَتْ عَلَيْهَا الرُّسُلُ صَلَوَاتُ اللَّهِ وَسَلَامُهُ عَلَيْهِمْ))[٥١] واتا: ئەو سورەتە هەرسێ جۆری تەوحیدی لەخۆ گرتووە، کەپێغەمبەران لەسەری ڕێککەوتوون، صەڵاوات و سەلامی اللّەیان لێبێ. کەواتە تۆ ڕۆژانە زیاتر لە حەڤدە جار فاتیحە لەنوێژە فەرز و سوننەتەکانت دەخوێنی کە تەوحید لەخۆ دەگرێ وریابە

٥٠) (المجموع الفتاوى (١٩٠/١٧).
٥١) (مدارج السالكين(٤٨/١).

بێ ئاگا نەبی لەو تەوحیدەو هەوڵی تێگەیشتن و بەجێگەیاندنی بدە چونکە هۆکاری ڕزگار بوونت لە سزای ئاگارو ڕۆژی دوایی تەوحیدە.

تەوحید ڕزگاربوونە لەسزای دونیاو دوارۆژدا، تەوحید لەئەشکەوتدا بووە هۆی نەجاتدانی رسول اللّەو صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ ئەبو بەکر رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ هەروەکو چۆن اللّە تَبَارَكَوَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا﴾ (التوبة:٤٠) واتا: اللّەمان لەگەڵدایەو سەرمان ئەخات.

تەوحید بووە هۆی ڕزگاری پێغەمبەر یونس عَلَيْهِٱلسَّلَامُ لەناو سکی حوت کاتێك هاوارو کردو گوتی: ﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنْتَ﴾ (الأنبياء :٨٧) واتا: پەروەردگارا هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە تۆ.

تەوحید لەبەندیخانە بووە هۆی ڕزگار بوونی پێغەمبەر یوسف عَلَيْهِٱلسَّلَامُ کاتێك گوتی: ﴿مَا كَانَ لَنَا أَنْ نُشْرِكَ بِاللَّهِ مِنْ شَيْءٍ﴾ (يوسف:٣٨) واتا: ئێمە بۆمان نییە هیچ جۆرە شەریکێك بۆ اللّە تَبَارَكَوَتَعَالَىٰ بڕیار بدەین.

تەوحید هۆی ڕزگاری و سەرفرازی یارانی ئەشکەوت بوو لەستەم و کوفرو شیرکەوە بەرەو نورو ڕوناکی هیدایەت کاتێك گوتیان: ﴿لَنْ نَدْعُوَ مِنْ دُونِهِ إِلَٰهًا﴾ (الكهف:١٤) واتا: جگە لە اللّە تَبَارَكَوَتَعَالَىٰ عیبادەت و هاناو هاوار بۆ هیچ پەرستراوێکی تر نابەین.

تـەوحیـد گـەورەتـرین هۆکـارە بـۆ لادانـی ناخۆشـیەکـان لـەدونیـاو قیامەتداو دەفعکردنی سزای هەردوو دونیا، ئـەگـەر لـەدڵی بـەندەیـەکدا کامل بێت ئەوە خاوەنەکەی لەسزای ئەبەدی لەدۆزەخ دەپارێزێ و لـەپـاش پاك بوونەوەی لەتاوان لەدۆزەخ دێتـە دەرەوە هـەروەکـو چـۆن رسـول اللّـه ﷺ دەفـەرموویـت: ((يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَن قالَ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وفي قَلْبِهِ وزْنُ شَعِيرَةٍ مِن خَيْرٍ، ويَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَن قالَ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وفي قَلْبِهِ وزْنُ بُرَّةٍ مِن خَيْرٍ، ويَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَن قالَ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وفي قَلْبِهِ وزْنُ ذَرَّةٍ مِن خَيْرٍ))[٥٢] واتـا: ئەوکەسە دەردەچێت لەئاگر بڵێت لا إلَهَ إلَّا اللّـه وە لە دڵیدا بە ئەندازەی دنکە جۆ بێک خێر (ئیمان) هەبێت ، وە ئەوکەسە دەردەچێت لە ئاگر کە بڵێت لا إلَهَ إلَّا اللّـه وە لە دڵیدا بە ئەندازەی دنکە گەنمێک خێر(ئیمان) هەبێت، وە ئەوکەسە دەردەچێت لە ئاگر کە بڵێت لا إلَهَ إلَّا اللّـه وە لەدڵیدا بەئەندازەی سەنگی گەردیلەیەک خێر(ئیمان) هەبێت . لەم فەرموودەیە، خێر واتا: ئیمان هەروەکو چۆن ئەنەس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ لەڕیوایەتێکی تردا لەرسول اللّەوە ﷺ دەگێڕێتەوە.

ئیمامی مالك بن أنس (ت١٧٩ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێ: ((مُحَالٌ أَنْ يُظَنَّ بِالنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ عَلَّمَ أُمَّتَهُ الاسْتِنْجَاءَ وَلَمْ يُعَلِّمْهُمُ التَّوْحِيدَ))[٥٣] واتا: مەحاڵەو نەشیاوە گومانی ئەوە بەرسول اللّـه ﷺ ببردرێت، کەئوممەتەکەی فێری خۆپاک ڕاگرتن (طهارة) کردبێت، بەڵام فێری تەوحیدو یەک اللّه پەرستی نەکردبن.

---

٥٢) (أخرجه البخاري (٤٤).

٥٣) (ذم الكلام وأهله للرازي (١/ ٩٢).

سەهلی کوڕی عبدالله (ت٢٨٣هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((لَيْسَ فِي خَزَائِنِ اللَّهِ أَكْبَرُ مِنَ التَّوْحِيدِ))[٥٤] **واتا: هیچ شتێك نییە لە گەنجینەکانی اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **گەورەتر بێت لە تەوحید.**

عبداللَّەی کوڕی محمد (ت٣٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((أُصُولُ التَّوْحِيدِ ثَلَاثَةٌ: مَعْرِفَةُ اللَّهِ بِالرُّبُوبِيَّةِ وَالْإِقْرَارُ لَهُ بِالْوَحْدَانِيَّةِ وَنَفْيُ الْأَنْدَادِ عَنْهُ جُمْلَةً))[٥٥] **واتا: بنچینەی تەوحید سێ شتە، ناسینی اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **بەڕبوبیەت پەروەردگارێتی، داننان بەتاك و تەنهایی اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **وەرەتکردنەوەو نەفی کردنی هەموو شەریکێك و هاوەڵێك لە اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **بەگشتی.**

أَبو عَلِي الْجُوزْجَانِي (ت٢٦٣هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((ثَلَاثَةُ أَشْيَاءَ مِنْ عَقْدِ التَّوْحِيدِ: الْخَوْفُ وَالرَّجَاءُ وَالْمَحَبَّةُ))[٥٦] **واتا: سێ شت هەن لەگرێبەستی تەوحیدن، ترسان لە اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **وە ئومێد و رەجا بە اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **وە خۆشەویستی اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ.

ابن رجب الحنبلی (ت ٧٩٥هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((إِخْواني اِجْتَهِدُوا الْيَوْمَ فِي تَحْقِيقِ التَّوْحِيدِ فَإِنَّهُ لَا يُنْجِي مِنْ عَذَابِ اللَّهِ إِلَّا إِيَّاهُ مَا نَطَقَ النَاطِقُونَ إِذْ نَطَقُوا أَحْسَنَ مِنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه))[٥٧] **واتا: براکانم ئەمرۆ تێکۆشان بکەن بۆ بەجێگەیاندنی تەوحید، چونکە هیچ شتێك لەسزای اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **ڕزگارت ناکات ئیلا بەو**

---

٥٤) (الحلیة الأولیاء وطبقات الأصفیاء (١٠/ ١٩٦).

٥٥) (الحلیة الأولیاء وطبقات الأصفیاء (١٠/٣٥٥).

٥٦) (الحلیة الأولیاء وطبقات الأصفیاء (١٠/٣٥٠).

٥٧) (کلمة الإخلاص وتحقیق معناها (ص:٧١).

تەوحیدە نەبێت، قسەکەران قسەیەکیان نەکردووە چاکتربێت لە لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه.

ابن رجب الحنبلی (ت ٧٩٥هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَأَصْلُ الْإِسْتِقَامَةِ اسْتِقَامَةُ الْقَلْبِ عَلَى التَّوْحِيدِ))[٥٨] واتا: بنچینەی ئیستیقامەو بەردەوامی بریتییە لە ئیستیقامەی دڵ لەسەر تەوحید

ابن تیمیة (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((قِوَامُ الدِّينِ بِالتَّوْحِيدِ وَالِاسْتِغْفَارِ))[٥٩] واتا: بناغەی دین بەتەوحید و داوای لێخۆشبوونە.

ابن تیمیة (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَالتَّوْحِيدُ يُذْهِبُ أَصْلَ الشِّرْكِ))[٦٠] واتا: تەوحید بنچینەی شیرك لادەبات نایهێڵێ.

ابن تیمیة (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((إِنَّمَا أَرْسَلَ اللَّهُ الرُّسُلَ وَأَنْزَلَ الْكُتُبَ بِالتَّوْحِيدِ، وَقَدْ قَالَ تَعَالَى: ﴿وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رُسُلِنَا أَجَعَلْنَا مِنْ دُونِ الرَّحْمَنِ آلِهَةً يُعْبَدُونَ﴾))[٦١] واتا: بەڕاستی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ پێغەمبەران و قورئانی بەتەنها بۆ تەوحید ناردووە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: پرسیار لەو پێغەمبەرانەی پێش خۆت بکە کە لە پێش تۆدا ناردوومانن، یاخود پرسیار لە ئوممەتەکانیان بکە کە پێشتر پێغەمبەریان بۆ هاتووە ئایا

---

٥٨) (جامع العلوم والحِكم (ص:٣٨٦).
٥٩) (مجموع الفتاوى (١٠/ ٢٣٥).
٦٠) (مجموع الفتاوى (٦٩٧/١١).
٦١ (مجموع الفتاوى (٣٥١/٢).

ئێمە جگە لە اللَّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ کەی ڕێگامان داوە کە پەرستراوی تر بپەرستێت؟

ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَإِنَّ التَّوْحِيدَ أَصْلُ الْإِيمَانِ وَهُوَ الْكَلَامُ الْفَارِقُ بَيْنَ أَهْلِ الْجَنَّةِ وَأَهْلِ النَّارِ وَهُوَ ثَمَنُ الْجَنَّةِ وَلَا يَصِحُّ إسْلَامُ أَحَدٍ إلَّا بِهِ))[٦٢]

واتا: بەڕاستی تەوحید ئەسڵ و بنچینەی ئیمانە وە وتەی جیاکەرەوەیە لەنێوان خەڵکی بەهەشت و دۆزەخ، وە بریتییە لەنرخ و بەهای بەهەشت، ئیسلامەتی هیچ کەس دروست نییە بەو تەوحیدە نەبێت.

هەروەها ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی دووركەوتنەوە لەشیرك و خۆپارستن لەوەی ئینسان داوا لەمردوو بكات دەڵێ:** ((كُلُّ هَذَا لِتَحْقِيقِ التَّوْحِيدِ الَّذِي هُوَ أَصْلُ الدِّينِ وَرَأْسُهُ الَّذِي لَا يَقْبَلُ اللَّهُ عَمَلاً إلَّا بِهِ وَيَغْفِرُ لِصَاحِبِهِ وَلَا يَغْفِرُ لِمَنْ تَرَكَهُ))[٦٣] **واتا: هەموو ئەوانە بۆ بەجێگەیاندن و بەدیهێنانی ئەو تەوحیدەیە کە بنچینەی دینەو سەریەتی اللَّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ هیچ کردەوەیەك وەرناگرێ ئیلا بەو تەوحیدە نەبێت، وە لەخاوەنەکەی خۆش دەبێت، وە لەوە خۆشنابێت کە وازی لەو تەوحیدە هێناوە.**

هەروەها ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو فەرموودەی کە رسول اللَّه** صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **کە دەفەرموێت:** ((**اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت: من لەهەموو شەریکەکان بێنیازترم لەشەریك، کەسێ کردەوەیەك بکات**

---

٦٢) (مجموع الفتاوى (٨٩/٢٤).

٦٣) (مجموع الفتاوى (٤٠٠/٣).

و جگه لەمنی تێدا بەشدار بکات واز لە خۆی و شەریکەکەی دێنم)) جا ابن تیمیة (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((وَهَذَا هُوَ التَّوْحِيدُ الَّذِي هُوَ أَصْلُ الْإِسْلَامِ وَهُوَ دِينُ اللَّهِ الَّذِي بَعَثَ بِهِ جَمِيعَ رُسُلِهِ وَلَهُ خَلَقَ الْخَلْقَ وَهُوَ حَقُّهُ عَلَى عِبَادِهِ: أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلَا يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا))[٦٤] **واتا: ئەوە ئەو تەوحیدەیە کە بنچینەی ئیسلامە، وە بریتییە لەدینی اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **کە هەموو پێغەمبەرانی بۆ ناردووە، وە لەپێناو ئەو تەوحیدە دروستکراوانی دروستکردووە، وە بریتییە لەحەقی اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **لەسەر بەندەکانی کە اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **بپەرستن و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەن.**

تەوحید بنچینەی سەرەکی هەموو چاکەیەکە لەدونیادا، هەروەکو چۆن شیرك بنچینەی هەموو خراپەکاری و فەسادیە، ابن تیمیة (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((فَأَصْلُ الصَّلَاحِ: التَّوْحِيدُ وَالْإِيمَانُ وَأَصْلُ الْفَسَادِ: الشِّرْكُ وَالْكُفْرُ))[٦٥] **واتا: بنچینەی چاکەکاری بریتییە لە تەوحید و ئیمان، وە بنچینەی خراپەکاری بریتییە لە شیرك و کوفر.**

هەروەها ابن تیمیة (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **لەوتەیەکی تردا دەڵێ:** ((كُلَّمَا قَوِيَ التَّوْحِيدُ فِي قَلْبِ الْعَبْدِ قَوِيَ إِيمَانُهُ وَطُمَأْنِينَتُهُ وَتَوَكُّلُهُ وَيَقِينُهُ))[٦٦] **واتا: هەرچەندێك تەوحید بەهێزتر بێت لە دڵی بەندە ئەوا ئیمانی و ئاسوودەیی و پشتبەستنی بە اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **و دڵنیاییەکەی بەهێزتر دەبێت.**

---

٦٤) (مجموع الفتاوى (١٣٥/٢٨).

٦٥) (مجموع الفتاوى لابن تيميه (١٦٣/١٨).

٦٦) (مجموع الفتاوى لابن تيميه (٣٥/ ٢٨).

هـەروەهـا ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵـێ: ((أَوَّلَ الدِّينِ وَآخِرَهُ وَظَاهِرَهُ وَبَاطِنَهُ هُوَ التَّوْحِيدُ وَإِخْلَاصُ الدِّينِ كُلِّهِ لِلَّهِ هُوَ تَحْقِيقُ قَوْلِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ))[٦٧]

واتا: سەرەتاو كۆتايى دينى ئيسلام وە ڕواڵەت و ناوەڕۆكەكەى تەوحيدە (يەك اللّه پەرستييە) وەپەرستنى اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بەدڵسۆزى جێبەجێكردن و هێنانە دى لا إله إلّا اللّه.

هـەروەهـا ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربـارەى حـەقيقـەتـى تـەوحيـد دەڵـێ: ((إِنَّ حَقِيقَةَ التَّوْحِيدِ أَنْ نَعْبُدَ اللهَ وَحْدَهُ، فَلاَ يُدْعَى إِلاَّ هُوَ، وَلاَ يُخْشَى إِلاَّ هُوَ، وَلاَ يُتَّقَى إِلاَّ هُوَ، وَلاَ يُتَوَكَّلَ إِلاَّ عَلَيْهِ، وَلاَ يَكُونَ الدِّينُ إِلاَّ لَهُ لاَ لأَحَدٍ مِنَ الخَلْقِ، وَأَلاَّ نَتَّخِذَ المَلاَئِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا، فَكَيْفَ بِالأَئِمَّةِ وَالشُّيُوخِ وَالعُلَمَاءِ وَالمُلُوكِ وَغَيْرِهِم))[٦٨] **واتا: ڕاستى و حەقيقەتى تەوحيد ئەوەيە تەنها اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بپەرستين، هاوار بەكەس نەكرێت جگە لە ئەو نەبێت، لەكەس نەترسرێت لە ئەو نەبێت، تەقـواو خۆپاراسـتنيش تەنهـا لە ئەو بێـت، پشـتيش تەنهـا بە ئەو ببەسـترێت، دينـداريش هەر بـۆ ئەو ئاراسـتە بكرێـت، نەك بـۆ هـيچ مەخلـوق و دروسـتكراوێكى تـر، مەلائـيكەت و پێغەمبەرانـيش نەپەرسـترێن و نەكـرێنە پەروەردگـار، چجـاى ئەوانەى بكرێنە ئەرباب و پەرستراو پێشەواو وماموستا وزانا و پادشا و كەسانى تر بن.**

---

٦٧) (مجموع الفتاوى (١٠/٢٦٤).

٦٨) (منهاج السّنّة النّبويّة» لابن تيميّة: (٣/ ٤٩٠).

ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ له دەربارەی گرینگی تەوحیددا دەڵێ: ((فَإِنَّ التَّوْحِيدَ هُوَ سِرُّ الْقُرْآنِ وَلُبُّ الْإِيمَانِ))[٦٩] واتا: تەوحید نهێنی و رازی قورئان و کاکڵ و حەقیقەتی ئیمانە.

ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَلَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ إِلَّا أَهْلُ التَّوْحِيدِ وَهُمْ أَهْلُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ))[٧٠] واتا: هیچ کەسێك ناچێتە بەهەشتەوە ئیلا ئەهلی تەوحید نەبێت، ئەوانیش ئەهلی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ.

ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((كَثْرَةُ الذُّنوبِ مَعَ صِحَّةِ التَّوْحِيدِ خَيْرٌ مِنْ قِلَّةِ الذُّنوبِ مَعَ فَسادِ التَّوْحِيدِ))[٧١] واتا: تاوانی زۆر لەگەڵ تەوحیدێکی ساغ و سەلامەت باشترە لە تاوانی کەم لەگەڵ تەوحیدێکی خراپ.

ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَأَعْظَمُ الْحَسَنَاتِ التَّوْحِيدُ وَأَعْظَمُ السَّيِّئَاتِ الشِّرْكُ))[٧٢] واتا: گەورەترین چاکە تەوحیدەو گەورەترین خراپەش شیرکە.

ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَأَمَّا مَا يَحْصُلُ لِأَهْلِ التَّوْحِيدِ الْمُخْلِصِينَ لِلَّهِ الدِّينَ فَأَعْظَمُ مِنْ أَنْ يُعَبِّرَ عَنْ كُنْهِهِ))[٧٣] واتا: ئەو پاداشتەی کە بەئەهلی تەوحید دەگات، ئەوانەی کە بەئیخلاص و دڵسۆزی نیاز پاکیەوە دینداری

---

٦٩) (رسالة التوسل والوسيلة ص ٣٠٩) .
٧٠) (مجموع الفتاوى (١٤/ ٤٧٦).
٧١) (الإستِقَامَة (١ / ٤٦٦).
٧٢) (مجموع الفتاوى (١١/٢٥١_ ٢٥٢).
٧٣) (مجموع الفتاوى (١٠/ ٣٣٣).

دەکەن بەبێ شەریک پەیاکردن، زۆر لەوە گەورەترە کەوتە دەربارەی نهێنیەکەی بدوێت.

هەروەها ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((لَا يَخْلُدُ فِي النَّارِ أَحَدٌ مِنْ أَهْلِ التَّوْحِيدِ))[٧٤] واتا: هیچ یەکێك لەئەهلی تەوحید بەهەتا هەتای لەدۆزەخ نامێنێتەوە.

ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((التَّوْحِيدُ وَالْإِيمَانُ الَّذِي بِهِ يَزْكُو الْقَلْبُ فَإِنَّهُ يَتَضَمَّنُ نَفْيَ إلَهِيَّةِ مَا سِوَى الْحَقِّ مِنْ الْقَلْبِ وَإِثْبَاتَ إلَهِيَّةِ الْحَقِّ فِي الْقَلْبِ وَهُوَ حَقِيقَةُ لَا إلَهَ إلَّا اللَّهُ. وَهَذَا أَصْلُ مَا تَزْكُو بِهِ الْقُلُوبُ))[٧٥]. واتا: تەوحید و ئیمان دڵی پێ پاك دەکرێتەوە، کە ڕەتکردنەوەی هەموو پەرستراوەکان دەگرێتەوە بێجگە لە اللەی حەق لەدڵداو جێگیرکردنی پەرستراوی بەحەق دەکات لەدڵدا ئەوەش حەقیقەتی لا إله إلا اللەیە، ئەمەش ئەو ئەسڵ و بنچینەیە کەدڵی پێ پاکدەکرێتەوە

ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی تەوحید دەڵێ: ((فَهُوَ أَوَّلُ وَاجِبٍ، وَآخِرُ وَاجِبٍ، فَالتَّوْحِيدُ: أَوَّلُ الْأَمْرِ وَآخِرُهُ))[٧٦] واتا: تەوحید یەکەم فەرزو کۆتا فەرزە، تەوحید یەکەم شت و کۆتا شتە.

---

٧٤) (مجموع الفتاوى (٧/ ٦٧٩).

٧٥) (مجموع الفتاوى (٩٧/١٠).

٧٦) (كتاب مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين (٣/ ٤١٢).

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَالتَّوْحِيدُ :يَفْتَحُ لِلْعَبْدِ بَابَ الْخَيْرِ وَالسُّرُورِ وَاللَّذَّةِ وَالْفَرَحِ وَالِابْتِهَاجِ))[٧٧] واتا: تەوحید دەرگای خێر و خۆشی و چێژ و خۆشبەختی و شادومانی بۆ بەندە دەکاتەوە.

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَأَعْظَمُ أَسْبَابِ شَرْحِ الصَّدْرِ: التَّوْحِيدُ، وَعَلَى حَسَبِ كَمَالِهِ وَقُوَّتِهِ وَزِيَادَتِهِ يَكُونُ انْشِرَاحُ صَدْرِ صَاحِبِهِ))[٧٨] واتا: گەورەترین هۆکاری سینە فراوانی و ئاسوودەبوون بریتییە لەتەوحید، بەپێی تەواوی و کامڵ بوونی تەوحید هێزو زیادبوونی، سینەی خاوەنەکەیشی خۆش و ئاسوودە دەبێ.

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَالتَّوْحِيدُ حِصْنُ اللَّهِ الْأَعْظَمَ الَّذِي مَنْ دَخَلَهُ كَانَ مِن الآمِنِينَ))[٧٩] واتا: تەوحید قەڵای هەرەگەورەی اللّەیە کە هەرکەسێك بچێتە ناوی لە پارێزراوانە.

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((لَا تَدْخُلُ الْجَنَّةَ نَفْسٌ مُشْرِكَةٌ، وَإِنَّمَا يَدْخُلُهَا أَهْلُ التَّوْحِيدِ فَإِنَّ التَّوْحِيدَ هُوَ مِفْتَاحُ بَابِهَا ، فَمَنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُ مِفْتَاحٌ لَمْ يَفْتَحْ لَهُ بَابَهَا، وَكَذَلِكَ إِنْ أَتَى بِمِفْتَاحٍ لَا أَسْنَانَ لَهُ لَمْ يُمْكِن الْفَتْحَ بِهِ))[٨٠] واتا: هیچ نەفسێکی موشریك ناچێتە بەهەشتەوە، بەڵکو تەنها ئەهلی تەوحید دەچنە بەهەشت، بەڕاستی تەوحید کلیلی دەرگای بەهەشتە، جا

---

٧٧) (زاد المعاد في هدي خير العباد (٤/ ١٨٦).

٧٨) (زاد المعاد (٢/٢٢).

٧٩) (بَدَائِعُ الفَوَائِدِ (٢/٤٧٠).

٨٠) (الوابل الصيب من الكلم الطيب (ص: ١٩).

هەرکەسێکیش کلیلەکەی لەگەڵ نەبێ ئەوە دەرگاکەی بۆ ناکرێتەوە، بەهەمان شێوە ئەگەر کلیلەکەش بێنێ بەڵام کلیلەکە ددانی نەبێت ئەوە دەرگاکەی بۆ ناکرێتەوە.

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَمَنْ تَدَبَّرَ أَحْوَالَ الْعَالَمِ وَجَدَ كُلَّ صَلَاحٍ فِي الْأَرْضِ فَسَبَبُهُ تَوْحِيدُ اللَّهِ وَعِبَادَتُهُ وَطَاعَةُ رَسُولِهِ))[٨١] واتا: هەر کەسێک وردبێتەوە لە حاڵی جیهان دەبینێت هەموو چاکی و صەلاحێک لە زەویدا هۆکارەکەی بریتییە لە تەوحیدی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ، و پەرستنی پەروەردگارو گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((التَّوحيدُ مَفزَعُ أَعْدَائِهِ وَأَوْلِيائِهِ: فَأَمَّا أَعْدَاؤُهُ فَيُنَجِّيهِم مِنْ كُرَبِ الدُّنيا وَشَدَائِدِهَا؛ (فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ) وَأَمَّا أَوْلِيَاؤُهُ فَيُنَجِّيهِم بِهِ مِنْ كُرُباتِ الدُّنيا والْآخِرةِ وَشَدَائِدِهِمَا، وَلِذَلِكَ فَزِعَ إِلَيْهِ يُونُسُ فَنَجَّاهُ اللَّهُ مِنْ تِلْكَ الظُّلُماتِ، وَفَزِعَ إِلَيْهِ أَتْبَاعُ الرُّسُلِ فنَجَوا بِهِ مِمَّا عُذِّبَ بِهِ الْمُشْرِكُونَ فِي الدُّنيا وَمَا أُعِدَّ لَهُمْ فِي الْآخِرةِ))[٨٢] واتا: تەوحید پەناگەیە بۆ دوژمنەکانی و دۆستەکانی، جا کاتێ پەناگەیە بۆ، دوژمنەکانی، کە دەیانپارێزێ لە ناخۆشی دونیا و بارگرانییەکانی هەروەک اللَّه دەفەرموێ: ئینجا کاتێ ئەو (بێ باوەڕانە) سوار کەشتی دەبن (ترسان لە نوقم بوون) تەنها هاوار لە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەکەن بە دڵسۆزی و گەردن کەچییەوە ، کەچی کاتێ اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ ڕزگاریان دەکات و دەگەنە وشکانی کوت و پڕ ئەوان

٨١) (بَدَائِعُ الفَوَائِدِ (١٥/٣).
٨٢) (الفوائد لابن القيم (ص:٥٣).

هاوبەش بۆ اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دادەنێن. پەناگەیە بۆ دۆست و خۆشەویستانی: دەیان پاریزێ لە ناخۆشییەکانی ژیانی دونیا و ئاخیرەت و بارگرانییەکانیان، هەربۆیە پێغەمبەر یونس عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ پەنای بۆ برد اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لەتاریکایی سکی حوت ڕزگاری کرد، شوێنکەوتەی پێغەمبەران عَلَيْهِمُ ٱلسَّلَامُ پەنایان بۆ برد پێی ڕزگار بوون، بەوەی کە موشریکانی سزادا لەدونیاداو ئەو سزایەشی کە لەئاخیرەتدا بۆیان ئامادە کراوە.

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَمَا دُفِعَتْ شَدَائِد الدُّنْيَا بِمِثْلِ التَّوْحِيد))[٨٣] واتا: هیچ شتێ وەک تەوحید ناڕەحەتییەکانی وەلا نەناوە.

ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی هەردوو جۆرەکەی تەوحید دەڵێ: ((غَالِبِ سُوَرِ الْقُرْآنِ، بَلْ كُلُّ سُورَةٍ فِي الْقُرْآنِ فَهِيَ مُتَضَمِّنَةٌ لِنَوْعَيِ التَّوْحِيدِ. بَلْ نَقُولُ قَوْلاً كُلِّيًّا: إِنَّ كُلَّ آيَةٍ فِي الْقُرْآنِ فَهِيَ مُتَضَمِّنَةٌ لِلتَّوْحِيدِ، شَاهِدَةٌ بِهِ، دَاعِيَةٌ إِلَيْهِ، فَإِنَّ الْقُرْآنَ: إِمَّا خَبَرٌ عَنِ اللَّهِ، وَأَسْمَائِهِ وَصِفَاتِهِ وَأَفْعَالِهِ، فَهُوَ التَّوْحِيدُ الْعِلْمِيُّ الْخَبَرِيُّ، وَإِمَّا دَعْوَةٌ إِلَى عِبَادَتِهِ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَخَلْعُ كُلِّ مَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِهِ، فَهُوَ التَّوْحِيدُ الْإِرَادِيُّ الطَّلَبِيُّ))[٨٤] واتا: زۆربەی بەشی سورەتەکانی قورئان بگرە هەر سورەتێك لەقورئان دوو جۆرەکەی تەوحیدی لەخۆ گرتووە، جا بەشێوەیەکی گشتی دەڵێین: بێگومان هەر ئایەتێك لەقورئاندا تەوحید لەخۆ دەگرێت، وە بەڵگەیە لەسەر یەك اللّه پەرستی و بانگەوازی بۆ دەکات، چونکە قورئان یان باسی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ وەباسی سیفات و

---

٨٣) (الفوائد لابن القيم (ص:٥٣).

٨٤) (مدارج السالكين (٣/ ٤١٧/ ٤١٨).

کارەکانی دەکات ئەمەیان پێی دەگوترێ: التَّوْحِيدُ الْعِلْمِيُّ الْخَبَرِيُّ، یان بانگەوازی بۆ تەنها پەرستنی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بەبێ هاوبەشی دانان، وە داکەندن و داماڵینی هەر پەرستراوێك جگە لە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ ئەمەشیان پێی دەگوترێت: التَّوْحِيدُ الْإِرَادِيُّ الطَّلَبِيُّ.

محمدی کوڕی عبدالوهاب (ت١٢٠٦هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((أَكْثَرُ النَّاسِ: عَلِمَ أَنَّ التَّوْحِيدَ حَقٌّ، وَالشِّرْكَ بَاطِلٌ، وَلٰكِنْ أَعْرَضَ عَنْهُ، وَلَمْ يَسْأَلْ))[٨٥] واتا: زۆربەی خەڵکی دەزانێ کە تەوحید حەقەو شیرکیش باطڵە، بەڵام پشتی لەو تەوحیدە کردووە ناپرسێ لێی.

هەروەها محمدی کوڕی عبدالوهاب (ت١٢٠٦هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَأَهَمُّ مَا عَلَيْكَ: مَعْرِفَةُ التَّوْحِيدِ، قَبْلَ مَعْرِفَةُ الْعِبَادَاتِ كُلِّهَا، حَتىٰ الصَّلاةِ))[٨٦] واتا: گرنگترین شت کە لەسەرت بێت و واجب بێت بیزانی زانینی تەوحیدە (یەك اللَّه پەرستیە) پێش زانینی پەرستشەکان هەر هەمووی تەنانەت نوێژیش.

ناصر السعدی (ت١٣٧٦هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ:((أَنَّ التَّوْحِيدَ إِذَا كَمُلَ فِي الْقَلْبِ، حَبَّبَ اللَّهُ لِصَاحِبِهِ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قَلْبِهِ، وَكَرَّهَ إِلَيْهِ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ، وَجَعَلَهُ مِنَ الرَّاشِدِينَ))[٨٧] واتا: تەوحید ئەگەر لەدڵدا کامل بوو ئەوە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ ئیمان لەلای خاوەنەکەی خۆشەویست دەکات، وە لەدڵیدا

٨٥) (اَلدُّرَرُ السَّنِيَّةُ فِي الْأَجْوِبَةِ النَّجْدِيَّةِ، ٢ /٧٤).
٨٦) (الدرر السنية في الأجوبة النجدية (١/ ١٥٩).
٨٧) (القول السديد شرح كتاب التوحيد (ص:٢٣).

دەیڕازێنێتەوە، وە کوفرو تاوان و مەعصیەتی لەلا ناشرین دەکات وەلەو کەسانەی دەکات کە هیدایەت دراون.

هەروەها ناصر السعدی (ت١٣٧٦هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ:((أَنَّ جَمِيعَ الْأَعْمَالِ وَالْأَقْوَالِ الظَّاهِرَةِ وَالْبَاطِنَةِ مُتَوَقِّفَةٌ فِي قُبُولِهَا وَفِي كَمَالِهَا وَفِي تَرَتُّبِ الثَّوَابِ عَلَيْهَا عَلَى التَّوْحِيدِ ، فَكُلَّمَا قَوِيَ التَّوْحِيدُ وَالْإِخْلَاصُ لِلَّهِ كَمُلَتْ هَذِهِ الْأُمُورُ وَتَمَّتْ))[٨٨]

واتا: هەموو کردەوەکان و وتەکان لەدیارو ئاشکراکان دروست بوون و قەبوڵبوونی و کامڵ بوونی پاداشتەکەی ڕاوەستاوە بەپێی پلەکانی تەوحید، جا هەرچەندێك تەوحید و نیەت پاکی بۆ اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بەهێزتر بێت، ئەوا ئەو شتانەش کامل دەبێت و تەواو دەبێت. کەواتە ئەگەر تەوحیدەکەت تەواو بێ ئەوە کردەوەکانت تەواوەو قەبوڵە، ئەگەریش تەوحیدەکەت تەواو نەبێ کردەوەکانت تەواو نییەو قەبوڵ نییە.

حافظ الحكمي (ت١٣٧٧هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَمَا هَلَكَتِ الْأُمَمُ الْغَابِرَةُ وَأُعِدَّتْ لَهُمُ النِّيرَانُ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا بِالشِّرْكِ وَالْإِبَاءِ عَنِ التَّوْحِيدِ، وَلَا نَجَا الرُّسُلُ وَأَتْبَاعُهُمْ مِنْ خِزْيِ الدُّنْيَا وَعَذَابِ الْآخِرَةِ إِلَّا بِالْتِزَامِ التَّوْحِيدِ وَالْبَرَاءَةِ مِنَ الشِّرْكِ))[٨٩] واتا: ئوممەتانی پێشوو لەناو نەچوونە و دۆزەخیان بۆ ئامادە نەکراوە لە قیامەتدا، ئیلا لەبەر شیرك و پشت کردن نەبێت لەتەوحید، وە پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان ڕزگاریان نەبووە لە سزای دونیاو قیامەتدا ئیلا بەپەیویست بوون بەتەوحید و بەریبوون لەشیرك.

---

٨٨) (القول السديد شرح كتاب التوحيد(ص:٢٤).

٨٩) (معارج القبول بشرح سلم الوصول (٤٨٦/٢).

خوێنەری بەڕێز تەوحید گرینگترین شتە کە ئینسانەکان وەکو چەکێک بەکار بێنن بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی شیرك، وە هەروەها تاکە شتێکە کە بەهەبوونی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لەخۆت ڕازی دەکەی و ڕەزامەندی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بەدەست دێنی هەربۆیە پیاوچاکانی پێشینی ئێمە دوعایان دەکرد و دەپاڕانەوە بەوەی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لەسەر ئەو تەوحیدە بیان مرێنێ، ((كَانَ سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ يَأْتِي إِبْرَاهِيمَ بْنِ أَدْهَمٍ فَيَقُولُ يَا إِبْرَاهِيمُ ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَقْبِضَنَا عَلَى التَّوْحِيدِ))[٩٠] واتا: سوفیانی کوڕی ثەوری دەهاتە لای ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم دەیگوت: ئەی ئیبراهیم لە اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بپاڕێوە لەسەر تەوحید بمان مرێنێ.

هەروەها پێشینی چاکی ئێمە دەگریان لەترسی ئەوەی نەوەك اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لەسەر تەوحید نەیان مرێنێ؛ مُجيب بن مُوسَى الأصبَهانِي (ت٢١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((كُنْتُ عَدِيلَ سُفْيَانَ الثَّوْرِيِّ إِلَى مَكَّةَ، فَكَانَ يُكْثِرُ الْبُكَاءَ، فَقُلْتُ لَهُ: يَا أَبَا عَبْدِ اللَّهِ، بُكَاؤُكَ هَذَا خَوْفًا مِنَ الذُّنُوبِ؟ قَالَ: فَأَخَذَ عُودًا مِنَ الْمَحْمَلِ فَرَمَى بِهِ وَقَالَ: «لَذُنُوبِي أَهْوَنُ عَلَيَّ مِنْ هَذَا، وَلَكِنِّي أَخَافُ أَنْ أُسْلَبَ التَّوْحِيدَ))[٩١] واتا: لەگەڵ سوفیانی ثەوری هاوڕێتیم کرد لەسەفەرێک بۆ شاری مەکە زۆر گریا پێم وت : گریانت لە ترسی تاوانەکانتە ؟ چیلکە دارێکی هێنا و پاشان فڕێیدا وتی: تاوانەکانم ساناترە لەو چیلکە دارە، بەڵام دەترسێم تەوحیدم لێ دانەدرێت و نەمینێت.

---

٩٠) (الثبات عند الممات (ص:٨٣).

٩١) (أخبَار أصبَهان لأبِي نعِيم برقم : (٢/ ٢٩٥).

هەروەها یەکەم شتێك کە فێری منداڵ بکرێت سوننەت وایە تەوحید بێت، هەروەکو چۆن إِبْرَاهِيم التَّيْمِي (ت ٩٢ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((كانُوا يَسْتَحِبُّونَ أَوَّلَ مَا يُفْصِحُ أَنْ يُعَلِّمُوهُ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ، فَيَكُونُ ذَلِكَ أَوَّلَ مَا يَتَكَلَّمَ بِهِ))[٩٢] واتا: ئەوان (واتا: پێشینی چاك) پێیان باش بوو یەکەم شت کە منداڵ زمانی پێی فێردەبێت، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه بێت حەوت جار بۆ ئەوەی ئەوە ببێتە یەکەم شت کە قسەی پێدەکات.

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی منداڵان کاتێک نوتقیان دەبێتەوەو قسە دەکەن دەڵێ: ((فَإِذا كَانَ وَقت نُطْقِهِم فَلْيُلَقّنوا لَا إِلَه إِلَّا اللَّه مُحَمَّد رَسُولُ اللَّهِ وَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا يَقْرَعُ مَسَامِعَهُم مَعْرِفَةُ اللَّهِ سُبْحَانَهُ وَتَوْحِيدَهُ وَأَنَّهُ سُبْحَانَهُ فَوْقَ عَرْشِهِ يَنْظُرُ إِلَيْهِم وَيَسْمَعُ كَلَامَهُم وَهُوَ مَعَهُم أَيْنَمَا كَانُوا))[٩٣] واتا: کاتێك کە کاتی نوتق و بوونەوەی زمانیان هات، ئەوە با بە لا إله إلا اللَّه محمد رسول اللَّه تەلقینی بدەن و بدەن بەگوێی، با یەکەم شتێك کە دەچێت بەگوێیدا ناسینی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و تەوحیدی اللَّه بێت بەوەی کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەر عەرشەکەیەتی و سەیریان دەکات و وتەکانیان دەبیستێ وە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەگەڵیانە (بەزانست و قودرەتی) لەهەرکوێیەك بن.

ماناى (تەوحید) لەڕووى زمانەوانى و لەڕووى شەرعییەوە:

---

٩٢) (مصنف عبدالرزاق (٧٩٧٧).

٩٣) ((كتاب تحفة المودود بأحكام المولود (ص: ٢٣١)).

وشەی (التوحید) لەڕووی زمانەوانییەوە واتە: ((جَعْلُ الْمُتَعَدِّدِ وَاحِدًا))[٩٤] واتا:بەتەنها دانان و جیاکردنەوەی شتێک لەناو کۆمەڵێک شت.

وشەی (التوحید) لەڕووی شەرعییەوە: ((إِفرادُ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى بِمَا يَخْتَصُّ بِهِ مِنَ الرُّبُوبِيَّةِ والأُلُوهِيَّةِ وَالأَسْماءِ وَالصِّفَاتِ))[٩٥] واتا: بەتاک دانان و تەوحید کردنی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَى لە سێ ڕووەوە: لەڕووی پەروەردگارێتی (الربوبیة)، وە لەڕووی پەرستراوێتی (الألوهیة)، وە لەڕووی ناو و سیفاتەکانی (الأسماء والصفات).

تەوحید بۆ سێ بەش دابەش دەبێت:

بەر لەوەی باسی سێ جۆرەکەی تەوحید بکەین، دەربارەی دابەشبوونی تەوحید بۆ سێ بەش دەدوێین کە ئەو دابەشە بوونە لەقورئاندا هاتووە، وەسەلەفی پێشینیش ئاماژەیان پێداوە.

بەڵگە قورئانییەکان:

اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَى هەرسێ جۆرەکەی تەوحیدی لەیەك ئایەتدا کۆ کردۆتەوە، هەروەکو چۆن دەفەرموێت: ﴿رَّبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيًّا﴾ (مریم: ٦٥) واتا: اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَى پەروەردگاری ئاسمانەکان وزەوی وهەرچی لە نێوانیاندا هەیە،

---

٩٤) ((علم التوحید، ص:٧٥)).

٩٥) ((القول المفید علی کتاب التوحید (١١/١)).

وهەر ئەویشە دەیانبا بەرێوە، دەی بەتاک تەنهاش ئەو بپەرستە چونکە تەنها ئەو شایستەی پەرستنە، وئارامگربە لەسەر بەتاکپەرستی ئەو زاتەی کە هیچ هاووێنە وهاوسیفاتێکی نییە.

توحید الربوبیة: تەوحیدی پەروەردگاریێتی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾ (فاطر:٣) واتا: ئایا جگە لە اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دروستکارێکی تر هەیە کە ڕزقی ئێوە بدات لە ئاسمانەکان بە باران بارین، وە لە زەوی بە ڕووەك و دانەوێلە؟

هەروەها اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (المائدة:١٢٠) واتا: ئاسمانەکان و زەوی هەر اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ خاوەنیانە، هەروەها ئەوەش کە تیایاندایە و ئەو زاتە هەمیشە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

توحید الألوهیة: تەوحیدی پەرستراوێتی: اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾ (الأنبیاء:٢٥) واتا: لە پێش تۆیشدا ئەی محمد صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیلا وەحیمان بۆی ناردووە کە هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ کە تاك و تەنهاو بێ شەریکە بۆیە بەتاك و تەنها عیبادەتی من بکەن.

هەروەها اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ﴾ (الزمر:٢) واتا: تۆش عیبادەتی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بکە بە ئیخلاص و دڵسۆزی و نیازپاکیەوە.

توحید الأسماء والصفات: تەوحیدی ناوو سیفاتەکان، اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت:﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ (الشورى:١١). واتا: هیچ شتێك بەوێنەو هاوشێوەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نییە وە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بیسەری بینایە.

بەڵگە لەزانایانی کۆنەوە دەربارەی سێ جۆرەکەی تەوحید:

١- أبو حنيفة (ت١٣٠هـ) دەڵێ: ((وَاللَّهُ تَعَالَى يُدْعى مِنْ أَعْلَى لَا مِنْ أَسْفَل لِأَنَّ الْأَسْفَلَ لَيْسَ مِنْ وَصْفِ الرُّبُوبِيَّةِ وَالْأُلُوهِيَّةِ فِي شَيْء))[٩٦] واتا: اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لەسەرەوە بانگدەکرێت نەك لەژێرەوە، چونکە ژێرەوە وەسفی ڕبوبیەت و ئولوهیەتی نییە. سەرنج بدە وتەکەی أبو حەنیفە هەرسێ جۆرەکەی تەوحید لەخۆ دەگرێت: یەکەمیان کەوتی لەسەرەوە بانگدەکرێت ئەوەجێگیرکردنی (العلو) ە بەمانای ئەوەی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لەسەر عەرشە ئەوەش تەوحیدی (أسماء الصفات)ە ، وە ڕەدێکیشی تێدایە بۆ جەهمیەکان و ئەشعەریەکان و موعتەزیلەو هاوشێوەکانیان. وە کاتێك گوتی: وەسفی ڕبوبیەت ئەوەش جێگیر کردنی تەوحیدی ڕبوبیەتە، وە کاتێك گوتی: ئولوهیەت، ئەوەش جێگیرکردنی ئولوهیەتە.

---

٩٦) (كتاب الفقه الأكبر (ص:١٣٥).

٢- ابن البطة (ت٣٨٧هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((أَنَّ أَصْلَ الْإِيمَانِ بِاللَّهِ الَّذِي يَجِبُ عَلَى الْخَلْقِ اعْتِقَادُهُ فِي إِثْبَاتِ الْإِيمَانِ بِهِ ثَلَاثَةُ أَشْيَاءَ: أَحَدُهَا: أَنْ يَعْتَقِدَ الْعَبْدُ رَبَّانِيَّتَهُ لِيَكُونَ بِذَلِكَ مُبَايِنًا لِمَذْهَبِ أَهْلِ التَّعْطِيلِ الَّذِينَ لَا يُثْبِتُونَ صَانِعًا. الثَّانِي: أَنْ يَعْتَقِدَ وَحْدَانِيَّتَهُ، لِيَكُونَ مُبَايِنًا بِذَلِكَ مَذَاهِبَ أَهْلِ الشِّرْكِ الَّذِينَ أَقَرُّوا بِالصَّانِعِ وَأَشْرَكُوا مَعَهُ فِي الْعِبَادَةِ غَيْرَهُ. وَالثَّالِثُ: أَنْ يَعْتَقِدَهُ مَوْصُوفًا بِالصِّفَاتِ الَّتِي لَا يَجُوزُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَوْصُوفًا بِهَا))[٩٧] واتا: بنچینەی ئیمان هێنان بە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ کە لەسەر دروستکراوان واجبە باوەڕیان وابێت، لە چەسپاندنی ئیمان بە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ سێ شتن: یەکەم: بەندە باوەڕی بە پەروەردگاریێتی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ (الربوبية) هەبێت، بۆ ئەوەی بەوە خۆی جیاکاتەوە لەڕێگاکانی ئەهلی پەکخستن ئەوانەی کە دان بەدروستکار دانانێن و جێگیری ناکەن. دووەم: باوەڕی بە وەحدانیەت و پەرستراوێتی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ (الألوهية) هەبێت، بۆ ئەوەی بەوە خۆی جیاکاتەوە لەڕێگاکانی ئەهلی شیرك ئەوانەی کە دانیان دەنا بەدروستکارو بەدیهێنەری اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ وە لەگەڵ اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ کەسانی تریان دەکردە شەریك لەعیبادەتدا. سێیەم: وە باوەڕی وابێت کە اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ وەسفکراوە بەسیفاتانێك کە دروست نییە بێجگە لەوە وەسف بکرێت.

---

٩٧) (الإبانة الكبرى لابن بطة(٦/ ١٤٩).

٣- قاضي أبو يوسف (ت١٨٢هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((وَإِنَّمَا دَلَّ اللَّهُ خَلْقَهَ بِخَلْقِهِ لِيَعْرِفُوا أَنَّ لَهُمْ رَبًّا يَعْبُدُوهُ وَيُطِيعُوهُ وَيُوَحِّدُوهُ))[٩٨] **واتا: اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **دروستکراوانی کردۆته بەڵگە بۆ دروستکراوەکانی بۆ ئەوەی بزانن پەروەردگارێکیان هەیە دەیپەرستن و گوێڕایەڵی دەکەن و بەتەنهای دەزانن و تەوحیدی اللَّه** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **دەکەن بەتاکی دادەنێن.**

٤- ابن منده (ت٣٩٥هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **چەند بابێکی لەکتێبەکەی باسکردووە کە بەناوی (التوحيد) کەپەیوەستە بەهەرسێ جۆری تەوحیدەکە، یەکەمیان: تەوحیدی ڕبوبیەت:** ((ذِكْرُ مَا وَصَفَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ بِهِ نَفْسَهُ وَدَلَّ عَلَى وَحْدَانِيَّتِهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَأَنَّهُ أَحَدٌ صَمَدٌ ، لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ))[٩٩] **واتا باسکردنی ئەو شتانەی کە اللَّه** عَزَّوَجَلَّ **وەسفی خۆی پێکردووە، وەبەڵگەن لەسەر وەحدانیەت و تاکو تەنهای اللَّه** عَزَّوَجَلَّ، **بەوەی کە اللَّه** عَزَّوَجَلَّ **تاك و تەنهایە و بێنیازەو هیچ کەسی لێ نەبووەو خۆشی لەکەس نەبووەو هاوتاو هاوشێوەشی نییە.**

وەهەروەها: ((ذِكْرُ مَعْرِفَةِ بَدْءِ الْخَلْقِ))[١٠٠] **واتا: باسکردنی ناسینی سەرتای دروستکراوان.**

---

٩٨) (التوحيد للسالك للنجاة من المهالك (ص: ٢٦٦).

٩٩) (التوحيد لابن منده(٦١/١).

١٠٠) (التوحيد لابن منده(٨٢/١).

هەروەها: ((ذِكْرُ مَا يَدُلُّ عَلَى أَنَّ خَلْقَ الْعَرْشِ تَقَدَّمَ عَلَى خَلْقِ الْأَشْيَاءِ))[١٠١] واتا:باسکردنی ئەوەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستکردنی عەرش لەپێش شتی تر.

وەهەروەها: ((ذِكْرُ مَا يَدُلُّ عَلَى أَنَّ اللَّهَ قَدَّرَ مَقَادِيرَ كُلِّ شَيْءٍ قَبْلَ خَلْقِ الْخَلْقِ))[١٠٢] واتا: باسکردنی ئەوەی کە دەلالەت لەوە دەکات اللّه عَزَّوَجَلَّ قەدەری هەموو شتەکانی دیاری کردووە پێش دروستکردنی دروستکراوان.

وەهەروەها: ((ذِكْرُ مَا يَسْتَدِلُّ بِهِ أُولُو الْأَلْبَابِ مِنَ الْآيَاتِ الْوَاضِحَةِ الَّتِي جَعَلَهَا اللَّهُ ، عَزَّ وَجَلَّ ، دَلِيلاً لِعِبَادِهِ مِنْ خَلْقِهِ عَلَى مَعْرِفَةِ وَحْدَانِيَّتِهِ))[١٠٣] واتا: باسکردنی ئەو شتانەی کە خاوەنانی ژیری دەیکەنە بەڵگە لەئایەتە ڕوونەکان کە اللّه عَزَّوَجَلَّ کردوویەتی بەبەڵگە بۆ دروستکراوانی لەسەر ناسینی وەحدانیەت و تاك و تەنهای اللّه عَزَّوَجَلَّ.

وەهەروەها: ((ذِكْرُ مَا بَدَأَ اللَّهُ ، عَزَّ وَجَلَّ ، مِنَ الْآيَاتِ الْوَاضِحَةِ الدَّالَّةِ عَلَى وَحْدَانِيَّتِهِ))[١٠٤] واتا: باسکردنی ئەو شتانەی کە اللّه عَزَّوَجَلَّ دایهێناوە لەوئایەتانەی کە بەڵگەن لەسەر وەحدانیەت و تاك و تەنهای اللّه عَزَّوَجَلَّ.

---

١٠١) (التوحيد لابن منده(٩١/١) .
١٠٢) (التوحيد لابن منده(٩٢/١).
١٠٣) (التوحيد لابن منده(٩٧/١)
١٠٤) (التوحيد لابن منده(١٠٤/١).

هەروەها: «ذِكْرُ الْآيَاتِ الْمُتَّفِقَةِ الْمُنْتَظِمَةِ الدَّالَّةِ عَلَى تَوْحِيدِ اللَّهِ ، عَزَّ وَجَلَّ فِي صِفَةِ خَلْقِ السَّمَوَاتِ الَّتِي ذَكَرَهَا فِي كِتَابِهِ وَبَيَّنَهَا عَلَى لِسَانِ رَسُولِهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَنْبِيهًا لِخَلْقِهِ»[١٠٥] واتا: باسکردنی ئایەتە گونجاو پێخراوەکان کە بەڵگەن لەسەر تەنهای اللَّه عَزَّوَجَلَّ لەسیفەتی دروستکردنی ئاسمانەکان کە اللَّه عَزَّوَجَلَّ لەکتێبەکەی باسی کردووەو ڕوونی کردۆتەوە لەسەر زمانی رسولەکەی صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ بۆ ئاگادارکردنەوەی دروستکراوانی.

هەروەها لەو بابانەی کە پەیوەستن بەتەوحیدی ئولوهیەتەوە: «ذِكْرُ مَعْرِفَةِ أَسْمَاءِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ الْحُسْنَةِ الَّتِي تَسَمَّى بِهَا وَأَظْهَرَهَا لِعِبَادِهِ لِلْمَعْرِفَةِ وَالدُّعَاءِ وَالذِّكْرِ»[١٠٦] واتا: باسکردنی ناسینی ناوەکانی اللَّه عَزَّوَجَلَّ کە ناوی لێناوە، وەدەری خستووە بۆ بەندەکانی بۆ زانینی پارانەوەو زیکرکردن پێی.

وەهەروەها: «ذِكْرُ مَعْرِفَةِ اسْمِ اللَّهِ الْأَكْبَرِ الَّذِي تَسَمَّى بِهِ وَشَرَّفَهُ عَلَى الْأَذْكَارِ كُلِّهَا»[١٠٧] واتا: باسکردنی ناسینی ناوە هەرە بەرزەکانی اللە کە ناوی خۆی پێناوەو هەموو زیکرەکانی پێ شەرەفمەند کردووە.

لەژێر ئەو بابەدا چەند وتەیەکی رسول اللَّەی صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ باس کردووە لەوانە:

---

١٠٥) (التوحيد لابن منده(١١٣/١).

١٠٦) (التوحيد لابن منده(١٤/٢).

١٠٧) (التوحيد لابن منده(٢١/٢).

١- ((قَوْلُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ إِلَى شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)) (التوحيد لابن منده(٣٠/٢). **واتا: وتەی رسول اللە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **کەدەفەرموویت: فەرمانم پێکراوە خەڵکی بانگ بکەم بۆ شایەتی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ.**

٢- ((قَوْلُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)) (التوحيد لابن منده(٣٠/٢) **واتا: وتەی رسول اللە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **کەدەفەرموویت: ئیسلام بنیاتنراوە لەسەر شایەتومان بەوتنی : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ.**

٣- ((قَوْلُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَسْكُتْ)) (التوحيد لابن منده(٣٠/٢) **واتا: وتەی رسول اللە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **کەدەفەرموویت: هەرکەسێك باوەڕی بە اللَّەو بەڕۆژی دوایی هەیە با چاك بڵێت یان بێدەنگ بێت.**

٤- ((قَوْلُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِرَجُلٍ: «قُلْ رَبِّيَ اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقِمْ)) (التوحيد لابن منده(٣١/٢) **واتا: وتەی رسول اللە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **بۆ پیاوێك: بڵێ: اللَّە پەروەردگارمە پاشان بەردەوام و جێگیربە.**

٥- ((قَوْلُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «مَنْ كَانَ حَالِفًا فَلْيَحْلِفْ بِاللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَمَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللَّهِ فَقَدْ أَشْرَكَ)) (التوحيد لابن منده(٣٣/٢) **واتا: وتەی رسول اللە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **کەدەفەرموویت: هەرکەسێك سوێندی خوارد با سوێند بە اللَّە** عَزَّوَجَلَّ **بخوات، وەهەرکەسێك سوێند بەغەیری اللَّە** عَزَّوَجَلَّ **ئەوە شیرکی کردووە. زۆری تری باسکردووە کە پەیوەستە بەتەوحیدی ئولوهیەتەوە.**

هەروەها لەوبابانەی کەباسی کردووە پەیوەستە بەتەوحیدی أسماء الصفات: ((ذِكْرُ مَعْرِفَةِ صِفَاتِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ الَّتِي وَصَفَ بِهَا نَفْسَهُ وَأَنْزَلَ بِهَا كِتَابَهُ وَأَخْبَرَ بِهَا الرَّسُولُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى سَبِيلِ الوَصْفِ لِرَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ مُبَيِّنًا ذَلِكَ لأُمَّتِهِ))[١٠٨] واتا: باسکردنی ناسینی سیفاتەکانی اللّه عَزَّوَجَلَّ کە وەسفی خۆی پێکردووە وە قورئانەکەی پێ دابەزاندووە، وە هەواڵی داوەتە رسولەکەی لەسەر ئەو شێوازەی کە وەسفی اللّه عَزَّوَجَلَّی پێ کراوە و ڕوونکراوە بۆ ئوممەتەکەی.

٥- أبو جعفر الطحاوي (ت٣٢١هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێ: ((نَقُولُ فِي تَوحِيدِ اللهِ مُعْتَقِدِينَ بِتَوفِيقِ اللهِ : إِنَّ اللَّهَ وَاحِدٌ لا شَرِيكَ لَهُ. وَلا شَيْءَ مِثلُهُ، وَلا شَيْءَ يُعْجِزَهُ، وَلا إِلَهَ غَيْرُهُ))[١٠٩] واتا: دەربارەی تەوحیدکردنی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَى دەڵێین بیرووڕامان وایە کە اللّه عَزَّوَجَلَّ تاك و بێ شەریکە وە هیچ شتێك هاوشێوەی اللّه عَزَّوَجَلَّ نییە، وەهیچ شتێك دەستەوەستانی ناکات، وە هیچ پەرستراوێك نییە بێجگە لە اللّه عَزَّوَجَلَّ. گوتم: وتەی ئیمام: (إِنَّ اللَّهَ وَاحِدٌ لا شَرِيكَ لَهُ) هەرسێ جۆرەکەی تەوحید دەگرێتەوە، تاك و تەنهایە شەریکی نییە لە ڕبوبیەتدا، وە تاك و تەنهایە شەریکی نییە لە ئولوهیەتدا، وە تاك و تەنهایەو شەریکی نییە لە ئەسمائو سیفاتدا، وە وتەی ئیمام: (وَلا شَيْءَ مِثلُهُ) تەوحیدی ئەسمائو سیفاتە، وە وتەی ئیمام: (وَلا شَيْءَ يُعْجِزَهُ) تەوحیدی ڕبوبیەتە. وە وتەی ئیمام: (وَلا إِلَهَ غَيْرُهُ) تەوحیدی ئولوهیەتە.

---

١٠٨) (كتاب التوحيد لابن منده - (ت: الفقيهي(٧/٣)

١٠٩) (كتاب شرح العقيدة الطحاوية للبراك(٢١/١).

٦- هەروەها چەندین ئیمامی بەڕێزی تر ئاماژەیان بەو سێ جۆرەی تری تەوحید داوە لەوانە: ابن جرير الطبري (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ لەچەندین شوێن ئاماژەی پێداوە بەنمونە لەتەفسیری ئەو ئایەتە: ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ﴾ (محمد:١٩). بگەڕێوە بۆ تەفسیرەکەی لەوێ باس دەکات. (جامع البيان (٥٣/١٣) . هەروەها ابن أبي زيد القيرواني المالكي (ت٣٨٦هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ باسی ئەو سێ جۆرەی تەوحید دەکات لەسەرەتای پێشەکی کتێبەکەی دەربارەی عەقیدەکەی (كتاب الرسالة للقيرواني) هەروەها زۆر زانای تر باسی ئەو سێ جۆرەی تەوحیدیان کردووە.

گوتم: ئەوە وەڵامێکی زۆر ڕوونە بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەڵێن دابەشکردنی تەوحید بۆ سێ بەش لەبیدعەی ابن تيميه‌و ابن القيم و محمدی کوڕی عبدالوهابە ! رَحِمَهُمُ ٱللَّهُ ئەوەش بەهۆی نەزانین و بێ ئاگاییە لە وتەی سەلەف بەڵکو لەقورئان سوننەت ! چونکە لەقورئاندا چەندین ئایەت هەن ئاماژە بەو سێ جۆرەی تەوحید دەدەن لەکاتی باسکردنی سێ جۆرەکەی تەوحیدیش باسی بەڵگە قورئانیەکانیش دەکەین إن شاءاللّه.

یەکەم: تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّة: ((هُوَ:تَوْحِيدُ اللَّهِ تَعَالى بِأَفْعَالِهِ))[١١٠] واتا: تەوحیدی پەروەردگاریّتی بریتییە: لەتەوحید کردنی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ ، بەتەنها دانانی اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لە کارە تایبەتییەکانی خۆی.

---

١١٠) (الوجيز في عقيدة السلف الصالح - ص٤٨).

بەواتای ئەوەی: «دەبێ باوەڕی تەواو و دامەزراوەمان هەبێ و ئیقڕاڕی تەواو و دان پێدانی تەواومان هەبێ، کە تەنها اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ پەروەردگاری هەموو شتێکەو خاوەنیەتی و دروستکەریتی ڕازقیەتی و هیچ هاوبەشێک و هاوشێوەیەکی نییە، هاوناوێکی نییە، زیندووی نەمرە، وەسەرپەرشتیاری هەموو دروستکراوەکانیەتی و ناخەوێ، وەپاکە لەهەموو عەیبێك و بێتوانایی و نوقسانی، بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، هەڵسوڕێنەری جیهانەو ئەم گەردوونە بەتەنها لەلایەن اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بەڕێوەدەچێت و بەتوانایە بەسەری، حوکم و بڕیار و فەرمانڕەوایی هەر بۆ اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ یە (واتا:باوەڕمان وابێت کە دانانی شەریعەت و یاساکان تەنها مافی اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ یە و نابێ هیچ مرۆڤێک لە غەیری اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ یاسا و شەریعەت دابڕێژێت) هەموو خێرێك بەدەست ئەوە ، هیچ بەربەستێك نییە لەئەمر و فەرمانی، هەر اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بڕیار دەدات و کەس ناتوانێ بڕیاری اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بگۆڕێ..... پوختەکەی تەوحیدی پەروەردگارێتی بریتییە: «لەتەوحید کردنی اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ ، بەتەنها دانانی اللّە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لە کارە تایبەتییەکانی خۆی»[111]

ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی تەوحیدی ربوبیەت دەڵێ: «يَتَضَمَّنُ الْإِقْرَارَ بِأَنَّهُ لَا خَالِقَ وَلَا رَازِقَ وَلَا مُعْطِيَ وَلَا مَانِعَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ. فَيَقْتَضِي: أَنْ لَا

---

١١١) (الوجيز في عقيدة السلف الصالح ، ص٤٨). دەقی عەرەبیەکە: معناهُ الْإعتقادُ الْجازمُ وَالإقرارُ الكاملُ، والإعترافُ التامُّ، بأَنَّ اللَّه تعالى وَحْدَهُ رَبُّ كلِّ شيء ومالِكُهُ وخالِقُهُ ورازِقُهُ، لا شريك له، ولا نِدَّ له ولا سَمِيَّ له، حي لا= يموت قيوم لا ينام، مُنَزَّهٌ عن النقص والعجز والعيب ، بديع السماوات والأرض، مُدَبِّرُ العالَمِ والْمتَصَرِّفُ فيه،والقادر عليه، له الحُكْمُ والأَمْرُ كلُّهُ،وبيده الخير كلُّهُ، لا رَادَّ لِأَمْرِهِ، ولا مُعَقِّبَ لحُكْمِهِ..... وخُلاصَتُهُ هُوَ :توحيدُ اللَّهِ تعالى وإِفْرادُهُ بِأَفْعالِهِ.

يَسْأَلَ الْعَبْدُ غَيْرَهُ وَلَا يَتَوَكَّلُ إِلَّا عَلَيْهِ وَلَا يَسْتَعِينُ إِلَّا بِهِ كَمَا قَالَ تَعَالَى فِي النَّوْعَيْنِ ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ وَقَالَ ﴿فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ﴾ وَهَذَا التَّوْحِيدُ: هُوَ الْفَارِقُ بَيْنَ الْمُوَحِّدِينَ وَالْمُشْرِكِينَ وَعَلَيْهِ يَقَعُ الْجَزَاءُ وَالثَّوَابُ فِي الْأُولَى وَالْآخِرَةِ. فَمَنْ لَمْ يَأْتِ بِهِ كَانَ مِنْ الْمُشْرِكِينَ الْخَالِدِينَ. فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ))[112] واتا: (تەوحیدی ڕبوبیەت) داننان لەخۆ دەگرێت بەوەی کە هیچ دروستکەرێک نییە هیچ ڕۆزی دەرێک نییە هیچ کەس ناتوانێ ئەوە ببڕێ کە اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ داویەتی وە کەس ناتوانێ ئەوە بدات کە اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ بڕیویەتی ئیلا اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ بەتەنها نەبێت، جا ئەوەش ئەوە دەستەبەر دەکات: کە بەندە بێجگە اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ داوا لەکەس نەکات، وە پشت بەکەس نەبەستێت ئیلا لەسەر اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ نەبێت، وە داوای یارمەتی لەکەس نەکات ئیلا لە اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ نەبێ، هەروەکو چۆن اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ لەهەردوو جۆرەکەی تەوحید(ربوبیەت و ئولوهیەت) دەفەرموێت: ئەی پەروەردگار هەر تۆ تایبەت دەکەین بەپەرستن و وەهەر تۆ تایبەت دەکەین بەداوای یارمەتی و داوای یارمەتی لەغەیری تۆ ناکەین. وەهەروەها اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: تۆ بەتاك تەنها عیبادەتی اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ بکەو بەتەنها پشت بە اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ ببەستە. وە ئەو تەوحیدە جیاکەرەوەی نێوان موەحیدان و موشریکانە، وەلەسەر ئەو تەوحیدەش سزاز پاداشت دەدرێتەوە لە دونیاو لەڕۆژی دوایی، جا هەرکەسێك بەوتەوحیدە نێت ئەوە لەموشریکە هەتاهەتاییەکان لەدۆزەخ، چونکە اللَّه تَبَارَكَ‌وَتَعَالَىٰ لەوکەسانە خۆشنابێت کە هاوبەشی بۆ پەیدا دەکەن لەغەیری ئەوە لەتاوانی تر خۆشدەبێت.

---

١١٢) (مجموع الفتاوى (١٤/ ٣٧٩_ ٣٨٠).

وه ئەو تەوحیدە، تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّة تەوحیدی پەروەردگاریّتی کافرەکانی قوڕەیش دانیان پێدا دەنا بەڵام سوودی نەبوو چونکە تەوحیدی ئولوهیەتیان نەبوو؛ هەروەکو چۆن زانای پایەبەرز ابن تیمیة (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَأَمَّا تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّةِ الَّذِي أَقَرَّ بِهِ الْخَلْقُ ، وَقَرَّرَهُ أَهْلُ الْكَلَامِ ؛ فَلَا يَكْفِي وَحْدَهُ ، بَلْ هُوَ مِنْ الْحُجَّةِ عَلَيْهِمْ))[١١٣] واتا: بەڵام تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّة تەوحیدی پەروەردگاریّتی کە دروستکراوان دانیان پێدا ناوە، وە ئەهلی کەلام دانیان پێدا ناوە ئەوا ئەو تەوحیدە بەس نییە بەتەنها، بەڵکو بەڵگەیە لەسەریان.

هەروەها زانای پایەبەرز ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وأَمَّا تَوْحيد الرُّبُوبيّةِ الْذي أقرَّ بِهِ المُسْلِم والْكَافِر، وقرَّرَه أهل الكلام في كُتُبِهِم، فَلا يَكْفِي وَحْدَهُ، بَلْ هُوَ الحُجَّةُ عَلَيْهِم، كَما بَيَّنَ ذَلِكَ -سُبْحَانَهُ- في كِتابهِ الْكَريم في عِدَّةِ مَواضِعَ))[١١٤] واتا: بەڵام تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّة تەوحیدی پەروەردگاریّتی کە کافرو موسوڵمان دانیان پێدا ناوە، وە ئەهلی کەلام لە کتێبەکانیان دانیان پێدا ناوە جا ئەوە بەتەنها بەس نییە، بەڵکو بەڵگەیە لەسەریان، هەروەکو چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕونی کردۆتەوە لەقورئاندا لەکۆمەڵێک شوێندا.

---

١١٣) (مجموع الفتاوى (١/ ٢٣).

١١٤) (إغاثة اللهفان» (١/ ٤٧).

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّةِ الَّذِي اعْتَرَفَ بِهِ مُشْرِكُو الْعَرَبِ، وَلَمْ يَخْرُجُوا بِهِ عَنِ الشِّرْكِ))[١١٥] واتا: ئەو تەوحیدی ڕبوبیەتەی کە موشریکەکانی عەرەب دانیان پێدا نا بەوە لەشیرك نەچوونە دەرەوە.

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی جیاوازی نێوان تەوحیدی ربوبیەت و ئولوهیەت دەڵێ: ((وَلَوْ أَنْجَى هَذَا التَّوْحِيدُ وَحْدَهُ، لِأَنْجَى عُبَّادَ الْأَصْنَامِ، وَالشَّأْنُ فِي تَوْحِيدِ الْإِلَهِيَّةِ الَّذِي هُوَ الْفَارِقُ بَيْنَ الْمُشْرِكِينَ وَالْمُوَحِّدِينَ))[١١٦] واتا: ئەگەر ئەو تەوحیدە (تەوحیدی ڕبوبیەت) بەتەنها ڕزگاری بکردبایە، ئەوا بتپەرستەکانیشی ڕزگار دەکرد، بەڵکو مەبەست تەوحیدی ئولوهیەتە کە بریتییە لە جیاکەرەوەی نێوان موشریکەکان و موەحیدەکان.

تقي الدين المقريزي (ت ٨٤٥ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَلَا رَيْبَ أَنَّ تَوْحِيدَ الرُّبُوبِيَّةِ لَمْ يُنْكِرْهُ الْمُشْرِكُونَ، بَلْ أَقَرُّوا بِأَنَّهُ سُبْحَانَهُ وَحْدَهُ خَالِقُهُم، وَخَالِقُ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ...وَإِنَّمَا أَنْكَرُوا تَوْحِيدَ الإِلهِيَّةِ))[١١٧] واتا: گومانی تێدا نییە موشریکەکان نکوڵیان لەتەوحیدی ڕبوبیەت نەدەکرد، بەڵکو دانیان بەوەنا کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەتەنها دروستکەری ئەوانە، وە دروستکەری ئاسمانەکان و زەویە... بەڵام نکوڵیان لەتەوحیدی ئولوهیەت دەکرد.

---

١١٥) (مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين (٩٦/١).

١١٦) (مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين (٣٣٦/١).

١١٧) (تجريد التوحيد المفيد ص:٢٠).

هەروەها صەنعانی (ت١١٨٢هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((الْحَمْدُ للّٰهِ الَّذي لَا يَقْبَلُ تَوْحيد رُبُوبِيَّتِهِ مِنَ الْعِبادِ حَتى يُفرِدُوهُ بِتَوْحيدِ العِبَادَةِ كُلَّ الْإِفْرَادِ، فَلَا يَتَّخِذُونَ لَهُ نِدًّا، وَلَا يَدْعونَ مَعَهُ أَحَدًا، وَلَا يَتَّكِلُونَ إلاَّ عَلَيْهِ، وَلَا يَفْزَعُونَ في كُلِّ حَالٍ إلاَّ إِلَيْهِ، وَلَا يَدْعُونَهُ بِغَيْرِ أَسْمَائِهِ الْحُسْنى، وَلَا يَتَوَصَّلُونَ إِلَيْهِ بِالشُّفَعَاءِ))[118] **واتا: سوپاس بۆ ئەو اللَّەیەی کە تەوحیدی پەروەردگاریێتی قەبوڵ ناکات لە بەندەکانی هەتا بەتەنهای دانەنێن بەتەوحیدی عیبادەت (واتا: تەوحیدی ئولوهیەت) هیچ هاوبەشێکی بۆ دانانێن و لەگەڵ اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هاواری کەسی تر ناکەن، وە تەوەککول لەسەر کەس ناکەن جگە لە اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **وە لەکاتی ناخۆشی لەهەموو کاتێك هانا بۆ کەس نابەن جگە اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **وە بەغەیری ناوەکانی اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بەهیچ ناوێکی تر ناپارێنەوە وە هیچ کەسێکیش ناکەن پایەن بۆ شەفاعەت کردن.**

هەروەها محمدی کوڕی عبدالوهاب (ت١٢٠٦هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((أَنَّ الْكُفَّارَ الَّذِينَ قَاتَلَهُمُ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَقَتَلَهُمْ، وَاَبَاحَ أَمْوَالَهُمْ، وَاسْتَحَلَّ نِسَاءَهُمْ: كَانُوا مُقِرِّينَ لِلّٰهِ سُبْحَانَهُ بِتَوْحِيدِ الرُّبُوبِيَّةِ، وَهُوَ أَنَّهُ لاَ يَخْلُقُ وَلاَ يَرْزُقُ وَلاَ يُحْيِي وَلاَ يُمِيتُ وَلاَ يُدَبِّرُ الْأُمُورَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ، كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّنْ يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَنْ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَنْ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ﴾ (يونس:٣١)))[119] **واتا: ئەو کافرانەی کە** رَسُولُ اللّٰه صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **شەڕی لەگەڵ کردن و کوشتاری**

---

١١٨) (تطهير الاعتقاد عن أدران الإلحاد، مقدمة كتابه).

١١٩) مُؤَلَّفَاتُ الشَّيْخِ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ الْوَهَّابِ، (١/ ٣٦٣/٣٦٩).

کردن و مالّ و سامان و خێزانەکانیانی بەحەڵاڵ زانی، ئەو کافرانە دانیان بەتەوحیدی پەروەردگاریێتیش نابوو بەوەی کە هیچ کەسێك دروستکەر نییەو ڕازق نییە ژیێنەر نییە مرێنەر نییەو کارو فرمانەکان جێبەجێ دەکات بێجگە لە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەروەکو چۆن اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ئەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێیان بڵێ: کێ هەیە لەئاسمانەوە و لەزەویەوە ڕزق و ڕۆزیتان بۆ فەراهەم بهێنێت و پێتان ببەخشێت، ئەی کێ هەیەخاوەنی دەزگاکانی بیستن و بینین بێت ئەی کێ زیندوو لەمردوو دەردەهێنێت و مردوو لەزیندوو دەردەهێنێت، هەرواها کێیە کەهەموو کارو فرمانەکان جێبەجێ دەکات و گۆڕانکاریان بەسەردا دەهێنێت دەڵێن: اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

وە لەگەڵ ئەوشدا ئەوان خێریان دەکرد و حەج و عەمرەیان بەجێ دەگەیاند و عیبادەتیان دەکرد وازیان لەشتانێکی حەرام دەهێنا لەترسی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەڵام بۆچی بەو شتە نەبوونە موسوڵمان، زانای بەڕێز ابن تیمیية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّةِ الَّذِي يَقْتَضِي: أَنَّهُ سُبْحَانَهُ: هُوَ الَّذِي يُسْأَلُ وَيُدْعَى وَيُتَوَكَّلُ عَلَيْهِ وَهُوَ سَبَبٌ لِتَوْحِيدِ الْإِلَهِيَّةِ وَدَلِيلٌ عَلَيْهِ كَمَا يُحْتَجُّ بِهِ فِي الْقُرْآنِ عَلَى الْمُشْرِكِينَ، فَإِنَّ الْمُشْرِكِينَ كَانُوا يُقِرُّونَ بِهَذَا التَّوْحِيدِ - تَوْحِيدَ الرُّبُوبِيَّةِ - وَمَعَ هَذَا يُشْرِكُونَ بِاَللَّهِ فَيَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَيَقُولُونَ: إنَّهُمْ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَهُ وَإِنَّهُمْ يَتَقَرَّبُونَ بِهِمْ إلَيْهِ فَيَتَّخِذُونَهُمْ شُفَعَاءَ وَقُرْبَانًا كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ

هَؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ﴾))[120] واتا: تەوحیدی الرُّبُوبِیَّةِ پەروەردگاریّتی کە بەمانای ئەوە دیّت اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەو زاتەیە کە داوای لیّدەکریّت و بانگی لیّدەکریّت و پشتی پیّدەبەستریّت، ئەوەش هۆکاریّکە بۆ تەوحیدی ئولوهیەت پەرستراویّتی وە بەڵگەیە لەسەر تەوحیدی پەرستراویّتی، هەروەکو چۆن لەقورئاندا ئەو تەوحیدە دەکریّت بەبەڵگە لەسەر موشریکان، بەڕاستی موشریکەکان دانیان بەو تەوحیدە دەنا (تَوْحِیدَ الرُّبُوبِیَّةِ) تەوحیدی پەروەردگاریّتی لەگەڵ ئەوەشدا شەریکیان بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بڕیاردەدا، هاوەڵانیّکیان بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بڕیاردەدا هاوشێوەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خۆشیان دەویستن، وە دەیانگوت ئەوانە شەفاعەتکاری ئێمەن لەلای اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وە ئەوان (موشریکەکان) بەو هاوبەشە پەیداکردنە لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خۆیان نزیکدەکردەوە لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەیانکردن بە شەفاعەتکارو نزیکرەوە لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەروەکو چۆن اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: (بێ باوەڕان وخوانەناسان) شتێک دەپەرستن لەجیاتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نە زیانیان پێدەگەیەنێت نە قازانج، دەشڵێن: ئا ئەو بت و شتانە تکا کارمانن لای اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

هەروەها محمدی کوڕی عبدالوهاب (ت١٢٠٦هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی هۆکاری ئەوەی کە بۆیە موشریکان بەتەنها داننان بە (تَوْحِیدَ الرُّبُوبِیَّةِ) تەوحیدی پەروەردگاریّتی نەبوونە موسوڵمان دەڵێ: ((أَنَّهُمْ لَمْ يَشْهَدُوا لِلَّهِ بِتَوْحِيدِ الْأُلُوهِيَّةِ، وَتَوْحِيدُ الْإِلٰهِيَّةِ هُوَ: أَنْ لاَ يُدْعَى وَلاَ يُرْجَى إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَلاَ يُسْتَغَاثَ بِغَيْرِهِ، وَلاَ يُذْبَحَ لِغَيْرِهِ، وَلاَ يُنْذَرَ لِغَيْرِهِ؛ لاَ لِمَلَكٍ مُقَرَّبٍ وَلاَ نَبِيٍّ

---

١٢٠) (مجموع الفتاوى (١٤/ ٢٣).

مُرْسَلٍ، فَمَنِ اسْتَغَاثَ بِغَيْرِهِ فَقَدْ كَفَرَ، وَمَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِهِ فَقَدْ كَفَرَ، وَمَنْ نَذَرَ لِغَيْرِهِ فَقَدْ كَفَرَ، وَأَشْبَاهُ ذٰلِكَ))[١٢١] واتا: لەبەر ئەوەی ئەوان شایەتیان نەدابوو بە تَوْحِيدُ الأُلُوهِيَّة: واتا: تەوحیدی پەرستراوێتی، تەوحیدی پەرستراوێتی بریتییە لە: هاوارو تکا نەکرێت بێجگە لە اللَّەی تاك و بێ هاوتا، وە هاواری غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەکرێت و سەربڕین و قوربانی بۆ غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەکرێت، وە نەزریش بۆ غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەکرێت نە بۆ فریشتەیەکی نزیك و نە بۆ پەیامبەرێکی نێردراویش، جا هەرکەسێك داوای یارمەتی لە غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات (واتا: هاواری لێ بکات وەك چۆن هاوار اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکرێت) ئەوە کافرە، وە هەرکەسێك قوربانی بۆ غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات کافرە، وەهەرکەسێك نەزر بۆ غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات ئەوە کافرە، وە هاوشێوەی ئەو شتانە.

گوتم: موشریکەکانی قوڕەیش هاواری غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان دەکرد هاواری پیاو چاکانیان دەکرد دەیان گوت ئەوانە شەفاعەتکارن بۆ ئێمەو لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ مان نزیك دەکەنەوە وەك چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ﴾ (یونس:١٨). واتا: (بێ باوەڕان وخوانەناسان) شتێك دەپەرستن لەجیاتی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نە زیانیان پێدەگەیەنێت نە قازانج، دەشڵێن: ئا ئەو بت و شتانە تکا کارمانن لای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

---

١٢١) (مُؤَلَّفَاتُ الشَّيْخِ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ الْوَهَّابِ، (١/ ٣٦٣/٣٦٩).

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ﴾ (الزمر:٣). واتا: ئەوانەش جگە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ کەسانی ترو شتی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان دەڵێن: ئێمە ئەم بت و شتانە ناپەرستین تەنها لەبەر ئەوەی لە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ نزیکمان بخەنەوە.

جا بۆت بەدەرکەوت کە کافرەکانی قورەیش شایەتی ئەوەیان دەدا بە تەوحیدی پەروەردگاریێتی کە بریتییە لەبەتەنها دانانی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لە رزق و ڕۆزی و ژیاندن و مراندن و بەڕیوە بردن، کەچی هاواریان لە پێغەمبەر عیسا و فریشتەکان پیاوچاکان دەکرد مەبەستیان لەوە ئەوە بوو کە لە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰیان نزیک دەکاتەوە و شەفاعەتیان بۆ دەکات لەلای اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ وە بۆشت بەدەرکەوت ئەو تەوحیدە بەتەنها بەس نییە بەڵکو ئینسان دەبێ دان بنێت بەتەوحیدی ئولوهیەتیش.

گوتم: لەڕاستیدا کافرانی قورەیش لەتەوحیدی ڕبوبیەتیش شیرکیان بۆ اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دانابوو وەک چۆن لەتەوحیدی ئولوهیەت و ئەسمائو سیفاتدا شیرکیان بۆ اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دانابوو، هەروەکو چۆن رسول اللّه صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ دەفەرموویت: ((هَلْ تَدْرُونَ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ؟ قَالُوا اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: قَالَ : أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ ، فَأَمَّا مَنْ قَالَ مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللَّهِ وَرَحْمَتِهِ فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ بِالْكَوْكَبِ ، وَأَمَّا مَنْ قَالَ مُطِرْنَا بِنَوْءِ

كَذَا وَكَذَا، فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي مُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ))[١٢٢] واتا ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەموو ؟ فەرموویان : اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و رسولەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شارەزا ترن ، ئەویش ، فەرمووی : فەرموویەتی : هەندیک لە بەندەکانم ئیماندارن بەمن و هەندیکیشیان کوفریان کردووە ، ئەوەی کە وتی: بارانمان بۆ باری بەفەزڵ و ڕەحمەتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەوە باوەڕدارە بەمن و بی باوەڕە بە ئەستێرەکان ، بەڵام ئەوەی کە وتی : بارانمان بۆ باری بەهۆی ئەو ئەستێرە و ئەو ئەستێرەوە ، ئەوە کوفر کردووە بە من و باوەڕدارە بە ئەستێرەکان.

ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە کە شەریکیان بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دانابوو لەتەوحیدی ڕبوبیەت (پەروەردگاریّتی)، هەروەها هەڵواسینی نوشتەو غەیری ئەوەش ئەوانەی کەوا گومانیان دەبرد کە غەیری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بتەکان سودو قازانجی دەبێت هەموو ئەوانە شیرکی ڕبوبیەتن کە لەلای کافرانی قورەیش هەبوون، ئیلا ئەوە نەبێت بەگشتی دانیان بە تەوحیدی ڕبوبیەت نابوو بەڵام لەهەموو کاتێکدا نا.

بەڵگە قوررئانیەکان دەربارەی تەوحیدی ڕەحمان:

بەڵگە لەسەر (خلق) دروست کردن، اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ﴾ (المؤمنون: ١٤). واتا: دوا نوتفەکەمان کردووە بە خۆ هەڵواسەرێک (سەرە مێکوتەیەک) پاشان

---

١٢٢) (أخرجه البخاري (٨٤٦) ومسلم (٧١) من حديث زيد بن خالد الجهني رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

خۆهەڵواسەرەکەمان کردووە بە گۆشتپارەیەک، ئینجا شێوازی گۆشتپارەکەمان بە پەیکەری ئێسک گۆڕیوەو بە گۆشت پەیکەری ئێسکەکەمان داپۆشیوە، ئەوساڵە شێوەیەکی تردا دەرمان هێناوە کە شێوەی ئادەمیزادێکی ڕێکو پێکە و ڕۆحی پێ بەخشراوە، بە ڕاستی اللَّە عَزَّوَجَلَّ بەرزو پیرۆزو موبارەکەو چاکترین بەدیهێنەرو چاکترین دروستکارە.

بەڵگە لەسەر (رزق) ڕۆزیدان اللَّە عَزَّوَجَلَّ دەفەرموێت:﴿أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُۥ بَل لَّجُّوا۟ فِى عُتُوٍّ وَنُفُورٍ﴾(الملك:٢١). واتا: یاخود کێ یە ئەوەی کە ڕزق و ڕۆزیتان پێدەبەخشێت، ئەگەر اللَّە عَزَّوَجَلَّ لێتان بگرێتەوە؟! نەخێر، بەو تاقی کردنەوەیەش بێ باوەڕان هەر لە گومڕایی و سەرلێشێواوی و دوورە پەرێزی لە بەرنامەی اللَّە عَزَّوَجَلَّ ڕۆچوون.

بەڵگە لەسەر (إدارة) بەڕێوە بردن، اللَّە عَزَّوَجَلَّ دەفەرموێت:﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ (يونس:٣). واتا: بەڕاستی پەروەردگاری ئێوە اللَّە عَزَّوَجَلَّ یە، ئەو زاتەیە کەئاسمانەکان و زەوی لەشەش ڕۆژدا دروست کردووە، لەوەودوا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی وەستا، هەر خۆیشی پلانی هەموو شتێک دائەنێت و هەموو شتێک ڕێک ئەخات، هیچ کەس نیە شەفاعەتخواز و تکا کار بێت، مەگەر دوای مۆڵەتی ئەو زاتە، ئەو اللَّە عَزَّوَجَلَّە

پەروەردگارتانە، کەوابوو بیپەرستن، جا ئایا بۆچی یادەوەری وەرناگرن و بیر ناکەنەوە؟.

بەڵگە لەسەر (حاکمیة) حوکمداری: اللَّه عَزَّوَجَلَّ دەفەرموویت:﴿مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (یوسف:٤٠). **واتا: جا هەرچی ئێوە دەیپەرستن جگە لە اللَّه عَزَّوَجَلَّ، تەنها خۆتان و باو و باپیرانتان ناوتان لێناون (تەنها ناون و ناوەڕۆکیان نی یە)، هەرگیز اللَّه عَزَّوَجَلَّ بەوە ڕازی نی یە و، هیچ بەڵگەیەکیشی ڕەوانە نەکردووە لەسەر پەسەندکردنیان، بەڕاستی حوکم و فەرمانڕەوایی جگە لە اللَّه عَزَّوَجَلَّ شایستەی کەسی تر نی یە، فەرمانیشی داوە جگە لە خۆی کەسی تر نەپەرستن، هەر ئەوەش ئایین و بەرنامەی پەسەند و ڕاست و دروست و بەنرخ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن و لێی بێ ئاگان.**

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەقورئانی پیرۆزدا فەرمانی کردوە شوێن قورئان کەوین و حوکم و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەین هەروەکو دەفەرموویت: ﴿اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ﴾ (الأعراف: ٣). **واتا: شوێنی ئەو قورئانە بکەون کە بۆتان دابەزیوە لەلایەن پەروەردگارتانەوە.**

هەروەها دەفەرموویت: ﴿وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ﴾(النحل:٦٤). واتا: وە ئێمە ئەو قورئانە پیرۆزەمان بۆ دانەبەزاندووی تەنها بۆ ئەوە نەبێت ئەو شتەی کە ناکۆکی و جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە لە بابەتی یەك اللّه پەرستی و زیندوو بوونەوە تا تۆ بۆیان ڕوون بکەیتەوە.

حوکم کردن بەقورئان و ملکەچ بوون بۆی مەرجە بۆ دروستی تەوحید و قەبوڵ بوونی ئیسلامەتی، هەروەکو چۆن اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الجاثية:١٨). ئەی محمد پاشان تۆمان خستۆتە سەر شەریعەت و بەرنامەیەکی ئاشکرا تۆ شوێنی بکەوەو کاری پێ بکە وە شوێن هەواو ئارەزووی ئەو کەسانە مەکەوە کە تەوحیدو یەك اللّه پەرستی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نازانن.

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَىٰ صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ﴾ (إبراهيم:١). واتا: ئەی محمد ئەم قورئانە پیرۆزە کتابێکە بۆ تۆمان دابەزاندووە تا بەو قورئانە پیرۆزە خەڵکی لە تاریکیەکانی کوفرو شیرك و نەزانی و گومڕایی دەربکەی بۆ ڕووناکی ئیمان و ئیسلام و هیدایەت و زانیاری بە ئیزنی پەروەردگاریان بۆ ڕێگای اللّه‌ی زۆر بەدەسەڵاتی سوپاسکراوە.

بێجگە لەو ئایەتانە چەندین ئایەتی تر هاتوون کە اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ فەرمان دەکات ئەو قورئانە بکرێتە بەرنامەی ژیان بۆ مرۆڤەکان و کاری پێ بکرێت چونکە هەر خۆی دروستکەری مرۆڤەکانەو هەرخۆشی دەزانێ چ شتێك لەبەرژەوەندی مرۆڤەکان دایەو چ شتێك بەرنامەی ژیانیان رێکەدەخات و بەو هۆیەوە ڕەزامەندی اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ بەدەست دێن و پەرستشی تەواوی خۆیان دەکەن بە بەجێ هێنانی فەرمانەکانی پەروەردگاری جیهانیان.

اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ۚ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾(یوسف:٤٠). واتا: جا هەرچی ئێوە دەیپەرستن جگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ، تەنها خۆتان و باو و باپیرانتان ناوتان لێناون (تەنها ناون و ناوەڕۆکیان نی یە)، هەرگیز اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ بەوە ڕازی نی یە و، هیچ بەڵگەیەکیشی ڕەوانە نەکردووە لەسەر پەسەند کردنیان، بەڕاستی حوکم و فەرمانڕەوایی جگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ شایستەی کەسی تر نی یە، فەرمانیشی داوە جگە لە خۆی کەسی تر نەپەرستن، هەر ئەوەش ئایین و بەرنامەی پەسەند و ڕاست و دروست و بەنرخ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن و لێی بێ ئاگان.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هیچ کەسێکی نەکردۆتە هاوبەش و شەریکی خۆی لە حوکمیدا اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا﴾ (الكهف: ٢٦). **واتا: بێگومان ئەو اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **یە لە کار و فەرمانڕەوایەتیەکەیدا هیچ کەس ناکات بەهاوتا و هاوبەشی خۆی.**

حوکمی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئەو حوکمەیە کە هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێگری لێبکات و کۆسپ بخاتە ڕێگایەوە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿وَاللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ﴾ (الرعد: ٤١). **واتا: اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **خۆی حوکم دەکات و کەس نییە لەپاش بڕیاری اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هیچ حوکمێك بدات و حوکمی اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هەڵوەشێنێتەوە.**

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئاگاداری کردوینەوە لە تەنازول کردن لە شتێك لە شەریعەتی ئیسلام ئەگەرچی ئەو شتە شتێکی کەمیش بێت، اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ﴾ (المائدة: ٤٩). **واتا: ئاگادار بە حەقەکەت لێ نەشێوێنن و فێڵت لێ نەکەن لە هەندێك لەوەی کە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دایبەزاندووە بەوەی دەستکاری بکەن و پێتی بگۆڕن.**

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **نکوڵی لەو کەسانە کردووە کە داوای حوکمێك جگە لە حوکمی اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بکەن اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿أَفَغَيْرَ اللَّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا وَهُوَ الَّذِي أَنزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلًا﴾ (الأنعام: ١١٤). **واتا: ڕەوایە (بۆ**

منی پێغەمبەر، بۆ منی ئیماندار) جگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کەسێکی تر بکەمە حەکەم و دادوەر، لەکاتێکدا ئەو زاتە کتێبی پیرۆزی خۆی کە (قورئانە) بۆ دابەزاندوون کە هەموو دروست و نادروستێکی تیادا جیاکردۆتەوە.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەسفی خۆی کردووە بەچاکترینی دادوەر وەك دەفەرموێت: ﴿أَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ﴾ (المائدة: ٥٠). وەباسی حوکمی خۆی دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ (المائدة: ٥٠). واتا: کێ هەیە بەقەدەر اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ حوکمی جوان و چاك و بەجێ بێت، (بەتایبەت) لای ئەو کەسانەی کە بەوردیی سەرنج دەدەن و وێژدان و هەستی زیندوویان هەیە.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ حوکمی جگە لە حوکمی خۆی ناوبردووە بە حوکمی جاهیلییەت اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾ (المائدة: ٥٠). واتا: ئایا ئەوانە حوکم و فەرمانڕەوایی جاهیلیەت و نەفامیان دەوێت و ئەویان لا پەسەندە؟!.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فەرمانی کردووە بە گێڕانەوەی دادوەری بۆ لای خۆی لەکاتی ڕوودانی کێشە و ناکۆکی لەنێوان موسڵمانان، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فەرموویەتی: ﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى ٱللَّهِ﴾

(شورى: ١٠). واتا: لەهەر شتێکدا کێشە و ڕای جیاوازتان بوو، ئەوە سەرئەنجامی بڕیارەکەی بۆ اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خۆی دەگەڕێتەوە.

اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ میزانێکی دەقیق و وردی داناوە لەنێوان ئیماندارو دووڕووان، جا ئیمانداری ڕاستگۆ بەڕاستی ملکەچە بۆ حوکمی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و ڕازیە پێی و دەڵێ: گوێبیست بووم و فەرمانبەردارببووم، هەروەکو چۆن اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (النور: ٥١). واتا: کاتێک کە باوەڕداران بانگ بکرێن بۆ لای اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و رسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بۆ ئەوەی بڕیار لە نێوانیاندا بدات، واتە: بۆ لای قورئان و سوننەت تەنها وتەیەک هەیان بێت ئەوەیە ئەڵێن: ئێمە فەرمان و فەرمایشتی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و رسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بیست وە گوێڕایەڵین ئا ئەم کەسە باوەڕدارانە سەرفرازو سەرکەوتوون لە دونیاو قیامەتدا.

بەڵام کەسی منافیق دووڕوو، پشت لە حوکمی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکات خۆی بەگەورە دەزانێ و لوتبەرزە لەدەربارەی حوکمی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەروەکو چۆن اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ مُعْرِضُونَ﴾ (النور:٤٨). واتا: کاتێک بانگ بکرێن بڵێن: ئەی منافیقان وەرن بۆ لای اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و رسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ تا حوکم و بڕیار لە نێوانتاندا بدەن کۆمەڵێک

لەوان پشت لە حەق ئەکات ، یاخود لە حوکم هێنان بۆ لای اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ.

تەشریع دارشتنی یاسا حەقێکی تایبەتە بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، هیچ شەریکی نییە، هەرکەسێك بەرهەڵستی حوکمی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات موشریکە؛ هەروەکو چۆن اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ وَلَوْلَا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (الشورى:٢١). واتە: ئاخۆ ئەوانەی ڕێگای اللّەناسی ناگرن، ئایە کەسانێك هەن بەرنامە ڕێژیان بۆ بکەن کە لەئایینداا چەند یاساو بەرنامەیەکیان بۆ داهێنابن کە بە هیچ شێوەیەك اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ مۆڵەتی نەدابن، ئەگەر بەڵێنی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبوایە بە دواخستنی سزا بۆ ڕۆژی قیامەت ئەوا هەر زوو لە دونیادا بڕیار درابوو لە نێوان ئەوان و ئیماندارەکاندا، بێگومان بۆ ستەمکاران و هاوەڵ بڕیاردەران سزایەکی بە ئازار هەیە.

خوێنەری بەڕێز حوکم کردن بەقورئان پەیوەندی بەعەقیدەو بیروباوەڕی موسوڵمان هەیە، حوکم کردن بەقورئان پەیوەندی و ڕەبتی هەیە: بەعیبادەتکردن بەتەنها بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ (تَوْحِيدُ العِبَادَةِ)، وەهەروەها ڕەبتی هەیە بەتەوحیدی پەروەردگاریتی (الرُّبُوبِيَّة) وەهەروەها ڕەبتی هەیە بەتەوحیدی (الأُلوهِيَّة) وەهەروەها ڕەبتی هەیە بەتەوحیدی (الأَسماءِ وَالصِّفَاتِ) وەهەروەها ، ڕەبتی هەیە بەئیمان،

وهەروەها رەبتی هەیە بە ئیسلام، وەهەروەها رەبتی هەیە بەدوو شەهادەکە.

یەکەمیان: پەیوەندی هەیە بە بەعیبادەتکردن بەتەنها بۆ اللَّە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ (تَوْحِيدُ العِبَادَةِ): اللَّە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ لەسورەتی یوسف، دەربارەی بانگەشەکردنی پێغەمبەر یوسف عَلَيْهِ‌ٱلسَّلَامُ بۆ یەك اللَّە پەرستی و تەوحیدو شەرعی اللَّە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ لەبەندینخانەدا دەفەرموویت: ﴿مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (يوسف: ٤٠) واتا:ئێوە چی دەپەرستن جگە لە اللَّە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ، تەنها خۆتان و باو و باپیرانتان ناوتان لێناون ، هەرگیز اللَّە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ بەوە ڕازی نییە و هیچ بەڵگەیەکیشی ڕەوانە نەکردووە لەسەر پەسەند کردنیان، بەڕاستی حوکم و فەرمانڕەوایی جگە لە اللَّە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ شایستەی کەسی تر نییە، فەرمانیشی داوە جگە لە خۆی کەسی تر نەپەرستن، هەر ئەوەش ئایین و بەرنامەی پەسەند و ڕاست و دروست و بەنرخ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن و لێی بێ ئاگان.

هەروەها اللَّە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة:٢٥٦). واتا: زۆر لەهیچ کەسێك مەکەن کە

موسوڵمان بێت، چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاک و دروست لەیەکتری جیابۆتەوە وبۆ خەڵکب ڕوون بۆتەوە ئەوەی باوەڕی نەبێت بە طاغوت کوفری پێبکات و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بە اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ، جا بێگومان ئەوکەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگاریبەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کەبریتییە لە (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه) کە هیچ پسان و هەڵوەشاندنەوەیەکی بۆ نییە و هەمیشە پتەو و دامەزراوە، اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ بیسەرو زانایە.

هەروەها اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ (التوبة:٣١). واتا: جوولەکەکان زانایان هەبوو، وە گاورەکان خواپەرستیان هەبوو، ئەوان زاناو خواپەرستەکانیان کردبوو بە پەروەردگارو لە غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەیانپەرستن وە عیسای کوڕی مەریەمیشیان ئەپەرست لە کاتێکدا کە فەرمانیان پێ نەکرابوو تەنها بەوە نەبێت کە بەتاك و تەنها یەك اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ بپەرستن کە اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ، اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ زۆر لەوە پاك و بێگەردتره کە ئەوان ئەو کەسانە ئەکەن بە شەریك بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ. شەریك دانانیان بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ئەوەبوو کە حەڵاڵیان بۆ حەرام ئەکردن ئەمان شوێنیان ئەکەوتن، وە حەرامیان بۆ حەڵاڵ ئەکردن و ئەمان شوێنیان ئەکەوتن، ئەوە پەرستنیان بوو.

دووەم: پەیوەندی بەتەوحیدی پەروەردگاریّتی (تَوْحِيد الرُّبُوبِيَّة): اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموویّت: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (الأعراف:٥٤). **واتا: بێگومان پەروەردگارتان اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ یە کە دروستکاری ئاسمانەکان و زەویە لە ماوەی شەش ڕۆژدا، پاشان لەسەر عەرش و تەختی فەرمانڕەوایی وەستا، بەشەو ڕۆژ دادەپۆشێت؛ لەکاتێکدا بەشێنەیی عەوداڵە بەدوایدا، خۆرو مانگ و ئەستێرەکان (هەر هەموویان) بە فەرمانی اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ کەوتوونەتە گەڕو لە فەرمانی دەرناچن، ئاگادار بن و بزانن و تێفکرن کە: هەرچی دروستکردن و بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە، (کەواتە دەبا هەمووان فەرمانبەرداری ئەو بین و لە فەرمانی دەرنەچین)، موبارەک و پیرۆزو گەورەیە زاتی اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ پەروەردگاری جیهانیان.**

اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموویّت: ﴿وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَيَخْتَارُ مَا كَانَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ سُبْحَانَ اللَّهِ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ (القصص:٦٨). **واتا:هەر پەروەردگاری تۆیە هەر چیەکی بوێت دروستی دەکات و هەڵی دەبژێرێت خەڵکی ئەو دەسەڵاتەیان نیەو سەرپشک نەکراون، پاکی و بێگەردی و بڵندی بۆ اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ یە لە بەرامبەر ئەو شتانەوە نەفامان دەیکەنە شەریک و هاوەڵ.**

سێیەم: پەیوەندی بە ئەسمائو صیفاتەوە (الأَسْماءِ وَالصِّفَاتِ): لەدیارترین ناوەکانی اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ کەلەقورئاندا هاتووە بریتییە لە:

الحَكَم، الحَاكِم، الحَكِيم. اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿أَفَغَيْرَ اللَّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلًا وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِنْ رَبِّكَ بِالْحَقِّ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ﴾ (الأنعام ١١٤). واتا: ئایا ڕەوایە (بۆ منی پێغەمبەر، بۆ منی ئیماندار) جگە لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کەسێکی تر بکەمە حەکەم و دادوەر، لەکاتێکدا ئەو زاتە کتێبی پیرۆزی خۆی کە (قورئانە) بۆ دابەزاندوون کە هەموو دروست و نادروستێکی تیادا جیاکردۆتەوە، ئەوانەش کە کتێبی (ئاسمانیمان) پێداون (لە گاورو جوو) چاک دەزانن بەڕاستی ئەو قورئانە لەلایەن پەروەردگارتەوە بەڕاست و ڕەوا دابەزێنراوە، کەوابوو ئیتر تۆ هەرگیز مەچۆرە ڕیزی گومانداروو دوو دڵانەوە.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿ذَٰلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ (الممتحنة:١٠). واتا: ئائەوە حوکم و فەرمانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰیە، کە خۆی فەرمانڕەوایی دەکات لە نێوانتاندا، اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەمیشە زانا و دانایە.

وەهەروەها لەقورئاندا صیفاتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هاتووە بەوەی چاکترین دادوەرە: (الأعراف:٨٧) (یونس:١٠٩) (یوسف:٨٠) اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ﴾ (الأعراف:٨٧). واتا: هەر ئەو زاتە خۆی چاکترینی دادوەرانە.

وەهەروەها لەقورئاندا هاتووە کە اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ﴿أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ﴾ە : (هود:٤٥) (التين:٨). اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَنَادَىٰ نُوحٌ رَبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنْتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ﴾ (هود:٤٥). واتا: پاش هێور بوونەوەی زریانەکە نوح هاواری لە اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کردو جا وتی: ئەی پەروەردگارم کوڕەکەم لە خێزانی من بوو، بێگومان پەیمانی تۆش ڕاستە و تۆیش زاناترین و دادپەروەرترینی فەرمانڕەوایانیت.

اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ﴾ (الأنعام:٥٧). واتا: حوکم و فەرمانڕەوایی (هەموشت) هەر بەدەست اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰیە، ئەو زاتە ڕاستی و حەقیقەتەکان دەخاتە ڕوو، چاکترین جیاکەرەوەشە (لە نێوان حەق و بەتاڵدا).

چوارەم: پەیوەندی بەئیمانەوە: اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ (النساء:٥٩). واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو گوێڕایەڵی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پێغەمبەرو فەرمانڕەواکان بکەن کە لە خودی خۆتانن (لە بیروباوەڕو پابەندیدا)، خۆ ئەگەر لە شتێکدا بوو بەکێشەتان دەربارەی حوکمی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، ئەوە ئەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرەکەی (کە قورئان و سوننەت دەگەیەنێت).

ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و بە ڕۆژی قیامەت هەیە، (ڕەفتارکردنتان) بەو شێوەیە چاکترین و جوانترین سەرچاوەیە بۆ چارەسەری کێشەکانتان.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ (النساء:٦٠). واتا: ئایا نابینی ئەوانەی کە بە گومانی خۆیان دەڵێن؛ ئەی محمد ئیمانمان هێناوە بەو قورئانەی کە بۆ تۆ دابەزیوە وە بەو ئەو کتێبە ئاسمانیانەی کە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ دابەزیوە، ﴿يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ) ، کەچی دەیانەوێت حوکم بەرن بۆلای طاغوت و زۆرداران و خوا نەناسان و ئەوانەی کە حوکم بەغەیری قورئانی پیرۆز ئەکەن، ﴿وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ﴾، لە کاتێک فەرمانیان پێکراوە کە کوفر بکەن بەهەموو زاڵم و تاغوتێک، و شەیتانیش دەیەوێ گومڕایان بکات و لە ڕێگای ڕاست دووریان بخاتەوە بە گومڕاکردنێکی زۆر دوور.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥). واتا: نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕووەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن

بـه دادوەرو گوێڕایـەڵـی تـۆ نـەکـەن، دوای ئـەوەش نابێـت لـه دڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەک دروست ببێت بەرامبـەر ئـەوەی کـه داوەریـت لەسەر کردووە و دەبێت بەتەواویی تەسلیم بن و ڕازیی بن.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (النور:٥١).

واتـا: بـەڵام گوفتـاری ئیمانـداران کاتێـك بانـگ دەکـرێن بـۆ لای اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **و رسولەکـەی**صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **تـا فـەرمانڕەوایـی بکـات لـه نێوانیاندا تەنها ئەوەیە کـه دەڵێن: بیسـتمان و گوێڕایـەڵـین بـۆ هـەمـوو فەرمانێکی شەرع، هەر ئا ئەوانەشن سەر فرازو سەرکەوتوو.**

پێنجەم: پەیوەندی بەئیسلامەوە: ئیسـلام بـریتیە لە: ((الِاسْتِسْلامُ لِلّهِ بِالتَّوْحِيدِ، والِانْقِيادِ لَهُ بِالطَّاعَةِ، وَالبَراءَة مِن الشِّرْكِ وَأَهْلِهِ)) **واتـا: تەسلیم بـون بـۆ اللّـه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بەتەوحیـد و ملـکەچ بـون بـۆی بەگـوێڕایەڵی و خـۆبەریکردن لە شـیرک و موشـریکان . اللّـه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفـەرموویـت:** ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ﴾ (النساء: ١٢٥). **واتـا: کـێ ئـاینی چـاکتر و جـوانتره لـه کـەسـیك کـه ڕووی کردۆتـه اللّـه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **خـۆی تەسلیمی ئەو زاتە کردووە، لە هەمان کاتدا ئەو کەسە چاکە کـار بیـت و شوێنی ئایینی ئیبراهیمی ملکەچ و فەرمانبەردار کەوتبێت.**

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویێت:** ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ وَمَا ٱخْتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٩﴾ فَإِنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِ ۗ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْأُمِّيِّـۧنَ ءَأَسْلَمْتُمْ ۚ فَإِنْ أَسْلَمُوا۟ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ ۖ وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠﴾﴾ (ال عمران: ١٩_٢٠). **واتا: بە دڵنیایی تەنها دینێك کە اللّە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **پێی ڕازی بێ و قبووڵی بکات ئیسلامە وە ئەوانەی کە ئەهلی کتاب بوون و کتابی ئاسمانیان بۆ هاتبوو لە جوولەکەو گاورەکان ئیختیلاف و جیاوازی نەکەوتە نێوانیان ئیلا لە پاش ئەوە نەبێ کە عیلم و زانیاریان بۆ هات لە کتێبە ئاسمانیەکانی خۆیاندا کاتێکیش کە ئیمانیان ڕسول اللّە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **نەهێنا هەر لە حەسوودیدا بوو، یاخود لەنێوان یەکتریدا حەسودیان بەیەکتر برد وە هەر کەسێکیش کوفر بکات بە ئایەتەکانی اللّە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **و ئیمانی پێ نەهێنێ ئەوا بە ڕاستی حیساب و لێپرسینەوەی اللّە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **خێرایە. ئەی محمد** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **ئەگەر هاتوو بە قسەی پووچەڵ گفتوگۆو دەمەقاڵێیان لەگەڵ کردی لەسەر یەکخواپەرستی ئەوە پێیان بڵێ من ڕووی خۆم تەسلیمی اللّە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **کردووە بە ئیخلاصەوە عیبادەت بۆ اللّە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئەکەم بە تاك و تەنها من و ئەو موسڵمانانەی کە شوێن من ئەکەون وە بەو کەسانە بڵێ: کە ئەهلی کتابن لە جوولەکەو گاور، وە نەخوێندەوارەکان کە موشریکانی عەرەبن: ئایا ئێوەش موسڵمان ئەبن ئەگەر موسڵمان بوون ئەوە بە دڵنیایی هیدایەتیان وەرگرتووەو هاتوونەتە سەر ڕێگای هیدایەت وە ئەگەر پشتیان هەڵکرد وە حەقیان**

وەرنەگرت ئەوە تەنها تۆ ئەوەندەت لەسەرە کە دینەکەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان پێ بگەیەنی، وە گەرانەوەو لێپرسینەوەیان بۆ لای اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە وە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زۆر بینەرە بە بەندەکانی خۆی و ئاگای لێیانە.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ﴾ (لقمان: ٢٢). واتا: وە هەر کەسێك خۆی تەسلیمی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات و کارەکانی بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بسپێرێ و ئیخلاص و دڵسۆزی و نیەتی بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت وە چاکەکاریش بێت، واتە: کردەوەکانی لەسەر سوننەت بێت و ملکەچی شەریعەت بێت ئەوە بە دڵنیایی دەستی گرتووە بە پەتی هەرە بەهێزەوە کە دینەکەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە کە پچڕانی بۆ نیە وە سەرەنجامی هەموو کارەکانیش تەنها بۆ لای اللّه ئەگەڕێتەوە.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (ال عمران:٨٥). واتا: جائەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لەقیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ﴾ (النحل:٨٩). **واتا: وە ئێمە ئەو قورئانەمان بۆت دابەزاندووە بۆ ئەوەی هەموو شتێك بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە وە ئەم قورئانە هیدایەت و ڕەحمەت و موژدەیە بۆ موسڵمان.**

شەشەم: پەیوەندی بەدوو شەهادەکەوە: شەهادەی أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه ئەوە باسمان کرد لە بەشی: عیبادەتکردن بەتەنها بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ (تَوْحِيدُ العِبَادَةِ). **وە شەهادەی أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّه: اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥). **واتا: نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕووەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەک دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی کە داوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بەتەواوی تەسلیم بن و ڕازیی بن.**

ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ **دەڵێ:** «فَكُلُّ مَنْ خَرَجَ عَنْ سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَشَرِيعَتِهِ فَقَدْ أَقْسَمَ اللَّهُ بِنَفْسِهِ الْمُقَدَّسَةِ أَنَّهُ لَا يُؤْمِنُ حَتَّى يَرْضَى بِحُكْمِ رَسُولِ

اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي جَمِيعِ مَا يَشْجُرُ بَيْنَهُمْ مِنْ أُمُورِ الدِّينِ وَالدُّنْيَا وَحَتَّى لَا يَبْقَى فِي قُلُوبِهِمْ حَرَجٌ مِنْ حُكْمِهِ))[123] واتا: هەرکەسێک دەربچێت لەسونەتی رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یاساکەی ئەوا اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى سوێندی بەنەفسی پیرۆزی خۆی خواردوە کەئەوکەسە باوەڕی نییە تاکو ڕازی دەبێت بەحوکمی رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەهەموو کێشەیەکدا کەڕوودەدات لەنێوانیاندا ئیتر چ کێشەی دونیای بێت یان دینی بێت، هەتا هیچ حەرەجێک لەدڵیان نامێنێ دەربارەی حوکمی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى .

اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧) واتا:وە ئەوەی کە رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ بۆی هێناون ئێوە وەری بگرن، وە ئەوەیشی کە رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ نەهی لێکردووە دەستی لێ هەڵبگرن، واتە: گوێڕایەڵی رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ بکەن چونکە ئەو تەنها فەرمانتان پێ دەکات بە چاکەو ڕێگریتان لێدەکات لە خراپە.

اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٣١﴾ قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ﴾ (آل عمران:٣١ ٣٢) واتا: ئەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ

---

١٢٣) (مجموع الفتاوى (٤٧١/٢٨).

پێیان بڵێ : ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن اللەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن من بکەون ئەوە ئەو کاتەش اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئێوەی خۆش ئەوێ وە لە تاوانەکانتان خۆش ئەبێ. ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ﴾ واتا: ئەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پێیان بڵێ: گوێڕایەڵی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بکەن ئەگەر پشتیان هەڵکرد لە گوێڕایەڵی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ ئەوە اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کافرانی خۆش ناوێ .

خوێنەری بەڕێز چەندین بەڵگەی ڕوون هاتووە کە گوێڕایەڵی کردنی غەیری اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پشت هەڵکردن لە حوکمی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ شیرك و کوفرە؛ اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا﴾ (الكهف: ٢٦). واتا: بێگومان ئەو اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە کار و فەرمانڕەوایەتیەکەیدا هیچ کەس ناکات بەهاوتا و هاوبەشی خۆی. ابن جرير الطبري (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا﴾ دەڵێ: ((يَقُول: وَلَا يَجْعَلُ اللَّهُ فِي قَضَائِهِ وَحُكْمِهِ فِي خَلْقِهِ أَحَدًا سِوَاهُ شَرِيكًا ، بَلْ هُوَ الْمُنْفَرِدُ بِالْحُكْمِ وَالْقَضَاءِ فِيهِمْ ، وَتَدْبِيرِهِمْ وَتَصْرِيفِهِمْ فِيمَا شَاءَ وَأَحَبَّ))[١٢٤] واتا: اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هیچ یەکێك لەخەڵکی بێجگە لەخۆی ناکاتە شەریك لەبڕیاردان و حوکمیدا، بەڵکو خۆی تاکە لە حوکم و بڕیاردان دەربارەیان، لەڕیکخستنیان و بەڕێوە بردنیان.

---

١٢٤) (تفسير الطبري = جامع البيان ت شاكر (١٧/ ٥٥٠).

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ (الأنعام:١٢١).

واتا: وە ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی ئەوان بکەن ئەوا ئێوەش لە موشریکان ئەبن، نابێ گوێڕایەڵی موشریك بکەن و ئەوان حەڵاڵ و حەرامتان بۆ دیاری بکەن. زوجاج رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾. **دەڵێ:** ((هَذِهِ الْآيَة فِيهَا دَلِيلٌ أَنَّ كُلَّ مَنْ أَحَلَّ شَيْئًا مِمَّا حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ أَوْ حَرَّمَ شَيْئًا مِمَّا أَحَلَّ اللَّهُ لَهُ فَهُوَ مُشْرِكٌ، لَوْ أَحَلَّ مُحِلَّ الْمَيْتَةِ فِي غَيْرِ اضْطِرَارٍ، أَوْ أَحَلَّ الزِّنَا لَكَانَ مُشْرِكًا بِإِجْمَاعِ الْأُمَّةِ، وَإِنْ أَطَاعَ اللَّهَ فِي جَمِيعِ مَا أُمِرَ بِهِ، وَإِنَّمَا سُمِّيَ مُشْرِكًا لِأَنَّهُ اِتَّبَعَ غَيْرَ اللَّهِ، فَأَشْرَكَ بِاللَّهِ غَيْرَهُ))[١٢٥] **واتا: ئەو ئایەتە دەڵێ ئەو ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەو کەسەی شتێک حەڵاڵ بکات لەوەی کە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **حەرامی کردووە ، یان شتێک حەرام بکات لەوەی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **حەڵاڵی کردووە، ئەو کەسە موشریکە، گەر مرداروەبوو بەبێ ناچاربوون لەکاتی پێویستی بەحەڵاڵ بزانێ یاخود زینای پێ حەڵاڵ بێ، ئەوە موشریکە بەکۆدەنگی ئوممەت، ئەگەرچی گوێڕایەڵی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بکات لەهەموو ئەو شتانەی فەرمانی پێکراوە، لەبەر ئەوە ناوی لێنراوە موشریک چونکە شوێن ڕێبازی جگە لە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **کەوتووە، هاوبەشی بۆ اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بڕیار داوە.**

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ (المائدة: ٥٠). **واتا: ئایا ئەوانە حوکم و فەرمانڕەوایی**

---

١٢٥) (معاني القرآن وإعرابه(٢/ ٢٨٧).

جاهیلیەت و نەفامیان دەوێت و ئەویان لا پەسەندە؟! کێ هەیە بەقەدەر اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ حوکمی جوان و چاك و بەجێ بێت، (بەتایبەت) لای ئەو کەسانەی کە بەوردیی سەرنج دەدەن و وێژدان و هەستی زیندوویان هەیە.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ﴾ (الشورى: ٢١). واتا: ئاخۆ ئەو (بێ باوەڕانە هاوبەشانێکیان هەیە بەرنامە و ئاینێکیان بۆ داناون کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕێگەی پێ نەداوە. ابن کثیر رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی ئەو ئایەتە دەڵێ: ((أَيْ: هُمْ لَا يَتَّبِعُونَ مَا شَرَعَ اللَّهُ لَكَ مِنَ الدِّينِ الْقَوِيمِ، بَلْ يَتَّبِعُونَ مَا شَرَعَ لَهُمْ شَيَاطِينُهُمْ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ))[١٢٦] واتا: یانی ئەوبێ باوەڕانە شەریکیان بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ داناوە کە شوێن یاساکەی ناکەون کەبۆیانی دارشتوە بەڵکو شوێن ئەوە دەکەون کە شەیطانەکانیان بۆیانیان داناون لەشەیطانە مرۆڤەکان و جنەکان.

حوکم کردن بەغەیری ئەوەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دایبەزاندووە شیرکی گەورەیە، لەو شتانەی کە بۆ اللَّەی سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ جێگیر دەکەین هەروەکو چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بۆخۆی جێگیری کردووە کە بریتییە لەو شتانەی کە دەچێتە ناو ماناکانی ڕبوبیەت و ئولوهیەت، حوکمیش عیبادەتێکە پێویستە تەوحیدی تێدا هەبێت ، پێویستە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەتاك ڕابگیرێت لەحوکمدا بەو سیفەتە بەرزەی کە خۆی وەسفی خۆی

١٢٦) (تفسير ابن كثير، ط العلمية (١٨٢/٧)

پێکردووە، بەوەی حوکم نەبڕێتەوە لای هیچ کەسێك جگە لە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ، وە تەرك کردنی حوکم بەوەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دایبەزاندووە، شیرکی تەعطیلی تێدایە بەوەی حوکمی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی پەکخستووە، وە حوکمکردن بەغەیری ئەوەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دایبەزاندووە شیرکی تەمثیلی تێدایە بەوەی کەوا حوکمێکی هێناوە هاوشێوەی حوکمی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ! کەسێك صیفەتێك لەصیفاتەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پەك بخات حوکمی چییە ؟ جچای ئەوەی صیفەتی ڕبوبیەت و صیفاتی حەکەم بێت !؟ کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چاکترینی دادوەرانە.

ئیمامی أحمد بن حنبل (ت ٢٤١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((يَخْرُجُ الرَّجُلُ مِنَ الْإِيمَانِ إِلَى الْإِسْلَامِ، فَإِنْ تَابَ رَجَعَ إِلَى الْإِيمَانِ، وَلَا يُخْرِجُهُ مِنَ الْإِسْلَامِ إِلَّا الشِّرْكُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ))[١٢٧] واتا: پیاو لە ئیمان دەردەچێتە دەرەوە بۆ ئیسلام، جا ئەگەر تەوبەی کرد دەگەڕیتەوە بۆ ئیمان، وە هیچ شتێک لە ئیسلام نایکاتە دەرەوە مەگەر هاوبەش و شەریك دانان نەبێت بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ .

بەڵگە لەسەر (مُلْك) خاوەندارێتی، اللّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت:

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ (الملك:١). واتا:گەورەو موبارەك و پیرۆزە، ئەو زاتەی کە هەموو

---

١٢٧) ((طبقات الحنابلة (٢/٤٢٧)).

بوونەوەرو جیهانی بەدەستە، ئەو زاتەی دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

دووەم: تَوْحِيدُ الأُلُوهِيَّة: ((هُوَ إِفْرادُ اللَّهِ بِالْعِبادَةِ))[١٢٨] واتا: تەوحیدی پەرستراوێتی بریتییە لەتەنها کردنی اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لە هەموو عیبادەتێکدا.

بەواتای ئەوەی: ((دەبێ باوەڕی تەواو و دامەزراوەان هەبێ و ئیقڕاڕی تەواو و دان پێدانی تەواوەان هەبێ اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بەتەنها پەروەردگاری بەحەقە، هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق جگە لە اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ، هیچ پەرستراوێك نییە جگە اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ کە شایەنی بەندایەتی بۆ کردنە لەهەموو پەرستشەکان لەدیارو ئاشکراکان، لەوتەو کردەوە، وە هیچ عیبادەتێك بێجگە بۆ ئەو ئەنجام نەدرێت وەکو: نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات و دوعاو هانا بۆ بردن و هاوار بۆ کردن وپەناگرتن و نەزرو قوربانی پشت بەستن و ترس و ڕەجاو خۆشەویستی و گەڕانەوەو ملکەچ بوون و بێجگە لەوە لەپەرستشەکانی تر... پوختەی تەوحیدی پەرستراوێتی :بریتییە لەتەنها کردنی اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لە هەموو عیبادەتێکدا))[١٢٩]

---

١٢٨) ((مجموعة الرسائل النجدية ج ١، ص:٤)) ((تطهير الاعتقاد)) للصنعاني: الأصل الثالث (ص: ١٣)، ((الدرر السنية (٢٩١/٢)، و((ينظر شرح الطحاوية)) (ص: ٢٤)).

١٢٩) (الوجيز في عقيدة السلف الصالح - ص ٥٠). **دەقی عەرەبیەکە: ومعناهُ الاعتقادُ الجازمُ بأن اللَّهَ تَبَارَكَوَتَعَالَىٰ** هو: الإلهُ الحق ولا إلهَ غيره، وكل معبود سواه باطل، وإفراده تعالى بالعبادة والخضوع والطاعة المطلقة، وأن لا يشرك به أحد كائنا من كان، ولا يُصْرَف شيء من العبادة لغيره؛ كالصلاة، والصيام، والزكاة، والحج، والدعاء=

سێیەم: تَوْحِيدُ الأَسْمَاءِ وَالصِّفَاتِ: ((هُوَ إِفْرادُ اللَّهِ بِأَسْمَائِهِ الحُسْنى وَصِفاتِهِ العُلى الوَارِدَة فِي القُرْآنِ وَالسُّنَّةِ))[١٣٠] واتا: تەوحیدی ناوو صیفاتەکات بریتییە لە تەوحید کردنی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەتەنها دانانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە ڕووی ئەو ناو و سیفاتانەی کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون.

خوێنەری بەڕێز، بزانە کەوا کۆمەڵە گومڕاو گومڕاکەرەکان هەڵساون بە قەبوڵ نەکردنی ناو و سیفەتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، لەو کۆمەڵانە:

الجهمية: ((جەهمیەکان، کەشوێن کەوتەی جەهمی کوڕی صەفوان بووون، ئەوانە نکوڵی لە هەموو ناوو صیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن))[١٣١]

المعتزلة: ((موعتەزیلەکان، شوێنکەوتەی واصیلّی کوڕی عەطائن (کەپێشەوای ئەم تاقمەیە)، کەوازی لە بازنەی وانەکانی حەسەنی بەصری هێنا، ئەوانە ناوەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ جێگیر دەکەن بەڵام پێیان وایە

والاستعانة، والنذر، والذبح، والتوكُّل، والخوف والرجاء، والحُبّ، وغيرها من أنواع العبادة... وخُلاصَتُهُ هُوَ :توحيدُ للَّهِ تعالى وإفْرادُهُ بِأفْعالِ العِباد.

١٣٠) ((عتقد أهل السنة والجماعة في توحيد الأسماء والصفات لمحمد بن خليفة التميمي، ص: ٢٩)).

١٣١) ((مجموع الفتاوى)) (١٣٥/٦، ٣٥٥/٥، ١٣١/١٣)، ((درء تعارض العقل والنقل)) (٣٦٧/٣).

تـەنهـا لـەفـزن و مانـا نـادەن، بـەڵام تـەواوی سـیفاتەکـانی اللّـه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ڕەتدەکەنەوە»[١٣٢]

الأشاعيرة والماتريدية وتبعهم: «ئـەشـعەریـەکـان و ماتوریدیـەکـان و شـوێنکەوتـووەکانیـان، ئـەوانـە نـاوەکـانی اللّـه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ جیگێـر دەکـەن لەگەڵ بەشێك لەسیفاتی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ، بەڵام نکـوڵی لـەبـەشـێکی تـری دەکەن و بۆ اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ی جێگیر ناکەن»[١٣٣]

جا ئەو دەستەو کۆمەڵانە بەچـەنـد شـێوازێك نـاوو سـیفاتەکـانی اللّـه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ڕەتدەکەنەوە و دەیگۆڕن و لێکدانەوەی تری بۆ دەکەن لەوانە:

١. تعطيل «واتا:پەکخستن و ڕەتکردنەوەی ناوێـک یـان سـیفەتێکی اللّـه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ»[١٣٤] بۆ نموونە ئەو کەسانە کە دەڵێن: اللّـه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەسـتی نیـیـە! لەکاتێکـدا اللّـه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لە قورئانـدا ئامـاژە بە دەسـتی خـۆی ئەکـات و وە رسـول اللّـه صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ لـەچـەنـدین فـەرمـوودە ئامـاژە بەدەستی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ئەکات، اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفـەرموویـت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ يَدُ ٱللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيْهُ ٱللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (الفتح: ١٠). واتا: بەڕاستی ئەو

---

١٣٢) ((درء تعارض العقل والنقل)) (٢٤٩/٥، ٢٥٠).

١٣٣) ((مجموع الفتاوى)) (١٣١/١٣). ((موقف ابن تيمية من الأشاعرة)) (٥٠٦/٢). ((تحفة المريد)) (ص: ٦٣)، و((إشارات المرام)) (ص: ١٠٧- ١١٤)، و((كتاب الماتريدية دراسة وتقويم)) (ص: ٢٣٩)، و((كتاب الماتريدية وموقفهم من توحيد الأسماء والصفات)) (٤٣٠/٢)، و((منهج أهل السنة والجماعة ومنهج الأشاعرة في توحيد الله)) (ص: ٤٠١).

١٣٤) ((إغاثة اللهفان)) (٢٦٨/٢)). ((الكواشف الجلية عن معاني الواسطية)) (ص: ٨٧)). ((اجتماع الجيوش الإسلامية)) (ص: ٣٦)).

کەسانەی پەیمان دەدەن بە تۆ ئەی موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بێگومان ئەوانە پەیمان بە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەدەن دەستی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەر دەستی ئەوانەوەیە جا هەرکەس پەیمانەکەی شکاند ئەوە بێگومان ئەو پەیمان شکاندنە تەنها زیانی بۆ خۆیەتی هەرکەسیش وەفا بکات بەو پەیمانەی کەداوێتی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەوە لەمەولا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پاداشتی گەورەی دەداتێ.

وە بەهەمان شێوە هەروەکو لەفەرموودەی صەحیح هاتووە لەفەرموودەی شەفاعەت رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ باسی ئەو کەسانەمان بۆ دەکات کە لەڕۆژی قیامەت دەچنە لای باوکمان ئادەم، بۆیە رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: خەڵکی دەچنە لای ئادەم و دەڵێن: ((أَنْتَ آدَمُ أَبُو الْبَشَرِ، خَلَقَكَ اللَّهُ بِيَدِهِ))[١٣٥] واتا: تۆ ئەی ئادەم باوکی بەشەریەتی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ تۆی بەدەستی خۆی دروست کردووە. (هەروەها لەچەندین فەرموودەی تر باسی دەستی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی تێدایە)[١٣٦] وەچەندین ئایەت و فەرموودە هەیە کە باسی سیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ مان بۆ دەکات .

---

١٣٥) أخرجه البخاري(٧٥١٦)، ومسلم(١٩٣) عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

١٣٦) أخرجه البخاري فى التوحيد (٦٥٢٠)ومسلم فى الإيمان(٢٧٩٢). أخرج البخارى فى التوحيد(٧٤١٠). ومسلم فى الإيمان(٣٢٢/١٩٣) عن أنس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ. أخرجه مسلم فى القدر(١٣/٢٦٥٢) عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ. أخرجه مسلم فى الإيمان(٣١٢/١٨٩) عن المغيرة بن شعبة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ. أخرجه البخاري في الرقاق(٦٥٢٠) ومسلم في صفات المنافقين(٣٠/٢٧٩٢) عن أبي سعيد الخدري رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ. أخرجه البخاري في التوحيد(٧٤٩١) وأبو داود في الأدب(٥٢٧٤)، عن أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

ابن خُزيمة (ت ٣١١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((الدَّلِيلُ عَلَى أَنَّ قَوْلَهُ عَزَّ وَجَل: ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾ (المائدة: ٦٤). أَرَادَ عَزّ ذِكْرُهُ بِالْيَدَيْنِ: "اليَدَيْنِ، لَا النِّعْمَتَيْنِ كَمَا اِدَّعَتِ الجَهْمِيَّة المُعَطِّلَة))[١٣٧] واتا: بەڵگە لەسەر ئەوەی کە وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾ واتا: بەڵکو هەردوو دەستی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کراوەیە جا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ مەبەستی لە دوو دەست، دوو دەستە، نەك دوو نیعمەت، هەروەکو چۆن جەهمیە پەکخەرەکان ئیدعاو بانگەشەی بۆ دەکەن. خوێنەری بەڕێز ئاگادارببە ئەوانەی صیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پەك دەخەن و دەڵێن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ صیفەتی بینینی نییە یان بیستنی نییە یان هەر صیفەتێك لەصیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕەتدەکەنەوە ئەوە شیرکی ئەوانە لەشیرکی موشریکەکان خەتەرترە هەروەکو چۆن

ابن تيمة رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَالتَّعْطِيلُ شَرٌّ مِنْ الشِّرْكِ وَكُلُّ مُعَطِّلٍ فَلَا بُدَّ أَنْ يَكُونَ مُشْرِكًا))[١٣٨] واتا: پەك خستنی صیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زۆر خراپترە لەشیرك، وە هەموو پەکخەرێك هەردەبێ موشریك بێ.

((قَالَ بَعْضُ الْعُلَمَاءِ: الْمُعَطِّلُ يَعْبُدُ عَدَمًا وَالْمُمَثِّلُ يَعْبُدُ صَنَمًا))[١٣٩]. واتا: بەشێك لەزانایان دەڵێن: ئەوەی سیفەتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەفی

---

١٣٧) ((التوحيد لابن خزيمة)) (١/١٥٩)).

١٣٨) ((مجموع الفتاوى (١٦/ ٥٦٧)).

١٣٩) (مجموع الفتاوى (٥/ ٢٦١)

دەکـات و پەکـدەخات نەبـوو دەپەرسـتێت، و ئەوەشـی سـیفەتەکانی دەچوێنێت بەسیفەتەکانی دروستکراوەکانەوە بت دەپەرستێت.

٢. التكييف «واتا: چۆنیەتی ،ئەهلی تەئویل سیفەتەکانی چۆنیەتی جێگیر دەکەن کە پێچەوانەی حەقیقەتەکەیە بۆیە دەکەونە ناو سێ هەڵەوە: ڕەتکردنەوەی حەقیقەت، وە جێگیرکردنی چۆنیەتی بە تەئویل، وەپەکخستنی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەو سیفەتانەی کە بۆخۆی جێگیری کردوون»[١٤٠] تەئویل واتا: «هُوَ صَرْفُ اللَّفْظِ عَنْ مَعْنَاهُ الظَّاهِرِ إِلَى مَعْنًى مَرْجُوحٍ بِغَيْرِ دَلِيلٍ» واتا: گۆڕینی واتای وشەکان لە مانا ڕاست و ڕواڵەتەکانیان بۆ واتایەکی دوور و نەگونجاو بە بێ بەڵگە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بڵێ دابەزینی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەو شێوەیە چۆنیەتیکەی دیاری بکات، «ئەهلی سوننەو جەماعەت دابەزینی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بۆ ئاسمانی دونیا جێگیر دەکەن، بەڵام بەبێ چۆنیەتی»[١٤١] هەروەکو چۆن رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ باسی دابەزینی اللّەی تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بۆ کردووین بۆ ئاسمانی دونیا هەروەکو چۆن لەفەرموودەی صەحیح هاتووە (رواه البخاري (٧٤٩٤)، ومسلم (٧٥٨) من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ جا ئەهلی سوننەو جەماعە بەوشێوەیە تەفسیری بۆ دەکەن کەهاتووە هەروەکو چۆن ئیمام أبو عثمان الصابوني رَحِمَهُ اللَّهُ بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە نەقڵ دەکات و دەڵێ: «وَيُثْبِتُ أَصْحَابُ الْحَدِيثِ نُزُولَ الرَّبِّ كُلَّ لَيْلَةٍ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا مِنْ غَيْرِ تَشْبِيهٍ لَهُ بِنُزُولِ

---

١٤٠) ((اجتماع الجيوش الإسلامية ص: ١٢٢)).

١٤١) ((دقائق التفسير)) (٤٢٤/٦)). ((مجموع الفتاوى)) (٣٩٤/٥)). ((اجتماع الجيوش الإسلامية)) (١٣٩/١)). ((التبصير في معالم الدين)) (١٣٢)). ((أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة)) (٤٣٤/٣)). ((طبقات الحنابلة)) لابن أبي يعلى (٢٨٢/١)). رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ باسی دابەزینی اللّەی تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بۆ کردووین بۆ ئاسمانی دونیا هەروەکو چۆن لەفەرموودەی صەحیح هاتووە (رواه البخاري (٧٤٩٤)، ومسلم (٧٥٨) من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

الْمَخْلُوقِينَ وَلَا تَمْثِيلٍ وَلَا تَكْيِيفٍ بَلْ يُثْبِتُونَ مَا أَثْبَتَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَيَنْتَهُونَ فِيهِ إِلَيْهِ وَيُمِرُّونَ الْخَبَرَ الصَّحِيحَ الْوَارِدَ بِذِكْرِهِ عَلَى ظَاهِرِهِ؛ وَيَكِلُونَ عِلْمَهُ إِلَى اللَّهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى)) (كتاب الحجة في بيان المحجة(١٢٧/٢) (مجموع الفتاوى (٣٩١/٥). **واتا: زانایانی فەرموودە هاتنە خوارەوەی اللە** تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **بۆ ئاسمانی دونیا لەهەموو شەوێکدا جێگیر دەکەن، بەبێ چواندنی بە هاتنە خوارەوەی دروستکراوان، وەبەبێ لێکچواندن و چۆنیەتی، بەڵکو ئەوە جێگیر دەکەن کە رسول اللە** صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ **جێگیری کردووەو باسی کردووە، وە تاکو ئەوێ کۆتایی پێدەهێنن وە بەوشێوە ڕووکەشەکەی ئەو هەواڵانەی دەربارەی صیفات هاتووە دەیڕوێنن و زانستەکەی دەدەنە پاڵ اللە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ.

وەنابێت هیچ چۆنیەتییەک بۆ سیفاتەکانی اللە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ **دیاری بکەین و قسەی لەسەر بکەین، تەنها بەو شێوەی کە لەقورئان و فەرموودە هاتووە دەبێ وەك خۆی باوەڕی پێ بهێنین، چونکە اللە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:**﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ (الشورى:١١). **واتا: هیچ شتێك بەوێنەو هاوشێوەی اللە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **نییە وە اللە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **بیسەری بینایە.**

مەبەست لەچۆنیەتی (التَّكْيِيفُ) چییە؟

ابن القيم (ت ٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((مُرَادُ السَّلَفِ بِقَوْلِهِمْ بِلَا كَيْفٍ هُوَ نَفْيُ التَّأْوِيلِ، فَإِنَّهُ التَّكْيِيفُ الَّذِي يَزْعُمُهُ أَهْلُ التَّأْوِيلِ، فَإِنَّهُمْ هُمُ الَّذِينَ يُثْبِتُونَ كَيْفِيَّةً

تَخَالُفُ الْحَقِيقَةَ فَيَقَعُونَ فِي ثَلَاثَةِ مَحَاذِيرَ: نَفْيِ الْحَقِيقَةِ، وَإِثْبَاتِ التَّكْيِيفِ بِالتَّأْوِيلِ، وَتَعْطِيلِ الرَّبِّ تَعَالَى عَنْ صِفَتِهِ الَّتِي أَثْبَتَهَا لِنَفْسِهِ)) (إجتماع الجيوش (ص:١٩٩).

واتا: مەبەستی سەلەف، پێشین، لەو وتەیان کەدەڵێن بەبێ چۆنیەتی رەتکردنەوەو نەفی کردنی تەئویلە، ئەو چۆنیەتیەیە کە ئەهلی تەئویل وای نیشان دەدەن، چونکە ئەوان چۆنیەتیەك جێگیر دەکەن پێچەوانەی حەقیقەتەکەی دەکات جا دەکەونە ناو سێ هەڵەوە: رەتکردنەوەی حەقیقەتی صیفاتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ، وە جێگیرکردنی چۆنیەتی بە تەئویل، وەپەکخستنی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەو صیفەتانەی کە بۆخۆی جێگیری کردوون. لەپاشان دەڵێ: ((وَأَمَّا أَهْلُ الْإِثْبَاتِ فَلَيْسَ أَحَدٌ مِنْهُمْ يُكَيِّفُ مَا أَثْبَتَهُ اللَّهُ تَعَالَى لِنَفْسِهِ وَيَقُولُ: كَيْفِيَّةُ كَذَا وَكَذَا حَتَّى يَكُونَ قَوْلُ السَّلَفِ بِلَا كَيْفٍ رَدًّا عَلَيْهِ، وَإِنَّمَا رَدُّوا عَلَى أَهْلِ التَّأْوِيلِ الَّذِي يَتَضَمَّنُ التَّحْرِيفَ وَالتَّعْطِيلَ، تَحْرِيفَ اللَّفْظِ وَتَعْطِيلَ مَعْنَاهُ)). (إجتماع الجيوش (ص:١٩٩). واتا: بەڵام ئەهلی جێگیرکردنی صیفاتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هیچ یەکێکیان نییە چۆنیەتی بۆ صیفاتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات، لەوەی کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بۆخۆی جێگیری کردووەو بڵێ: چۆنیەتیەکەی واو وایە، هەتا وتەی سەلەف بەوتەی بەبێ چۆنیەتی رەدو وەڵامێك بێت لەسەری، بەڵکو سەلەف رەدی ئەهلی تەئویلیان داوەتەوە کە گۆڕین و پەکخستن و گۆڕینی وشەیی و پەکخستنی ماناکەی لەخۆ دەگرێت.

جا خوێنەری بەڕێز ئەگەر ئەوەت زانی کە ئەهلی سوننەو جەماعە صیفاتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەو شێوەیە وەردەگرن کە لەقورئان و سوننەت هاتووە و جێگیری دەکەن، وە لەبەرامبەردا ئەهلی بیدعە

هەستاون بەتۆمەتبار کردنی پێشینی چاکی ئەو ئوممەتە بەوەی تەفویض بۆ صیفاتەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن، تەفویض واتا: ((هُوَ إِثْبَاتُ مُجَرَّد اللَّفْظِ، وَتَفْوِيضُ الْعِلْمِ بِمَعْنَاهُ إِلَى اللَّهِ وَحْدَهُ)) واتا: بریتییە لە سەلماندنی خودی وشەکان بە تەنها و گێڕانەوەی زانینی واتاکانیان بۆ لای اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بە تەنها. یان بریتییە لە: ((هُوَ صَرْفُ اللَّفْظِ عَنْ ظَاهِرِهِ مَعَ عَدَمِ التَّعَرُّضِ لِبَيانِ الْمَعْنى الْمُرَادِ مِنْهُ ، بَلْ يَتْرُكُ وَيُفَوِّضُ عِلْمُهُ إِلَى اللَّهِ تَعَالى بِأَنْ يَقُولُ : اللَّهُ أَعْلَمُ بِمُرَادِهِ)) (مذهب أهل التفويض(ص:١٥٢) واتا: بریتییە لە گۆڕینی ڕووکەشی وشە، لەگەڵ بەیان نەکردنی ماناو ئەو مەبەستەی کە لەسیفاتەکە دایە، بەڵکو وازی لێدێنێ و زانست و عیلمەکەی بەو سیفاتانە بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەسپێرێ، بەوەی کەدەڵێ: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زاناترە بە مەبەستەکەی. جا ئەو پێناسانە بۆ سیفاتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ باتڵە.

ابن القیم (ت٧٥١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ لەدەربارەی ئەوانە دەڵێ: ((أَصْحَابُ التَّجْهِيلِ الَّذِينَ قَالُوا: نُصُوصُ الصِّفَاتِ أَلْفَاظٌ لَا تُعْقَلُ مَعَانِيَهَا وَلَا يُدْرَى مَا أَرَادَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ مِنْهَا، وَلَكِنْ نَقْرَؤُهَا أَلْفَاظًا لَا مَعَانِيَ لَهَا، وَنَعْلَمُ أَنَّ لَهَا تَأْوِيلاً لَا يَعْلَمُهُ إِلَّا اللَّهُ، وَهِيَ عِنْدَنَا بِمَنْزِلَةِ: ﴿كهيعص﴾ وَ ﴿حَم عسق﴾ وَ ﴿المص﴾.... وَلَمْ نَعْرِفْ مَعْنَاهُ، وَنُنْكِرْ عَلَى مَنْ تَأَوَّلَهُ، وَنَكِلُ عِلْمَهُ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى)) (مختصر صواعق المرسله (ص:٧٤).

واتا: ئەوانەی دەڵێن دەقەکانی سیفاتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وشانێکن لەماناکانی ناگەی، وە نازانرێ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و ڕسولەکەی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەبەستیان لێی چییە، ئێمە بەوشە دەیان خوێنینەوەو مانایان نییە، وە دەزانی تەئویلی هەیە بێجگە لە اللّه کەسی

تـر نـایزانێ، وە ئـەو سـیفاتانەی اللّـە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لـەلای ئێمـە وەکـو ئـەو حەرفانەی سەرتای سورەتـەکـان وایـە وەکـو: کهـیعص﴾ وَ ﴿حَـم عسـق﴾ وَ ﴿المص﴾ ماناکانیان نازانین وە نکولّی لەسـەر ئـەو کـەسـەش دەکـەیـن کـە تـەئویلی دەکات، وە عـیلم و زانستەکەی دەسپێرین بە اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ.

تـەفویض دوو جۆرە:

یـەکـەمیـان: تفویض المعنی واتـا: ماناکـەی دەدەنـە پـاڵ اللّـە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ واتـا هـەر اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ خۆی دەزانێ مانای سیفاتـەکـانی چییـە، جـا ئـەوە باتڵەو پێچەوانەی قورئان و فەرموودەو کۆدەنگی زانایانە.

دووەمیـان: تفویض الکیفیة واتـا: دیـاری کردنـی چۆنیـەتیـەکـەی بـەو شـێوەو ڕووکـەشـەی کـە هـاتووە، ئـەوەش حـەق و ڕاسـتە بـەپـاڵ پشـتی قورئان و فەرموودەو کۆدەنگی زانایان.

جـا ئەهلـی سوننەو جـەماعـە تفویض الکیفیة دەکـەن بـەوشـێوەی کـە هاتووە بۆ نموونە دەربارەی دەستی اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەڵێن دەستی هـەیـە جێگیری دەکەن، بەڵام چۆنیەتیەکەی نازانین و لەهیچ کەس ناچێ.

بـەڵام ئـەهلـی بیدعـە تفویض المعنی ـیەکـە دەکـەن بـەمانـای ئـەوەی دەڵێن هەر اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ خـۆی دەزانـێ مـەبـەست لـە سـیفاتانە چـین و ڕووکەشی سیفاتەکان دەڵالەت لە حەقیقەتی سیفاتەکە ناکات و تەنها

وشەن بەبێ ئەوەی بیروباوەڕیان وابێت لەو مانایەی کەهەیەتی و دەلالەتی لێدەکات، جا ئەوانە سیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پەك دەخەن چونکە ئەوەش جۆرێکە لە تعطیل پەکخستن.

ابن تیمیة (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی ئەهلی تەفویض دەڵێ: ((أَنَّ مَذْهَبَ أَهْلِ التَّفْوِيضِ الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُم مُتَّبِعُونَ لِلسُّنَّةِ وَالسَّلَفِ مِنْ شَرِّ أَقْوَالِ أَهْلِ الْبِدَعِ وَالْإِلْحَادِ)). (درء تعارض العقل والنقل (١/ ١٨٠) واتا: مەزهەبی تەفویض ئەوانەی وانیشان دەدەن کە شوێنکەوتەی سوننەت و سەلەفی پێشینن، لەخراپترین وتەکانی ئەهلی بیدعەو ئیلحادن.

هەموو زانایانی ئەهلی سوننە و هەرچوار مەزهەبەکە لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو دەقانەی هاتوون لە قورئان سوننەت دەربارەی صیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەو شێوەیە بیرۆڤێنن کەهاتووە. ابن تیمیة (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَلِهَذَا كَانَ الْأَئِمَّةُ الْأَرْبَعَةُ وَغَيْرُهُمْ يَرْجِعُونَ فِي التَّوْحِيدِ وَالصِّفَاتِ إلَى الْقُرْآنِ وَالرَّسُولِ لَا إلَى رَأْيِ أَحَدٍ وَلَا مَعْقُولِهِ وَلَا قِيَاسِهِ)). (مجموع الفتاوى (١٦/ ٤٧٢). واتا: هەربۆیە هەر چوار ئیمامەکەو جگە لەوانیش لەتەوحید و صیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەگەڕانەوە بۆ قورئان و رسول اللَّه صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەك بۆ بۆچوونی مەعقولی هیچ کەسێك و قیاسکردنی.

هەر بۆیە هەموو زانایانی ئەهلی سوننە لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو دەقانەی هاتوون لە قورئان سوننەت دەربارەی صیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەو شێوەیە بیرۆڤێنن کەهاتووە:

قَالَ الْأَوْزَاعِيُّ (ت ١٥٧هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ كَانَ الزُّهْرِيُّ (ت ١٢٤هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ وَمَكْحُولٌ (ت ١١٣هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ ((يَقُولَانِ: أَمِرُّوا الْأَحَادِيثَ كَمَا جَاءَتْ))[١٤٢] **واتا: ئیمامی ئەوزاعی دەڵێ: ئیمامی زوهری و ئیمامی مەکحول دەیانگوت: فەرموودەکان بەو شێوەیە بەڕێوە ببەن کەهاتووە.**

ئیمامی وکیع (ت ١٩٧ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((نُسَلِّمُ هَذِهِ الْأَحَادِيثَ كَمَا جَاءَتْ، وَلَا نَقُولُ كَيْفَ هَذَا؟، وَلِمَ جَاءَ هَذَا؟))[١٤٣] **واتا: ئیمامی وەکیع دەڵێ: تەسلیمی ئەو فەرموودانە دەبین وەك چۆن هاتووە، ناڵێین ئەوە چۆنە؟ وە ئەوە بۆ هاتووە.**

ئیمامی مالك بن أنس (ت ١٧٩ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **پرسیاری لێکرا دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾ (طه:٥). **واتا: اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەسەر عەرشەکەیەتی. فەرمووی:** ((الاسْتِوَاءُ غَيْرُ مَجْهُولٍ، وَالْكَيْفُ غَيْرُ مَعْقُولٍ، وَالإِيمَانُ بِهِ وَاجِبٌ، وَالسُّؤَالُ عَنْهُ بِدْعَةٌ))[١٤٤] **واتا: ئیستوا زانراوە،** (چونکە لەقورئان باسکراوە) **چۆنیەتیەکەی نەزانراوە، وەئیمان هێنان پێی واجبە،** (چونکە ئایەتی قورئانی پیرۆزە) **وە پرسیارکردن لەچۆنیەتی بەرزبوونەوە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بۆ سەر عەرشەکەی بیدعەیە،** (چونکە هاوەڵان پرسیاریان لە رسول اللّه صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ نەکردووە لەوبارەوە).

---

١٤٢) ((رواه اللالكائي في ((أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة (٧٣٥)).

١٤٣) ((رواه الدارقطنى فى (الصفات (٦٢)).

١٤٤) ((رواه الدارمي فى الرد على الجهمية (١٠٤).

٣. التحريف ((واتا: گۆڕین، واتا شێواندنی ناوێک یان سیفەتێکی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ))[١٤٥] اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ له قورئاندا باسی سیفەتێکی خۆی دەکات پێویستە ئەو سیفەتەی بۆ جێگیر بکەین بەبێ گۆڕین، بۆیە چەند گرۆپەك و دەستەیەك هاتوون ئەو سیفەتانەی کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بۆخۆی جێگیری کردووە دەگۆڕن بەشتی ترو لێکدانەوەی تری بۆ دەکەن! بۆ نموونە: لە عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعەدا هیچ گومانمان لەوە نییە کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەر عەرشی خۆیەتی، بەبەڵگەی قورئان کە دەفەرموێت: ﴿الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾ (طه:٥) . واتا: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەر عەرشەکەیەتی. کەچی کەسانێک ئەڵێن نەخێر اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە هەموو شوێنێک هەیە ! کەواتە ئایەت و سیفەتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ تەحریف کرا، گۆڕان لەم حاڵەتە، زانایان دەفەرموون: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بە زانستەکەی ئاگاداری هەموو شتێک و شوێنێکە، بەڵام خۆی لەسەر عەرشەکەیەتی.

أَبِي عَمْرٍو الطَّلَمَنكِيِّ (ت ٤٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((وَأَجْمَعَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ أَهْلِ السُّنَّةِ عَلى أَنَّ مَعْنى قَوْلِهِ تَعالى:﴿وَهُوَ مَعَكُم أَيْنَ مَا كُنْتُمْ﴾ (الحديد: ٤). ونَحْوِ ذَلِكَ مِنَ الْقُرْآنِ: أَنَّ ذَلِكَ عِلْمُهُ وأَنَّ اللَّهَ فَوْقَ السَّماواتِ بِذاتِهِ مُسْتَوٍ عَلى عَرْشِهِ))[١٤٦] **واتا: هەموو موسوڵمانان لەئەهلی سوننە لەسەر ئەوە کۆکن کە مانای ئەو ئایەتەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ:﴿وَهُوَ مَعَكُم أَيْنَ مَا كُنْتُمْ﴾ واتا: ئێوە لەهەر شوێنێك بن اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەگەڵتانداية. هاوشێوەی ئەو ئایەتانە**

---

١٤٥) ((معتقد أهل السنة والجماعة في توحيد الأسماء والصفات لمحمد بن خليفة التميمي، ص: ٥٩)).
١٤٦) ((العلو للعلي الغفار: ١٧٩)).

لەقورئاندا ئەوە مەبەست پێی زانستی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە (واتا: اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەزانستەکەی و بەدەسەلاتی لەگەلّتاندایە) وە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەرووی ئاسمانەکانە لەسەر عەرشە.

هەروەها ئەو صەحابەی کەویستی جاریەکەی ڕزگار بکات و ئازادی بکات، جا رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ داوای کرد بیهێنێ بۆلای جا کەهاتە لای رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ ، رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پرسیاری لەو جاریە کرد پێی فەرموو: ((أَيْنَ اللهُ؟ قَالَتْ: فِي السَّمَاءِ، قَالَ: مَنْ أَنَا؟ قَالَتْ: أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ، قَالَ: أَعْتِقْهَا، فَإِنَّهَا مُؤْمِنَةٌ))[١٤٧] واتا: رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بە جاریەکەی فەرموو اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە کوێیە؟ فەرمووی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەئاسمانە، وەپێی فەرموو: ئەی من کێم؟ وتی:نێردراوی اللّەی، رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئازدیکەن ئەوە ئیماندارە.

صەحابەی بەڕێز ابْنِ مَسْعُود (ت٣٢ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿ما يَكُونُ مِن نَجْوى ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ﴾ (المجادلة: ٧). دەڵێ: ((اللَّهُ فَوْقَ الْعَرْشِ، وعِلْمُهُ فِي كُلِّ مَكَانٍ، لَا يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ مِن أَعْمَالِكُمْ))[١٤٨] واتا: اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەرووی عەرشە، وە زانستەکەی لەهەموو لەشوێنێکە هیچ کردەوەیەکی ئێوەی لێ ون نابێت.

---

١٤٧) ((أخرجه مسلم (٥٣٧)). من حديث معاوية بن الحكم السلمي.

١٤٨) (رواه ابن خزيمة في: التوحيد (ص ١٠٥). والبيهقي في: الأسماء والصفات (ص٤٠١).

الضَّحّاكِ بْنِ مُزاحِمٍ (ت١٠٥هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿ما يَكُونُ مِن نَجْوى ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ﴾ (المجادلة: ٧). **دەڵێ:** ((هُوَ عَلى عَرْشِهِ، وَعِلْمُهُ مَعَهُم أَيْنَما كَانُوا))[١٤٩] **واتا: ضەحاك دەربارەی وتەی اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **سێ کەس نیە چپە بکەن بەیەکەوە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **چوارەمیان نەبێت. جا ضەحاك گوتی: اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەسەر عەرشە وە بەزانستەکەی لەگەڵیانە لەهەر کوێیەك بن.**

ئیمامی المُزني (ت٢٦٤هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((لَا يَصِحُّ لِأَحَدٍ تَوْحِيدٌ حَتَى يَعْلَمَ أَنَّ اللَّهَ عَلَى عَرْشِهِ))[١٥٠] **واتا: تەوحیدی هیچ یەکێك دروست نییە هەتا نەزانێ اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەسەر عەرشەکەیەتی.**

ئیمامی البخاري (ت٢٥٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ: مُحَمَّدُ بْنُ يُوسُف** (ت٢١٢ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **گوتویەتی:** ((مَنْ قَالَ إِنَّ اللَّهَ لَيْسَ عَلَى عَرْشِهِ فَهُوَ كَافِرٌ، وَمَنْ زَعَمَ إِنَّ اللَّهَ لَمْ يُكَلِّمَ مُوسَى فَهُوَ كَافِرٌ))[١٥١] **واتا: هەرکەسێك بڵێ اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەسەر عەرشەکەی نییە ئەوە بێباوەڕە، وە هەرکەسێك وا نیشان بدات کە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **قسەی لەگەڵ موسی نەکردوە ئەوە بێباوەڕە.**

---

١٤٩) رواه عبد الله بن أحمد في السنة (٤/ ١٥٣٨).

١٥٠) ((العلو للذهبي (٣٧)).

١٥١) ((خلق أفعال العباد للبخاري (ص:١٥)).

ابن خزيمة (ت٣١١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((مَنْ لَمْ يُقِرَّ بِأَنَّ اللَّهَ تَعَالَى عَلَى عَرْشِهِ قَدِ اسْتَوَى فَوْقَ سَبْعِ سَمَاوَاتِهِ، فَهُوَ كَافِرٌ بِرَبِّهِ))[١٥٢] **واتا: هەرکەسێ دان نەنێت بەوەی اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەسەر عەرشەو لەسەرو حەوت چینی ئاسمانەوەیە ئەوە کافرە بە پەروەدگاری.**

أبو نصر السجزي (ت٤٤٤هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((وَأَئِمَّتُنَا كَسُفْيَانَ الثَّوْرِيِّ وَمَالِكِ بْنِ أَنَسٍ وَسُفْيَانَ بْنِ عيينة وَحَمَّادِ بْنِ سَلَمَةَ ، وَحَمَّادِ بْنِ زَيْدٍ ، وَعَبْدِ اللَّهِ بْنِ الْمُبَارَكِ ، وفضيل بْنِ عِيَاضٍ ، وَأَحْمَدَ بْنِ حَنْبَلٍ ، وَإِسْحَاقَ بْنِ راهويه - مُتَّفِقُونَ عَلَى أَنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ بِذَاتِهِ فَوْقَ الْعَرْشِ وَأَنَّ عِلْمَهُ بِكُلِّ مَكَانٍ وَأَنَّهُ يُرَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِالْأَبْصَارِ فَوْقَ الْعَرْشِ وَأَنَّهُ يَنْزِلُ إِلَى سَمَاءِ الدُّنْيَا وَأَنَّهُ يَغْضَبُ وَيَرْضَى وَيَتَكَلَّمُ بِمَا شَاءَ فَمَنْ خَالَفَ شَيْئًا مِنْ ذَلِكَ فَهُوَ مِنْهُمْ بَرِيءٌ وَهُمْ مِنْهُ بَرَاءٌ))[١٥٣]

واتا: زاناکانمان وەکو سوفیانی ثەوری و مالیکی کوڕی ئەنەس و سوفیانی کوڕی عویەینەو حەممادی کوڕی سەلەمەو حەممادی کوڕی زەید و عبداللّٰەی کوڕی موبارەك و فوضەیلّی کوڕی عیاض و ئەحەمەدی کوڕی حەنبەل و ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەیهی، هەموو ئەمانە کۆکن لەسەر ئەوەی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەسەر عەرشە، وە اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **زانستی بەهەموو شوێنێك هەیە، وە اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەڕۆژی دوایی دەبینرێت بەچاوەکان لەسەرووی عەرش، وە اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا، وە اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەبەندەکانی تورە دەبێ و ڕازی دەبێ وە هەرچی**

---

١٥٢) ((معرفة علوم الحديث للحاكم النيسابوري (ص: ١٣٩)).

١٥٣) ((درء التعارض(٢٥٠/٦) ونقل الذهبي كلامه هذا في السير(١٧/ ٦٥٦)).

بوێت دەیڵێت، جا هەرکەسێك پێچەوانەی ئەمە بڵێ ئەوە لەو زانایانە بەریە و ئەو زانایانەش لەو کەسە بەرین.

ابن بطة (ت٣٨٧هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((وَأَجْمَعَ الْمُسْلِمُونَ مِنَ الصَّحَابَةِ وَالتَّابِعِينَ، وَجَمِيعِ أَهْلِ الْعِلْمِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَلَى عَرْشِهِ، فَوْقَ سَمَاوَاتِهِ بَائِنٌ مِنْ خَلْقِهِ، وَعِلْمُهُ مُحِيطٌ بِجَمِيعِ خَلْقِهِ، لَا يَأْبَى ذَلِكَ وَلَا يُنْكِرُهُ إِلَّا مَنِ انْتَحَلَ مَذَاهِبَ الْحُلُولِيَّةِ، وَهُمْ قَوْمٌ زَاغَتْ قُلُوبُهُمْ، وَاسْتَهْوَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَمَرَقُوا مِنَ الدِّينِ، وَقَالُوا: إِنَّ اللَّهَ ذَاتَهُ لَا يَخْلُو مِنْهُ مَكَانٌ، فَقَالُوا: إِنَّهُ فِي الْأَرْضِ كَمَا هُوَ فِي السَّمَاءِ وَهُوَ بِذَاتِهِ حَالٌّ فِي جَمِيعِ الْأَشْيَاءِ، وَقَدْ أَكْذَبَهُمُ الْقُرْآنُ وَالسُّنَّةُ وَأَقَاوِيلُ الصَّحَابَةِ وَالتَّابِعِينَ مِنْ عُلَمَاءِ الْمُسْلِمِينَ، فَقِيلَ لِلْحُلُولِيَّةِ: لِمَ أَنْكَرْتُمْ أَنْ يَكُونَ اللَّهُ تَعَالَى عَلَى الْعَرْشِ؟ وَقَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾ (طه: ٥) وَقَالَ: ﴿ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ الرَّحْمَنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا﴾ (الفرقان: ٥٩) فَهَذَا خَبَرُ اللَّهِ أَخْبَرَ بِهِ عَنْ نَفْسِهِ وَأَنَّهُ عَلَى الْعَرْشِ))[١٥٤] **واتا: هەموو موسوڵمانان لە صەحابەو تابیعیەکان، وە هەموو ئەهلی عیلم لەئیمانداران کۆکن لەسەر ئەوەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەر عەرشەکەیەتی لەسەرووی ئاسمانەکانەوەیە، وە جیایە لەخەڵکی وە زانستی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەموو دروستکراوانی گرتۆتەوە، هیچکەسێکیش نکوڵی لەوە ناکان مەگەر کەسێك لەسەر مەزهەبی حوحلەلیەکان بێت ئەوانەش کەسانێکن دڵەکانیان ڕۆچووە، وە شەیطانەکان وێڵی کردوون و سەری لێیان شێواندووەو لەدین چونەتە دەرەوە، وەدەڵێن هیچ شوێنێك لە اللَّه**

---

١٥٤) ((الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية (٣/ ١٣٦)).

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خاڵی نییە واتا لەهەموو شوێنێکە، وە دەڵێن اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە زەویە وەک چۆن لە ئاسمانیشە، وە دەڵێن خودی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە هەموو شوێنێك هەیە، جا قورئان و سوننەت وتەی صەحابەکان و تابیعیەکان و زانایانی موسوڵمان ئەوانەیان بەدرۆخستەوە، جا دەگوترێ بە حولولیەکان بۆچی نکوڵی لەوە دەکەن کە اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەر عەرشە لەکاتێکدا اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت:﴿الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾(طه: ٥) واتا: اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەر عەرشەکەیەتی. وە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ الرَّحْمَنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا﴾ (الفرقان: ٥٩) واتا:پاشان اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چووە سەر عەرشەکەی تۆ لەم شتە پرسیار لە اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکە کە زۆر زاناو زانیاری زۆر وردی هەیە. جا ئەوە هەواڵی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰیە کە هەواڵی دەربارەی خۆیداوە ئەو لەسەر عەرشە.

خوێنەری بەڕێز وریای کتێبەکانی ئەهلی بیدعە بە بۆ ئەوەی لەحەقیقەتی شەریعەت بگەی ئەوە پێویستە لەسەرت کتێبەکانی پێشینی ئەو ئوممەتە بخوێنیەوەو دوور کەویتەوە لە کتێبەکانی ئەهلی هەواو بیدعە.

ئیمامی مَالِك بْنُ أَنَس (ت١٧٩ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((إِيَّاكُمْ وَالْبِدَعَ، قِيلَ: يَا أَبَا عَبْدِ اللَّهِ، وَمَا الْبِدَعُ؟ قَالَ: أَهْلُ الْبِدَعِ الَّذِينَ يَتَكَلَّمُونَ فِي أَسْمَاءِ اللَّهِ وَصِفَاتِهِ وَكَلَامِهِ وَعِلْمِهِ وَقُدْرَتِهِ، وَلا يَسْكُتُونَ عَمَّا سَكَتَ عَنْهُ الصَّحَابَةُ وَالتَّابِعُونَ لَهُمْ

بِإِحْسَانٍ))[١٥٥] واتا: ئاگادارتان دەکەمەوە لەئەهلی بیدعە، وترا: ئەی ئەی باوکی عبدللّه بیدعه چییه ؟ وتی: ئەهلی بیدعه ئەوانەن که قسه لەناو و سیفاتەکانی و وتەو زانست و قودرەتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن، وە بێدەنگ نابن لەسەر ئەوەی کە صەحابەکان و شوێنەکەوتەکانیان لەسەری بێدەنگ بوون.

الشيخ حمد بن عتيق (ت١٣٠١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَلْيَحْذَر طَالِبَ الْحَقِّ، مِنْ كُتُبِ أَهْلِ الْبِدَعِ: كَالْأَشَاعِرَةِ، وَالْمُعْتَزِلَةِ، وَنَحْوِهِمْ، فَإِنَّ فِيهَا مِنَ التَّشْكِيكِ وَالْإِيهَامِ وَمُخَالَفَةِ نُصُوصِ الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ، مَا أَخْرَجَ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ عَنِ الصِّرَاطِ الْمُسْتَقِيمِ، نَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الْخُذْلَانِ))[١٥٦] واتا: پێویستە ئەهلی حەق و وەرگرانی ئاگاداربن و خۆیان بەدوور بگرن لە کتێبەکانی ئەهلی بیدەع: وەک ئەشعەرییەکان، موعتەزیلەکان، لێکچووەکانیان، کە پڕیەتی لە شک و گومان و خورافە و موخالەفەی نووسراو و کتێبەکانی ئەهلی سوننە، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیان لەسەر ڕێگای حەق و ڕاستی لاداوە، پەنا ئەگرین بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە گومڕایی.

٤. التمثيل واتا: لێکچواندن، ((واتە لێکچواندنی ناو و سیفاتەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بە یەکێک لە دروستکراوەکانی))[١٥٧] پەنا بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک بڵێت دەستەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەکو دەستی مرۆڤن ئەمە لێرەدا کوفری کردووە؛ چونکە سیفەتێکی پەروەردگاری بە

١٥٥) ((ذم الكلام وأهله لأبي إسماعيل عبدالله الهروي أثر رقم : (٨٧٢)).
١٥٦) ((الدرر السنية (٣/٣٥٧)).
١٥٧) ((التوضيح المبين ص: ٢٥)).

سیفەتێکی مرۆڤەکان چواندووە، اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خۆی دەفەرموێت:﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ (الشورى:١١). واتا: هیچ شتێك بەوێنەو هاوشێوەی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نییە وە اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بیسەری بینایە.

صەحابەی بەڕێز ابْنِ عَبَّاس (ت٦٨هـ). رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەڵێ: ((لَيْسَ للَّهِ مَثَلٌ))[١٥٨] واتا: اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هاوشێوەی نییە.

إسحاق بن راهويه (ت٢٣٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((مَنْ وَصَفَ اللَّهَ فَشَبَّهَ صِفَاتِهِ بِصِفَاتِ أَحَدٍ مِنْ خَلْقِ اللَّهِ فَهُوَ كَافِرٌ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ ، لِأَنَّهُ وَصَفَ بِصِفَاتِهِ أَنَّمَا هُوَ اسْتِسْلَامٌ لِأَمْرِ اللَّهِ وَلِمَا سَنَّ الرَّسُولُ))[١٥٩] واتا: هەر کەسێك اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەسف بکات بەوەی صیفاتەکانی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بچوێنێ بە یەکێك لەدروستکراوەکانی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەوە بێباوەڕە بە اللەی گەورە، چونکە وەسفی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی کردووە بە صیفاتی خۆی، بەڵکو بریتییە لەتەسلیم بوون بۆ فەرمانی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و وە ئەوەشی رسول اللە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بەسوننەتی داناوە.

هەروەها إسحاق بن راهويه (ت٢٣٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی لێکچواندنی صیفەتی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بە دروست کراوانی دەڵێ: ((إِنَّمَا يَكُونُ التَّشْبِيهُ إِذَا قَالَ يَدٌ كَيَدٍ أَوْ مِثْلُ يَدٍ أَوْ سَمْعٌ كَسَمْعٍ أَوْ مِثْلُ سَمْعٍ. فَإِذَا قَالَ سَمْعٌ كَسَمْعٍ أَوْ مِثْلُ

---

١٥٨) ((أخرجه ابن أبي حاتم في التفسير (١/ ٢٤٤)).

١٥٩) ((شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة لأبي القاسم اللالكائي (٣/ ٥٨٨)).

سَمْعٍ فَهَذَا التَّشْبِيهُ وَأَمَّا إِذَا قَالَ كَمَا قَالَ اللَّهُ تَعَالَى يَدٌ وَسَمْعٌ وَبَصَرٌ وَلاَ يَقُولُ كَيْفَ وَلاَ يَقُولُ مِثْلُ سَمْعٍ وَلاَ كَسَمْعٍ فَهَذَا لاَ يَكُونُ تَشْبِيهًا وَهُوَ كَمَا قَالَ اللَّهُ تَعَالَى فِي كِتَابِهِ:﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ (الشورى:١١).))[١٦٠] **واتا: لێکچواندن بەوە دەبێت ئەگەر گوتی: دەستی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەك دەستی دروستکراوانە یان هاوشێوەی ئەوە، یان بیستنی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەك بیستنی دروستکراوانە یان هاوشێوەی دروستکراوانە، جا ئەگەر گوتی بیستنی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەك بیستنی دروستکراوانیەتی ئەوا لێکچواندنە، بەڵام ئەگەر وەك چۆن اللّه فەرموویەتی دەست و بیستن و بینین وە چۆنیەتیکەی نەڵێ، نەڵێ هاوشێوەی بیستنە و وەك بیستنی دروستکراوانی وایە، جا ئەوە نابێتە لێکچواندن، وە ئەوە وەکو وتەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فەرمووە کە لەقورئانەکەی دەڵێ:﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾** (الشورى:١١) . **واتا: هیچ شتێك بەوێنەو هاوشێوەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نییە وە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بیسەری بینایە.**

نُعَيْم بن حَمَّاد الخُزَاعِي (ت٢٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ شيخ البخاري (ت٢٥٦هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((مَنْ شَبَّهَ اللَّهَ بِخَلْقِهِ، فَقَدْ كَفَرَ وَمَنْ أَنْكَرَ مَا وَصَفَ اللَّهُ بِهِ نَفْسَهُ فَقَدْ كَفَرَ، وَلَيْسَ فِيمَا وَصَفَ اللَّهُ بِهِ نَفْسَهُ وَلَا رَسُولَهُ تَشْبِيهٌ))[١٦١] **واتا: نُعیم بن حماد الخزاعي مامۆستای ئیمامی بوخاری دەڵێ: هەرکەسێك اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بە دروستکراوانی بچوێنێ، ئەوە بێباوەڕە، وە هەرکەسێکیش نکوڵی لەو صیفاتانە بکات کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خۆی پێ وەسفکردووە ئەوا بێباوەڕە،**

---

١٦٠) ((سنن الترمذي (٥٠/٣)).

١٦١) ((رواه اللالكائي (٩٣٦)).

وه ئەو صیفاتانەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خۆی پێ وەسفکردووە ئەوشی پێغەمبەرکەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پێ وەسفکردووە لێکچواندن نییە.

ئیمامی أحمد (٢٤١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ پرسیاری لێکرا کێن ئەوانەی صیفاتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بە دروستکراوانی دەچوێنن ؟ گوتی:((مَن قالَ: بَصَرٌ كَبَصَرِي ويَدٌ كَيَدِي وقَدَمٌ كَقَدَمِي فَقَدْ شَبَّهَ اللَّهَ سُبْحانَهُ بِخَلْقِهِ))[١٦٢] واتا: کەسێك بڵێ: بیناییەك وەك بینایی من، وەدەستێك وەك دەستی من، وە قاچێك وەك قاچی من، ئەوە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەدروستکراوانی چواندووە.

ئیمامی أحمد (٢٤١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەفەرموێت: ((لَا يُوصَفُ اللَّهُ إِلَّا بِمَا وَصَفَ بِهِ نَفْسَهُ أَوْ وَصَفَهُ بِهِ رَسُولُهُ ق لَا يَتَجَاوَزُ الْقُرْآنَ وَالْحَدِيثَ))[١٦٣] واتا: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەسف ناکرێت ئیلا بەوشێوازەی کەخۆی وەسفی خۆی پێکردووە، یان پەیامبەرەکەی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ وەسفی کردووە، ئەوەش لەقورئان و فەرموودە تێپەڕ ناکات.

هەروەها ئیمامی أحمد (٢٤١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەفەرموێت: ((لا تُشَبِّهُوا اللَّهَ بِخَلْقِهِ ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾))[١٦٤] واتا: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ مەچوێنن بەدروستکراوانی، هیچ شتێك بەوێنەو هاوشێوەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نییە وە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بیسەری بینایە.

---

١٦٢) ((إبطال التأويلات لأبي يعلى (١ / ٤٣)).
١٦٣) ((مجموع الفتاوى:٥/٣٦)).
١٦٤) ((الحجة في بيان المحجة (١/ ٤٣٦)).

ئیمامی البخاري (ت٢٥٦هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((وَقَالَ عَزَّ وَجَلَّ:﴿فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَادًا﴾ (البقرة: ٢٢). فَلَيْسَ لِصِفَةِ اللَّهِ نِدٌّ، وَلَا مِثْلٌ، وَلَا يُوجَدُ شَيْءٌ مِنْ صِفَاتِهِ فِي الْمَخْلُوقِينَ)) [١٦٥] **واتا: ئیمامی بوخاری دەربارەی ئەو ئایەتە:﴿فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَادًا﴾ واتا: ئێوە هیچ هاوەڵێك بۆ اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بڕیار مەدەن. جا دەڵێ: هیچ صیفەتێکی اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هاوشێوەو لێکچوونی نییە، وە هیچ صیفاتێکی اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لە دروستکراوانی نییە.**

ئیمامی الطبري (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **لەتەفسیرەکەی دەربارەی ئەو ئایەتە:**

﴿فَلَا تَضْرِبُوا لِلَّهِ الْأَمْثَالَ﴾ **واتا: ئێوە نمونە بۆ اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **مەهێنن.** دەڵێ: ((يَقُولُ : فَلَا تُمَثِّلُوا لِلَّهِ الْأَمْثَالَ ، وَلَا تُشَبِّهُوا لَهُ الْأَشْبَاهَ ، فَإِنَّهُ لَا مِثْلَ لَهُ وَلَا شِبْهَ)) [١٦٦] **واتا: اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەڵێ: اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بەهاوشێوەی کەس مەهێنن وەو شتەکانیش بەو مەچوێنن، چونکە اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هاوشێوەو لێکچووی نییە.**

سەلەفی صالح چۆن وەسفی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەکەن:**

---

١٦٥) ((خلق أفعال العباد (٤٧٩)).

١٦٦) ((تفسير الطبري(١٤/ ١٤٨)).

خوێنەری بەڕێز پیاوچاکانی پێشینی ئێمە بەو شێوەیە وەسفی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان کردووە کە لەکەلامی خۆی هاتووە لە قورئان، وە هەروەها ئەوەی لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە.

«وَمَذْهَبُ السَّلَفِ: أَنَّهُمْ يَصِفُونَ اللَّهَ بِمَا وَصَفَ بِهِ نَفْسَهُ وَبِمَا وَصَفَهُ بِهِ رَسُولُهُ مِنْ غَيْرِ تَحْرِيفٍ وَلَا تَعْطِيلٍ وَمِنْ غَيْرِ تَكْيِيفٍ وَلَا تَمْثِيلٍ»[١٦٧] واتا: مەزهەبی پێشینی ئوممەت بەو شێوازە وەسفی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان دەکرد کەخۆی وەسفی خۆی پێکردووە، وەبەوشێوازەی کە رسول اللَّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ وەسفی کردووە، بەبێ گۆڕین و پەکخستن، وەبەبێ چۆنییەتی و لێکچواندن.

جا خوێنەری بەڕێز ئەوەی باسمان کرد تەوحید بوو بەهەموو جۆرەکانی وە بزانە ئەو تەوحیدە لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه ڕوکن و مەرجی هەیە، هەروەها ولائو بەڕائ لەخۆ دەگرێ کە بنچینەی ئەو دینەیە ناکرێ و کارەساتە گەر ئینسان نەیزانێ چونکە گەر نەیزانی ئەوە لەکوفرو شیرك دەربازی نابێ بۆیە ئینسان دەبێ بیانزانێت چونکە وتنی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه یە بەزمان تێنەگەیشتن لەماناکەی و ڕوکن و مەرج و ولائو بەڕائەکەی سوودی بۆت نابێ، چونکە یەهودو نەصاڕاش دەڵێن لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه وەهەروەها ئەوانەی قەبر دەپەرستن بەهەمان شێوە دەڵێن لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه ئەوانەی جوێن بەدین دەدەن دەڵێن لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه مانای ئەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهیەش نازانن وە پرسیاریشت لێدەکرێت دەربارەی.

---

١٦٧) ((مجموع الفتاوى:٢٦/٥)).

پرسیار کردن دەربارەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه:

خوێنەری بەڕێز بزانە کەوا وتنی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه بەبێ زانینی مەرج و ماناکەی سودی بۆت نابێ بەڵکو دەبێ شارەزای مەبەست و مانای ئەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّمیە بیت، لەشوێنی خۆی باسی ڕوکن و مەرجەکانی دەکەین.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ﴾ (إبراهيم:٢٧). واتا: اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ باوەڕداران جێگیر ئەکات بە وشەی جێگیر لە ژیانی دونیاو قیامەتدا، وە ئەوانەی کە زاڵم و ستەمکار بن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ گومڕاو وێڵیان ئەکات وە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ویستی لە هەر شتێك بێ جێبەجێی ئەکات.

ڕسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هۆکاری دابەزین و تێگەیشتن لەمانای ئەو ئایەتەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە بەوەی کەسی موسوڵمان پرسیاری لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهی لێدەکرێت لەگۆڕدا: ((عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، قَالَ: "إِذَا أُقْعِدَ المُؤْمِنُ فِي قَبْرِهِ، أُتِيَ، ثُمَّ شَهِدَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ﴾))[١٦٨] واتا: لە بەڕائی کۆڕی عازیبەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ڕسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: کاتێك ئیماندار دەکرێتە ناو قەبرەکەیەوە پرسیاری لێدەکرێت پاشان شایەتی

---

١٦٨) أخرجه البخاري (١٣٦٩) من حديث براء بن عازب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

دەدات کەهیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت بەحەق جگە لە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وە موحەممەدیش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەرو نێردراوێتی ئەوا ئەو وتەی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کە دەفەرموویت: ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ﴾ دەیگێرێتەوە.

لەڕیوایەتێکی تردا رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((الْمُسْلِمُ إِذَا سُئِلَ فِي الْقَبْرِ، يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿يُثَبِّتُ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ﴾))[169] واتا: کەسی موسوڵمان کاتێ لەناو قەبردا پرسیاری لێدەکرێت، شایەتی ئەدا بەوەی کەهیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت بەحەق جگە لە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وە موحەممەدیش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەرو نێردراوێتی ئەوا ئەم وتەی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کە دەفەرموویت:﴿ يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ﴾، دەیگێرێتەوە.

گوتم: اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەو کەسانە ثابت و جێگیر دەکات کە کاریان بەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ کردووەو لەماناو مەبەست و ڕوکن و مەرجەکانی گەیشتوون و خۆشەویستیان بۆ ئەهلی ئەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ هەیە رقیان لەوانەش بۆتەوە کە دوژمنی ئەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ن. وە ئەگەر سەرنجی ئەو فەرمووودەیە بدەین دەبینین رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ئیماندار یاخود موسوڵمان پرسیاری دەربارەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللّە لێدەکرێت ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەوەی کەسی

---

١٦٩) أخرجه البخاري (٤٦٩٩) من حديث براء بن عازب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

موسوڵمان هەر تەنها موسوڵمان بوونی بەس نییە بە زمان شەهادە بێنێ و هیچ کاروکردەوەیەکیشی نەبێ، چونکە گەر زانستی بەو لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّـهُ نەبێ ئەوە موعەڕرەزە بۆ ئەوەی توشی کوفرو شیرك بێت بەهۆی نەزانیەوە بەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّـهُ.

ابْنِ عَبَّاس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەربارەی ئەو ئایەتە:﴿مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِنْهَا وَهُمْ مِنْ فَزَعٍ يَوْمَئِذٍ آمِنُونَ﴾ (النمل:٨٩). دەڵێ: ((مَنْ جَاءَ بِلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)) هەروەها دەربارەی ئەو ئایەتەش: ﴿وَمَنْ جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ﴾ (النمل:٩٠). دەڵێ: بِالشِّرْكِ))[١٧٠] واتا: ابن عباس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِنْهَا وَهُمْ مِنْ فَزَعٍ يَوْمَئِذٍ آمِنُونَ﴾ واتا: هەرکەسێك بەکارو کردەوەی چاك بێت، ئەوە پاداشتی چاکتر لەوەی خۆی پێدەدرێت، ئەوانە لەوڕۆژەدا لەترس و بیم پارێزراون و ئاسوودەو ئارامن. فەرمووی: کەسێك بەشایەتی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه وە بێت.﴿وَمَنْ جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ﴾ واتا: ئەوەشی بەتاوان و گوناهو خراپەوە دێت، بەڕوودا سەرەو خوار دەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە. فەرمووی کەسێك بەشیرکەوە بێت.

١٧٠) ((تفسير الطبري: ج١٩، ص:٥٠٨)).

صەحابەی بەڕێز أَنَس (ت ٩٣ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەربارەی ئەو ئایەتە:﴿فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ دەڵێ: ((عَنْ شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ))[١٧١] واتا:صەحابەی بەڕێز ئەنەسی کوڕی مالیك رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەربارەی ئەو ئایەتە: سوێند بەپەروەردگارت لەهەموان دەپرسییەوە. دەڵێ: لەدەربارەی شەهادەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه دەپرسێتەوە.

صەحابەی بەڕێز ابْن عُمَر (ت ٧٤ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەربارەی ئەو ئایەتە:﴿لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ دەڵێ: ((عَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ))[١٧٢] واتا: سوێند بەپەروەردگارت لەهەموان دەپرسییەوە لەو شتانەی کەدەیانکرد. ابن عمر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەڵێ: دەربارەی : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه دەپرسێتەوە.

عِكْرِمَة (ت ١٠٤ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِنْهَا﴾ (النمل:٨٩). دەڵێ: ((لَيْسَ شَيْءٌ خَيْرًا مِنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ))[١٧٣] واتا: لە عیکریمەوە دەربارەی ئەو وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ: ﴿مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِنْهَا﴾ واتا: هەرکەسێك بەکارو کردەوەی چاك بێت، ئەوە پاداشتی چاکتر لەوەی خۆی پێدەدرێت. فەرمووی: هیچ شتێك نییە چاکتر بێ لە لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ.

---

١٧١) ((تفسير الطبري(ج١٧/ ص:١١٥))

١٧٢) ((تفسير الطبري(ج١٧/ ص:١١٥)).

١٧٣) ((تفسير الطبري، ج٢١ ص: ٥١٠)).

ئیمام جەریری طەبەری (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِنْهَا وَهُمْ مِنْ فَزَعٍ يَوْمَئِذٍ آمِنُونَ﴾ **واتا: کەسێک بە کارو کردەوەی چاکەوە بێت، ئەوە پاداشتی چاکتر لەوەی خۆی پێشکەش دەکرێت و ئەوانە لەو ڕۆژەدا لە ترس و بیم پارێزراون و ئاسوودە و ئارامن.** دەڵێ: ((يَقُولُ تَعَالَى ذِكْرُهُ : ﴿مَنْ جَاءَ﴾ اللَّهَ بِتَوْحِيدِهِ وَالْإِيمَانِ بِهِ ، وَقَوْلِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مُوقِنًا بِهِ قَلْبُهُ ﴿فَلَهُ﴾ مِنْ هَذِهِ الْحَسَنَةِ عِنْدَ اللَّهِ ﴿خَيْرٌ﴾ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، وَذَلِكَ الْخَيْرُ أَنْ يُثِيبَهُ اللَّهُ ﴿مِنْهَا﴾ الْجَنَّةَ ، وَيُؤَمِّنَهُ ﴿مِنْ فَزَعٍ﴾ الصَّيْحَةِ الْكُبْرَى ، وَهِيَ النَّفْخُ فِي الصُّورِ))[١٧٤] **واتا: اللە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت: هەرکەسێك بەتەوحیدو ئیمان بە اللە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **و وتەی لا إله إلا الله کە لەدڵەوە یەقینی پێی هەبێ بگەڕێتەوە لای اللە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئەوە بۆی هەیە لەلای اللە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **چاکتر لەڕۆژی دوایی، ئەو چاکەیە ئەوەیە کە اللە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **پاداشتی بداتەوە بەبەهشت، وە بیپارێزێت لەڕۆژی ترس و دەنگی سامناك کە بریتییە لە نەفخی صور.**

بەهەمان شێوە تەفسیر بۆ ئەم ئایەتە کراوە لەلایە ئەو هاوەڵە بەڕێزو رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ **ئەو تابعیانە** رَحِمَهُمُ ٱللَّهُ: ((وَرُوِيَ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، وَأَبِي هُرَيْرَةَ، وَعَلِيِّ بْنِ الْحُسَيْنِ، وَسَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ، وَالْحَسَنِ، وَعَطَاءٍ، وَمُجَاهِدٍ، وَأَبِي صَالِحٍ،

---

١٧٤) ((تفسير الطبري، ج٢١/ ص:٥٠٨).

وَمُحَمَّدِ بْنِ كَعْبٍ، وَالنَّخْعِيِّ، وَالضَّحَّاكِ وَالزُّهْرِيِّ، وَعِكْرِمَةَ، وَزَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ، وَقَتَادَةَ نَحْوُ ذَلِكَ))[١٧٥]

ئیمامی مُجَاهِد (ت ١٠٤هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿فَوَرَبِّكَ لَنَسْـَٔلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ۝٩٢ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ۝٩٣﴾ (الحجر:٩٢، ٩٣).**دەڵێ:** ((عَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ))[١٧٦] **واتا ئیمامی موجاهید** رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی تەفسیری ئەو ئایەتە:** فَوَرَبِّكَ لَنَسْـَٔلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ۝٩٢ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ۝٩٣﴾ **واتا: سوێند بە پەروەردگارت پرسیار لە هەموویان دەکەین بەگشتی لە بیرو باوەڕی هەموویان دەکۆڵینەوە. فەرمووی: پرسیاریان لێدەکرێت دەربارەی: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ.**

ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی گەورەی شەهادەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه دەڵێ:** ((فَشَهَادَةُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ بِصِدْقٍ وَيَقِينٍ تُذْهِبُ الشِّرْكَ كُلَّهُ دِقَّهُ وَجِلَّهُ خَطَأَهُ وَعَمْدَهُ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ؛ سِرَّهُ وَعَلَانِيَتَهُ وَتَأْتِي عَلَى جَمِيعِ صِفَاتِهِ وَخَفَايَاهُ وَدَقَائِقِهِ))[١٧٧] **واتا: شەهادەهێنان بەوەی هیچ پەرستراوێك بەحەق نییە جگە لە اللَّه بەڕاستگۆیی ویەقینەوە ئەوا هەموو شیرك لادەبات و نایهێڵێ بەگەورە و بچوکی و بەهەڵەو ئەنقەستی و نیهێنی و ئاشکرای، ئەم لێخۆشبوونەش بەسەر هەموو سیفاتەکانی دادێت شاراوەو و وردەکانی.**

---

١٧٥) ((تفسير ابن أبي حاتم:١٦٦٤٤)).

١٧٦) ((تفسير الطبري، ج١٧ ص:١٥٠)).

١٧٧) ((مجموع الفتاوى (٦٩٧/١١)).

شيخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب (١٢٠٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه دەڵێت:** ((اِعْلَمْ رَحِمَكَ اللهُ، أَنَّ فَرْضَ مَعْرِفَةِ شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللَّهُ، قَبْلَ فَرْضِ الصَّلاَةِ وَالصَّوْمِ، فَيَجِبُ عَلَى الْعَبْدِ أَنْ يَبْحَثَ عَنْ مَعْنَى ذٰلِكَ أَعْظَمَ مِنْ وُجُوبِ بَحْثِهِ عَنِ الصَّلاَةِ وَالصَّوْمِ، وَتَحْرِيمُ الشِّرْكِ وَالْإِيمَانِ بِالطَّاغُوتِ أَعْظَمُ مِنْ تَحْرِيمِ نِكَاحِ الْأُمَّهَاتِ وَالْجَدَّاتِ. فَأَعْظَمُ مَرَاتِبِ الْإِيْمَانِ بِاللهِ: شَهَادَةُ أَنْ لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللهُ))[١٧٨] **واتا: بزانە ڕەحمەتی اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ت لێبێت، فەرزیەتی زانینی شەهادەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه لە پێش فەرزێتی نوێژ و ڕۆژووەوەیە، جا پێویستە لەسەر بەندە کە بگەڕێت بەدوای مانای لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه کە گەورەترە لەپێویستێتی گەڕانی دەربارەی نوێژ و ڕۆژوو، وە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **شیرك و ئیمان هێنان بەطاغوتی حەڕامکردووە کە گەورەترە لەحەڕامکردنەکەی بۆ نیکاح کردن لەگەڵ دایکان و پورەکان، وە گەورەترین پلەو پایەی ئیمان بریتیە لە شایەتیدان بە لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه.**

وەهەروەها شیخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب (١٢٠٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەفەرموێت:** ((وَمُجَرَّد الإِتْيَان بِلَفْظِ الشَّهَادَةِ مِنْ غَيْرِ عِلْمٍ بِمَعْنَاهَا وَلَا عَمَلٍ بِمُقْتَضَاهَا لَا يَكُونُ بِهِ الْمُكَلَّفُ مُسْلِمًا، بَلْ هُوَ حُجَّة عَلى ابْن آدَمَ، خِلافًا لِمَنْ زَعَمَ أَنَّ الْإِيمَانَ مُجَرَّد الإِقْرَار))[١٧٩] **واتا: بەتەنها وتنی شایەتومان بەبێ زانینی ماناکەی و کردەوە بەداخوازیەکانی مرۆڤێکی باڵغی عاقڵ کە تەکلیفی لەسەرە ناکاتە موسوڵمان، بەڵکو دەبێتە بەڵگە لەسەر نەوەی ئادەم، بەپێچەوانەی ئەوانەی وا گومان دەبەن کە ئیمان تەنها دانپێدانی زمانە.**

---

١٧٨) ((الدرر السنية في الأجوبة النجدية :٢ / ١٢١)).

١٧٩) ((الفتاوى النجدية ج ١ ص ٨٥).

ڕووکنەکانی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه)[١٨٠]

دوو ڕوکنی هەیە: النفي (ڕەتکردنەوە) الإثبات (جێگیرکردن).

ڕوکنی یەکەم: النفي (ڕەتکردنەوە) ((لَا إِلَهَ)) هەموو جۆرەکانی هاوبەش پەیدا کردن پوچەڵ دەکاتەوە، وە کوفر کردن بە تەواوی ئەو شتانەی بێجگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەپەرستڕێن واجب دەکات.

ڕوکنی دووەم: الإثبات (جێگیرکردن) ((إِلَّا اللَّه)) ئەوە جێگیر دەکات کەهیچ شتێك شایستەی پەرستن نییە بێجگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وە کردەوە کردن بەوە واجب دەکات، وەمانای ئەو دوو ڕوکنە لەزۆربەی ئایەتەکانی قورئان هاتووە بەنمونە وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کە دەفەرموێت: ﴿فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّه فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّه سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة:٢٥٦). واتا: ئەوەی باوەڕی نەبێت بە طاغوت کوفری پێبکات و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، جا بێگومان ئەوکەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگاریەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کەبریتییە لە (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه) کە هیچ پسان و هەڵوەشاندنەوەیەکی بۆ نییە و هەمیشە پتەو و دامەزراوە، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بیسەرو زانایە.

---

١٨٠) ((عقيدة التوحيد، ص:٤٦)).

جا وتەی اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ كه فەرمووی: ﴿فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ﴾ واتا: ئەوەی باوەڕی نەبێت بە طاغوت كوفری پێبكات. ئەوە ماناى ڕوكنی یەكەمە كە بریتییە لە «لَا إِلَهَ». وە وتەی اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ﴿وَيُؤْمِن بِاللَّهِ﴾ واتا:باوەڕی دامەزراو بهێنێت بە اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ئەوەش ماناى ڕوكنی دووەمە، كە بریتییە لە «إِلَّا اللَّهُ».

جا بزانە خوێنەری بەڕێز لێرە گرینگی خۆشەویستی و دڵایەتیمان بۆ بەدەر دەكەوێ كە بریتییە لە: الولاء والبراء كە ڕوكن و بنچینەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰمیە كە ئەصڵ و بنچینەی دینەو هیچ كەسێك عوزری نییە ئەگەر هاتوو خۆشەویستی لەپێناو اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ نەبێت و ڕق و دڵایەتیشی لەپێناو اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ نەبێ.

الولاء والبراء چییە ؟

«الولاء بەچەند مانایەك هاتووە لەوانە: خۆشویستن، سەرخستن، شوێنكەوتن، نزیكبوونەوە لەشتێك»[١٨١]

الولاء لەڕووی زمانەوانییەوە: «الْمُوَالَاةُ أَنْ يَتَشَاجَرَ اثْنَانِ فَيَدْخُلُ ثَالِثٌ بَيْنَهُمَا لِلصُّلْحِ وَيَكُونُ لَهُ فِي أَحَدِهِمَا هَوًى فَيُوَالِيهِ أَوْ يُحَابِيهِ ، وَوَالَى فُلَانٌ فُلَانًا إِذَا أَحَبَّهُ»[١٨٢] واتا:خۆشەویستی و دۆستایەتی بریتییە لەوەی دوو كەس شەڕ بكەن، جا كەسی سێیەمیان ناوبژیوانی لەنێوانیان بكات و

---

١٨١) ((الولاء والبراء (ص:١٠)).

١٨٢) ((لسان العرب لابن منظور (٣/٩٨٥-٩٨٦)، وانظر: ((القاموس المحيط (ص٢٩٤)).

ئارەزووی یەکێکیانی هەبێت بەسەر ئەوەی تردا و سەری بخات و خۆشی بوێ، چۆن دەڵێی فڵان فڵانەکەسی سەرخست واتا خۆشی ویست.

الولاء، لەڕووی شەرعەوە: ((الوِلَايَةُ هِيَ النُّصْرَةُ وَالْمَحَبَّةُ وَالْإِكْرَامُ وَالْاِحْتِرَامُ وَالْكَوْنُ مَعَ الْمَحْبُوبِينَ ظَاهِرًا. قَالَ تَعَالى: ﴿اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْلِيَآؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ﴾(البقرة:٢٥٧))[١٨٣] واتا: دۆستایەتی بریتییە لە: سەرخستن و خۆشویستن و ڕێزگرتن و ئیحترام وە لەگەڵ خۆشویستوان بوون بەئاشکرا. اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دۆست و پشتیوان و سەرخەرو یارمەتیدەری باوەڕدارانەو لە تاریکیەکانی کوفرو شیرك و بیدعەو گومڕایی و تاوان دەریان ئەکات بۆ ڕووناکی ئیسلام و ئیمان و سوننەت و چاکە بەڵام کافران دۆست و پشتیوان و سەرخەری ئەوان تاغوتەکان و پێشەوایانی کوفرن کە لە نوورو ڕووناکی ئیسلام و ئیمان و چاکەوە دەریان ئەکەن بۆ تاریکیەکانی کوفرو شیرك و تاوان.

یان بریتییە لە: ((هُوَ مُوافَقَةُ الْعَبْدِ رَبَّهُ فِيمَا يُحِبُّهُ وَيَرْضَاهُ مِنَ الْأَقْوالِ وَالْأَفْعَالِ وَالْاِعْتِقَادَاتِ))[١٨٤] واتا: بریتییە لە موافەقەکردنی بەندە بۆ پەروەدگارەکەی لەو شتانەی کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خۆشی دەوێت و پێی ڕازیە لەگوفتارو کردەوەو بیروباوەڕ.

---

١٨٣) ((شرح الطحاوية (ص٤٠٣)، ((تيسير العزيز الحميد شرح كتاب التوحيد (ص٤٢٢)).

١٨٤) ((الولاء والبراء(ص: ١٠))

البراء، لەڕووی زمانەوانییەوە:((بَرِئَ إذا تخَلَّصَ، وبَرِئَ إذا تَنَزَّهَ وتباعَدَ، وبَرِئَ، إذا أَعْذَرَ وأَنْذَرَ؛ وَمِنْهُ قولهُ تَعَالَى: ﴿بَرَاءَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾))[١٨٥]

واتا:بەریبوو، واتا: کاتێك کۆتایی پێهێنا و دوورکەوتەوە، بەریبوو واتا: کاتێك ڕووی تێهەڵدەکات، لەوانەش وتەی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ: اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بەرین.

((البراء، بەچەند مانایە هاتووە لەوانە: خۆبەدوورگرتن، خۆ بەریکردن، دوژمنایەتی))[١٨٦]

البراء، لەڕووی شەرعەوە: ((هُوَ مُوَافَقَةُ الْعَبْدِ رَبَّهُ فِيمَا يَسْخَطُهُ وَيَكْرَهُهُ وَلَا يَرْضَاهُ مِنْ أَقْوَالٍ وَأَفْعَالٍ وَإِعْتِقَادٍ))[١٨٧] واتا: بریتییە لەموافەقەکردنی بەندە بۆ پەروەردگارەکەی خۆی، لەو شتانەی کە اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕقی لێیەتی و دژیەتی و لێی ڕازی نییە لەگوفتار و کردار و بیرباوەڕدا.

خوێنەری بەڕێز وەلائو بەڕائ (دۆستایەتی و دوژمنایەتی) ئەصڵی دینە کە عوزر بۆ هیچ کەسێك نییە کە گەیشتبێتە حەددی تەکلیف، هەروەکو چۆن شیخ الإسلام ابن تیمیة (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێ: ((وَأَصْلُ الدِّينِ أَنْ يَكُونَ الْحُبُّ لِلَّهِ، وَالْبُغْضُ لِلَّهِ، وَالْمُوَالَاةُ لِلَّهِ، وَالْمُعَادَاةُ لِلَّهِ، وَالْعِبَادَةُ لِلَّهِ))[١٨٨] واتا: بنچینەی دین بریتییە لەوەی خۆشەویستی لە پێناو اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت، ڕق لێبوونەوە لە پێناو اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت، پشتیوانی

---

١٨٥) ((لسان العرب ابن منظور (١ / ٣٣))

١٨٦) ((الولاء والبراء(ص: ١١))

١٨٧) ((الولاء والبراء(ص: ١١))

١٨٨) ((منهاج السنة النبوية(٥/ ٢٥٥)).

کردن و سەرخستن لە پێناو اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بێت، دوژمنایەتی کردن لە پێناو اللّە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بێت، عیبادەت تەنها بۆ اللّە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بێت.**

هەروەها شێخ عبدالرحمان بن حسن (ت ١٢٨٥ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی وەلائو بەرائو دەدوێت و بەبنچینەی دین وەسفی دەکات و دەڵێ:** ((وَأَصْلُ دِينِ الْإِسْلَامِ مَعْرِفَةُ الشِّرْكِ وَالْبَرَاءَةِ مِنْهُ وَإِنْكَارُهُ وَمُعَادَاةُ أَهْلِهِ ، وَمَعْرِفَةُ التَّوْحِيدِ عَلَى الْحَقِيقَةِ وَقَبُولِهِ وَمَحَبَّتِهِ وَمُوَالَاةِ أَهْلِهِ))[١٨٩] **واتا: بنچینەی دینی ئیسلام، ناسینی شیرك و بەریبوونە لێی و نکۆلی لێکردنە لێی، وەرکابەرایەتی ئەهلەکەیەتی، وەناسینی حەقیقەتی تەوحید و قەبوڵکردن و خۆشویستنی و دۆستایەتی ئەهلەکەیەتی.**

بنچینەی دین (أصل الدین) چییە ؟

ئەصڵی دین بریتییە لەدانان بە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **و عیبادەت کردنی بە تەنها و واز هێنان لەعیبادەتی بێجگە لە اللّە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **وە بەریبوون لەو کەسانەی کە شیرك بۆ اللّە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دادەنێن.**

---

١٨٩) ((الولاء والبراء(ص: ١١))

شيخ الإسلام ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەصڵی دین دەڵێ :** ((أَصْلُ الدِّينِ: شَهَادَةُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَشَهَادَةُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ))[١٩٠] **واتا: بنچینەی دین: بریتییە لەشایەتیدان کەهیچ پەرستراوێك بەحەق نییە جگە لە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **وە موحەممەدیش** صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **بەندەو نێردراوی اللَّهیە.**

هەروەها شیخ الإسلام ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەصڵی دین دەڵێ:** ((وَإِبْرَاهِيمُ وَمُوسَى قَامَا بِأَصْلِ الدِّينِ الَّذِي هُوَ الْإِقْرَارُ بِاَللَّهِ وَعِبَادَتِهِ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ وَمُخَاصِمَةُ مَنْ كَفَرَ بِاَللَّهِ))[١٩١] **واتا: ئیبڕاهیم و موسی هەڵسان بەجێبەجێکردنی بنچینەی دین؛ کە بریتییە لە ئیمان هێنان بە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **و عیبادەت کردنی کە بە تەنهایە و هاوبەشی نییە، و دوژمنایەتی کردنی ئەوانەی کوفر دەکەن بە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

وەهەروەها شیخ الإسلام ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((وَأَصْلُ الدِّينِ أَنْ يَكُونَ الْحُبُّ لِلَّهِ، وَالْبُغْضُ لِلَّهِ، وَالْمُوَالَاةُ لِلَّهِ، وَالْمُعَادَاةُ لِلَّهِ، وَالْعِبَادَةُ لِلَّهِ))[١٩٢] **واتا: بنچینەی دین بریتییە لەوەی خۆشەویستی لە پێناو اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بێت، ڕق لێبوونەوە لە پێناو اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بێت، پشتیوانی کردن و سەرخستن لە پێناو اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بێت، دوژمنایەتی کردن لە پێناو اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بێت، عیبادەت تەنها بۆ اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بێت.**

---

١٩٠) ((مجموعة الرسائل والمسائل النجدية(٥٩/٢)).

١٩١) ((مجموع الفتاوى (١٦/ ٢٠٣)).

١٩٢) ((منهاج السنة النبوية(٥/ ٢٥٥)).

وەهەروەها شیخ الإسلام ابن تیمیة (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَإِنَّ أَصْلَ الدِّينِ أَنَّهُ لَا حَرَامَ إِلَّا مَا حَرَّمَهُ اللَّهُ وَلَا دِينَ إِلَّا مَا شَرَعَهُ اللَّهُ؛ فَإِنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ فِي سُورَةِ الْأَنْعَامِ وَالْأَعْرَافِ عَابَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ أَنَّهُمْ حَرَّمُوا مَا لَمْ يُحَرِّمْهُ اللَّهُ وَأَنَّهُمْ شَرَعُوا مِنْ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ))[١٩٣] واتا: بنچینەی دین ئەوەیە کەهیچ حەرامێک نییە، ئیلا ئەوەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ حەرامی کردووە، وەهیچ دینێک نییە ئیلا ئەوەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەشەرعی زانیوە، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسورەتی ئەنعام و ئەعرافدا، سەرکۆنەی موشریکەکانی کردووە بەوەی ئەوان شتانێکیان حەرامکردووە کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ حەرامی نەکردووە، وە ئەوان تەشریع و یاسایان داناوە لەدینی پەروەردگاردا، کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئیزنی پێ نەداوە.

جا ئەوەی شێخی ئیسلام ابن تیمیة (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ لەبنچینەو ئەصڵی دین باسی کرد کاتێك وتی: (وَمُخَاصِمَةُ مَنْ كَفَرَ بِاَللَّهِ): دوژمنایەتی کردنی موشریکەکان. واتا: بەرائەت کردن لێیان. وەهەروەها (الْحُبُّ لِلَّهِ، وَالْبُغْضُ لِلَّهِ، وَالْمُوَالَاةُ لِلَّهِ، وَالْمُعَادَاةُ لِلَّهِ): واتا: خۆشەویستی لە پێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت، رق لێبوونەوە لە پێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت، پشتیوانی کردن و سەرخستن لە پێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت، دوژمنایەتی کردن لە پێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت.

جا لێرەوە بۆمان بەدەر دەکەوێت کە ولائ و بەرائ (دۆستایەتی و دوژمنایەتی) ئەصڵ و بنچینەی دینە.

---

١٩٣) ((مجموع الفتاوى(٢٠/ ٣٥٧))

پێشەوای ڕاڤەکاران ابن جرير الطبري (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی شتێك لەئەصڵی دین دەڵێ: ((لَا يُعْذَرُ بِالْجَهْلِ بِهِ أَحَدٌ بَلَغَ حَدَّ التَّكْلِيفِ كَانَ مِمَّنْ أَتَاهُ مِنَ اللَّهِ تَعَالَى رَسُولٌ أَوْ لَمْ يَأْتِهِ رَسُولٌ، عَايَنَ مِنَ الْخَلْقِ غَيْرَهُ أَوْ لَمْ يُعَايِنْ أَحَدًا سِوَى نَفْسِهِ))[١٩٤] واتا: عوزری نەزانین بۆ هیچ کەسێك نییە کە گەیشتبێتە حەددی تەکلیف؛ جا لەوانە بێت کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پێغەمبەری بۆیان ناردووە یان هیچ پێغەمبەرێکی بۆ نەهاتبێت، جا کەسی تری لە غەیری خۆی بینیبێت، یان جگە لە خۆی کەسی نەبینیبێت.

چ شتێک ئەو ئەصڵی دینە هەڵدەوەشێنێتەوە ؟

وەڵام: شیرک، شیرک لەڕبوبییەت، شیرک لەئولوهیەت، شیرک لەناو سیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

تێبینی: ئەگەر ئینسانێک هەستابوو بە ئەصڵی دین و جێ بەجێی کردبوو، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی دەپەرست بەتەنهاو شەریکی بۆ بڕیار نەدابوو، وەئیمانی بەپێغەمبەرەکەی هێنابوو، بەڵام جاهیل بوو بەو موصطەڵەحانە، بەجۆرێک ئەگەر پرسیاری ئەصڵی دینت لێ کرد نەیزانی وەڵام بداتەوە ئەوە هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێ، لەبەر پابەندبوون و جێ بەجێ کردنی بەئەصڵی دین، بەهۆی نەبوونی زانیاری بەو موصطەڵەحانە.

---

١٩٤) ((تبصير في معالم الدين (ص : ١٢٦_ ١٣٢)).

بەڵەگەش فەرمودەکەی موعاذی کوڕی جەبەلە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ کاتێک رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ پرسیاری لێکرد: ((عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ: يَا مُعَاذُ، أَتَدْرِي مَا حَقُّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ؟ قَالَ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: أَنْ يُعْبَدَ اللَّهُ وَلاَ يُشْرَكَ بِهِ شَيْءٌ، قَالَ: أَتَدْرِي مَا حَقُّهُمْ عَلَيْهِ إِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ؟ فَقَالَ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: أَنْ لاَ يُعَذِّبَهُم))[١٩٥]

واتا: لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەی موعاذ، ئایا دەزانی مافی اللّه عَزَّوَجَلَّ بەسەر بەندەکانیەوە چییە؟ دەڵێ: منیش گوتم: اللّه و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: ئەوەیە کەوا بە جوانی بیپەرستێ و هیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نەدات. فەرمووی: ئایا دەزانی مافی ئەوان بەسەر اللّەوە چییە، ئەگەر ئەوەیان جێبەجێ کرد؟ گوتم: اللّەو پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: مافیان بەسەر اللّە عَزَّوَجَلَّ ئەوەیە کەوا هیچ سزایەکیان نەدات.

خوێنەری بەڕێز اللّه عَزَّوَجَلَّ داوای لێکردووین ڕقمان لەبێباوەڕان بێت و دوژمنایەتیان بکەین، وە داواشی لێکردووین کە تەنها وەلائمان خۆشەویستیمان بۆ بەندە ئیماندارو چاکەکان هەبێ بۆیە ئەو بیروباوەرە شوێنێکی گەورەی هەیە لەشەرعدا لەوانە:

١. ولائو بەڕائ ڕوکنێکە لەشەهادە کە برتییە لە وتەی تۆ: (لَا إِلَهَ) کە پێک هاتووە لە شەهادەی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه) ماناکەی بریتییە لە: بەڕائەتکردن و بەریبوون لەهەموو ئەو پەرستراوانەی کە بێجگە اللّه

١٩٥) أخرجه البخاري (٧٣٧٣) ومسلم (٣٠) من حديث معاذ بن جبل رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

عَزَّوَجَلَّ دەپەرستریّن، وەك چۆن اللّه عَزَّوَجَلَّ دەفەرموویّت:﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ﴾ (النحل:٣٦). واتا:سویند بە اللّه عَزَّوَجَلَّ لەناو هەموو گەل و ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بەمەی تەنها اللّه عَزَّوَجَلَّ بپەرستن و دووركەونەوە لەپەرستنی طاغوت.

٢. وەلائو بەڕائ مەرجی ئیمانە هەروەکو چۆن اللّه عَزَّوَجَلَّ دەفەرموویّت: ﴿تَرَى كَثِيراً مِنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنْفُسُهُمْ أَنْ سَخِطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِي الْعَذَابِ هُمْ خَالِدُونَ ﴿٨٠﴾ وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاءَ وَلَكِنَّ كَثِيراً مِنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ (المائدة: ٨٠_٨١) واتا: زۆربەیان دەبینیت ڕازین بەخۆشەویستی و پشتیوانی ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون سوێند بە اللّه عَزَّوَجَلَّ دەست پێشکەرییەکی خراپیان بۆ خۆیان ئەنجامداوە کە اللّه عَزَّوَجَلَّیان لە خۆیان تووڕە کردووە (بەو کارەیان)، (لە قیامەتیشدا) لەناو سزای دۆزەخدا دەبێت بۆ هەمیشە بمێننەوە خۆ ئەگەر ئەوانە باوەڕیان بە اللّه عَزَّوَجَلَّو بەم پێغەمبەرە و ئەو قورئانە ببوایە کە بۆی دابەزیوە، ئەوە ئەوانەیان نەدەکرد بەخۆشەویست و سەرپەرشتیاری خۆیان، پشتیان بەوان نەدەبەست، بەڵام زۆربەیان تاوانبار و لادەر و یاخین.

ابن تیمیة (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی ئەو ئایەتە دەڵێ: ((فَذَكَرَ جُمْلَةً شَرْطِيَّةً تَقْتَضِي أَنَّهُ إِذَا وُجِدَ الشَّرْطُ وُجِدَ الْمَشْرُوطُ بِحَرْفِ لَوْ الَّتِي تَقْتَضِي مَعَ الشَّرْطِ انْتِفَاءَ الْمَشْرُوطِ فَقَالَ: ﴿وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مَا

اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاءَ﴾ فَدَلَّ عَلَى أَنَّ الْإِيمَانَ الْمَذْكُورَ يَنْفِي اتِّخَاذَهُمْ أَوْلِيَاءَ وَيُضَادُّهُ وَلَا يَجْتَمِعُ الْإِيمَانُ وَاتِّخَاذُهُمْ أَوْلِيَاءَ فِي الْقَلْبِ))[١٩٦] واتا: بزانە ئەم ئایەتە جوملەی شەرطی تێدایە ئەگەر شەرط هەبوو بەشەرط گیراویش دەبێ، بە حەرفی (لو) هاتووە کە هەبوونی حەرفی (لو) لەگەڵ شەرط بەمانای نەمانی بەشەرط گیراوەکە دێت، وەک لە ئایەتەکەدا هاتووە: اللَّه عَزَّوَجَلَّ دەفەرموێت: خۆ ئەگەر ئەوانە باوەڕیان بە اللَّه عَزَّوَجَلَّو بەم پێغەمبەرە و ئەو قورئانە ببوایە کە بۆی دابەزیوە، ئەوە ئەوانەیان نەدەکرد بەخۆشەویست و سەرپەرشتیاری خۆیان، پشتیان بەوان نەدەبەست. دەلالەت لەوە دەکات کە ئیمان و باوەڕی ڕاستەقینە بەدۆست گرتن و خۆشویستنی بێ باوەڕان لە خۆی دور دەخاتەوە وە ئیمان و دوستایەتی دوژمنانی اللَّه عَزَّوَجَلَّو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دڵێکدا کۆنابێتەوە وە هەرکەسێ بێ باوەڕان بە دۆست بگرێ ئیمان کاری تێنەکردووە.

٣. هەروەها وەلائو بەڕائ بەهێزترین کۆڵەکەی دینە هەروەکو چۆن لەفەرموودەی بەڕائی کوڕی عازب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ هاتووە ئەویش لە رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((أَوْثَقُ عُرَى الْإِيمَانِ: أَنْ تُحِبَّ فِي اللهِ، وَتُبْغِضَ فِي اللهِ))[١٩٧] واتا: بەهێزترین دەستبەند و کۆڵەکەی ئیمان بریتییە لەوەی خۆشەویستیت لەپێناو اللَّه عَزَّوَجَلَّ بێت، وە ڕق لێبونەوەت لەپێناو اللَّه عَزَّوَجَلَّ بێت.

---

١٩٦) ((مجموع الفتاوى (٧/ ١٧)).

١٩٧) ((النصيحة: ٢٤٠)). ((السلسلة الصحيحة : ١٧٢٨)).

٤. وەلائو بەڕائـ هۆکارێکە بۆ چێشتنی شیرینی ئیمان و لەزەتی یەقین، هەروەکو چۆن رسول اللّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفـەرموویـت: «ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلاَوَةَ الإِيمَانِ: مَنْ كَانَ اللهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْعَبْدَ لاَ يُحِبُّهُ إِلاَّ لِلَّهِ، عَزَّ وَجَلَّ، وَأَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ أَحَبُّ إِلَيْهِ مِنْ أَنْ يُعَادَ فِي الْكُفْرِ»[١٩٨] واتا: سێ شت هەن هەر کەس تێیدابێت بەو سیانە شیرینی ئیمان بەدەست دەهێنێ، هەرکەس اللّه عَزَّوَجَلَّ لەگەڵ پەیامبەرەکەی لەهەمووشت خۆشتر بووێت، هەروەها کەسێکی خۆشویست تەنها لەبەر اللّه عَزَّوَجَلَّ خۆشی بووێت، ئینجا پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ کوفر دوای ئەوەی اللّه عَزَّوَجَلَّ ڕزگاری کرد لێی وەکو چۆن پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ئاگرەوە.

٥. وەلائو بەڕائـ ئەو پەیوەندییە ئەساسەیە کە کۆمەڵگای لەسەر پەروەردە دەکرێت هەروەکو چۆن رسول اللّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفـەرموویـت: «لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ»[١٩٩] واتـا: ئیمانی هیچ یەکێك لە ئێوە تەواو نابێت تاوەکو چی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش بێ. لەڕیوایەتێکی تردا فەرموویەتی: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا يُؤْمِنُ عَبْدٌ حَتَّى يُحِبَّ لِجَارِهِ»[٢٠٠] واتـا: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە هیچ بەندەیەک ئیمانی تەواو نییە هەتا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ دراوسێکەی پێی خۆش نەبێت.

---

١٩٨) ((أخرجه البخاري (١٦) ومسلم (٤٣)).
١٩٩) ((أخرجه البخاري (١٣)، ومسلم (٤٥)).
٢٠٠) ((صحيح الجامع (٧٠٨٦)).

٦. هەروەها جێگیربوونی پاداشتی ئەو کەسەی کە وەسف کراوە بەخۆشەویستی لەپێناو اللّە عَزَّوَجَلَّ هەروەکو چۆن رسول اللّە صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ.....وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ ؛ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ))[٢٠١] واتا:حەوت کۆمەڵ هەیە اللّە عَزَّوَجَلَّ ئەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی کە هیچ سێبەرێ نیە لەوکاتەدا جگە لەسێبەری عەرشی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبێ... دوو کەس لەبەر اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یەکیان خۆشبوێت و لەبەر اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰش لێک جیابونەتەوە.

٧. هەبوونی بەڵگەی شەرعی لەسەر پێشخستنی ئەو پەیوەندییە بەسەر هەموو شتێکدا هەروەکو چۆن اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ (التوبة:٢٤) واتا: ئەی موحەممەد صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پێیان بڵێ: ئەگەر باب و باپیرانتان و وەچەو براکانتان و هاوسەرانتان و عەشرەتو هۆزتان و ماڵو سامانێک کە بە دەستتان هێناوە، یاخود بازرگانییەک کە دەترسن لە بڕەو بکەوێتو ئەو خانووبەرەیەی کە دڵتان پێی خۆشە، لاتان خۆشەویستترە لە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پەیامبەرەکەی و جیهادکردن لە پێی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰدا، ئەوە چاوەڕوان بن تا فەرمانی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دێت (واتە تۆڵە و سزای اللّە

---

٢٠١) ((أخرجه البخاري (٦٦٠)، ومسلم (١٠٣١)).

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ) پەروەردگاریش هیدایەتو ڕینموویی قەومی یاخی و لە سنوور دەرچوو نادات.

٨. بەبەجێ هێنانی ئەو بیروباوەڕە خۆشەویستی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەدەستدەهێنرێت هەروەکو چۆن صەحابەی بەڕێز ابن عباس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا فەرموویەتی:((مَنْ أَحَبَّ فِي اللَّهِ، وَأَبْغَضَ فِي اللَّهِ، وَوَالَى فِي اللَّهِ، وَعَادَى فِي اللَّهِ، فَإِنَّمَا تُنَالُ وَلَايَةُ اللَّهِ بِذَلِكَ))[٢٠٢] واتا: کەسێك لەپێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خەڵکی خۆشبوێ و لەپێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ش ڕقی لەخەڵکی بێتەوە، لەپێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دۆستایەتی بکات و لەپێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ش دوژمنایەتی بکات، ئەوە ڕەزامەندی و خۆشەویستی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەوە بەدەست دێنێ.

٩. وەلائو بەڕائ برتییە لەو بیروباوەڕەو پەیوەندییە هەمیشەییەی کەلەنێوان خەڵکی دەمێنێتەوە لەڕۆژی دوایی هەروەکو چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ﴾ (البقرة: ١٦٦) کاتێك کە دەسەڵاتدارەکان و گەورەکان و پێشەوایانی کوفر بەڕائەت ئەکەن لە شوێنکەوتوانیان کە شوێنیان کەوتونە لەسەر کوفر وە کاتێك کە هەردوولایان سزای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەبینن کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چۆن سزای هەردوولایان دەدات ﴿وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ﴾ هەرچی پەیوەندی و خۆشەویستی لە نێوانیان لە دونیادا

---

٢٠٢) ((تفسير ابن رجب (ج١ / ٥٠٥)).

هەبووە هەر هەمووی ئەپچڕێ. ((ابْنِ عَبَّاس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەربارەی ئەو ئایەتە:﴿وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الْأَسْبَابُ﴾ دەڵێ: ((الْمَوَدَّةُ))[٢٠٣] واتا :خۆشەویستی.

١٠. نەبوونی ئەو بیروباوەڕە (وەلائو بەڕائ ئینسان توشی کوفر دەکات، هەروەکو چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فەرمویەتی: ﴿وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ﴾ (المائدة:٥١) ئەی موسڵمانان ئاگادار بن هەر کەسێك لە ئێوە وەلائی بۆ گاورو جوولەکە هەبێ و خۆشیانی بوێت و سەریان بخات و پشتیوانیان بێت و یارمەتیان بدات ئەوە لەوان حیساب ئەکرێت و لەوانە.

١١. اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ داوامان لێدەکات کە دەبێ تەنیا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرەکەی و صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ باوەڕداران بکەنە دۆست، هەروەکو دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ وَمَنْ يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ﴾ (المائدة:٥٥) واتا: پشتیوان و دۆستی ئێوە ئەی موسڵمانان هەر اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پەیامبەرەکەی و باوەڕدارانن، ئەوانیش ئەوانەن بەرێکوپێکی نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و، هەمیشەش دیاردەی کڕنوش و ملکەچی بۆ فەرمانەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان پێوە دیارە وە هەر کەسێك وەلائو خۆشویستنی بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بۆ پێغەمبەرەکەی و بۆ باوەڕداران هەبێت ئەوە حیزب و کۆمەڵی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەوان هەمیشە سەرکەوتوو زاڵن بەسەر کافراندا.

---

٢٠٣) ((تفسير ابن أبي حاتم (١٤٩٢)).

١٢. لەبەروبومەکانی جێبەجێ کردنی وەلائو بەڕائ بریتیە لەسەلامەتبوون لەفیتنە، هەروەکو چۆن اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ﴾ (الأنفال:٧٣) واتا: ئەوانەش کە بێ باوەڕ بوون، هەندێکیان پشتیوانی هەندێکی تریانن و پشتیوانی لە یەکتر دەکەن، خۆ ئەگەر ئێوەی ئیماندار کۆمەک بەیەکتر نەکەن و پشتی یەکتر نەگرن ئەوە لەسەر زەویدا ناخۆشی و ناکۆکی و گوناە و تاوانی گەورە پێش دێت (ئازار و ناخۆشی بۆ ئێوەی ئیماندار پێش دێت). ابن كثير (ت٧٧٤هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی ئەو ئایەتە دەڵێ: ((أَيْ : إِنْ لَمْ تُجَانِبُوا الْمُشْرِكِينَ وَتُوَالُوا الْمُؤْمِنِينَ ، وَإِلَّا وَقَعَتِ الْفِتْنَةُ فِي النَّاسِ ، وَهُوَ الْتِبَاسُ الْأَمْرِ ، وَاخْتِلَاطُ الْمُؤْمِنِ بِالْكَافِرِ، فَيَقَعُ بَيْنَ النَّاسِ فَسَادٌ مُنْتَشِرٌ طَوِيلٌ عَرِيضٌ))[٢٠٤] واتا: ئەگەر لەموشریکان دوور نەکەونەوەو پشتیوانی ئیمانداران نەکەن، ئەوە ئیلا فیتنە دەکەوێتە ناو خەڵکی کە بریتییە لەتێکگیر بوونی شتەکان و تێکەڵ بوونی ئیماندار بە کافر وە فەسادی و خراپەیەکی زۆر بەربڵاو دوورو درێژ دەکەوێتە ناو خەڵکی.

١٣. اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی خۆشەویستی و دوژمنایەتی باسی سەرمەشقایەتی پێغەمبەر ئیبراهیمان عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ بۆ دەکات و ئامۆژگاریمان دەکات چاو لەو بکەین هەروەکو چۆن دەفەرموێت: ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّى

٢٠٤) ((تفسير ابن كثير (ج٤/ ص:٩٩)).

تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾ (الممتحنة: ٤). واتا: ئەی ئیمانداران، بەڕاستی لە ئیبراهیم و ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون نموونەیەکی چاکتان خراوەتە بەرچاو، کاتێک کە بە قەومەکەی خۆیانیان وت: دوای سااڵەها بانگەواز، ئێمە بەرین لە ئێوە و لەو شتانەش کە لەجیاتی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەیپەرستن، ئێمە باوەڕمان بەو دین و ئاینەی ئێوە نییە، ئیتر دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی لەنێوانماندا بەرپا بووە تا ئەو کاتەی کە باوەڕ بە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی تاک و تەنها دەهێنن.

١٤. اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵمان پێدەدات کە کافرو جولەکە نەکەینە پشتیوانی خۆمان ئەگینا ئیمەش دەچینە ڕیزی ئەوان هەروەکو چۆن دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ﴾ (المائدة: ٥١). واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور مەکەنە یارو یاوەرو پشتیوانی خۆتان ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت، ئەوە هەر لەوانە و (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت).

١٥. اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ باسی ئەوانە دەکات کە دژایەتی دینەکەی و پێغەمبەرەکەی دەکەن، جا ئەو کەسانە ئەگەر باوک و کوڕو براو عەشیرەتیان بێت، جا پاشان بە رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەڵێ و دەفەرموێت: ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ﴾ (المجادلة: ٢٢). واتا: کەسانێکت دەست ناکەوێت باوەڕ بهێنن بە اللَّه

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و بە ڕۆژی دوایی، لەکاتێکدا کەسانێکیان خۆش بوێت کە دژایەتی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پەیامبەرەکەیان کردبێت، ئەگەرچی ئەو دوژمنانە باوو باپیریان بن یان نەوەیان بن یان برایان بن یان عەشیرەتیان بن، ئەوانەی کە بەو شێوەیەن (ئیمان و باوەڕیان لە هەموو کەسێک لا بە نرختر و پیرۆزتر)، اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئیمان و باوەڕی لەدڵیاندا چەسپاندووەو جێگیری کردووە.

١٦. اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ داوامان لێدەکات دوژمنی خۆی و ئیمانداران نەکەینە دۆستی خۆمان هەروەکو دەفەرموێت:﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُمْ مِنَ الْحَقِّ﴾ (المُمتَحنَة: ١). واتا: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دوژمنانی من و دوژمنانی خۆتان مەکەنە دۆستی گیانی بەگیانی کە خۆشەویستیان بۆ دەربڕن، لە کاتێکدا ئەوان کوفریان کردووە بەو حەقەی کە بۆ ئێوە هاتووە لەلایەن اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وە کە قورئانی پیرۆزە.

١٧. اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی ئەوانەی کەسانێك دەکەنە خۆشەویستی خۆیان کە کوفریان لەلا خۆشەویستە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ (التوبة: ٢٣). واتا: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، باو و باپیران و براکانتان مەکەنە پشتیوان و خۆشەویستی خۆتان، ئەگەر ئەوان بێ باوەڕیان خۆش ویست و هەڵیانبژارد بەسەر

ئیمان و باوەڕدا، هەرکەس لە ئێوە پشت بەوان ببەستێت و خۆشی بوێن، ئائەوانە هەر ستەمکارن.

١٨. قورئان باسی مەشهەدێکمان بۆ دەکات لەڕۆژی دوای ئەو کەسانەی کە دۆستایەتی و خۆشەویستیان لەپێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبووە چۆن ئەو دۆستایەتیە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ڕق و کینەو دوژمنایەتی و چۆن ئەو ئەو پەیوەندیە گەرم گوڕەیان دەبێتە دوژمنایەتی، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا أَرِنَا اللَّذَيْنِ أَضَلَّانَا مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ الْأَسْفَلِينَ﴾ (فصلت: ٢٩) واتا: ئەی پەروەردگار ئەو دووانەمان نیشان بدە لە جن و مرۆڤ کە ئێمەیان گومڕا کرد تا بیانخەینە ژێر پێمانەوە بۆ ئەوەی زیاتر بچنە ژێرەوەی ئاگری دۆزەخ لە نزمترین پلەیدا زەلیلو ڕیسوا بن بەهۆی ئەوانەوە ئێمە گومڕا بووین.

١٩. هەروەها اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی هاوڕێیەتی لەدونیا کەلەپێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبووە و دین کۆی نەکردوونەتەوە دەفەرموێت: ﴿الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ﴾ (الزخرف:٦٧) واتا: دۆست و خۆشەویستانی دونیا لە ڕۆژی قیامەت هەموویان ئەبن بە دوژمنی یەکتری و لە یەکتری جیا ئەبنەوە لەبەر ئەوەی لە دونیادا بۆ بەرژەوەندی دونیا یەکیان خۆشویستووە تەنها ئەو کەسانە نەبێ کە تەقوای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان کردووەو لە دونیادا لەبەر اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یەکتریان خۆش ویستووە لە قیامەت نابن بە دوژمنی یەکتری، بەڵکو لە بەهەشتدا کۆ ئەبنەوەو دۆستی یەکن. هەروەها اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ

دەفەرموویێت: ﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا ۝٢٧ يَا وَيْلَتَىٰ لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ۝٢٨﴾ (الفرقان: ٢٧-٢٨) واتا: ڕۆژێک دێت ستەمکار قەپ دەکات بەهەردوو دەستی خۆیدا وگاز لە هەردوو دەستی خۆی دەگرێت (لە پەشیمانیدا و) دەڵێت: خۆزگە لەگەڵ پێغەمبەردا ڕێبازی ئیمانم بگرتایە مەرگ بۆ خۆم، خۆزگە فڵان کەسم نەکردایەتە هاوەڵ و دۆستی خۆم (چونکە سەری لێشێواندم).

٢٠. اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ باسی پەشیمان بوونەوەیەکی ترمان بۆ دەکات کەلەڕۆژی دوایدا زاڵمان و ستەمکاران و شوێنکەوتووەکانیان کە پەیوەندیەکەیان لەپێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبووە چۆن دەبنە دوژمنی یەک، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەو مەشهەدە ترسناکەمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰ إِذِ الظَّالِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمْ يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ الْقَوْلَ يَقُولُ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لَوْلَا أَنتُمْ لَكُنَّا مُؤْمِنِينَ﴾(سبأ: ٣١) واتا: خۆ ئەگەر دەبینی (لە ڕۆژی قیامەتدا) چۆن ستەمکاران وەستێنراون لەبەردەم (دادگای) پەروەردگاریاندا قسە دەڵێن بە یەکترو (یەکتری تاوانبار دەکەن)، لاوازکراوەکان بە زۆردارو دەسەڵاتدارەکان دەڵێن: ئەگەر ئێوە نەبوونایە ئێمە باوەڕدار دەبووین. ﴿قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا أَنَحْنُ صَدَدْنَاكُمْ عَنِ الْهُدَىٰ بَعْدَ إِذْ جَاءَكُم بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ﴾ (سبأ: ٣٢) واتا: دەسەڵاتدارو زۆردارەکانیش بەلاوازکراوو ژێردەستەکان دەڵێن: بۆچی ئێمە ڕێگەی هیدایەتمان لێبەستبوون و نەماندەهێشت دوای ئەوەی کە بۆتان هاتبوو؟! نا، وا نیە، خۆتان تاوانبارو تاوانکارن. ﴿وَقَالَ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا

لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَا أَن نَّكْفُرَ بِاللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُ أَندَادًا وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ وَجَعَلْنَا الْأَغْلَالَ فِي أَعْنَاقِ الَّذِينَ كَفَرُوا هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (سبأ: ٣٣) واتا: دووبارە لاوازکراو ژێردەستەکان بە زۆردارو دەسەڵاتدارەکان دەڵێن: نا، وانیە، بەڵکو پیلان و نەخشەی شەوانە ڕۆژ بوو کە فەرمانتان پیادەداین کە بڕوامان بە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبێ و (شوێنی ڕێگەو ڕێبازی نەکەوین)، هاوەڵی بۆ بریار بدەین، (پاشان هەموان) پەشیمانی لە دەروونیاندا دەشارنەوە (بەتایبەتی کاتێک کە) ئەو سزاو تۆڵەیان بینی کە بۆیان ئامادەیە، (ئەوسا ئیتر) کۆت و زنجیرمان کردە گەردنی ئەوانەی کە بێبڕوا بوون، مەگەر پاداشتیان لەبری کارو کردوەکانیان نیە؟

٢١. اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەو کەسانە بەریە کە کافران دەکەنە پشتیوانی خۆیان هەروەکو دەفەرموێت: ﴿لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ (آل عمران: ٢٨). واتا: نابێ باوەڕداران کافران بکەن بە دۆست و خۆشەویست و سەرخەرو پشتیوانی خۆیان و خۆشیانیان بوێ لە جگە لە ئیمانداران ﴿وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ﴾ وە هەر کەسێك وابکات ئەوا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەریە لەو کەسەو شتێکی لای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نامێنێ ﴿إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً﴾ ئیلا ئەگەر هاتوو ترسان بتانکوژن ئەوکاتە دروستە بە ئاشکرا وەلائی خۆتانیان بۆ دەربڕن بەڵام دڵتان پڕ بێت لە باوەڕ ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ﴾ وە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ

ئەتانترسێنێ و ئاگادارتان ئەکاتەوە بە نەفسی پیرۆزی خۆی نەکەن کافران بکەنە وەلی و دۆست و خۆشەویستی خۆتان چونکە سزای سەختتان دەدات ﴿وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ وە سەرەنجامی گەڕانەوەشتان هەر بۆ لای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە.

٢٢.کەسێك قەومێك یاخود کەسێکی خۆشبوێ ئەوە لەگەڵ ئەوە هەروەکو چۆن صەحابەی بەڕێز ابن مسعود (ت٣٢ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ لە رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وە بۆمان دەگێرێتەوە دەڵێ: ((عن عَبْد اللَّهِ بْن مَسْعُودٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال :جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، كَيْفَ تَقُولُ فِي رَجُلٍ أَحَبَّ قَوْمًا وَلَمْ يَلْحَقْ بِهِمْ ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ))[٢٠٥] واتا: لە عبداللّەی کوڕی مەسعودەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: پیاوێك هات بۆ لای رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وتی: یا رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چی دەڵێی: سەبارەت بە پیاوێك کەوا خەڵکانێکی خۆش دەوێت نەشگەیشتووە بەوان ؟ رسول اللَّەش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە خۆشی دەوێت. جا سەرنج بدە چەند کەس لەئێمە کەسانێکی زاڵم و ستەمکارمان خۆشدەوێ ؟! بەڵکو لەوەش خراپتر کەسانێکمان خۆشدەوێت کە کافری ئەصڵین وەك چۆن کەسانێك لەئێمە یاریزانێکی داوێن پیسی خۆشدەوێت لەکاتێکدا هەر پێشی نەگەیشتووە !

---

٢٠٥) (أخرجه البخاري (٦١٦٩) من حديث عبدالله بن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٢٣.هەروەها ئامۆژگاری رسول اللە ﷺ بۆ صەحابەی بەڕێز جریر بن عبداللە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ کە پێی فەرموو: ((وتَنْصَحُ لِلْمُسلِمِ، وتَبْرَأُ مِنَ الْكافِرِ))[٢٠٦] واتا: ئامۆژگاری هەموو موسڵمانێك بکەو خۆت بەری بکە لە کافر.

٢٤.اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی خۆشەویستی دۆستایەتی ئیمانداران دەفەرموێت: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (التوبة:٧١) واتا: باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت هەندێکیان دۆست و خۆشەویست و سەرخەری هەندێکی تریانن فەرمان ئەکەن بەچاکەو ڕێگری ئەکەن لە خراپە وە نوێژەکانیان ئەنجام ئەدەن و زەکاتی ماڵەکانیان ئەدەن وە گوێڕایەڵی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەکەن هەر کەسێك ئەم سیفەتانەی تیابێت اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕەحم لەو کەسانە ئەکات بەراستی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زۆر بەعیزەت و بااڵدەست و کاربەجێیە.

٢٥.بەجێ هێنانی ئەو بیروباوەڕە ئیمان کامڵ دەبێت هەروەکو چۆن رسول اللّە ﷺ دەفەرموێت: ((مَنْ أَحَبَّ لِلَّهِ، وَأَبْغَضَ لِلَّهِ، وَأَعْطَى لِلَّهِ، وَمَنَعَ لِلَّهِ ؛ فَقَدِ اسْتَكْمَلَ الْإِيمَانَ))[٢٠٧] واتا: هەرکەسێ خۆشەویستی لە پێناو اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بوو، وە ڕقی لە پێناو اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بوو، وە لە

---

٢٠٦) ((مسند الأمام أحمد (١٩١٥٣)).

٢٠٧) ((سنن أبو داود(٤٦٨١) عَنْ أَبِي أُمَامَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

پێناو اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەخشی، وە لە پێناو اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وازی هێنا، ئەوا ئیمانی تەواوە کردووە.

٢٦.عەمری کوڕی عاص رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەربارەی وەلائو بەرائی رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جِهَارًا غَيْرَ سِرٍّ يَقُولُ : إِنَّ آلَ أَبِي لَيْسُوا بِأَوْلِيَائِي، إِنَّمَا وَلِيِّيَ اللَّهُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ))[٢٠٨] واتا: عەمری کوڕی عاص دەڵێ: لە رسول اللّەم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیستووە، بەئاشکرا نەك بەنهێنی، دەیفەرموو: بابزانن کەسوکاری باوکم پشتیوان و هاوکاری من نین، بەڵکو پشتیوانم اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و باوەڕدارە چاکەکانن.

٢٧.رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەهی کردووە لەچەند کاتێك نوێژ بکرێت و واز لەگەورەترین پەرستش بێنین تەنها لەبەر ئەوەی خۆمان بەکافران نەچوێنن هەروەکو چۆن رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئامۆژگاری صەحابەی بەڕێز عبداللّەی کوڕی عەمری کوڕی عاص رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەکات و پێی دەفەرموێت: ((صَلِّ صَلَاةَ الصُّبْحِ، ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلَاةِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ حَتَّى تَرْتَفِعَ ؛ فَإِنَّهَا تَطْلُعُ حِينَ تَطْلُعُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ ، وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الْكُفَّارُ... ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلَاةِ حَتَّى تَغْرُبَ الشَّمْسُ ؛ فَإِنَّهَا تَغْرُبُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ، وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الْكُفَّار))[٢٠٩] واتا: نوێژی بەیانی بکە پاشان واز لەنوێژ کردن بێنە هەتا ئەو کاتەی خۆر دەردەکەوێت و بەرز دەبێتەوە (بەئەندازەی ڕمحێك) ، خۆر کاتێك دەردەکەوێت لە نێوان دوو قۆچی شەیتانێك دەردەکەوێت ، وە لەو کاتەدا کافرەکان سوجدە بۆ خۆر

---

٢٠٨) ((أخرجه البخاري(٥٩٩٠) ومسلم(٢١٥)).

٢٠٩) ((أخرجه مسلم(٨٣٢)) عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

دەبەن... پاشان واز لەنوێژکردن بێنە هەتا ئەو کاتەی ڕۆژ ئاوا دەبێت لە نێوان دوو قۆچی شەیتانێك ئاوا دەبێت، لەو کاتەدا کافرەکان سوجدەی بۆ خۆر دەبەن.

ئەهلی سوننەو جەماعەت دەربارەی وەلائو بەڕائ خەڵکی بۆ سێ بەش دابەش دەکەن:

یەکەمیان: ئەوانەی شایستەی وەلائی (خۆشەویستی و دۆستایەتی) ڕەهان: ئەوانیش ئیماندارە چاکەکانن، ئەوانەی ئیمانیان بە اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و بە پێغەمبەرکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوەو دروشمە ئایینیەکان جێ بەجێ دەکەن بەکردەوەو بەزانست و بیروباوەڕەوە، وە عیبادەتی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن بە ئیخڵاص و بەدڵسۆزیەوە. اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت:﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ ۝٥٥ وَمَنْ يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ﴾ (المائدة:٥٥-٥٦) واتا: پشتیوان و دۆستی ئێوە ئەی موسڵمانان هەر اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پەیامبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و باوەڕدارانن، ئەوانیش ئەوانەن بەڕێکوپێکی نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و، هەمیشەش دیاردەی کڕنوش و ملکەچی بۆ فەرمانەکانی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان پێوە دیارە وە هەر کەسێك وەلائو خۆشویستنی بۆ اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و بۆ پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بۆ باوەڕداران هەبێت ئەوە حیزب و کۆمەڵی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەوان هەمیشە سەرکەوتوو زاڵن بەسەر کافراندا.

دووەم: ئەوانەی شایستەی وەلائن(دۆستایەتین) لەلایەك و وەشایستەی بەڕائن(دژایەتی) لەلایەکیتر: ئەوانیش ئیماندارە تاوانبارەکانن کە خۆشەویستی و دژایەتیان تێدا کۆبۆتەوە، ئەوانەی خۆشویستراون لەبەر ئیمانیان و گوێڕایەڵیان و تەقوایان، وە ئەوانەشی کە ڕقلێ بوەوەن لەبەر تاوان و لادانیان لەحەق بێجگە لەشیرك کوفر، نمونەی موسوڵمانێکی تاوانبار کە کاروکردەوەی باش و خراپەی هەیە، کەسێك کە هەندێك لە واجباتەکان پشتگوێ دەخات و بەشێك لەحەرامکراوەکان دەکات بێجگە لەکوفر، جا نمونەی ئەوانە خۆشەویستیان بۆ دەردەبڕدرێت بەگوێرەو ئەندازەی ئەو چاکانەی کەدەیکەن، وە دوژمنایەتیان دەکرێت بەگوێرەو ئەندازەی ئەو خراپانەی کە دەیکەن، وەك چۆن پێویستەو واجبە ئامۆژگاری بکرێن و بێدەنگ نەبوون لەسەر تاوانەکانیان بەڵکو فەرمانیان پێدەکرێت بەچاکەو ڕیگریان لێدەکرێت لەخراپە، وە حەددە شەرعیەکانیان لەسەر جێ بەجێدەکرێت وە سەرزەنشتبکرێت تاکو دەست لەتاوانەکانیان هەڵدەگرن و واز لەخراپەکاریەکان دێنن هەروەکو چۆن رسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەڵ ئەو پیاوە ئەنجامی دا کەناوی عبداللّٰه بوو لەقەبەکەی گوێدرێژ بوو جا کاتێك هێنایان بۆلای رسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەشروبی خواردبۆوە بەشێك لەصەحابەکان نەفرەتیان لێکرد، رسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: نەفرەتی لێ مەکەن سوێند بە اللّٰه ئەو پیاوە اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

خۆشدەوێت»[٢١٠] وە لەگەڵ ئەوشدا رسول اللّه ﷺ حەددی شەرعی لەسەر جێ بەجێ کرد.

سێیەمیان: ئەوانەی شایستەی بەڕائو ڕقلێبونەوەی ڕەهان: ئەوانیش کافرەکانن ئەوانەی کە شیرك و کوفرو نیفاقیان دیارەو ڕوونە لەیەهودیەکان و نەصڕانیەکان و مولحیدەکان و بتپەرستەکان و مەجوسیەکان و دووڕووەکان و ئەوانەشی کە خۆیان بەگەورە دەزانن بەسەر اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، یان ئەوانەی کە شوێنیان دەکەون لە ئەحزابە عەلمانیەکان، وە هەروەها ئەو حوکمە جێ بەجێ دەبێ لەسەر ئەو کەسەی کردەوەی کوفر دەکات وەکو ئەو هەڵگەراوانەی (مورتەددائەی) کە خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام لەبەر کەوتنە ناو هەڵوەشێنەرەوەیەك لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام، یان ئەو کەسەی کەسێك دەکاتە شەریك و هاوبەش بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەعیبادەتدا، یان جۆرێك لەجۆرەکانی عیبادەتی بۆ ئەنجام دەدات، وەکو دوعاکردن و داواکردن لەغەیری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، هانا بردن بۆ غەیری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان تەوەکولکردن و سەربڕین و نەزرکردن بۆ غەیری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، یان جوێندان بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰو پێغەمبەرەکەی ﷺ یان دینەکەی، یان واز هێنان

---

٢١٠) ((أنَّ رَجُلاً علَى عَهْدِ النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ كانَ اسْمُهُ عَبْدَ اللَّهِ، وكانَ يُلَقَّبُ حِمَارًا، وكانَ يُضْحِكُ رَسولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، وكانَ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ قدْ جَلَدَهُ في الشَّرَابِ، فَأُتِيَ به يَوْمًا فأمَرَ به فَجُلِدَ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ القَوْمِ: اللَّهُمَّ العنْه، ما أكْثَرَ ما يُؤْتَى بهِ؟ فَقَالَ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: لا تَلْعَنُوهُ، فَوَاللَّهِ ما عَلِمْتُ إنَّه يُحِبُّ اللَّهَ ورَسولَهُ)). أخرجه البخارى (٦٧٨٠).

لە نوێژە واجبەکان بەبێ عوزر، یان لابردنی شەریعەت و دین بەبیانووی ئەوەی بۆ ئەو زەمنەی ئێستا گونجاو نییە یان هاوشێوەی ئەو کردەوە هەڵگەڕاوانە، اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ (التوبة:٧٣) واتا: ئەی محمد بجەنگە دژی کافر و دووڕوەکان و توندو تیژبە لەسەریان، ئەوانە شوێنیان دۆزەخە، ئای کە سەرنجامێکی خراپە. هەروەها دەفەرموێت: ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ﴾ (المجادلة: ٢٢). واتا: کەسانێکت دەست ناکەوێت باوەڕ بهێنن بە اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ و بە ڕۆژی دوایی، لەکاتێکدا کەسانێکیان خۆش بوێت کە دژایەتی اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ و پەیامبەرەکەیان کردبێت، ئەگەرچی ئەو دوژمنانە باوو باپیریان بن یان نەوەیان بن یان برایان بن یان عەشیرەتیان بن، ئەوانەی کە بەو شێوەیەن (ئیمان و باوەڕیان لە هەموو کەسێک لا بە نرختر و پیرۆزتر)، اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ئیمان و باوەڕی لەدڵیاندا چەسپاندووەو جێگیری کردووە.

ئەهلی سوننەو جەماعەت: بیرباوەڕیان وایە کە خۆشەویستی لەپێناو اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ چەند پێویستی و مافێکی هەیە کە پێویستە ئینسانی موسوڵمان جێ بەجێیان بکات تاکو ئیسلامەتی و ئیمانی تەواو بێت و ڕزگاری بێت لە کەتنە ناوەوەی شیرك و کوفر لەوانە:

یەکەمیان: هیجرەتکردن و ڕۆیشتن لە وڵاتی کوفر بۆ وڵاتی موسوڵمانان بێجگە لەکەسێکی بێ توانا، وە کەسێك نەتوانێ هیجرەت بکات لەبەر چەند هۆکارێکی شەرعی.

دووەم: خۆدانە پاڵ جەماعەتی موسوڵمانان و جیانەبوونەوە لێیان، وە یارمەتی دانیان لەسەرچاکەو تەقوادارى، وە فەرمانکردن بەچاکەو و ڕێگری کردن لەخراپە.

سێیەمیان: ئەوەی بۆخۆی پێی خۆشە لەچاکە بۆ موسوڵمانان پێی خۆشبێت، وە لادانی خراپە و سوور بوون لەسەر خۆشەویستیان، وە دانیشتن لەگەڵیان و موشاوەکردن لەگەڵیان.

چوارەم: جاسوسی نەکردن لەسەر موسوڵمانان، یان نەقڵکردنی هەواڵ و نهێنی ئەوان بۆ دوژمنەکانیان، وە لابردنی ناخۆشیەکان لەسەریان بەهەموو جۆرەکانی و چاککردنی نێوانی موسوڵمانان.

پێنجەم: سەرخستنی موسوڵمانان بەسەر دوژمنەکانیان، وە واز لێ نەهێنانیان بەهیچ شێوەیەك لەکاتی ناخۆشی و خۆشی و توندی و خۆشگوزەرانی لەهەموو کات و شوێنێکدا، وە یارمەتی دانیان بەنەفس و بەماڵ و بەزمان، وە بەژداری کردن لەگەڵیان لەخۆشیان و ناخۆشیان.

شەشەم: پێدانی حەق و مافیان، سەردان کردنی نەخۆش و شوێنکەوتنی جەنازەی مردوو نەرم و نیان بوون لەگەڵیان و ڕاخستنی باڵی ڕەحمەت بۆیان دوعاکردن و داوای لێخۆشبوون بۆیان، سەلام کردن لێیان و نەرم بوون لەگەڵ بێتواناکانیان، غەش نەکردن لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵیان، یان خواردنی ماڵیان بەباطڵ، یان مامەڵە کردن

لەسەر مامەڵەیان، یان خواستنی ئافرەت لەسەر خواستنی ئافرەتیان، وە هەجر نەکردن و واز لێنەهێنانیان قسە لەگەڵ نەکردنیان لەسەرووی سێ ڕۆژ.

حەوتەم: هەتکنەکردنی ناموسی موسوڵمانان و تەکفیر نەکردنیان و بەحەڵاڵ زانینی خوێنیان، یان بەحەڵاڵ زانینی ناموسیان و ماڵیان و زوڵم کردن لێیان و جوێن پێدانیان، یان لەعنەت کردن لێیان، یان تەعەدا کردن لێیان، یان گومانی خراپ بردن پێیان، یانگاڵتە کردن پێیان و غەیبەتکردنیان و نەمیمە کردن و تێکدانی نێوانیان.

ئەهلی سوننەو جەماعەت: بیروباوەڕیان وایە کە دوژمنایەتی لەپێناو اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چەند شتێك لەخۆ دەگرێت لەژیانی موسوڵماندا پێویستەو واجبە جێ بەجێی بکات و موراعاتی بکات و دەستی پێوە بگرێ تاکو سەلامەت بێ لە کوفرو کەتنە ناوەوەی کوفر و موافەقەی ئەهلی کوفر لەوانە:

یەکەمیان: ڕق لێبوونەوەی شیرك و کوفرو ئەهلەکەی و مەزهەبەکانی بەهەموو جۆر و شێوەکانی، وە هەبوونی عەداوەت و دوژمنایەتی بۆ ئەهلی کوفرو شیرك و ئیعلان کردن و ڕاگەیاندی بەڕائەت و بەریبوون لێیان لەخوا کانیان و لەکوفرو شیرکیان و لەهەموو بیرو ڕاکانیان و یاساکانیان و تەشریعیان، وە ئەوەشی لە جیاتی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەپەرستن.

دووەمیان: نەکردنی کافران بەدۆست و سەرخەرو پشتیوان، یان مەیلکردن بۆیان لەهاوڕێیەتی کردنیان و پشت پێ بەستنیان و

ئیعتیمادکردنه سەریان، وە خۆشنەویستنیان، یان بەگەورە زانینیان و ڕێزگرتنیان، یان پێکەنین بەڕووی و ڕووخۆش بوون لەگەڵیان هەتا ئەگەر کەسی نزیکیش بێت یان تایبەت بێت.

سێیەمیان: جێهێشتنی شاری بێباوەڕان بەگشتی و نیشتەجێ نەبوون تێیدا و زۆر نەکردنی ژمارەیان، وە سەفەر نەکردن بۆ شاری بێباوەڕان ئیلا بۆ پێویستی و هەبوونی توانا لەدەرخستنی شەعائیرە دینیەکان و دەعوە کردن بۆ دین.

چوارەم: خۆ نەچواندن پێیان لەو شتانەی کە ئەوان پێی دەناسرێنەوەو تایبەتە بەوان لەڕووی دین و دونیایان، بۆ نمونە خۆ چواندن لەشتە دینیەکانیان یان لە دروشمە ئاینیەکانیان و ڕێچکە پەرستشەکانیان، یان وەرگێڕانی کتێبەکانیان و ئاسانکردنی بۆ خوێندنەوە، یان وەرگرتنی زانستەکانیان بەبێ لێکۆڵینەوە لێی و پاکردنەوەی بە ڕێکارە شەرعیەکان، یان هێنانی یاساکانیان و مەنهەجەکانیان لە حوکم و لەپەروەردەو فێرکردن و کارکردن پێی و پەیوەست کردنی خەڵکی پێی، هەروەها لەشتە دونیاییەکان خۆ چواندن پێان لە ڕەوشتیان و ئاداب و عادەتی تایبەت بەخۆیان، وەك خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگ، یان ناونان بەناوەکانی ئەوان، یان شوێنکەوتنی عادەت و تەقالیدیان کە لەناو موسوڵمانان نەناسراوە.

پێنجەم: سەرنەخستنی کافران، یان مەدح کردن و پیاهەڵدانیان، یان بڵاوکردنەوەی چاکەو فەزڵیان، یان یارمەتی دانیان لەسەر کوفرەکەیان یان پیلانگێڕان لەگەڵیان لەدژی موسوڵمانان یان گواستنەوەی هەواڵی موسوڵمانان و نزیکبوونەوە لێیان.

شەشەم: بەژداری نەکردن لەجەژنی کافرەکان و بۆنە ئایینیەکانیان، یان پیرۆزبایی لێکردنیان بەبۆنەی ئەو موناسەبانە، بەهەمان شێوە گەورە نەکردنیان بەوتەو کردەوە وەك قسەکردن لەگەڵیان بەگەورەم و مەولام و هاوشێوەکانیان لەکاتێدا اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زەلیلیکردوون و ڕیسوای کردوون.

حەوتەم: نەناردنی ڕەحمەت بۆیان و داوای لێخۆشبوون بۆیان چونکە ئەو کردەوەیە خۆشویستن لەخۆی دەگرێت، وەبەڕاست زانینی ئەو شتەی کە ئەوا لەسەرین لەخراپەو پوچەڵی کارەکانیان.

هەشتەم: تەنازول نەکردن بۆ کافران و موجامەلەو خۆنزیك کردنەوە لێیان لەسەر حیسابی دین، یان بێدەنگ بوون لەسەر ئەوەی ئەوان لەسەرینە لەخراپەو باطڵ.

نۆیەم: حوکم نەبردنەوە بۆلایان، یان ڕازی بوون بە حوکمیان، یان ڕق لێبوونەوە لەحوکمیان و واز هێنان لە شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوویان یان شوێنکەوتن و موتابەعەکردنیان لەهەر کارێکیان چونکە شوێنکەوتنیان بەواتای واز لێهێنانی حوکمی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دێت.

دەیەم: شوێنەکەوتنی کافرو موشریکان یان گوێڕایەڵیان لەو شتانەی کە فەرمانی پێدەکەن و ئاماژەی پێدەدەن.

یانزەم: دەست پێشخەری نەکردن لەسلامکردن لێیان)).[٢١١]

---

٢١١) ((الوجيز في عقيدة السلف الصالح (ص: ١٣٤- ١٤٣)).

بەڵگە فەرموودەییەکان و وتەی زانایانی سەلەف لەسەر وەلائو بەڕائـ
(خۆشەویستی و دژایەتی):

١. ((هـەڵوێستی رسول اللّەو ﷺ هـاوەڵانی رضي الله عنهم رسول اللّه ﷺ دەربارەی ئەو سێ هاوەڵەی کە لەجەنگی تەبوك دوا کـەوتـن و نەچوون جا یـەکێـك لـەوانـە کـەعبـی کـوڕی مالیـك بـوو جـا ڕوداوەکـەی بـەدرێـژی دەگێڕێتـەوەو دەڵـێ: چومـە خزمـەت رسـول اللّـە ﷺ سڵاوم لێی کرد زەردەخەنەی کرد، زەردەخەنەی کەسێکی توڕەکراو پاشان فەرمووی وەرە منیش چووم تا لەبەردەمی دانیشتم پێـی فـەرمـووم: چـی دوای خستی ئایـا تـۆ وڵاغـت نـەکڕیبـوو ؟ وتـم بـەڵـێ، جـا کـەعـب هـیـچ بەهانەیەکی نـەبـوو رسـول اللّـە ﷺ گـوتـی: بـڕۆ هـەسـتـە تـا اللّـە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فـەرمـان دەربـارەت دەدات، رسـول اللّـە ﷺ لـەخـەڵکـی قەدەغەکرد کە لەناو دواکەوتووەکان قسە لەگەڵ ئەم سیانەمـان بکـەن خەڵك لێمان دوور کەوتنەوەو لێمان گۆڕان، تـاکـو زەویشم لێ گـۆڕابـوو، جـا بەو شێوەیە پەنجا شەو ماییـنـەوە.. جـا کـەعـب لـەدرێـژەی قسـەکـانـی دەڵـێ: دەردەچووم لەگەڵ موسوڵمانان ئامادەی نوێژەکـان دەبـووم و بـەبـازاڕدا دا دەگەڕام و کەسیش قسـەی لـەگـەڵـم نـەدەکـرد، دەچـومـە لای رسـول اللّـە ﷺ کاتێك دوای نوێژەکان کۆڕی دەبەست سڵاوم لێدەکرد، لەدڵی خۆمدا دەمگوت: ئایە بۆ وەڵامدانەوەی سڵاوەکەم لێوەکانی جولاند یان نا ؟ لەنزیکی رسول اللّه ﷺ نوێژم دەکرد، بەکەلای چـاو بـۆم دەڕوانـی و سـەیـرم دەکـرد، کاتێـك سـەیـرم بکردبایـە ڕووی لـێم وەردەگێـڕا ئـەو حاڵەتە درێژەی کێشا بێزار بووم چوومە لای ئەبو قەتادە کوڕی مـامم بـوو و خۆشـەویسـتـرین کـەس بـوو لـەلام سـڵاوم لێیکـرد سـوێن بـە اللّـە

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەڵامی سڵاوەکەی نەدامەوە. جا دەڵێ لەپەنجا ڕۆژەکە چل ڕۆژی ڕۆیشت نێردراوی ڕسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتە لام وتی: ڕسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانت پێدەکات لە هاوسەرەکەت کەنار بگری و دوور کەوپەوە، وتم: تەڵاقی بدەم ؟ وتی: نا تەنها لێی دوور کەوە منیش گوتمە خێزانەکەم برۆ بۆماڵی باوکت جارێ، تا اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فەرمانی خۆی دەدات. تاکو پەنجا ڕۆژەکە تەواو بوو جا دەربارەی ئێمە، اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەو ئایەتەی دابەزاند:﴿وَعَلَى الثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّىٰ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنْفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَنْ لَا مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلَّا إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾(التوبة:١١٨) واتا: هەروەها تەوبەی ئەو سێ کەسەشی وەرگرت کە (لە غەزای تەبووک) دواخران دوای ئەوەی کە زەوی چەندە فراوانە لێیان تەنگ بۆوە، خۆیشیان لە خۆیان بێزار بوون، دڵنیاش بوون کە هیچ پەنایەک نیە (لەخەشم و قینی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ)بیانپارێزێت) جگە لەوەی خۆیان بدەنە پەنای ئەو زاتە، پاشان تەوبەی لێوەرگرتن، تا تەوبە بکەن، بەڕاستی هەر اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ تەوبە وەرگرو میهرەبانە. (لە غەزای تەبووکدا سیان لە هاوەڵان بێ هیچ بیانوویەک خۆیان دواخست کە بریتی بوون لە: کەعبی کوڕی مالیک و مەرارەی کوڕی ڕەبیع و هیلالی کوڕی ئومەییە، کاتێک ڕسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەڕایەوە، دووڕووەکان دەهاتن و هەریەک بە بیانویەک پاکانەیان دەکرد، بەڵام ئەو سێ ئیماندارە هیچ بیانویەکیان نەبوو، دانیان بەهەڵەی خۆیاندا نا، ڕسول اللّٰەش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانیدا کەکەس قسەیان لەگەڵدا نەکات و دەبێت نەچن بەلای خێزانەکانیاندا،

ئەم تەمێ کردنەش، پەنجا شەوی خایاند»[٢١٢] جا سەرنجی ئەو ڕووداوە بدە صەحابەیەك کە لەگەڵ رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ بەژداری چەندین جەنگی کردووە و لەگەڵ رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ و صەحابەکان رَضِيَٱللَّهُعَنْهُمْ لەمزگەوت نوێژی کردووە و شەریعەت و بەرنامەی اللەی سەر خستووە بەڵام بەهۆی ئەوەی بەژداری جەنگێك ناکات رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ قسەی لەگەڵ ناکات بەڵکو بەخەڵکیش دەڵێ قسەی لەگەڵ مەکەن هەتا سەلامیشی لێناکەن ! ئەی چی دەربارەی ئەوانەی کە شەو ڕۆژ دوژمنایەتی دین و بەرنامەی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەکەن و موسوڵمانان ئەزیەت دەدەن و دەکوژن و ڕێگرن لەشەریعەتی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ؟! تۆش خۆشەویستیت بۆ ئەو جۆرە کەسانە هەیە ! واللّه المستعان.

٢. ابنِ عَبّاس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَٱللَّهُعَنْهُمَا دەڵێ: ((مَا فِي الْأَرْضِ قَوْمٌ أَبْغَضَ إِلَيَّ مِنْ أَنْ يَجِيئُونِي فَيُخَاصِمُونِي مِنَ الْقَدَرِيَّةِ فِي الْقَدَرِ، وَمَا ذَاكَ إِلاَّ أَنَّهُم لاَ يَعلمون قَدَرَ اللَّه وَأَنَّ اللَّهَ عَزَ وَجَلّ لا يُسأَلُ عَمَّا يَفعَلُ وَهُم يُسْأَلُونَ))[٢١٣] واتا: هیچ قەومێك لەسەر زەوی لەلام ڕق لێبووەوە نییە هێندەی ئەوانەی دێن بۆلام مشتومڕم لەگەڵ دەکەن دەربارەی قەدەریەکان لەقەدەردا، ئەوە هیچ نییە ئلا ئەوە نەبێ کە ئەوان نازانن قەدەری اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ چییە، و اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ پرسیاری لێناکرێ لەوەی دەیکات بەڵکو ئەوان پرسیاریان لێدەکرێت.

---

٢١٢) (أخرجه البخاري (٤٤١٨)). ومسلم (٢٧٦٩) من حيديث عبدالله بن كعب رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ

٢١٣) ((رَوَاهُ الآجَرِيّ في الشَرِيعَة (ص٢١٣)).

٣. ((كان أحمد بن حنبل (ت٢٤١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ إِذَا نَظَرَ إِلى نَصْرَاني أَغْمَضَ عَيْنَيْهِ، فَقِيلَ لَهُ فِي ذَلِكَ، فَقَالَ: لَا أَقْدِرُ أَنْ أَنْظُرَ إِلى مَنِ افْتَرى عَلَى اللَّهِ وَكَذَبَ عَلَيْهِ))[٢١٤] **واتا: كاتێک ئیمامی أحمد** رَحِمَهُ ٱللَّهُ **کەسێکی نەصرانی بینیبایە چاوەکانی دادەخستپێیان دەگوت: بۆ وا دەکەی ؟ دەیفەرموو: ناتوانم سەیری کەسێک بکەم کە بوختان ودرۆ لەسەر اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەکات.**

٤. ((أَنَّ أَبَا عَبْدِ اللَّهِ رَحِمَهُ ٱللَّهُ سُئِلَ عَنْ رَجُلٍ لَهُ جَارٌ رَافِضِيٌّ- يُسَلِّمُ عَلَيْهِ قَالَ : لَا وَإِذَا سَلَّمَ عَلَيْهِ لَا يَرُدُّ عَلَيْهِ))[٢١٥] **واتا: ئیمامی ئەحمەد** رَحِمَهُ ٱللَّهُ **پرسیاری لێکرا دەربارەی پیاوێك دراوسێیەکەی رافیضیە سەلامی لێدەکات گوتی: نا ئەگەر سەلامی لێکرد وەڵامی ناداتەوە.(واتا: وەڵامی پیاوە ڕافیضیەکە ناداتەوە).**

٥. **ئیمامی** أَحمَد بن حنبل (ت٢٤١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((إِذَا سَلَّمَ الرَّجُلُ عَلَى الْمُبْتَدِعِ فَهُوَ يُحِبُّهُ))[٢١٦] **واتا: ئەگەر پیاوێك سەلامی لە موبتەدیعێك کرد ئەوە خۆشی دەوێت.**

٦. ((كَانَ الشَافِعِيُّ الشافعي: (ت٢٠٤ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ شَدِيدًا عَلَى أَهْلِ الْإِلْحَادِ وَأَهْلِ الْبِدَعِ مُجَاهِرًا بِبُغْضِهِمْ وَهَجْرِهِمْ))[٢١٧] **واتا: ئیمامی شافعی ڕقی لە موليحد و**

---

٢١٤) ((طبقات الحنابلة (١٢/١)).
٢١٥) ((طبقات الحنابلة (١٤/٢))
٢١٦) ((طَبَقات الحنابِلةَ (١٩٦/١))
٢١٧) ((مناقب الشافعي (٤٦٩/١)).

ئەهلی بیدەع بوو وە بە ئاشکرا دەری دەبڕی دووردەکەوتەوە لێیان و هەجریانی دەکرد.

٧. ابن عەقیل حەنبەلی (ت٥١٣ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((إِذَا أَرَدْت أَنْ تَعْلَمَ مَحَلَّ الْإِسْلَامِ مِنْ أَهْلِ الزَّمَانِ فَلَا تَنْظُرْ إلَى زِحَامِهِمْ فِي أَبْوَابِ الْجَوَامِعِ، وَلَا ضَجِيجِهِمْ فِي الْمَوْقِفِ بِلَبَّيْكَ، وَإِنَّمَا انْظُرْ إلَى مُوَاطَأَتِهِمْ أَعْدَاءَ الشَّرِيعَةِ))[٢١٨] **واتا: ئەگەر ویستت پلەو پایەی دینی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لە دڵی خەڵکیدا بزانیت چەندە بە پاڵە پەستۆیان لە دەرگای مزگەوتەکاندا ئەوەت بۆ دەرناکەوێت، نە بە هاوار و گریانیان لە تەوافدا ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەڵکو بە پێکهاتن و ڕێککەوتنیان لە گەڵ نەیارانی شەریعەتدا بە نهێنی و بە ئاشکرا ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە.**

٨. ئیمامی شوعبە (ت١٦٠ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((كَانَ سُفْيان الثَّوْرِي يَبْغُضُ أَهْلَ الْأَهْوَاءِ وَيَنْهَى عَنْ مُجَالَسَتِهِمْ أَشَدَّ النَّهِي))[٢١٩] **واتا: ئیمام شوعبە دەڵێ: سوفیانی ثەوری زۆر ڕقی لە مەجلیسی ئەهلی هەواو ئارەزوو بوو وە بەتوندی نەهی دەکرد لە مەجلیسەکانیان.**

٩. ابن تیمیة (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەفەرموویت:** ((وَلْيَعْلَمْ أَنَّ الْمُؤْمِنَ تَجِبُ مُوَالَاتُهُ وَإِنْ ظَلَمَك وَاعْتَدَى عَلَيْك وَالْكَافِرُ تَجِبُ مُعَادَاتُهُ وَإِنْ أَعْطَاك وَأَحْسَنَ إلَيْك؛ فَإِنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ بَعَثَ الرُّسُلَ وَأَنْزَلَ الْكُتُبَ لِيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ فَيَكُونُ الْحُبُّ لِأَوْلِيَائِهِ وَالْبُغْضُ لِأَعْدَائِهِ وَالْإِكْرَامُ لِأَوْلِيَائِهِ وَالْإِهَانَةُ لِأَعْدَائِهِ وَالثَّوَابُ لِأَوْلِيَائِهِ

---

٢١٨) ((الآداب الشرعية لابن مفلح (١/ ٢٣٨)).

٢١٩) ((أخرجه نصر بن إبراهيم المقدسي في مختصر الحجة على تارك المحجة ص:٤٦٠)).

وَالْعِقَابُ لِأَعْدَائِهِ))[220] واتا: بزانە کە دۆستایەتی ئیماندار واجبە، ئەگەر چیش ستەم و دژایەتیت بکات، وە دوژمنایەتی و دژایەتی کافر واجبە ئەگەر چیش یارمەتیت بدات و چاکەت لەگەڵدا بکات، لەبەر ئەوەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نێردراوانی ناردوە و کتابەکانی دابەزاندووە بۆ ئەوەی دین هەر هەمووی بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت، جا بەم شێوەیە خۆشەویستی بۆ دۆست و ئەولیاکانی بێت، وە ڕق و دژایەتی بۆ دوژمنانی، وە ڕێزگرتنی ئەولیاکانی، وە ئیحانە و سوکایەتی بۆ دوژمنانی، وە پاداشت بۆ ئەولیاکانی، وە سزا بۆ دوژمنانی.

١٠. ئیمامی بەغەوی (ت ٥١٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَقَدْ مَضَتِ الصَّحَابَةُ وَالتَّابِعُونَ وَأَتْبَاعُهُمْ، وَعُلَمَاءُ السُّنَّةِ عَلَى هَذَا مُجْمِعِينَ مُتَّفِقِينَ عَلَى مُعَادَاةِ أَهْلِ الْبِدْعَةِ، وَمُهَاجَرَتِهِمْ))[221] واتا: هاوەڵان و تابعین و شوێنکەوتوانیان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ، وە زانیانی شوێنکەوتەی سوننەت رَحِمَهُمُ ٱللَّهُ لەسەر ئەوە ڕۆیشتون و یەک دەنگ و هاوڕابوون لەسەر دژایەتی کردنی ئەهلی بیدەع و هەجرکردنیان.

خوێنەری بەڕێز زانایان حوکمی شەرعیان دەربارەی موافەقەکردنی کافرانیان ڕوونکردۆتەوە لە کتێبە عەقیدەییەکان بەکورتییەکەی موسوڵمان لەموافەقەکردن کافران سێ حاڵەتی هەیە:

حاڵەتی یەکەم: موافەقەکردنی کافران لە باطن (ناوەوە) و ظاهیردا (ڕوکەش): برتییە لەپشت بەستن و دۆستایەتی کافران بەرەهایی؛ ئەوەش بەخۆشەویستی دەربڕین بۆیان و مەیلکردن و خۆچواندن پێیان

---

٢٢٠) ((مجموع الفتاوى (٢٨/ ٢٠٩)).

٢٢١) ((مجموع الفتاوى (٢٨/ ٢٠٩)).

و پەنابردن بۆیان و داواکردنی سەرکەوتن لێیان و ملکەچبوون بۆیان لەو شتانەی کە دەیخوازن؛ ئەوەش دۆستایەتیەکی رەهایە، جا ئەوە هەڵگەڕانەوەو (ڕیددەیە) و کوفری گەورەیەو دەرچوونە لەئیسلام و میللەتی ئیسلام بە کۆدەنگی زانایان ئەگەرچی خاوەنەکەشی بانگەشەی موسوڵمانێتی بکات یان ئیعلانی بەشێك لە شەعائیرەکانی ئیسلامی کردبێ.

حاڵەتی دووەم: موافەقەکردنیان لەباطندا (ناوەوە) بەبێ ظاهیر(ڕوکەش): ئەوەش دەرچوونە لەئیسلام بە کۆدەنگی زانایان؛ چونکە ئەوە دووڕووی بیروباوەڕییە (النفاق العقدي) دووڕووی گەورەیە (نفاق أكبر).

حاڵەتی سێیەم: موافەقەکردنیان لەظاهیردا بەبێ باطن: ئەو موافەقەکردنە دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: موافەقەکردنەکە بەهۆی زۆر لێکردن بێت (الإكراه)؛ وەك لێدان لەو کەسەی موافەقەیان ناکات یان کوشتنی یان ئەشکەنجەدانی نەك تەنها بەتەهدید و قسەکردنبێ بەڵکو بەفیعلی ئەو شتانە ڕووبدات و وا گومان ببات ئەگەر موافەقەیان نەکات ئەوا ئەو شتانە ڕووەدات لەکوشتنی یان لە ئەشکەنجەدانی و لێدانی ئەوەش ڕاستەخۆ ڕووبدات؛ ئەوە لەو حاڵەتەدا ئەو موسوڵمانە پێی کافر نابێت ئەگەر موافەقەیان بکات لەترسی ئەو شتانە مادام ئەو موافەقەکردن بەزمان بێت نەك بەدڵ وە دڵی پڕ لە باوەڕ بێ.

جۆری دووەم: موافەقەکردنی کافران و موشریکان لە ظاهیردا وە لەگەڵ موخالەفەکردنیان لە باطندا، وە بەشەرتێک لەدارو دەستەیان نەبێت؛ ئەوەش لەبەر هۆکارێکی دونیایی بێت وەک خۆشویستنی دەستکەوتنی دەسەڵات یان تەماعکردنی پلەو پۆست و مال و سامان و زەوی یان ترسی هەبێ لەزەرەرلێدان لە مەصلەحەتەکانی، جا دۆستایەتیان بکات و دیفاع لە باطڵیان بکات یان لەسەری بێدەنگ بێت، یان شوێن ڕێخراوەکانیان بکەوێت یان یاساکانیان جێبەجێ بکات بۆ دەستخستنی ڕەزامەندیان یان لەبەر دەستخستنی دونیایی و سەلامەت بوونی بێت، بەوەش واز لە ڕوکنێک لەڕوکنەکانی تەوحید عیبادەت دەهێنێ، ئەویش بریتییە لە دۆستایەتی کردن لەپێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و دژایەتی کردن لەپێناو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ جا بەو کارانەشی توشی کوفرو هەڵگەڕانەوە دەبێت لەدین وە موخالەفەکردن و ڕق لێبوونیان لەباطندا سوودی بۆی نابێت هەروەکو چۆن دەقە شەرعیەکان باس لەوە دەکەن و بەڵگەن لەسەر ئەوە)).[٢٢٢]

وەهەروەها دەربارەی دۆستایەتی کافران ئەهلی سوننەو جەماعە وای دەبینن کە ئیمانداران بەشێکیان دۆست و سەرخەری بەشێکیانن وە دوژمنایەتی کافران و موشریکان بەواجبێکی شەرعی دەزانن، وەدۆستایەتی کافران و موشریکان حەرامە شەرعەن، وە دۆستایەتی کافران پلەو دەرەجەی جیاوازی هەیە، هەیە ئینسان توشی هەڵگەڕانەوە دەکات لەدین وە هەیە لەخوار ئەوەیەو حەرامەو لەگوناهە گەورەکانە جا (التولي) سەرخستنیان تایبەترە لە (المولاة) دۆستایەتی جا هەموو ئەو کەسانەی کافران بکەنە پشتیوان و پشتیان پێ ببەستێت ئەوە بێباوڕەو

---

٢٢٢) ((الوجيز في عقيدة السلف الصالح (ص:١٤٣-١٤٤)).

هەڵگەڕاوەیە لەدین، وە هەموو دۆستایەتیەکیش بۆ کافران خاوەنەکەی کافر ناکات وە دۆستایەتی کافران لەلای ئەهلی سوننەو جەماعەت دوو جۆرە:

١. موالاة الكبرى؛ دۆستایەتی گەورە: خاوەنەکەی لەئیسلام دەکاتە دەرەوەو بەرە کوفرو هەڵگەڕانەوە لەدینی دەبات؛ ئەوەش بەدڵ بێت یاخود کردەوە، یان بەهەردووکیان بێت، بەڵام (التولي بالقلب) سەرخستنیان بەدڵ: ئەوە بەخۆشەویستی کافران دەبێت هەروەها خۆشویستنی ئەوانەی کە کافرانیان خۆشدەوێت و مەوەدەتی بۆیان هەبێت و لێیان ڕازی بێت وە دژایەتی ئەوانەش بکات کە ڕقی لەکافران دەبێتەوە، وە موافەقەکردنی کافران بەدڵ و مەیلکردنیان لە باطندا. وە (التولي بالفعل) :سەرخستنیان بەکردار: ئەوەش بەوە دەبێت کە کافران نەصرەت بدەی و بەسەریان بخەی و دیفاعیان لێبکەی، وە لەگەڵیان ڕێك بکەوی و پەیمان ببەستی دژی موسوڵمانان، یان یارمەتی کافران بدەی لەسەر دابەزاندی سزاو بەڵاو فیتنە بەسەر موسوڵمانان، یان یارمەتی دانایان بەمال و جەستەو بیروڕا، وە (التولي بالقلب والفعل): سەرخستنیان بەدڵ و بەکردار: ئەوەش بە موافەقەکردنیان دەبێت لەباطن و ظاهیردا (واتا: لەدیارو نادیاردا) واتا: ملکەچ بوون بۆیان لەدیارو ئاشکرادا و وە مەیلکردن بۆیان لەناوەوە (الباطن).

٢. موالاة الصغرى؛ دۆستایەتی بچووك: برتییە لە دۆستایەتیەك لەخوار دۆستایەتی، ئەو جۆرە دۆستایەتیە لەخوار دۆستایەتی گەورەیە بەچەند پلەیەك، کە برتییە لە گوناهی زۆر گەورە (کبائر) وە خاوەنەکەی لەلێواری لەناوچوون دایە وە موعەڕەضە بۆ بەڵێنی سزایەکی زۆر بەئێش، بەڵام

بەم کارەی لەدین ناچێتە دەرەوە، ئەوەش بە مەوەدەت و مەیلکردن دەبێت بۆ کافران و تەنازول کردن و خۆ نزیکردنەوە لەکافران بۆ مەبەستێکی دونایی؛ لەپێناو دەستکەوتێکی ماددی لەگەڵ سەلامەت بوونی بیروباوەڕ و عەقیدە، وەپێشی وابێت کە گوناهەو تاوانە، وەترسی هەبێت لەتاوان جا خاوەنەکەی وەکو هەموو ئەو تاوانبارانەیە کە کەبەشێك لەتاوانەکان دەکەن بەبێ ئەوەی بەحەڵاڵی بزانن»[٢٢٣].

خوێنەری بەڕێز لێردا بابەتێك هەیە لەنێوان جیاوازی لەهەبوونی دوژمنایەتی کافران و دەرخستنی دوژمنایەتی جا یەکەمیان: هەبوونی دوژمنداری بۆ کافران ئەصڵ و بنچینەی دینە دووەمیان: دەرخستنی دوژمنایەتی بۆ کافران لەواجباتی دینەو لەبنچینەی دین نییە.

شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمان آل شیخ (ت١٢٩٣) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: «وَمَسْأَلَةُ إِظْهَارِ الْعَدَاوَةِ غَيْرُ مَسْأَلَةِ وُجُودِ الْعَدَاوَةِ؛ فَالْأَوَّلُ يُعْذَرُ بِهِ مَعَ الْعَجْزِ وَالْخَوْفِ، لِقَوْلِهِ تَعالى إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً وَالثَّانِي لَابُدَّ مِنْهُ، لِأَنَّهُ يَدْخُلُ فِي الْكفْرِ بِالطَّاغُوتِ، وَبَيْنَهُ وَبَيْنَ حُبِّ اللَّهِ وَرَسُولِهِ تَلَازُمٌ كُلِّيٌّ، لَايَنْفَكُّ عَنْهُ الْمُؤْمِنُ»[٢٢٤] واتا: بابەتی دەرخستنی دوژمنایەتی وەك بابەتی هەبوونی دوژمنایەتی نییە، یەکەمیان: (دەرخستنی دوژمنایەتی بۆ کافران) ئینسان عوزری بۆ هەیە لەکاتی هەبوونی بێ توانایی و ترسدا، لەبەر وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کە دەفەرموێت: مەگەر لە حاڵی ترس و تۆقیندا بن، کە بە سەر زارەکی خۆتانیان لێ دانابڕن و دوژمنایەتیان ناکەن.

---

٢٢٣) ((الوجيز فى عقيدة السلف الصالح (ص: ١٤٤)).

٢٢٤) ((الدرر السنية (٨/ ٣٥٩)).

دووەمیان: (هەبوونی دوژمنایەتی کافران) هەر دەبێ هەبێ و عوزری بۆ نییە چونکە دەچێتە ناو کوفر کردن بەطاغوت، لەنێوان خۆشەویستی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرەکەی پێك بەستنەوەیەکی گشتی هەیەو کە ئیماندار لێی جیانابێتەوە.

مەرجەکانی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه:

خوێنەری بەڕێز پێویستە مەرجەکانی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه بزانی و لەخۆتی بەرجەستە بکەیت و تێی بگەی ماناکەی چییە، وە گوتنی بەتەنها بەس نییەو ئینسان ناباتە بەهەشتەوە گەر کار بەداخوازیەکانی نەکات.

تێبینی: ئەگەر کەسێک بپرسێ باشە رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەیفەرموو کەسێک بڵێ لا إله إلا اللَّه دەچێتە بەهەشت ؟ لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵێ، بەڵام ئەو فەرموودانە لەسەرەتای ئیمان و سەرەتای ئاینی ئیسلام بوو واتا پێش فەرز بوونی نوێژو زەکات و ڕۆژوو و حەج بوو. هەروەکو چۆن ئیمامی الزُّهْرِي (١٢٤هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێ: ((قَالَ هِشَامُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ: أَبَلَغَكَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَمَرَ مُنَادِيًا يُنَادِي: " مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَلَهُ الْجَنَّةُ ". قَالَ: قُلْتُ: نَعَمْ، وَذَاكَ قَبْلَ أَنْ تَنْزِلَ الْفَرَائِضُ، ثُمَّ نَزَلَتِ الْفَرَائِضُ، فَيَنْبَغِي عَلَى النَّاسِ أَنْ يَعْمَلُوا بِمَا افْتَرَضَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَيْهِمْ))[٢٢٥] واتا: هیشامی کوڕی عبدالملك گوتی: ئایە پێت گەیشتووە کە رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی بەبانگدەرێك کردووە جارِ بدات: هەرکەسێ: بڵێ: لا إله إلا اللَّه ئەوە بەهەشتی بۆ هەیەو دەچێتە بەهەشت. ئیمامی

---

٢٢٥) (السنة للخلال (١٢٣٧).

زوهریش دەڵێ: گوتم: بەڵێ، ئەو فەرموودە پێش دابەزینی فەڕزەکان بوو، پاشان شتە فەڕزەکان دابەزین، جا پێویستە لەسەر خەڵکی کردەوە بەوە بکەن کە اللَّه لەسەریانی فەڕزکردووە.

بەهەمان شێوە لە ئیمامی ضەحاکەوە (ت١٠٢ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ هەروەکو چۆن سەلەمەی کوڕی نوبەیط لێی نەقڵ دەکات و دەڵێ: ((ذَكَرْنَا عِنْدَهُ: " مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ ". فَقَالَ الضَّحَّاكُ: «هَذَا قَبْلَ أَنْ تُحَدَّ الْحُدُودُ وَتَنْزِلَ الْفَرَائِضُ))[٢٢٦] واتا: لەلای ضەحاکەوە باسمان کرد کەسێك بڵێ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه دەچێتە بەهەشت، دەڵێ ضەحاك گوتی: ئەوە پێش دیاری کردنی سنورو حەددەکان و دابەزینی فەڕزەکان بوو.

لەسەر ئەوە کۆمەڵێك لەگەورەزانیانی کۆن و ئێستا (سەلەف و خەلەف) ئاماژەیان بەمەرجەکانی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه داوە لەوانە:

١. حەسەنی بەصری (ت ١١٠ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ گێڕدراوەتەوە لێی: ((حِينَ قَالَ لِلشَّاعِرِ الْفَرَزْدَقِ وَهُوَ يَدْفُنُ اِمْرَأَتِهِ: مَا أَعْدَدْتَ لِهَذَا الْيَوْمِ؟ قَالَ الْفَرَزْدَقُ: شَهَادَةَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه مُنْذُ سَبْعِينَ سَنَة، فَقَالَ الْحَسَنُ: نِعْمَ الْعدَّة، إِنَّ لِـ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه شُرُوطًا))[٢٢٧] واتا: حەسەنی بەصری لەسەر گۆڕی خێزانی فەرەزدەق کاتێك فەرەزدەق خێزانەکەی لەژێر خاك دەنا حەسەنی بەصری پێی گوت: چیت بۆ ئەم ڕۆژە ئامادە کردووە ؟ فەرەزدەقیش گوتی: شایەتی: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه ماوەی

---

٢٢٦)(السنة للخلال (١٢٤١).

٢٢٧) (كتاب التوحيد لابن رجب الحنبلي ص:٣٩).

حەفتا سالّە، حەسەنی بەصریش رَحِمَهُ ٱللَّهُ گوتی: باشترین شتێکە کە ئامادەتکردووە، بەڵام وتەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه مەرجی هەیە.

٢. بەهەمان شێوە بە حەسەنی بەصری (ت ١١٠ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ گوترا: ((إِنَّ ناسًا يَقُولُونَ: مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه دَخَلَ الْجَنَّة؟ فَقَالَ: مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، فَأَدَّى حَقَّهَا وَفَرْضَهَا دَخَلَ الْجَنَّة))[٢٢٨] واتا: بە ئیمامی حەسەنی بەصری گوترا یا ئیمام خەڵکی دەڵێن هەرکەسێک بڵێ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه دەچێتە بەهەشتەوە ؟ ئیمامی حەسەنی بەصری لەوەڵامدا فەرمووی: هەرکەسێک بڵێ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه حەق و مافەکانی بداتێ و فەرزەکانی جێبەجێ بکات ئەوکاتە دەچێتە بەهەشتەوە.

٣. وَهْبُ بنُ مُنَبِّه (ت ١١٠ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ : ((قِيلَ لِوَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ أَلَيْسَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ مِفْتَاحُ الْجَنَّةِ قَالَ بَلَى وَلَكِنْ لَيْسَ مِفْتَاحٌ إِلاَّ لَهُ أَسْنَانٌ فَإِنْ جِئْتَ بِمِفْتَاحٍ لَهُ أَسْنَانٌ فُتِحَ لَكَ وَإِلاَّ لَمْ يُفْتَحْ لَكَ))[٢٢٩] واتا: گوترا بە وەهبی کوڕی مونەببیهـ ئایە لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه کلیلی بەهەشت نییە ؟ گوتی: بەڵێ بەڵام هیچ کلیلێک نییە ئیلا چەند ددانی هەیە، جا ئەگەر بەکلیلێک هاتی و ددانەکانی هەبێ ئەوە بۆت دەکرێتەوە، وەئەگەرنا بۆت ناکرێتەوە. سەرنج بدە ئیمام مەرجەکانی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهی بە ددانی کلیل شوبهاند جا مەعلومەو زانراوە ئەگەر کلێلێك تەنها یەك ددانی نەبێ لەو ددانانەی کەهەیەتی ئەوە دەرگای پێناکرێتەوە، بەهەمان شێوە لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه ئەگەر مەرجەکانی تێدا نەبێ لەو کەسەی کەدەڵێ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه ئەوە گوتنی سوودی نییە.

٤. ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه دەڵێت: ((وَفَضَائِلُ هَذِهِ الْكَلِمَةِ وَحَقَائِقُهَا وَمَوْقِعُهَا مِنْ الدِّينِ: فَوْقَ مَا يَصِفُهُ الْوَاصِفُونَ وَيَعْرِفُهُ الْعَارِفُونَ؛

---

٢٢٨) (كتاب التوحيد لابن رجب الحنبلي ص:٤٠).

٢٢٩) (رواه البخاري في صحيحه تعليقا (١٢٣٧) ووصله في التاريخ الكبير(٢٦١).

وَهِيَ حَقِيقَةُ الْأَمْرِ كُلِّهِ؛ كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾ فَأَخْبَرَ سُبْحَانَهُ أَنَّهُ يُوحِي إِلَى كُلِّ رَسُولٍ بِنَفْيِ الْأُلُوهِيَّةِ عَمَّا سِوَاهُ وَإِثْبَاتِهَا لَهُ وَحْدَهُ))[٢٣٠] واتا: فەزڵی ئەو وتەیە (لا إله إلا الله) حەقیقەتەکەی و شوێن و پێگەی لەدیندا لەسەرووی ئەو شتانەیە کە وەسفکەران وەسفی دەکەن و ئەوانەشی کە عاریفان دەیزانن؛ ئەو (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) یە حەقیقەتی هەموو شتەکانە، هەروەکو چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەڵێ: لە پێش تۆیشدا ئەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیلا وەحیمان بۆی ناردووەکە هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کە تاك و تەنهاو بێ شەریکە بۆیە بەتاك و تەنها عیبادەتی من بکەن. جا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵی داوە کە وەحی ناردووە بۆ هەموو پێغەمبەرێك بەڕەتکردنەوەو نەفی کردنی هەموو پەرستراوێك بێجگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وە جێگیرکردنی بەتەنها بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

٥. ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێ: ((وَالْمَقْصُودُ أَنَّ كَلِمَةَ التَّوْحِيدِ إِذَا شَهِدَ بِهَا الْمُؤْمِنُ عَارِفًا بِمَعْنَاهَا وَحَقِيقَتِهَا نَفْيًا وَإِثْبَاتًا مُتَّصِفًا بِمُوجِبِهَا قَائِمًا قَلْبُهُ وَلِسَانُهُ وَجَوَارِحُهُ بِشَهَادَتِهِ، فَهَذِهِ الْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ هِيَ الَّتِي رَفَعَتْ هَذَا الْعَمَلَ مِنْ هَذَا الشَّاهِدِ، أَصْلُهَا ثَابِتٌ رَاسِخٌ فِي قَلْبِهِ، وَفُرُوعُهَا مُتَّصِلَةٌ بِالسَّمَاءِ، وَهِيَ مُخْرِجَةٌ لِثَمَرَتِهَا كُلَّ وَقْتٍ))[٢٣١] واتا: مەبەست لەکەلیمەی تەوحید (لا إله إلا الله) ئەگەر ئیماندار شایەتیدا پێی، زانابوو بەماناکەی و حەقیقەتەکەی لەڕەتکردنەوەو جێگیرکردن وە هەروەها بەوەسفکراو بوو بەجێبەجێ

---

٢٣٠) (مجموع الفتاوى(٢/ ٢٥٦).

٢٣١) (اعلام الموقعين (١/ ١٣٣).

کردنی ئەو تەوحیدە و لەدڵ و زمانی و لاشەی بەشایەتیدان پێی، ئەوە ئەو وتە پاکەیە کە ئەو کردەوە لەو شایەتی دەرە بەرز دەبێتەوە کە بنچینەکەی جێگیر و نەگۆڕ و چەسپاوە لەدڵیدا، وە ڕێچکەکانیشی پەیوەستە بە ئاسمان، وە ئەوەیە کە بەروبومەکەی لەهەموو کاتێکدا دێتە بوون.

٦. ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی کلیلی بەهەشت لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّه دەڵێ:

هذا وفتحُ البابِ ليسَ بمُمكنٍ **** إلَّا بمفتاحٍ على أسنانِ

مِفتاحُهُ بشهادةِ الإخلاصِ **** والتَّوحيدِ تلك شهادةُ الإيمانِ

أسنانُه الأعمالُ وهي شرائعُ **** الإسلامِ والمِفتاحُ بالأسنانِ

لا تُلغِيَنْ هذا المِثالَ فكم بهِ **** من حلِّ إشكالٍ لذي العِرفانِ

واتا: دەرگاکە لەوانەیە نەکرێتەوە، مەگەر بەکلیلدانان لەسەر ددانەکانی، کلیلەکانیشی بەشایەتیدانێکی دڵسۆزانەو تەوحیدە ئەوەش شایەتی ئیمانە، ددانەکانی کردەوەکانە کە بریتییە لەشەریعەتی ئیسلام. ئەو نمونەیەش ڕەت مەکەوە، بەو نمونە چەندین کێشەی بۆ تێگەیشتوان چارەکردووە.

٧. شيخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب (١٢٠٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّه دەڵێت: ((اِعْلَمْ رَحِمَكَ اللهُ، أَنَّ فَرْضَ مَعْرِفَةِ شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللَّهُ، قَبْلَ فَرْضِ الصَّلاَةِ وَالصَّوْمِ، فَيَجِبُ عَلَى الْعَبْدِ أَنْ يَبْحَثَ عَنْ مَعْنَى ذٰلِكَ أَعْظَمَ مِنْ وُجُوبِ بَحْثِهِ عَنِ الصَّلاَةِ وَالصَّوْمِ، وَتَحْرِيمُ الشِّرْكِ وَالْإِيمَانِ بِالطَّاغُوتِ أَعْظَمُ مِنْ تَحْرِيمِ

نِكَاحِ الْأُمَّهَاتِ وَالْجَدَّاتِ، فَأَعْظَمُ مَرَاتِبِ الْإِيْمَانِ بِاللهِ: شَهَادَةُ أَنْ لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللهُ))[٢٣٢] واتا: بزانه رەحمەتی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ت لێبێت، فەرزیەتی زانینی شەهادەی لَا إِلَـهَ إِلَّا اللّٰـه لە پێش فەرزێتی نوێژ و ڕۆژووەوەیە، جا پێویستە لەسەر بەندە کە بگەڕێت بەدوای مانای لَا إِلَـهَ إِلَّا اللّٰـه کە گەورەترە لەپێویستێتی گەڕانی دەربارەی نوێژ و ڕۆژوو، وە اللّٰـه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ شیرك و ئیمان هێنان بەطاغوتی حەڕامکردووە کە گەورەترە لەحەڕامکردنەکەی بۆ نیکاح کردن لەگەڵ دایکان و پورەکان، وە گەورەترین پلەو پایەی ئیمان بریتیە لە شایەتیدان بە لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰه.

٨. وەهەروەها شیخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب (١٢٠٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەفەرموێت: ((وَمُجَرَّد الإِتْيَان بِلَفْظِ الشَّهَادَةِ مِنْ غَيْرِ عِلْمٍ بِمَعْنَاهَا وَلَا عَمَلٍ بِمُقْتَضَاهَا لَا يَكُونُ بِهِ الْمُكَلَّفُ مُسْلِمًا، بَلْ هُوَ حُجَّة عَلَى ابْن آدَمَ، خِلافًا لِمَنْ زَعَمَ أَنَّ الْإِيمَانَ مُجَرَّد الإِقْرَار))[٢٣٣] واتا: بەتەنها وتنی شایەتومان بەبێ زانینی ماناکەی و کردەوە بەداخوازیەکانی مرۆڤێکی باڵغی عاقڵ کە تەکلیفی لەسەرە ناکاتە موسوڵمان، بەڵکو دەبێتە بەڵگە لەسەر نەوەی ئادەم، بەپێچەوانەی ئەوانەی وا گومان دەبەن کە ئیمان تەنها دانپێدانی زمانە.

٩. شیخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب (١٢٠٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ پرسیاری لێکرا دەربارەی لَا إِلَـهَ إِلَّا اللّٰـه، گوتی: ((اِعْلَمْ رَحِمَكَ اللهُ تَعَالَى، أَنَّ هٰذِهِ الْكَلِمَةَ هِيَ الْفَارِقَةُ بَيْنَ الْكُفْرِ وَالْإِسْلَامِ، وَهِيَ كَلِمَةُ التَّقْوَى، وَهِيَ الْعُرْوَةُ الْوُثْقَى، وَهِيَ الَّتِي جَعَلَهَا إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلَامُ كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ، وَلَيْسَ الْمُرَادُ قَوْلَهَا بِالْلِسَانِ مَعَ الْجَهْلِ بِمَعْنَاهَا، فَإِنَّ الْمُنَافِقِينَ يَقُولُونَهَا وَهُمْ تَحْتَ الْكُفَّارِ فِي

---

٢٣٢) ((الدرر السنية في الأجوبة النجدية :٢ / ١٢١)).

٢٣٣) (الفتاوى النجدية ج ١ ص ٨٥).

الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ، مَعَ كَوْنِهِمْ يُصَلُّونَ وَيَتَصَدَّقُونَ، وَلٰكِنَّ الْمُرَادَ قَوْلُهَا مَعَ مَعْرِفَتِهَا بِالْقَلْبِ، وَمَحَبَّتِهَا وَمَحَبَّةِ أَهْلِهَا وَبُغْضِ مَا خَالَفَهَا وَمُعَادَاتِهِ))[٢٣٤] واتا: بزانە ئەی موسوڵمان ڕەحمەتی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ت لێبێت، کە ئەم وشەیە (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه) جیاوازکارو جیاکەرەوەی کوفرو ئیمانە، وە لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه چەندین ناوی هەیە لەوانە: پێی دەوترێ: کلمة التقوى والعروة الوثقى، وە ئەمە ئەو وشەیەیە کە ئیبراهیم لەدوای خۆی جێی هێشت بۆ نەوەکانی دوای خۆی، هەتا ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ لای اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بە دڵێکی سەلامەت و حەنیف، وە واتاکەی هەر ئەوەنییە بەزمان بوترێت و نەزانرێت ماناکەی چییە چونکە دووڕووەکانیش دەیانگوت: لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه لەگەڵ ئەوەشدا لەژێری ژێرەوەی کافرەکاندان لەدۆزەخدا لەگەڵ ئەوەی نوێژیشیان دەکرد و خێریشیان دەکرد (چونکە نەزان بوون بەمانای لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه) بەڵکو مەبەست لەگوتنی لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه ناسینی لەدڵەوە دەبێت وە لەگەڵ خۆشویستنی ئەو لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰهیەو خۆشویستنی ئەهلەکەی وە دژایەتی کردنی ئەوانەی پێچەوانەی ئەو لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰهیە دەکەن.

١٠. هەروەها زانای بەڕێز عَبْدُ الرَّحْمٰنِ بْنِ حَسَنٍ (ت ١٢٨٥هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی مەرجەکانی لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه دەڵێ: ((لاَ بُدَّ فِي شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللّٰهُ مِنْ سَبْعَةِ شُرُوطٍ، لاَ تَنْفَعُ قَائِلَهَا إِلاَّ بِاجْتِمَاعِهَا))[٢٣٥] واتا: پێویستە شەهادەی لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه حەوت مەرجی تێدا بێت ئەوەی دەڵێ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه سوودی بۆی نابێت ئیلا بەهەبوونی ئەو مەرجانە.

١١. هەروەها زانای بەڕێز أبو بطين (ت١٢٨٢هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَمِنْ أَعْظَمِ الْمَصَائِبِ إِعْرَاضُ أَكْثَرِ النَّاسِ عَنْ النَّظَرِ فِي مَعْنى هذِهِ الْكَلِمَة العَظيمَة حَتى صَارَ

---

٢٣٤) (مُؤَلَّفَاتُ الشَّيْخِ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ الْوَهَّابِ، (١/ ٣٦٣/ ٣٦٩).

٢٣٥) (فَتْحُ الْمَجِيدِ شَرْحُ كِتَابِ التَّوْحِيدِ، ص:٨٣). ((اَلدُّرَرُ السَّنِيَةُ، ٢/٢٤٣-٢٤٤)).

كَثِيرٌ مِنْهُم يَقُولُ: مَنْ قَالَ لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللَّهُ مَا تَقُولُ فِيهِ شَيْئًا وَإِنْ فَعَلَ مَا فَعَلَ لِعَدَمِ مَعْرِفَتِهِم بِمَعْنَى هذهِ الْكَلِمَةِ الْعَظِيمَة نَفْيًا وَإِثْبَاتًا))[٢٣٦] واتا: واتە: لەگەورەترینی کارەساتەکان بریتیە لەدوورکەوتنەوە و پشتهەڵکردن لەسەیرکردن و وردبوونەوە لەمانای ئەم کەلیمە گەورەیە تاوەکو وایان لێهات زۆرێکیان بڵێن: هەرکەسێك وتی لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللَّه ئەوا هیچ شتێکی لەبارەیەوە مەڵێ و قسەی لەسەر مەکە تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە هەرچییەکیش بکات، بەهۆی نەزانی و ناشارەزاییان بەمانای ئەم کەلیمە گەورەیە بە لادان و جێگیرکردنی (نفیاً وإثباتاً).

١٢. هەروەها زانای بەڕێز عبْدُ الرَّحْمٰنِ بْنِ حَسَنِ (ت ١٢٨٥هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَمَنْ قَالَهَا (أَي لَا إِلٰهَ إِلاَّ اللَّه) وَعَمِلَ بِهَا صِدْقًا وِإِخْلَاصًا، وَقَبُولاً وَمَحَبةً وَانْقِيادًا، أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ عَلَى مَا كَانَ مِنَ الْعَمَلِ))[٢٣٧] واتا: هەرکەسێك ئەم کەلیمەیەی وت (واتا: کەلیمەی لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللَّه) وە کاری پێکرد بەڕاستگۆیی و بەئیخلاصی و نیەت پاکی (واتە شیرك ئەنجام نەدات لەگەڵیدا) وە بە ڕازیبوون پێی و خۆشویستنی و ملکەچ بوون پێی، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەیخاتە بەهەشتەوە لەسەر ئەو کارەی لەسەریەتی.

لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللَّه حەوت مەرجی هەیە:

أَحَدُهَا: اَلْعِلْمُ الْمُنَافِي لِلْجَهْلِ. واتا: یەکەمیان: زانست دژەکەی نەزانیە.

اَلثَّانِي: اَلْيَقِينُ الْمُنَافِي لِلشَّكِّ. واتا: دووەم: دڵنایی کە دژەکەی گومان و شکە.

---

٢٣٦) (عقيدة الموحدين والرد على الضلال والمبتدعين، ص:١٩).

٢٣٧) (قرّة عيون الموحدين ص: ٣٢).

اَلثَّالِثُ: اَلْقَبُولُ الْمُنَافِي لِلرَّدِّ. واتا: سێیەم: قەبوڵکردن کە دژەکەی ڕەتکردنەوەیە.

اَلرَّابِعُ: اَلْإِنْقِيَادُ الْمُنَافِي لِلتَّرْكِ. واتا: چوارەم: ملکەچ بوون کە دژەکەی واز لێهێنانە.

اَلْخَامِسُ: اَلْإِخْلاَصُ الْمُنَافِي لِلشِّرْكِ. واتا: پێنجەم: نیەت پاکی کە دژەکەی هاوبەش پەیداکردنە.

اَلسَّادِسُ: اَلصِّدْقُ الْمُنَافِي لِلْكَذِبِ. واتا: شەشەم: ڕاستگۆیی کە دژەکەی درۆکردنە.

اَلسَّابِعُ: اَلْمَحَبَّةُ الْمُنَافِيَةُ لِضِدِّهَا. واتا: حەوتەم: خۆشویستنە کە دژەکەی ڕق و قینەیە.

جا دانە بەدانە باسیان دەکەین:

یەکەم:العلم: «واتا: زانست و زانیاری، مەبەست لێی نەفی و ئیثبات کردنە ڕەتکردنەوە و جێگیرکردنە کە دژەکەی نەزانینە بەو مانایە، واتا: دەبێ زانستت هەبێ بەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ کە کاتێک دەڵێی: لَا إِلَهَ ئەوە نەفی هەموو پەرستراوێکی باطڵ دەکەی و ڕەتی دەکەیەوە، وە کاتێکیش دەڵێی: إِلَّا اللَّهُ ئەوە ئیثبات و جێگیری پەرستراوی بەحەق دەکەی کە بریتییە لە اللَّهُ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ اللَّهُ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت:﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ﴾ (محمد:١٩). واتە: بزانە بێجگە اللَّهُ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هیچ پەرستراوێکی بەحەق نییە.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿إِلَّا مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ (الزخرف: ٨٦). **واتا: مەگەر کەسانێك شایەتیان بەحەق دابێ واتا: بە لَا إِلَهَ إِلَّا اللّه و وەحەقیان زانیوەو ئاگاداری بوون.**

رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموویت:** ((مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ))[٢٣٨] **واتا: هەرکەسێک بمرێت وەزانیبێتی کەهیچ پەرستراوێک نیە شایانی پەرستن بێت بە حەق بێجگە لە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە))**[٢٣٩]

دووەم: الیقین: ((واتا: دڵنیایی، کە دژەکەی گومان و دوو دڵیە، بەواتای ئەوەی ئەو کەسەی کە دەڵێ لَا إِلَهَ إِلَّا اللّه یەقینێکی تەواو دامەزراوی هەبێ چونکە ئیمان بەگومان سوودی نابێ ئیلا بەزانین و دڵنیاییەکی تەواوەوە، هەروەکو چۆن اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾ (الحجرات: ١٥). **واتا: بێگومان ئیمانداران ڕاستقینە ئەوانەن کە باوەڕیان هێناوە بە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **و بە پەیامبەرەکەی پاشان دوو دڵ نەبوون و نەکەوتوونە هیچ گومان دوو دڵیەك وە بەماڵ و گیانیان تێکۆشانیان کردووە لەپێناو ڕێبازی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هەر ئەوانەن ڕاستگۆیان.**

---

٢٣٨) أخرجه مسلم(٢٦)، من حديث عثمان بن العفان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٢٣٩) ((معارج القبول بشرح سلم الوصول لحافظ بن أحمد حكمي(ج ٢، ص:٤١٩- ٤٢٠)).

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕاستگۆی ئەو ئیماندارانەی لە ئیمان هێنانیان بە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پەیامبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەمەرج گرتووە بەوەی کە ئەوان هیچ دوو دڵی و گومانێکیان نییە واتا: شکیان نییە، بەڵام ئەم کەسەی کە گومانی هەیە و دوودڵە ئەوە لە دووڕووانە، پەنا بە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەو کەسانە ئەوانەن کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَارْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ فِي رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ﴾ (التوبة: ٤٥). واتا: بەڕاستی ئەوانەی مۆڵەتت لێ وەردەگرن کە بڕوایان نییە بە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و بەڕۆژی دوایی دڵەکانیان لە گومان و دوودڵی دایە بۆیە ئەوانە لەگومان و دوودڵی خۆیاندا سەرگەردانن.

رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت: ((أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ اللَّه وَأَنِّيْ رَسولُ اللَّه لا يَلْقي اللَّهُ بِهِمَا عَبْدٌ غَيرُ شاكٍّ فِيهِماَ إلاَ دَخَلَ الجَنَّةَ))[٢٤٠] واتا: شایەتی دەدەم کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ تەنیایە و هیچ هاوبەشی نییە و منیش ڕەوانە کراوی اللَّەم هەرکەسێک باوەڕی پێیان هەبێ و بێگومان بێت ئەوە دەچێتە بەهەشت.

وە لەفەرموودەیەکی دریژدا کاتێک رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەبو هورەیرەی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ نارد بۆلای ئەنصارییەکان پێی فەرموو: ((مَنْ لَقِيتَ مِنْ وَرَاءِ هَذَا الْحَائِطِ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مُسْتَيْقِنًا بِهَا قَلْبُهُ فَبَشِّرْهُ بِالْجَنَّةِ))[٢٤١] واتا:

---

٢٤٠) أخرجه مسلم (٢٧) من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٢٤١) أخرجه مسلم (٣١) من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

هەرکەسێکت بینی لەپشت ئەم دیوارەوە، شایەتی دەدا کە هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق جگە لە اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەدڵ یەقینی بەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ هەبێت، ئەوە موژدەی بەهەشتی پێبدە. جا ئەو فەرموودە چونە بەهەشتی بەمەرج گرتووە بۆ ئەو کەسەی کە دەڵێ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ بەوەی دەبێ یەقینی بەو شایەتیە هەبێت و دووڵ و بەگومان نەبێت لەوتنی، جا کاتێك ئەو بەمەرجگرتنە لاچوو ئەوە بەمەرج گیراوەکە لادەچێت و نامێنێت))[٢٤٢]

سێیەم: القبول: ((واتا: قەبوڵکردن، واتا: پێویستکردن و قەبوڵکردنی ئەو شەهادەیە بەدڵ و بەزمان، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵی گەلانی پێشووی بۆ گێڕاینەوە، بەڕزگارکردنی ئەوانەی کە ئەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ یەیان قەبوڵکرد، وەسزادان و تۆڵەسەندن لەوانەی کەڕەتیان کردەوەو نەیان ویست، وەك چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِنْ نَذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰ آثَارِهِمْ مُقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾ قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُمْ بِأَهْدَىٰ مِمَّا وَجَدْتُمْ عَلَيْهِ آبَاءَكُمْ قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُمْ بِهِ كَافِرُونَ ﴿٢٤﴾ فَانْتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٥﴾﴾ (الزخرف: ٢٣-٢٤-٢٥).

واتا: هەر بەو شێوەیە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە بۆ هیچ شارێك، کە خۆشگوزەرانەکان نەیانوتبێت: ئێمە باوو باپیرانی خۆمان بینیووە پابەندی بیروباوەڕێك بوون، بێگومان ئێمەش چاو لەوان دەکەین و پەیڕەوی ئەوان دەکەین. ﴿قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُمْ بِأَهْدَىٰ مِمَّا وَجَدْتُمْ عَلَيْهِ آبَاءَكُمْ

٢٤٢) ((معارج القبول بشرح سلم الوصول لحافظ بن أحمد حكمي(ج ٢، ص:٤١٩- ٤٢٠)).

قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُمْ بِهِ كَافِرُونَ﴾ پێغەمبەرەکەش وتوویەتی: باشە ئەگەر لە ڕێگە و ڕێبازو بەرنامەی باو و باپیرانتان چاکتریشم بۆ هێنان هەر شوێنیان دەکەون؟! لە وەڵامدا وتیان: بەڕاستی ئێمە بەو بەرنامە و پەیامەی کە بە ئێوەدا ڕەوانە کراوە بڕوا ناکەین. ﴿فَانْتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ جا ئێمەش تۆڵەمان لێسەندن، سەرنج بدەو ببینە سەرەئەنجامی ئەوانەی بڕوایان بە پەیامی پێغەمبەران نەکرد چۆن بوو.

وە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيْنَا نُنْجِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (يونس: ١٠٣) . واتا: لەوەودوا پێغەمبەرانمان و ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ڕزگار دەکەین، هەر بەو شێوەیە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە ئیمانداران ڕزگار بکەین.

اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَاءُوهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَانْتَقَمْنَا مِنَ الَّذِينَ أَجْرَمُوا وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (الروم: ٤٧). واتا: سوێند بە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەڕاستی پێش تۆ ئەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەرانێکمان ڕەوانە کردووە، بۆ سەر هۆزو گەلەکانیان، بەڵگەو نیشانەی زۆریان بۆ هێنان، بەڵام زۆریان باوەڕیان نەهێنا، بۆیە ئێمەش تۆڵەمان سەند لەوانەی کە تاوانیان کرد، ئەوسا ئیتر سەر خستنی ئیمانداران بە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانی و سەرکەوتنمان پێ بەخشین. وە بەهەمان شێوە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵی پاداشتی ئەوانەی

پێداوین کە قەبوڵیان کرد، وە سزادان و تۆڵەسەندنەوە لەوانەی کە نەیان ویست و ڕەتیانکردەوە، وەچۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿احْشُرُوا الَّذِينَ ظَلَمُوا وَأَزْوَاجَهُمْ وَمَا كَانُوا يَعْبُدُونَ ۝٢٢ مِنْ دُونِ اللَّهِ فَاهْدُوهُمْ إِلَىٰ صِرَاطِ الْجَحِيمِ ۝٢٣ وَقِفُوهُمْ إِنَّهُمْ مَسْؤُولُونَ﴾ (الصافات: ٢٢-٣٦). واتا: اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فەرماندەدا بە فریشتەکان هەموو ئەوانەی ستەمیان کردووە کۆیان بکەنەوە، خۆیان و هاوسەرانیان، خۆیان و هاوشێوەیان و ئەو شتانەش کە دەیانپەرست. لەجیاتی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئینجا ڕێنماییان بکەن بۆ ڕێگەی دۆزەخ چونکە بێ باوەڕ و تاوانبارن. لەکاتی ڕاپێچ کردنیاندا فەرمان دەدرێت: ئادەی بیانوەستێنن، بێگومان ئەوانە پرسیار لێکراون. تا ئایەتی: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ۝٣٥ وَيَقُولُونَ أَإِنَّا لَتَارِكُو آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَجْنُونٍ﴾ (الصافات:٣٥-٣٦). واتا: ئەوانە کاتی خۆی کە پێیان دەوترا: لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّه خۆیان بەگەورە دەزانی، وەدەیانوت: ئیمە چۆن واز لەخواکانمان دێنین بۆ شاعیرێکی شێت.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەو بێباوەڕانەی سزادا بەهۆکاری خۆ بەگەورە زانینیان بۆ وتەی لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّه، وە بەدرۆ خستنەوەی پێغەمبەران کە بەو لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهیە هاتبوون جا ئەوەیان نەفی نەکرد و ڕەتیان نەکردەوە کە پێغەمبەران نەفیان دەکرد و ڕەتیان دەکردەوە، وە ئەوەشیان ئیثبات نەکرد و جێگیریان نەکرد کە پێغەمبەران جێگیریان دەکرد، بەڵکو بەئینکاری کردن و خۆ بەگەورە زانینیانەوە وتیان: ﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَٰهًا وَاحِدًا إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ ۝٥ وَانْطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَىٰ آلِهَتِكُمْ إِنَّ هَٰذَا

لَشَيْءٌ يُرَادُ ۝٦ مَا سَمِعْنَا بِهَـذَا فِي الْمِلَّـةِ الْآخِـرَةِ إِنْ هَـذَا إِلَّا اخْـتِلَاقٌ﴾ (ص: ٥-٧). واتا: (هەروەها دەیانوت: ئایا پێتان سەیر نیە) هەموو خواکانی کردووە بە یەک خوا، بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر سەیرو سەمەرەیە!! ﴿وَانْطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَى آلِهَتِكُمْ إِنَّ هَـذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ﴾ دەسەلاتدار و گەورەکانیان ڕۆیشتن بۆ لای یەکتر، داوای پابەندی و خۆگریان دەکرد، لە پێناو بتەکانیاندا و دەربارەی بانگەوازی یەکخواناسی دەیانوت: بەڕاستی ئەمە شتێکە مەبەستێکی تیادایە کە ببێتە گەورە. ﴿مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي الْمِلَّةِ الْآخِرَةِ إِنْ هَـذَا إِلَّا اخْـتِلَاقٌ﴾ ئێمە ئەم دەنگوباسەمان لە کۆتا ئایندا (کە ئاینی مەسیحیە و سێ خوا دەپەرستن) نەبیستووە ! ئەمە هەر تەنها شتێکی دەست هەڵبەست و دروستکراوە!! جا لێرەدا وتیان: ﴿وَيَقُولُونَ أَإِنَّا لَتَارِكُو آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَجْنُونٍ﴾ وەدەیانوت: ئیمە چۆن واز لەخواکانمان دێنین بۆ شاعیرێکی شێت. اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەوانی بەدرۆ خستەوەو دەربارەی پەیامبەرەکەی فەرمووی: ﴿بَلْ جَاءَ بِالْحَقِّ وَصَدَّقَ الْمُرْسَلِينَ﴾ (الصافات: ٣٧). واتا: نەخێر، وانیە، بەڵکو ئەو حەق و ڕاستەقینەی هێناوە، ڕاستی پێغەمبەرانی پێش خویشی سەلماندووە.

پاشان اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی ئەوانەی ئەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه قەبوڵکرد فەرمووی: ﴿إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ ۝٤٠ أُولَٰئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَعْلُومٌ، فَوَاكِهُ وَهُمْ مُكْرَمُونَ، فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ﴾ (الصافات: ٤١). واتا: بەڵام بەندە دڵسۆز و

هەڵبژاردەکانی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەوانە ڕزق و ڕۆزی دیاری کراویان بۆ هەیە.

وەلەفەرموودەی صەحیحدا هاتووە ئەبو موسا بۆمان دەگێڕێتەوە لە ڕسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە دەفەرموێت: ((مَثَلُ مَا بَعَثَنِي اللَّهُ بِهِ مِنَ الْهُدَى وَالْعِلْمِ كَمَثَلِ الْغَيْثِ الْكَثِيرِ أَصَابَ أَرْضًا، فَكَانَ مِنْهَا نَقِيَّةٌ قَبِلَتِ الْمَاءَ فَأَنْبَتَتِ الْكَلَأَ وَالْعُشْبَ الْكَثِيرَ، وَكَانَتْ مِنْهَا أَجَادِبُ أَمْسَكَتِ الْمَاءَ فَنَفَعَ اللَّهُ بِهَا النَّاسَ، فَشَرِبُوا وَسَقَوْا وَزَرَعُوا، وَأَصَابَ مِنْهَا طَائِفَةً أُخْرَى إِنَّمَا هِيَ قِيعَانٌ لَا تُمْسِكُ مَاءً وَلَا تُنْبِتُ كَلَأً، فَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ فَقِهَ فِي دِينِ اللَّهِ وَنَفَعَهُ مَا بَعَثَنِي اللَّهُ بِهِ فَعَلِمَ وَعَلَّمَ، وَمَثَلُ مَنْ لَمْ يَرْفَعْ بِذَلِكَ رَأْسًا وَلَمْ يَقْبَلْ هُدَى اللَّهِ الَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ))[٢٤٣] واتا: ئەم هیدایەت و زانستە کە اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بە منی ناردووە بۆ ئەو خەڵکە، وەک بارانێکی زۆر و بە فەڕ وایە کە بباڕێ لەخاکێ بەشێکی خاکەکە پاک و بەپێزبێ وبارانەکەوە بگرێتە خۆی و لەوەڕگایەکی زۆری پێ سەوز ببێ وەبەشێکی تری زەوی ڕەق و ڕووتەن بێ شینایی و سەوزایی نەڕوێ، بەڵام ئاوەکە قوت نەداتەوە بەڵکو گڵی بداتەوە ببێ بەئەستێرە و گۆماو و کانیا و اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بیکاتە خێر و خۆشی بۆ مرۆڤ، بەم ڕەنگە هەم خۆیان لێی بخۆنەوە و ئاژەڵانیش لێ ئاوبدەن هەم کشتوکاڵی پێ بکەن وەبەشێکی تری دەشتانی وشک بێت نە ئاو گڵ بداتەوە نە لەوەڕیش بڕوێنێ، جا ئەم خاک و بارانە نمونەن بۆ ئەو کەسە اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پێداوانە، کە لە ئایینی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ شارەزا دەبن و بەفەرمانی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەم ئایینە شارەزا دەبن و سود دەبینن، هەم خۆیان فێری زانست دەبن و هەم خەڵکیش فێردەکەن بەهۆی ئەوەوە

٢٤٣) أخرجه البخاری(٧٩). من حديث أبی موس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

لەهەردوو جیهان سەریان بەرز دەبێتەوە. هەروەک نمونەشن بۆ ئەوانەی سەریان پێ بەرز نابێتەوە ئەم هیدایەت و دینەی کە اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پێی ڕازیە وەری ناگرن و قبوڵی ناکەن لەوەی کە پێی هاتووم لەقورئان و سوننەت))[٢٤٤]

چوارەم: الإنقياد: ((واتا: ملکەچ بوون، کە دژەکەی پشتگوێ خستن و تەسلیم نەبوونە، اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ﴾ (الزُّمَر: ٥٤). واتا: بگەڕێنەوە بۆلای اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ تەسلیمی ئەو بن.

اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ﴾ (النساء: ١٢٥). واتا: کێ ئاینی چاکتر و جوانتره لە کەسیك کە ڕووی کردۆتە اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خۆی تەسلیمی ئەو زاتە کردووە، لە هەمان کاتدا ئەو کەسە چاکە کار بێت و شوێنی ئایینی ئیبراهیمی ملکەچ و فەرمانبەردار کەوتبێت.

اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ﴾ (لقمان: ٢٢). واتا:ئەو کەسەی ڕوو بکاتە پەروەدگاری و کارەکانی هەمووی بیگێڕێتەوە بۆ لای ئەو و ملکەچی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، بێت، لەکاتێکدا ئادەمیزادێکی چاکە خوازە، ئەوە بەڕاستی دەستی بەبەهێزترین شتێك گرتووە کە بریتییە لە لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰه. مانای

٢٤٤) ((معارج القبول بشرح سلم الوصول لحافظ بن أحمد حكمي(ج ٢، ص: ٤٢٠- ٤٢١)).

﴿يُسْلِمْ وَجْهَهُ﴾ واتا ملكەچ بێت و چاكەكارو موەحيد بێت، جا كەسێك خۆی تەسليمی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، نەكات و ملكەچ نەبێت و چاكەكار نەبێت ئەوە دەستی نەگرتووە بە وتەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه))[٢٤٥]

پێنجەم: الصدق: ((واتا: ڕاستگۆ بوون، كەدژەكەی درۆكردنی تێدايە بريتيە لەوەی لەدڵەوە بەڕاستگۆی ئەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه يە بڵێ و دڵ و زمانی يەك بێت و هاوشێوە بێت. اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، دەفەرموويت: ﴿الم ۝١ أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ۝٢ وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ﴾ (العنكبوت: ١-٣). واتا: بە ئەليف لام ميم دەخويندرێتەوە، ئايا خەڵكی وايانزانيوە، وازيان لێدەهێنرێت و پشتگوێ دەخرێن كە بڵێن ئيمان و باوەڕمان هێناوە، لەكاتێكدا ئەوان تاقی نەكرێنەوە و تووشی سزا و ئازار نەكرێن؟ ﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ﴾ سوێند بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێگومان ئێمە ئەوانەی پێش ئەمانمان تاقيكردۆتەوە بە جۆرەها شێوە، ئينجا بێگومان اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەوانەی ڕاستيان كرد دياری دەكات هەروەها درۆزنەكانيش دياری دەكات، واتا: دەناسرێن.

وە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی مونافيقەكان دووڕووەكان ئەوانەی كە بەدرۆ دەيان گوت لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، دەفەرموويت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا

---

٢٤٥) ((معارج القبول بشرح سلم الوصول لحافظ بن أحمد حكمي(ج ٢، ص: ٤٢١- ٤٢٢)).

بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَا هُمْ بِمُؤْمِنِينَ ۝٨ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنْفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ۝٩ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ﴾ (البقرة: ٨-١١). واتا: له ناو خەڵکیدا کەسانێک هەن کە دەڵێن: ئیمان و باوەڕمان بە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و بە ڕۆژی قیامەت هێناوە (لەڕاستیدا ئەوانە درۆ دەکەن) ئەوانە هەمیشە باوەڕدار نین. ﴿يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنْفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ ئەوانە (بەخەیاڵی خۆیان وا دەزانن) پەروەردگار و ئەو کەسانە دەخەڵەتێنن کە باوەڕداری ڕاستەقینەن!! کەچی جگە لە خۆیان کەسیان پێ ناخەڵەتێنرێ، بەڵام هەست ناکەن و تێناگەن و بیرناکەنەوە. ﴿فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ﴾ ئەوانە لە دڵ و دەروونیاندا نەخۆشی بێ باوەڕی و حەسوودی و کینە هەیە، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ش دەردیان گران و کاریگەر دەکات و سزایەکی سەختیش (لە دینا و قیامەتدا) چاوەڕێنانە بە هۆی درۆکردن و (دژایەتییان بۆ ئیسلام).

لەچەندین شوێنی تردا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ باسی دووڕووەکانی کردووەو و سڕ و نهێنی ئەوانی ئاشکرا کردووەو بەدەری خستووە وەکو سورەتەکانی: الْبَقَرَةِ وَآلِ عِمْرَانَ وَالنِّسَاءِ وَالْأَنْفَالِ وَالتَّوْبَةِ وەبێجگە لەو سورەتانەش.

هەروەها لەهەردوو صەحیحی بوخاری و موسلمدا هاتووە رسول اللّه ﷺ دەفەرموویت: ((مَا مِنْ أَحَدٍ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ صِدْقًا مِنْ قَلْبِهِ إِلَّا حَرَّمَهُ اللَّهُ عَلَى النَّارِ))[٢٤٦] واتا: هیچ کەسێک نییە بە ڕاستی و لەدڵەوە شایەتی بدات و بڵێت: هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق جگە لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وە موحەممەدیش ﷺ بەندەو رسولی اللّەیە ئەوە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئاگری دۆزەخی لێ قەدەغە دەکات. جا گوتنی ئەو لَا إِلَهَ إِلَّا اللّهیە بۆ ئەو کەسەی کە دەیڵێ بەمەرج گیراوە بۆ ڕزگار بوون لەئاگر، کەدەبێ لەدڵەوە بەڕاستگۆی بیڵێ، وە بەتەنها گوتنی و لەفز پێکردنی لَا إِلَهَ إِلَّا اللّه سوودی نابێ، بەبێ ڕەنگدانەوەی لەدڵدا.

وەهەروەها فەرمووەی طەڵحەی کوڕی عوبەیدواللّه رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ چیرۆکی ئەو دەشتەکیەمان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێك پرسیاری لە رسول اللّه ﷺ کردووە دەربارەی شەریعەتی ئیسلام جا رسول اللّه ﷺ خەبەری پێدا و فێری کرد، دەشتەکیەکە گوتی: ئایە جگە لەوە هیچی ترم لەسەرە ؟ رسول اللّه ﷺ فەرمووی: نەخێر مەگەر خۆبەخشانە بیدەی، ئینجا پیاوەکە گەڕایەوە و لەبەر خۆی دەیگوت: سوین بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەلەوە زیاتر دەکەم و نەلێشی کەم دەکەمەوە، رسول اللّه ﷺ فەرمووی: ئەگەر ڕاست بکات ڕزگاری

٢٤٦) أخرجه البخاری(١٢٨). ومسلم(٣٢). من حديث مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

دەبێ»[٢٤٧]. جا رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ ڕاستگۆ بوونی ئەو پیاوەی بەمەرج گرت بۆ ڕزگار بوون و چوونە بەهەشت»[٢٤٨]

شەشەم: الإخلاص: «واتا:نیەت پاکی، بریتییە لەپاك کردنەوەی کردەوەکان بەنیەتێکی چاك و پاك لەهەموو پیسیەکانی شیرك، اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ﴾ (الزمر: ٣). واتا: ئاگادارین: دینی پاك و خاوێن تەنها بۆ اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ.

اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموێت:﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ﴾ (البَيِّنَة: ٥). واتا: فەرمانیشیان پێنەدرابوو جگە بەوەی کە اللّه پەرستی بکەن و بەپاکی و دڵسۆزی و ملکەچی فەرمانبەرداری ئاین و بەرنامەکە بن و لابدەن لە هەموو ئایینێك و تەنها پابەندی ئایینی ئیسلام بن.

اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ﴾ (الزمر: ٢). واتا: هەر اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بپەرستە و هەر ملکەچ و دڵسۆزبە بۆ ئاین و بەرنامەکەی.

---

٢٤٧)أخرجه البخاري (٤٦) ومسلم(١١). من حديث طلحة بن عُبَيْدِالله رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ

٢٤٨) ((معارج القبول بشرح سلم الوصول لحافظ بن أحمد حكمي(ج ٢، ص: ٤٢٢- ٤٢٣)).

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ﴾ (الزمر: ١١). واتا: بەڕاستی من فەرمانم پێدراوە هەر اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بپەرستم و لەهەموو ژیانمدا ملکەچ و فەرمانبەرداری دین و ئاین و بەرنامەی ئەو بم. ﴿قُلِ اللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَهُ دِينِي﴾ (الزمر: ١٤). واتا: ئەی پەیامبەر پێیان بڵێ: بەڕاستی من فەرمانم پێدراوە هەر اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بپەرستم و لەهەموو ژیانمدا ملکەچ و فەرمانبەرداری دین و ئاین و بەرنامەی ئەو بم

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾ إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَاعْتَصَمُوا بِاللَّهِ وَأَخْلَصُوا دِينَهُمْ لِلَّهِ فَأُولَٰئِكَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (النساء:١٤٥ ١٤٦). واتا: ئەڕاستی دووڕووەکان لە چینی هەرە خواری ناو دۆزەخدان و هەرگیز بۆ ئەوان پشتیوانێکت دەست ناکەوێت. جگە لەوانەیان تەوبەی ڕاستەقینەیان کردووە و کارونیەتیان چاک کردووە و دەستیان بەئاینی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ گرتووە و پەیڕەوی بەرنامەکەی دەکەن و بەتەواویی دین و ئاینیان ساغ کردۆتەوە بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، جا ئەوانە لەگەڵ ئیماندارانداە دەبن و (لەگەڵ ئەواندا حەشر دەکرێن).

وەهەروەها لەفەرموودەی صەحیح هاتووە رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ،

خَالِصًا مِنْ قَلْبِهِ أَوْ نَفْسِهِ))[٢٤٩] واتا: بەختەوەرترین کەس بەشەفاعەتی من لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسەیە کە لەناخی دڵیەوە بەنیەت پاکی دەرونیەوە وتبێتی لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ...))[٢٥٠]

حەوتەم: المحبة: ((واتا:خۆشویستن، خۆشویستن بۆ ئەو وشەو بۆ ماناو مەبەستی ئەو وشەو ئەوانەی کەکاری پێدەکەن و مولتەزیمن و پەیوەستن بەمەرجەکانی، وەڕق لێبوونەوەی ئەوانەی کە ئەو مەرجانەی تێدا نییە. اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ﴾ (البَقَرَة: ١٦٥). واتا: هەندێك کەس هەیە لەجیاتی ئەوەی اللَّه بپەرستێت، شتانی تر دادەتاشێت بۆ خۆی و (شوێن ڕێنموونیی‌یەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ناکەوێت) خۆشەویستی و سۆزی دەدات بەو بت و بەرنامۆلکەو تووڵە ڕێگەیانە و خۆشی دەوێن، وەك چۆن ئیمانداران اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان خۆش دەوێت، بەڵام ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە زۆر زیاتر اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان خۆش دەوێت.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ﴾ (المَائِدَة: ٥٤). واتا: ئەی ئەوانەی

---

٢٤٩) أخرجه البخارى(٩٩). من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٢٥٠)((معارج القبول بشرح سلم الوصول لحافظ بن أحمد حكمي(ج ٢، ص: ٤٢٣-٤٢٤)).

باوەڕتان هێناوە، هەر کەس لە ئێوە لە ئاین و بەرنامەکەی وەرگەڕێت و پاشگەز ببێتەوە، ئەوە (هەر خۆی زەرەر دەکات) ئەوە لە ئایندەدا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کەسانێک دەهێنێتە کایەوە (ئەوەندە ڕێک و پێک و باوەڕ دامەزراون) اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خۆشی دەوێن، ئەوانیش خۆش دەوێت، هەروەها ملکەچ و فەرمانبەردارو بەسۆزن بۆ ئیمانداران و سەربڵندو نەخۆرو دەروون بەرزن بەسەر بێ باوەڕاندا، لە پێناو ڕێبازی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو هەوڵ دەدەن و خەبات دەکەن و تێدەکۆشن، لە لۆمەی لۆمەکەرانیش ناترسن (ئەم خۆشەویستی و هەڵبژاردن و سۆز و تێکۆشانە) فەزڵ و ڕێزی تایبەتی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰیە کە دەیبەخشێت بە هەر کەس کە بیەوێت و (شایستە بێت) و اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فراوانگیرو زانایە (بەنهێنی و ئاشکرا، بەشایستەیی و ناشایستەیی هەر کەس و هەر لایەنێک).

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵێ پێداوین کە بەندەکانی زۆر زیاتر اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰیان خۆشدەوێت، لەبەر ئەوەی ئەوان هیچ کەسێك و شەریکێکیان بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دانەناوە لەخۆشویستن، (کەسی تریان هاوشێوەی ئەو خۆش نەویستووە) وەك چۆن هاوبەش پەیداکەرەکان ئەوانەی بانگەشەی خۆشویستنی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن، کەسانێکیان خۆشدەوێ بەوێنەی خۆشەویستی ئیماندران بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نیشانەی خۆشویستنی بەندە بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ برتییە لەپێشخستنی خۆشەویستەکەی ئەگەر چی پێچەوانەی هەواو ئارەزووی خۆشی بێت، وەڕقی لەوەیە کە پەروەردگارەکەی ڕقی لێیەتی ئەگەر چی مەیلی بۆ ئەو شتەش هەبێ، وە دۆستایەتی کردن و خۆشویستنی ئەوانەی کە اللَّه

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پەیامبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆشیانی دەوێن، وە بەهەرهەڵستی ڕق لێبوونەوە لەوانەی کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پەیامبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕقی لێیانە، وەشوێنکەوتنی پەیامبەرەکەی و شوێن ئاسەوار کەوتنی و قەبوڵکردنی سوننەتەکەی، هەموو ئەو نیشانانە مەرجن بۆ خۆشویستن، جا تەصەورِ و وێنا ناکرێت بەهەبوونی خۆشویستن لەگەڵ نەبوونی ئەو مەرجانە (واتا: کەسێك بڵێ من اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پەیامبەرەکەیم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆشدەوێت کەچی ئەو مەرجانەشی تێدا نەبێت)

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنْتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا﴾ (الفرقان: ٤٣). واتا: ئایا نابینیت ئەو کەسەی کە ئارەزووی خۆی کردۆتە خوای خۆی (شوێن نەفسی بەدکردار کەوتووە) ئایا تۆ دەتوانیت ئەوانە بپارێزیت لە لادان و سەرکەشی؟!.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَنْ يَهْدِيهِ مِنْ بَعْدِ اللَّهِ﴾ (الجاثية: ٢٣). واتا: هەواڵم بدەرێ ئایا ئەوکەسەی کە وێست و ئارەزووی خۆی کردۆتە خوای خۆی؟! بەهۆی ئەوەوە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ گومڕای کردووە کە زانیوێتی شایەنی ئەوەیە، لە ئەنجامی بەد هەڵوێستی خۆیدا و مۆری ناوە بە دەزگای بیستن و دڵ و دەروونیدا و پەردەشی هێناوە بەسەر چاوو دەزگای بینینیدا، جا ئیتر کێ هەیە جگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هیدایەت و ڕێنموونی بکات، ئایا بیر ناکانەوە و ئامۆژگاری وەرناگرن.

هەموو ئەوانەی لەگەڵ اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ شتی تر دەپەرستن، ئەوا لەحەقیقەتدا هەواو ئارەزووی دەپەرستێت، بەڵکو هەموو ئەو ئەو تاوانانەی کە بەندە مەعصیەت سەرپێچی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەکات، هۆکارەکەی پێشخستنی ئارەزووە بەسەر فەرمانەکانی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ و نەهیەکانی، اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەربارەی خۆشەویستی و دوژمنایەتی دەفەرموێت: ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾ (الممتحنة: ٤). واتا: ئەی ئیمانداران، بەڕاستی لە ئیبراهیم و ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون نموونەیەکی چاکتان خراوەتە بەرچاو، کاتێك کە بە قەومەکەی خۆیانیان وت: دوای سااڵەها بانگەواز، ئێمە بەرین لە ئێوە و لەو شتانەش کە لەجیاتی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەیپەرستن، ئێمە باوەڕمان بەو دین و ئاینەی ئێوە نیە، ئیتر دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی لەنێوانماندا بەرپا بووە تا ئەو کاتەی کە باوەڕ بە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ی تاك و تەنها دەهێنن.

اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ﴾ (الجاثية: ٢٢). واتا: کەسانێکت دەست ناکەوێت باوەڕ بهێنن بە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ و بە ڕۆژی دوایی، لەکاتێکدا کەسانێکیان خۆش بوێت کە دژایەتی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ و پەیامبەرەکەیان کردبێت، ئەگەرچی ئەو دوژمنانە باوو باپیریان بن یان نەوەیان بن یان برایان بن

یان عەشیرەتیان بن، ئەوانەی کە بەو شێوەیەن (ئیمان و باوەڕیان لە هەموو کەسێک لا بە نرختر و پیرۆزترە)، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئیمان و باوەڕی لەدڵیاندا چەسپاندووەو جێگیری کردووە.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ﴾ (المَائِدَة: ٥١).

واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور مەکەنە یارو یاوەرو پشتیوانی خۆتان ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت، ئەوە هەر لەوانە و (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت).

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ (التَّوبَة: ٢٣). واتا: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، باو و باپیران و براکانتان مەکەنە پشتیوان و خۆشەویستی خۆتان، ئەگەر ئەوان بێ باوەڕیان خۆش ویست و هەڵیانبژارد بەسەر ئیمان و باوەڕدا، هەرکەس لە ئێوە پشت بەوان ببەستێت و خۆشی بوێن، ئائەوانە هەر ستەمکارن.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ﴾ (المُمْتَحَنَة: ١). واتا: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە دوژمنانی من و دوژمنانی خۆتان مەکەنە دۆستی گیانی بەگیانی.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی مەرجی شوێنکەوتنی پەیامبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٣١﴾ قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ﴾ (آل عمران: ٣١-٣٢). واتا: ئەی پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ئیمانداران بڵێ: ئەگەر ئێوە پەروەردگارتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە پەروەردگاریش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت، ئەو پەروەردگارە لێخۆشبوو و میهرەبانە. ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ﴾ پێیان بڵێ: فەرمانبەرداری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بن، خۆ ئەگەر سەرپێچی بکەن و پشتی تێبکەن ئەوە دڵنیابن اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێ باوەڕانی خۆش ناوێت.

رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ: أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ بَعْدَ أَنْ أَنْقَذَهُ اللَّهُ مِنْهُ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ))[٢٥١] واتا: سێ شت هەن هەر کەسێ ئەم سێ شتەی تیا بێت ئەوە بەو سێ شتە تامی شیرینی ئیمان ئەکات : ئەویش کە پەروەردگار و پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆشتر بوێ لە هەموو شتێکی تر ، وە کە کەسێکی خۆش بوێ خۆشی نەوێ تەنها لە پێناوی اللّه

٢٥١) أخرجه البخارى (١٦) ومسلم(٤٣). من حديث أنس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبێ ، وە پێی ناخۆش بێ بگەڕێتەوە بۆ کوفر پاش ئەوەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕزگاری کردووە لە کوفر ، هەر وەک پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگر.

هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: ((لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ))[٢٥٢] واتا: ئیمانی هیچ کەسێك تەواو نییە هەتا منی خۆشتر نەوێت لە خۆی و مال و کەسووکار و هەموو خەڵکی.

لەفەرموودەیەکی تردا رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ، إِلاَّ مَنْ أَبَى ، قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَنْ يَأْبَى قَالَ : مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى))[٢٥٣] واتا: هەموو ئوممەتی من دەچێتە بەهەشتەوە جگە لەوانەی کەخۆیان نایانەوێت وتیان ئەی پەیامبەری اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جا ئەوە کێیە کە نایەوێت فەرمووی: هەرکەس فەرمانبەرداری من بێت دەچێتە بەهەشتەوە هەر کەسیش سەرکەشی بکات و لێم باخی بێت دیارە کە ئەوە نایەوێت...))[٢٥٤]

٢٥٢) أخرجه البخارى(١٥) ومسلم (٤٤) من حديث أنس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٢٥٣) أخرجه البخارى (٧٢٨٠) من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٢٥٤) ((معارج القبول بشرح سلم الوصول لحافظ بن أحمد حكمي(ج ٢، ص: ٤٢٤- ٤٢٥-٤٢٦-٤٢٧)).

شەیتان خەڵکی فێرە سیحرو جادو دەکات

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُو الشَّيَاطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَٰكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنْزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُمْ بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنْفُسَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾ (البقرة:١٠٢).

واتا:﴿وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُو الشَّيَاطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَانَ﴾ وە ئەوان شوێنی ئەو شتانە کەوتن کە شەیتانەکان ئەیانخوێندەوە لەسەردەمی سولەیمان کە وایان ئەزانی ئەمە زانستێکەو سولەیمان بەجێی هێشتووە ﴿وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَٰكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا﴾ لە کاتێکدا کە سولەیمان کوفری نەکردو سیحری نەکرد ئەو پەیامبەری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بوو بەڵکو شەیتانەکان کافر بوون بەهۆی سیحر کردنیانەوە، کە جوولەکە ئەیانووت سولەیمان کوفری کردووە وە سیحرو جادووی کردووە وە سوجدەی بۆ بت بردووە،**

بەڵام اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ سولەیمان بەری ئەکات لەو شتانە ﴿يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ﴾ کە شەیتانەکان خەڵکیان فێرە سیحرو جادوو ئەکرد ﴿وَمَا أُنْزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ﴾ وە ئەوەی کە دابەزی بۆ سەر هەردوو مەلائیکەتەکە لە بابل کە ناویان (هارۆوت و مارۆوت) بوو کە دوو مەلائیکەت بوون داوایان کردووە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دایانبەزێنێتە سەر زەوی وەکو تاقیکردنەوە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دایبەزاندن، ئەو کاتە شەهوەتیان تێچوو وە تووشی تاوان بوونە لەبەر ئەوەی خۆیان داوایان کردووە کە دایانبەزێنێتە سەر زەوی ئەوە تەفسیرێك، یاخود وتراوە: اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بۆ تاقیکردنەوە دایانی بەزاندووە، یاخود وتراوە قیرائەتێکی تر ﴿وَمَا أُنْزِلَ عَلَى الْمَلِكَيْنِ﴾ دوو مەلیك بوونە لە بابل کە ناویان (هارۆوت و مارۆوت) بووە، یاخود (ما) نافیەیە واتە نە سولێمان کوفری کردووە، وە نە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ سیحرو جادووی دابەزاندۆتە سەر هەردوو مەلائیکەتەکە ﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ﴾ وە هیچ کەسێکیان فێرە سیحرو جادوو نەئەکرد هەتا پێیان نەوتنایە کە ئێمە تاقیکردنەوەین اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ئێوە تاقیئەکاتەوە بەهۆی ئێمەوە، وە ئێوە کوفر مەکەن و خۆتان فێرە سیحرو جادوو مەکەن لەبەر ئەوەی سیحرو جادوو کوفرە هەر کەسێك فێری بێت کافر ئەبێ ﴿فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ﴾ وە ئەوەی کە لە سیحر فێری ئەبوون ئەوە بوو کە جیاوازیان ئەخستە نێوان ژن و پیاوەوە وەکو چۆن ئێستاش سیحرو جادوو هەیە کە ژن لەبەرچاو پیاو ڕەش ئەکات یان بە

پێچەوانەوە ﴿وَمَا هُمْ بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ وە ئەوان نەیانئەتوانی زیان بە هیچ کەسێك بگەیەنن بەبێ ئیزنی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چونکە بەبێ ئیزنی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هیچ شتێك تەئسیرو کاریگەری نابێ ﴿وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ﴾ وە فێری شتێك ئەبوون لە سیحرو جادوو کە زیانی پێیان ئەگەیاندو هیچ سوودێکی بۆیان نەبوو لەبەر ئەوەی سیحرو جادوو هیچ سوودێکی تیا نیە ﴿وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ﴾ وە ئەشیانزانی کە هەر کەسێك ئەو سیحرە فێربێت و وەری بگرێت و بیگۆڕێتەوە بە کتابی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ بەشێکی نیە لە ئەجرو پاداشت، وە کردەوەکانی بەتاڵ ئەبێتەوە ﴿وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنْفُسَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾ بەڕاستی ئەمیش خراپترین شت بوو کە بۆ نەفسی خۆیان وەریان گرت کە کتابی پەروەردگاریان فرۆشت و سیحریان پێی وەرگرت ئەگەر بیانزانیایە.

خوێنەری بەڕێز سیحر یەکێکە لەتاوانە گەورەکان کە مرۆڤ بەرەو کوفر دەبات، سیحریش دەبێتە دوو بەش:

یەکەم: بەهۆی شیرکەوە، ئەوەش بەپاڵ پشتی شەیتانەکان دەبێت، ساحیر شەیتان دەپەرستێت و لێی نزیك دەبێتەوە، تاکو کاریگەری لەسەر ئەو کەسە بکات کە سیحری لێکراوە.

دووەم: بەهۆی تاوانەوە، ئەوەش بەپاڵ پشتی کۆمەڵێك وشەو کردار، کەساحێران ئەنجامی دەدەن یان دەیخوێنن یان دەینوسێ ،جا بەوهۆیەوە کاری گەری دەبێت لەسەر دڵ و دەرون و لاشەو عەقڵی سحر لیکراوەکە.

پێناسەی سیحر لەڕووی زمانەوانیەوە: ((السِّحْرُ يُطْلَقُ فِي اللُّغَةِ عَلى مَا خفي ولطف مأخذه ودق))[٢٥٥] واتا: سیحر لەزمانی عەرەبی بەشتێك دەگوترێ کەزۆر نادیار و شاراوە بێت، بەئەستەم هەستی پێ بکرێت.

پێناسەی سیحر لەڕووی شەرعیەوە: ((عُقْدٌ وَرُقى يتوصل بِهَا السَّاحِر إِلى إِسْتِخْدَامِ الشَّيَاطِين لتضر..الْمَسْحُور))[٢٥٦] واتا:چەند گرێیەکە ساحیر بەدەستی دێنێ، بەبەکار هێنانی شەیطانەکان، بۆ زەرەردان لەکەسی سیحر لێکراو.

دوو جۆر سیحر هەیە: (الصرف والعطف)[٢٥٧]

الصرف: واتا: لابردنی دڵی پیاو لەسەر ئەو شتەی کەئاواتی پێی دەخوازێ و حەزی لێیەتی، بۆ نمونە لابردنی دڵی پیاو لەسەر خۆشویستنی خێزانی، بۆ ڕق و کینە.

العطف: واتا: کردەوەیەکی سیحریە وەکو (صرف)ە بەڵام دڵی پیاوەکە دەبات بەوەی ئاشقی ئافرەتێکی دەکات لەچەند ڕێگەیەکی شەیتانی.

---

٢٥٥) ((تبيان شرح نواقض الإسلام، ص:٤٩)).
٢٥٦) ((تبيان شرح نواقض الإسلام، ص:٤٩)).
٢٥٧) ((تبيان شرح نواقض الإسلام، ص:٥٠)).

ئایە سیحر حەقیقەتی هەیە ؟

بەڵگە هەیە لەسەر ڕاستی سیحر اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿مِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ﴾ (الفلق:٤). واتا: لەشەڕو خراپەی ئەو کەسانەی کە جادو دەکەن و پەت و دەزو گرێ دەدەن و فوی پێدادەکەن (بەفێڵ و جادوو نێوانی خەڵکی تێکدەدەن). وتەی اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ بەڵگەیە لەبوون و حەقیقەتی سیحر، ئەگەر حەقیقەتی نەبوایە ئەوە اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ فەرمانی نەدەکرد بە پەناگرتن لەجادوو (سیحر).

بەهەمان شێوە وتەی اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ: ﴿فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ﴾ (البقرة:١٠٢). واتا: وە ئەوەی کە لە سیحر فێری ئەبوون ئەوە بوو کە جیاوازیان ئەخستە نێوان ژن و پیاوەوە (وەکو چۆن ئێستاش سیحرو جادوو هەیە کە ژن لەبەرچاو پیاو ڕەش ئەکات یان بە پێچەوانەوە). ئەو ئایەتەش دەلالەت لەحەقیقەتی سیحر دەکات کە هۆکارێکە بۆ جیاوازی خستنەوەو لێك جیاکردنەوەی ژن و پیاوەوە.

وەهەروەها فەرموودەش لەو بارەوە هاتووە کە سیحر (جادوو) بوون و حەقیقەتی هەیە ئەویش فەرموودەی دایکمان عائیشەیە رَضِيَ‌اللَّهُ‌عَنْهَا کە دەفەرموویت: ((عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ‌اللَّهُ‌عَنْهَا قَالَتْ : سُحِرَ النَّبِيُّ صَلَّى‌اللَّهُ‌عَلَيْهِ‌وَعَلَىٰ‌آلِهِ‌وَسَلَّمَ حَتَّى كَانَ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ أَنَّهُ يَفْعَلُ الشَّيْءَ وَمَا يَفْعَلُهُ ، حَتَّى كَانَ ذَاتَ يَوْمٍ دَعَا ، وَدَعَا ثُمَّ قَالَ : أَشَعَرْتِ أَنَّ اللَّهَ أَفْتَانِي فِيمَا فِيهِ شِفَائِي ؟ أَتَانِي رَجُلانِ فَقَعَدَ أَحَدُهُمَا عِنْدَ رَأْسِي

وَالآخَرُ عِنْدَ رِجْلَيَّ ، فَقَالَ أَحَدُهُمَا لِلآخَرِ : مَا وَجَعُ الرَّجُلِ ؟ قَالَ : مَطْبُوبٌ قَالَ : وَمَنْ طَبَّهُ ؟ قَالَ : لَبِيدُ بْنُ الأَعْصَمِ . قَالَ : فِيمَا ذَا ؟ قَالَ : فِي مُشُطٍ وَمُشَاقَةٍ وَجُفِّ طَلْعَةٍ ذَكَرٍ، قَالَ فَأَيْنَ هُوَ ؟ قَالَ : فِي بِئْرِ ذَرْوَانَ))[٢٥٨] واتا: عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ : سُحِرَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ حَتَّى كَانَ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ أَنَّهُ يَفْعَلُ الشَّيْءَ وَمَا يَفْعَلُهُ ، لەدایکمان عائیشەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا دەڵێ: رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سیحری لێکرا، شتانێکی دەکرد کە پێشتر نەیکردبوو، حَتَّى كَانَ ذَاتَ يَوْمٍ دَعَا ، وَدَعَا ثُمَّ قَالَ : أَشَعَرْتِ أَنَّ اللَّهَ أَفْتَانِي فِيمَا فِيهِ شِفَائِي ؟ هەتا پۆژێک رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ دوعای کرد و دوعای کرد پاشان گوتی: ئەی عائیشە تۆ بڵێی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى وەڵامی دوعاکانی دابێتمەوە؟ أَتَانِي رَجُلانِ فَقَعَدَ أَحَدُهُمَا عِنْدَ رَأْسِي وَالآخَرُ عِنْدَ رِجْلَيَّ ، دوو پیاو هاتنە لام یەکێکیان لەلای سەرم دانیشتبوو، ئەوەی تر لەلای قاچم دانیشت، فَقَالَ أَحَدُهُمَا لِلآخَرِ : مَا وَجَعُ الرَّجُلِ ؟ قَالَ : مَطْبُوبٌ یەکێکیان بە ئەوەی تری گوت: ئەم پیاوە چیەتی؟ گوتیان: سیحری لێکراوە، قَالَ : وَمَنْ طَبَّهُ ؟ قَالَ : لَبِيدُ بْنُ الأَعْصَمِ گوتی: کێ سیحری لێکردووە؟ گوتی: لَبِيدُ بْنُ الأَعْصَمِ، قَالَ : فِيمَا ذَا ؟ قَالَ : فِي مُشُطٍ وَمُشَاقَةٍ وَجُفِّ طَلْعَةٍ ذَكَرٍ گوتی: بەچی لێی کردووە؟ گوتی: لەدانی شانەیەك، قَالَ فَأَيْنَ هُوَ ؟ قَالَ : فِي بِئْرِ ذَرْوَانَ، گوتی: ئەوە لەکوێیە ئەو سیحرە؟ گوتی: لەبیری (ذەروان)ە.

---

٢٥٨) أخرجه البخاري (٣٢٦٨) ومسلم (٢١٨٩). من حديث عائشة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا

خوێنەری بەڕێز پێویستە موسڵمان ئاگاداربێت نەچێتە لای ئەوکەسانەی بانگەوازی شتی نادیار دەکەن وەک جادووگەر و تەڵەکەباز و فێڵبازەکانیان، وە باوەڕیان پێنەکات، چونکە رسول اللە صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً))[٢٥٩] واتا:هەرکەس بچێتە لای فاڵچییەك و پرسیاری شتێکی لێبکات چل شەو نوێژی لێوەرناگیرێت.

٢٥٩) أخرجه مسلم(٢٢٣٠) عن بعض أزواج النبي صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ و رَضِيَٱللَّهُعَنْهُنَّ

شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات

خەڵکی بەناحەق بکوژرێت

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَدَخَلَ الْمَدِينَةَ عَلَىٰ حِينِ غَفْلَةٍ مِنْ أَهْلِهَا فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَٰذَا مِنْ شِيعَتِهِ وَهَٰذَا مِنْ عَدُوِّهِ فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِنْ شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ فَوَكَزَهُ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ قَالَ هَٰذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ عَدُوٌّ مُضِلٌّ مُبِينٌ﴾ (القصص:١٥). **واتا:** ﴿وَدَخَلَ الْمَدِينَةَ عَلَىٰ حِينِ غَفْلَةٍ مِنْ أَهْلِهَا﴾ **موسى هاتە ناو شاری میصرەوە دوای ئەوەی کە وەحی بۆ هات و بوو بە پێغەمبەر لە کاتێک کە خەڵکەکە بێ ئاگابوون، وتراوە: لە نێوان مەغریب و عیشادا، یان لە نیوەڕۆدا بە نهێنی خۆی کردە ناو شاردا** ﴿فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ﴾ **بینی دوو پیاو شەڕیانە** ﴿هَذَا مِنْ شِيعَتِهِ﴾ **ئەمەیان بەنی ئیسرائیلییەو لە هۆزی خۆیەتی** ﴿وَهَذَا مِنْ عَدُوِّهِ﴾ **وە ئەمەی تریشیان (قیبطي) یە لە هۆزەکەی فیرعەونە و دوژمنێتی** ﴿فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِنْ شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ﴾ **ئەوەی کە لە هۆزەکەی خۆی بوو کابرای بەنی ئیسرائیلی داوای فریاکەوتن و سەرخستنی لە موسی** عَلَيْهِ السَّلَامُ **کرد بەسەر دوژمنەکەیدا: ئەی موسا** عَلَيْهِ السَّلَامُ **فریام بکەوەو لەم دوژمنە ڕزگارم بکە ئەیەوێ بە زۆر ئیشم پێ بکات وە پارەم پێ نەدات**

(داوای فریاکەوتن لە کەسێکی زیندووی ئامادەی بە توانا بۆ کاری دونیایی کە لە توانای مرۆڤدا بێت دروستە) ﴿فَوَكَزَهُ مُوسَى فَقَضَى عَلَيْهِ﴾ موسی هەردوو دەستی کۆ کردەوە دای بە سینگی ئەو پیاوەدا، یاخود بە گۆچانەکەی لێیداو یەکسەر مردو کوشتی هەر چەندە بۆ ئەوەی نەبوو کە بیکوژێ بەڵام نەیزانی بەوە ئەمرێ ﴿قَالَ هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ﴾ موسا وتی: بەڕاستی شەیتان ئەم کردەوەیەی پێ کردم لەبەر ئەوەی فەرمانم پێ نەکرابوو بە کوشتنی ﴿إِنَّهُ عَدُوٌّ مُضِلٌّ مُبِينٌ﴾ بە دڵنیایی شەیتان دوژمنێکی گومڕاکاری ئاشکرایەو ئەیەوێ مرۆڤ گومڕا بکات.

ئیمامی الطبري (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَقَوْلُهُ : ﴿قَالَ هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ﴾ يَقُولُ تَعَالَى ذِكْرُهُ :قَالَ مُوسَى حِينَ قَتَلَ الْقَتِيلَ : هَذَا الْقَتْلُ مِنْ تَسَبُّبِ الشَّيْطَانِ لِي بِأَنْ هَيَّجَ غَضَبِي حَتَّى ضَرَبْتُ هَذَا فَهَلَكَ مِنْ ضَرْبَتِي ، ﴿إِنَّهُ عَدُوٌّ﴾ يَقُولُ : إِنَّ الشَّيْطَانَ عَدُوٌّ لِابْنِ آدَمَ ﴿إِنَّهُ عَدُوٌّ﴾ لَهُ عَنْ سَبِيلِ الرَّشَادِ بِتَزْيِينِهِ لَهُ الْقَبِيحَ مِنَ الْأَعْمَالِ ، وَتَحْسِينِهِ ذَلِكَ لَهُ ﴿مُبِينٌ﴾ يَعْنِي أَنَّهُ يُبِينُ عَدَاوَتَهُ لَهُمْ قَدِيمًا ، وَإِضْلَالَهُ إِيَّاهُمْ))[٢٦٠] واتا: وتەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ﴿قَالَ هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ﴾ موسا وتی: بەڕاستی شەیتان ئەم کردەوەیەی پێ کردم. ئیمامی الطبري (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: اللّه دەڵێ: موسا کاتێک ئەو کەسەی کوشت گوتی: ئەو کوشتنەم بەهۆکاری شەیتانەوە بوو، بەوەی تووڕەیی

---

٢٦٠) ((تفسير الطبري(ج:١٩/ ص:٥٤٢)).

هەستاندم هەتا لێمداو مرد، ﴿إِنَّهُ عَدُوٌّ﴾ دەڵێ: بەڕاستی شەیطان دوژمنی نەوەی ئادەمە، گومڕاکەرە، گومڕاکەری ڕێی ڕاستی ئینسانە بەڕازاندنەوەی کردەوە خراپەکان بۆ ئینسان و بەچاك دانانی بۆ ئینسان، ﴿مُبِينٌ﴾ واتا: ئاشکرایە، واتا: شەیتان دوژمنایەتی و گومڕاکردنی کۆنی ئاشکرایە بۆ ئینسان.

خوێنەری بەڕێز کوشتنی نەفسێك بەناحەق یەکێکە لەتاوانە هەرە گەورەکان اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەقورئاندا باسی کردووە و حەرامی کردووە هیچ نەفسێك بکوژرێت ئیلا بەحەقی خۆی نەبێ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ﴾ (الإسراء:٣٣). واتا: کەسێك نەکوژن کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کوشتنەکەی حەرام کردبێت مەگەر بەهۆی تاوانێکەوە شایستە بێت و کوشتنی ڕەوا بێت.

لەئایەتێکی تردا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَٰلِدًا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ (النساء:٩٣). واتا: هەر کەسێک بەدەستی ئەنقەست ئیماندارێک بکوژێت (بەحەلالی بزانێت)، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە، نەمرە تیایدا، هەروەها اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لێی تورە بووە و نەفرینی لێکردووە و سزایەکی گەورە و بێ سنووری بۆ ئامادە کردووە.

وەهەروەها رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ دەفەرموویت: ((لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: الثَّيِّبُ الزَّانِي، وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ))[٢٦١] واتا: حەڵاڵ نییە خوێنی هیچ کەسێکی موسڵمان -کە شایەتی بدات بەوەی کە هیچ کەسێك شایانی پەرستن نییە جگە لە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ، منیش پێغەمبەری اللّەم مەگەر بەیەکێ لەم سیانە نەبێت: پیاوی ژن هەیە وە ئەو ژنەی مێردی کردووە زینا بکەن، وە گیان بە گیان (کەسێ کەسێ بە ناحەقی بکوژێ و لە تۆڵەیدا دەکوژرێتەوە) و کەسێ پاشگەز بێتەوە لە ئایینی خۆی و لە کۆمەڵی موسڵمانان جیابێتەوە.

وەهەروەها رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ دەفەرموویت: ((لَنْ يَزَالَ الْمُؤْمِنُ فِي فُسْحَةٍ مِنْ دِينِهِ، مَا لَمْ يُصِبْ دَمًا حَرَامًا))[٢٦٢] واتا: بەردەوام بڕوادار لە فراوانی (لێخۆشبوونی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ-یە) لە دینەکەیدا، مادام تووشی خوێن ڕشتنێکی حەرام نەبووبێ.

وەهەروەها رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ دەفەرموویت: ((إِذَا الْتَقَى الْمُسْلِمَانِ بِسَيْفَيْهِمَا فَالْقَاتِلُ وَالْمَقْتُولُ فِي النَّارِ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ هَذَا الْقَاتِلُ فَمَا بَالُ الْمَقْتُولِ قَالَ إِنَّهُ كَانَ حَرِيصًا عَلَى قَتْلِ صَاحِبِهِ))[٢٦٣] واتا: کاتێک کە دوو موسوڵمان دەستە و شمشێر بەرامبەر لە یەک ئەگرن ، ئەوە بکوژو کوژراو هەردووکیان جێگەیان دۆزەخە ، وتم: یا رسول اللّه

---

٢٦١) أخرجه البخاري (٦٨٧٨) ومسلم (١٦٧٦). من حديث عبدالله بن مسعود رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ

٢٦٢) ((أخرجه البخاري (٦٨٦٢)) من حديث عَبْدِ اللَّهِ بن عمر رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ

٢٦٣) ((أخرجه البخاري (٣١)) من حديث أبى بكرة رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ **کوژەکە جێگای خۆیەتی کە دۆزەخیە، ئەی کوژراوەکە بۆچی ؟ فەرمووی: چونکە ئەویش بەخواستی دڵ سوور بووە لە سەر کوشتنی هاوڕێکەی.**

وەهەروەها رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموێت:** ((لَا تُقْتَلُ نَفْسٌ ظُلْمًا إِلَّا كَانَ عَلَى ابْنِ آدَمَ الْأَوَّلِ كِفْلٌ مِنْ دَمِهَا، لِأَنَّهُ كَانَ أَوَّلَ مَنْ سَنَّ الْقَتْلَ))[٢٦٤]

واتا: هەرکەسێك بەستەم بکوژرێت، یەکەم کوڕی ئادەم پشکی ئەو تاوانەی بەردەکەوێت، چونکە یەکەم کەس بووە کوشتنی داهێناوە.

٢٦٤) ((أخرجه البخاري (٣٣٣٥))) من حديث عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات

خەڵکی ڕیبا بخۆن

اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَنْ جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّهِ فَانْتَهَىٰ فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ (البقرة: ٢٧٥). **واتا:** ﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ﴾ **ئەو کەسانەی کە ڕیبا ئەخۆن لە ڕۆژی قیامەتدا هەڵناسنەوەو زیندوو ناکرێنەوە ئیلا وەکو کەسێك نەبێ کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێ و تووشی صەرع و پەرکەم و فێ بووبێت، چۆن بێ ئاگایە ئەوانیش ئاوا بەو شێوازە لە ساحەی مەحشەردا زیندوو ئەکرێنەوە** ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا﴾ **چونکە ئەمان لە دونیادا وتیان: کڕین و فرۆشتنیش وەکو ڕیبایەو جیاوازی نیەو هەردووکی یەکسانە، کە ئەمەیش ڕەخنە گرتن و نارازی بوون بوو بە شەرع** ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ **لە کاتێکدا کە جیاوازیان هەیە اللە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە بەڵام ڕیبای حەرام کردووە ئیتر ئێوە چۆن ئەڵێن: کڕین و فرۆشتن و ڕیبا فەرق و جیاوازیان نیە** ﴿فَمَنْ جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّهِ فَانْتَهَىٰ﴾ **جا هەر کەسێك**

ئامۆژگاریەکی لە پەروەردگارەوە بۆ هات کە ڕیبا حەرامە وە دەستی لێ هەڵگرت و وازی لێ هێنا و فەرمانی پەروەردگاری جێبەجێ کرد ﴿فَلَهُ مَا سَلَفَ﴾ ئەوەی کە پێشتر بە ڕیبا وەری گرتووە لۆمە ناکرێ لەبەر ئەوەی پێش حەرام بوونی ڕیبا دەستی کەوتووە ﴿وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ﴾ وە کاریشی ئەگەڕێتەوە بۆ لای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەوەی کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لێی خۆش بێت ﴿وَمَنْ عَادَ فَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ بەڵام هەر کەسێک لە دوای ئەوەی کە زانی ڕیبا حەرامە بگەڕێتەوە بۆ ڕیبا خواردن ئەوانە هاوەڵ و ئەهلی دۆزەخن و ئەوان بە نەمری تیایدا ئەمێننەوە.

هەروەها اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَشَارِكْهُمْ فِي الْأَمْوَالِ﴾ (الإسراء:٦٤).

واتا: وە بەشداریان بکە لە ماڵدا، بەشداری کردن لە ماڵدا بەوەی کە وایان لێ بکە لە ڕێی حەرامدا مالّ پەیدا بکەن وەکو دزی و ڕیبا [٢٦٥] وە لە حەرامدا سەرفی بکەن.

هەروەها رسول اللَّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەنای دەگرت بە لەشەیتان دەیفەرموو: ((وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ يَتَخَبَّطَنِي الشَّيْطَانُ عِنْدَ الْمَوْتِ))[٢٦٦]

واتا:پەروەردگارە پەنا بەتۆ دەگرم لەلەدەست دانی دین و عەقڵ بەهۆی شەیتان لەکاتی مەرگدا. جا ئەوە بەڵگەی ڕوونە کە شەیطان

---

٢٦٥) ((عن عطاء بن أبي رَباح، قال: الشرك في أموال الربا)). واتا: عەطائی کوڕی ڕەباح دەڵێ: بەژداری کردنیان لەڕیبا. ((تفسير الطبري (ج:١٧/ ص:٤٩٣)).

٢٦٦) (سنن ابي داود: ١٥٥٢)

دەستدەوەشێنێ لەئینسان و کاروکردەوەی خراپی پێدەکات، وە بەڵگەشە بۆ ئەوەی جن دەچێتە لاشەی مرۆڤ.

وەهەروەها بەشێك زانایان دەربارەی تەفسیری ئەو ئایەتە دەڵێن: ((بَلْ هُوَ مِنْ فِعْلِ الشَّيْطَانِ بِتَمْكِينِ اللَّهِ لَهُ مِنْ ذَلِكَ فِي بَعْضِ النَّاسِ دُونَ بَعْضٍ، لِأَنَّهُ ظَاهِرُ الْقُرْآنِ وَلَيْسَ فِي الْعَقْلِ مَا يَمْنَعُهُ))[٢٦٧] واتا: بەڵکو ئەوە کاری شەیتانە بە بەهۆی ئەوەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زاڵی دەکات لەوەدا لەسەر بەشێك لەخەڵکی چونکە ئەوە ڕوکەشی قورئانە وە عەقڵیش ڕێگری لەوە ناکات.

٢٦٧) (تفسير ماوردي (ج:١/ ص:٣٤٩).

شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات

پشت هەڵکەی لەجەنگدا

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْا مِنْكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا وَلَقَدْ عَفَا اللَّهُ عَنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ (آل عمران:١٥٥). **واتا:** ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْا مِنْكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ﴾ **بەدڵنیایی ئەو کەسانەی کە پشتیان هەڵکرد لە ئێوە کاتێک کە ئەو دوو کۆمەڵە موسڵمان و کافرە ڕووبەڕووی یەک بوونەوە لە جەنگی ئوحود دا** ﴿إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا﴾ **ئەمە تەنها شەیطان بوو خستیانیە ناو ئەو تاوانەوەو بەهۆی هەندێك تاوانی پێشتری خۆیان تێکشکان** ﴿وَلَقَدْ عَفَا اللَّهُ عَنْهُمْ﴾ **وە دواتر لەبەر ئەوەی تەوبەیان کردو داوای لێبوردنیان لە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **کرد، اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لێیان بورا** ﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ **بە دڵنیایی اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **زۆر لێخۆشبوو لەسەرخۆیەو پەلە ناکات لە سزادانی بەندەکانیدا.**

خوێنەری بەڕێز هەڵهاتن لە جەنگدا یەکێکە لەتاوانە گەورەکان، هەروەها یەکێکە لەو حەوت تاوانە گەورانەی کە رسول اللّه ﷺ باسی کردووە، ئەبو هورەیرە رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە:((عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ، قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ ؟ قَالَ: الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلاَتِ الْمُؤْمِنَاتِ)) [٢٦٨] واتا:خۆتان بەدوور بگرن لەو حەوت تاوانە فەوتێنەرانەی کە مرۆڤ لەناو دەبەن، وترا : ئەی پەیامبەری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەوانە کامانەن ؟ فەرمووی: شیرك ئەنجامدان بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، وە سیحر و جادوو کردن، وە کوشتنی ئەو کەسەی کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کوشتنی حەرام و قەدەغە کردووە ئیللا بە حەق نەبێت، وە خواردنی ماڵی یەتیم، وە خواردنی ریبا و سوو، وە پشت هەڵکردن لەبەرەی جەنگ لە ڕۆژی پێشڕەوی کردندا، وە تاوانبارکردن و تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێن پاکی بێئاگای ئیماندار بە بەدڕەوشتی و داوێن پیسی. بۆیە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی پشتهەڵنەکردنو هەڵنەهاتن لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ﴾ (الأنفال:١٥). واتا: ئەی باوەڕداران ئەگەر ڕووبەڕووی کافران بوونەوەو لێیان نزیك بوونەوە ئەوە ئێوە پشتیان لێ هەڵمەکەن وە تێکمەشکێن و ڕامەکەن. لە ڕۆژی ڕووبەڕوو بوونەوەی کافراندا هەر موسڵمانێك پشتیان تێ بکات و ڕابکات

---

٢٦٨) أخرجه البخاري(٦٨٥٧) ومسلم(٨٩). من حديث أبي هريرة رضي الله عنه

ئەوە تاوانی گەورەیە تەنها مەگەر کەسێك لەلایەکەوە بچێتە لایەکی تر خۆی ئامادە بکاتەوە وەکو فێڵ کردن لە دوژمن یان لەم کۆمەڵە جیا ئەبێتەوە ئەچێتە ناو کۆمەڵێکی تر بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات و دیسان بداتەوە بەسەر دوژمناندا، ئەم ئایەتە لەسەر ئەو هاوەڵانە دابەزی کە بەشداری غەزای بەدریان کرد، بەڵام حوکمەکەی گشتیە بۆ هەموو موسڵمانان و راکردن لەکاتی غەزادا لە تاوانە گەورەکانە لەم دوو حاڵەتە نەبێ هەر کەسێك بەرامبەر کافران پشت هەڵبکات و هەڵبێت و ڕابکات ئەوانە تووشی غەزەبی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەبن و اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لێیان تووڕە ئەبێ وە ئەو کەسانەی کە ڕایانکردووە شوێنیان ئاگری دۆزەخە کە خراپترین سەرەنجامە.

شەیتان دەیەوێت بەندەکان کوفر بەطاغوت نەکەن

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ (النساء:٦٠). **واتە : ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە بەلای ئەوانەی وا خۆ نیشان ئەدەن کە بەڕاستی ئەوان باوەڕیان هێناوە بەوەی دابەزیوە بۆ تۆ (کە قورئانە) و بەوەش کە پێش تۆ دابەزیوە (کە تەورِاتە) دەیانەوێت کە دادگایی و حوکمیان بببەنەوە بۆلای طاغوت لەکاتێکدا بەڕاستی فەرمانیان پێ کراوە کە کوفری پێ بکەن ، وە شەیتان دەیەوێت کە گومڕایان بکات بە گومڕاییەکی دوور لە ڕاستی .**

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **فەرمانی کردووە پێش ئیمان هێنان کوفر بکرێت بەطاغوت چونکە کوفر کردن بەطاغوت شەرتی ئیمانە، وە حوکم نەبردرێتە لای هیچ طاغوتێک بەڵام شەیطانەکان ئادەمیزاد هەڵدەخەڵەتێنن تاکو کوفری پێنەکەن و حوکم ببەنە لای طاغوت.**

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِن بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة: ٢٥٦). **واتا: ئەوەی باوەڕی نەبێت بە طاغوت کوفری پێبکات و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **، جا بێگومان ئەوکەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگاریيەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کەبریتییە لە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّه) کە هیچ پسان و هەڵوەشاندنەوەیەکی بۆ نی یە و هەمیشە پتەو و دامەزراوە، اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بیسەرو زانایە.**

(ئەبو بەرزەی ئەسلەمی) پێش موسڵمان بوونی فاڵچی بوو بڕیاری لە نێوان جولەکەکان دەدا لە کاتی ناکۆکیدا، مونافیقێک و یەهودیەک حوکمیان بردەوە بۆلای (ئەبو بەرزەی ئەسلەمی) اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئەم ئایەتەی دابەزاند:** ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ (النساء:٦٠) **واتا: ئایا نابینی ئەوانەی کە بە گومانی خۆیان ئەڵێن: ئەی محمد** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **ئیمانمان هێناوە بەو قورئانەی کە بۆ تۆ دابەزیوە وە بەو ئەو کیتابانەی تریش کە لە پێش تۆدا دابەزیوە لە کاتێکدا کە ئەیانەوێ حوکم و بڕیار بەرن بۆ لای طاغوت و فاڵچیەکان و ئەوانەی کە حوکم بەغەیری قورئانی پیرۆز ئەکەن لە کاتێک کە فەرمانیان پێکراوە لە هەموو کتێبە ئاسمانیەکاندا کە کوفر بکەن بەهەموو طاغوتێک وە شەیتان ئەیەوێ گومڕایان بکات و لە ڕێگای ڕاست دووریان بخاتەوە گومڕاکردنێکی زۆر دوور.**

هەروەها لەئایەتێکی تردا شەیطان دەیەوێت ئەگەر کێشەیەك لەدین و دونیا هاتە پێشەوە ئەوە ئیمانداران نەیگێڕنەوە بۆلای پەروەدگار و پەیامبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَىٰ أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ (النساء:٨٣). واتا: وە کاتێك کە مونافیقان هەوالّ و پڕوپاگەندەیەکیان بڵاو بکردایەتەوە کۆمەڵێك لە موسڵمانە لاوازەکان بڵاویان ئەکردەوەو بەقسەیان ئەکردن، ئەگەر لە شتێك کە هێمنی و ئارامی و سەرکەوتنی موسڵمانانی تیادا بوایە یان ترس و لەرزو تێشکانی موسڵمانانی تیا بوایە یەکسەر بڵاویان ئەکردەوە بە قسەی مونافیقانیان ئەکردو کاریگەریان بەسەریانەوە ئەبوو بەڵام ئەگەر ئەم هەواڵانەیان بگەڕاندایەتەوە بۆ لای رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ وە بۆ لای کاربەدەستانێك کە لەخۆیانن ئەوە بەعاقڵی و زانایی و دانایی خۆیان ئەیانزانی کامەی باشە بڵاوی بکەنەوەو کامەی خراپە بڵاوی نەکەنەوە، ئیمامی عومەر کاتێك بیستی رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ خێزانەکانی تەڵاق داوە لە ماڵەوە هات تا چووە ناو مزگەوتەکە بینی خەڵکی باسی ئەم شتە دەکەن، ئەمیش ئارامی نەگرت تا داوای ئیزنی لە رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ کردو پرسیاری لێ کرد ئایا خێزانەکانت تەڵاق داوە؟ فەرمووی نەخێر، دەڵی منیش وتم: اللَّه أكبر، وە لەلای دەرگای مزگەوتەکە راوەستام و بە بەرزترین دەنگم وتم: رسول صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ خێزانەکانی تەڵاق نەداوە، وە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ئەم ئایەتەی دابەزاند وە

ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبوایە لەسەر ئێوە ئەی موسڵمانان ئەوە ئێوە شوێن شەیطان ئەکەوتن تەنها کەمێکتان نەبێ .

طاغوت چیەو کێیە ؟

طاغوت لەڕووی زمانەوانیەوە:وەرگیراوە لە ((طَغَى يَطْغى طَغْيًا ويَطْغُو طُغْيانًا ، جاوَزَ القَدْرَ وارتفع وغَلا في الكُفْرِ))[٢٦٩] بە مانای:بەزاندنی سنوور دێت ، وە هەرشتێک بەرزبێتەوەو لەئەندازەی خۆی دەرچێ و زێدەڕۆی بکات لەکوفر.

طاغوت لەڕووی زاراوەو شەرعەوە:

((قَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ت٢٣ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: الطَّاغُوتُ : الشَّيْطَانُ))[٢٧٠] واتا: ئیمامی عومەر دەفەرموێت: طاغوت، شەیتانە.

((عن سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ (ت٩٥هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ : قَالَ : الطَّاغُوتُ : الْكَاهِنُ))[٢٧١] واتا: سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێ: طاغوت کاهینە.

---

٢٦٩) ((لسان العرب ، ابن منظور، ج ١٥ / ص٧)). ((المحكم المحيط الأعظم (٨/٦) باب مقلوبه (ط غ ي).

٢٧٠) ((تفسير الطبري، ج:٥ ، ص:٤١٨)).

٢٧١) ((تفسير الطبري، ج:٥ ، ص:٤١٩)).

ئیمامی موجاهید (ت٩٥هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی طاغوت دەڵێ:** ((الشَّيْطَانُ فِي صُورَةِ الإِنْسانِ يَتَحاكَمُونَ إِلَيْهِ، وهو صاحِبُ أَمْرِهِمْ))[٢٧٢] **واتا: شەیطانێکە لەسەر شێوەی مرۆڤ خەڵکی حوکم بۆلای ئەو دەبەنەوە، ئەویش کاروباری خەڵکی بەدەستە.**

((عَنْ أَبِي الْعَالِيَةِ (ت٩٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ ، أَنَّهُ قَالَ : الطَّاغُوتُ : السَّاحِرِ))[٢٧٣] **واتا: أبي العالية** رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ: طاغوت، ساحیرە.**

ئیمامی طەبەری (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((وَالصَّوَابُ مِنَ الْقَوْلِ عِنْدِي فِي " الطَّاغُوتِ " أَنَّهُ كُلُّ ذِي طُغْيَانٍ عَلَى اللَّهِ ، فَعُبِدَ مِنْ دُونِهِ ، إِمَّا بِقَهْرٍ مِنْهُ لِمَنْ عَبَدَهُ ، وَإِمَّا بِطَاعَةٍ مِمَّنْ عَبَدَهُ لَهُ ، وَإِنْسَانًا كَانَ ذَلِكَ الْمَعْبُودُ ، أَوْ شَيْطَانًا ، أَوْ وَثَنًا ، أَوْ صَنَمًا ، أَوْ كَائِنًا مَا كَانَ مِنْ شَيْءٍ))[٢٧٤] **واتا: وتەی ڕاست و دروست لای من ئەوەیە دەربارەی طاغوت: بریتییە هەموو خۆ بەگەورە زانێك بەسەر اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى، کە بێجگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى، پەرستراوەوە، جا یان بەهۆی قەهر گرتنی لەوانەی کە دەیپەرستن، یانیش بەهۆی گوێڕایەڵی ئەو کەسانەی کە ئەو طاغوتەیان پەرستووە، جا ئەو پەرستراوە ئینسان بێت یاخود شەیطان بێت یان بت بێت یانیش صەنەم بێ، یان هەر شتێك بێت.**

---

٢٧٢) ((تفسير ابن أبي حاتم :٢٦٢٠)). قال شيخ سليمان بن عبدالله آل الشيخ: وهو صحيح لكن لابد فيه من استثناء من لا يرضى بعبادته. **واتا: ئەوە دروستە بەڵام هەردەبێ جاکردنەوەیەکی تێدا بێت لەنێوان ئەو کەسەی کە ڕازی نییە عیبادەتی بۆ بکرێت.** (تيسير العزيز الحميد(ص ٣٣_ ٣٤).

٢٧٣) ((تفسير الطبري ج٥، ص:٤١٨)).

٢٧٤) ((تفسير الطبري: ج٥، ص:٤٢٠)).

ابن تيمية رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((سُمِّيَ مَنْ تُحُوكِمَ إِلَيْهِ مَنْ حَاكَمَ بِغَيْرِ كِتَابِ اللَّهِ طَاغُوتٌ))[٢٧٥] **واتا: ناوی طاغوت نراوە لەو ئەوکەسەی حوکمی بۆلا دەگەڕێندرێتەوە حوکم بەقورئان ناکات.**

ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((أَخْبَرَ سُبْحَانَهُ أَنَّ مَنْ تَحَاكَمَ أَوْ حَاكَمَ إِلَى غَيْرِ مَا جَاءَ بِهِ الرَّسُولُ فَقَدْ حَكَّمَ الطَّاغُوتَ وَتَحَاكَمَ إِلَيْهِ ، وَالطَّاغُوتُ : كُلُّ مَا تَجَاوَزَ بِهِ الْعَبْدُ حَدَّهُ مِنْ مَعْبُودٍ أَوْ مَتْبُوعٍ أَوْ مُطَاعٍ ؛ فَطَاغُوتُ كُلِّ قَوْمٍ مِنْ يَتَحَاكَمُونَ إِلَيْهِ غَيْرَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ ، أَوْ يَعْبُدُونَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ ، أَوْ يَتْبَعُونَهُ عَلَى غَيْرِ بَصِيرَةٍ مِنْ اللَّهِ ، أَوْ يُطِيعُونَهُ فِيمَا لَا يَعْلَمُونَ أَنَّهُ طَاعَةٌ لِلَّهِ ؛ فَهَذِهِ طَوَاغِيتُ الْعَالَمِ إِذَا تَأَمَّلْتَهَا وَتَأَمَّلْتَ أَحْوَالَ النَّاسِ مَعَهَا رَأَيْت أَكْثَرَهُمْ عَدَلُوا مِنْ عِبَادَةِ اللَّهِ إِلَى عِبَادَةِ الطَّاغُوتِ ، وَعَنْ التَّحَاكُمِ إِلَى اللَّهِ وَإِلَى الرَّسُولِ إِلَى التَّحَاكُمِ إِلَى الطَّاغُوتِ ، وَعَنْ طَاعَتِهِ وَمُتَابَعَةِ رَسُولِهِ إِلَى طَاعَةِ الطَّاغُوتِ وَمُتَابَعَتِهِ))[٢٧٦] **واتا: اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵی داوە کەهەرکەس حوکم بباتەوە یان حوکم بکات بەجگە لەوەی کەپێغەمبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ هێناویەتی ئەوا طاغوتی کردوە بەحاکم و حوکمیشی بۆطاغوت بردوە، جا طاغوت برتییە لە: هەرشتێک بەندە بەهۆیەوە سنووری بەندایەتی ببەزێنێت لە پەرستن یان لە شوێنکەوتن یان لە گوێڕایەڵی کردن ، جا طاغوتی هەموو گەلێک ئەوانەنە کە حوکم و دادوەریان بۆلا دەگەڕێنرێتەوە لە غەیری اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرەکەی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ یان دەپەرستڕێن لە شوێنی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، یان شوێنیان دەکەون بەبێ ئەوەی کە هیچ**

---

٢٧٥) ((مجموع الفتاوى:٢٨/٢٠١)).

٢٧٦) ((أعلام الموقعين:٤٠/١)).

بەرچاو ڕوونیەک و بەڵگەیەک هەبێت لەلایەن اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ، یان گوێڕایەڵیان ئەکەن لە شتێکدا و نازانن ئەو گوێڕایەڵی کردنە تایبەتە و تەنها دەبێ بۆ اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت، جا ئەوە طاغوتەکانی جیهانن ئەگەر سەرنجت دابێ و سەرنجی حاڵی ئەو خەڵکەشت لەگەڵی دابێ دەبینی زۆربەی خەڵکی لایان داوە لەپەرستنی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕوویان کردۆتە پەرستنی طاغوت، وە لەحوکم بردنەوە بۆلای اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ حوکمیان بردۆتەوە بۆ طاغوت، وە لەگوێڕایەڵی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بۆ گوێڕایەڵی طاغوت و شوێن کەوتنی.

شێخ عبدالرحمان ناصر السعدي (ت ١٣٧٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەفەرموێت: ((كُلُّ مَنْ حَكَمَ بِغَيْرِ شَرْعِ اللَّهِ فَهُوَ طَاغُوتٌ))[٢٧٧] واتا: هەرکەسێك حوکم بەشەرعی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، نەکات ئەوە طاغوتە.

خوێنەری بەڕێز ئەهلی عیلم تاغوت بۆ چەند جۆرێك دابەش دەکەن:

ابن القيم رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَالطَّاغُوتُ : كُلُّ مَا تَجَاوَزَ بِهِ الْعَبْدُ حَدَّهُ مِنْ مَعْبُودٍ أَوْ مَتْبُوعٍ أَوْ مُطَاعٍ))[٢٧٨] واتا: طاغوت برتییە لە: هەرشتێک بەندە بەهۆیەوە سنووری بەندایەتی ببەزێنێت لە پەرستن یان لە شوێنکەوتن یان لە گوێڕایەڵی کردن.

---

٢٧٧) ((تفسير السعدي (١/ ٣٦٣)).

٢٧٨) ((أعلام الموقعين:١/٤٠)).

هەروەها شیخ سلیمان کوڕی سحمان (ت١٣٤٩هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ : ((أَنَّ الطَّاغُوتَ ثَلَاثَةُ أَنْوَاعٍ : طَاغُوتُ حُكْمٍ ، وَطَاغُوتُ عِبَادَةٍ ، وَطَاغُوتُ طَاعَةٍ وَمُتَابَعَةٍ))[٢٧٩] واتا: طاغوت سێ جۆرە؛ طاغوتی حوکم، طاغوتی عیبادات (پەرستن) ، طاغوتی گوێڕایەڵی (بەقسەکردن) و شوێنکەوتن.

جا لەسەر ئەوپێناسە طاغوتەکان دەبنە سێ بەش:

١. مَعْبُود، واتا: پەرستراو، اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا﴾ (الزمر:١٧) واتا: ئەو کەسانەی خۆیان لەپەرستنی بت و طاغوتەکان دوور خستۆتەوە.

هەروەها اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ﴾ (المائدة:٦٠) واتا: طاغوت پەرست و بت پەرست.

سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ (ت٩٥هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((لَقِيَنِي رَاهِبٌ فِي الْفِتْنَةِ فَقَالَ: يَا سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ ، «تَبَّيَّنَ مَنْ يَعْبُدُ اللَّهَ أَوْ يَعْبُدُ الطَّاغُوتَ))[٢٨٠] واتا: سەعیدی کوڕی جوبەیر رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: جارێکیان اللّٰه ناسێکم پێ گەیشت پێی وتم: ئەی سەعید بزانە کە لەکاتی فیتنەدا دەردەکەوێت کە کێ اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەپەرستێت و وەکێ طاغوت ئەپەرستێت.

---

٢٧٩) (الدرر السنية جـ ١٠- صـ:٥٠٣).

٢٨٠) (مصنف ابن أبي شيبة (٤٦٢/٧).

٢. الْمَتْبُوع واتا: شوێنکەوتن، هەروەکو چۆن اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ﴾ (البقرة:٢٥٧) واتا: کافران دۆست و پشتیوان و سەرخەری ئەوان تاغوتەکان و پێشەوایانی کوفرن.

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ﴾ (النساء: ٧٦) واتا: ئەوانەشی کە بێبڕوەڕن لە پێناوی تاغوتدا دەجەنگن.

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ﴾ (النساء:٥١) واتا: ئیمانیان بەساحیر و فاڵچی و کاهین و تاغوت هەیە.

٣. الْمُطَاع گوێڕایەڵی کردن، اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ﴾ (النساء: ٦٠). واتا: ئەیانەوێ حوکم و بڕیار بەرن بۆ لای تاغوت و فاڵچیەکان و ئەوانەی کە حوکم بەغەیری قورئانی پیرۆز ئەکەن.

محمدی کوڕی عبدالوهاب (١٢٠٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَالطَّوَاغِيتُ كَثِيرَةٌ وَرُؤُسُهُمْ خَمْسَةٌ))[٢٨١] واتا: طاغوتەکان زۆرن، سەرەکانیان پێنج جۆرن:

١. الشَّيْطَانُ الدَّاعِي إِلَى عِبَادَةِ غَيْرِ اللهِ. واتا: شەیتانی بانگهێشتخواز بۆ بەندایەتی کردنی جگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، بەڵگەش ئایەتی قورئانە، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ (يس: ٦٠). واتا: ئەوسا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ گلەیی لە یاخیەکانی نەوەی ئادەم دەکات و دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم، مەگەر من پێم ڕانەگەیاندن کە شەیطان نەپەرستن، چونکە ئەو بەڕاستی دوژمنی ئاشکراتانە. جا شەیتان طاغوتی هەرە گەورەیە، کەبەردەوام هەوڵی دورخستنەوەی خەڵک دەدات لە ملکەچ بوون بۆ فەرمانەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

٢. اَلْحَاكِمُ الْجَائِرُ الْمُغَيِّرُ لِأَحْكَامِ اللهِ. واتا: حاکمێکی ستەمکار حوکمەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بگۆڕێت ئەویش بەبەڵگەی ئەم ئایەتە: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ (النساء:٦٠). واتا: ئایا نەترۆانیووەتە ئەو دووروانەی لافی ئەوە لێ دەدەن گوایە بەڕاستی باوەڕیان هێناوە بەوەی کە بۆ تۆ ڕەوانەکراوە و بەوەش کە پێش تۆ ڕەوانەکراوە بۆ پێغەمبەران! کەچی دەیانەوێت ڕووبکەنە

٢٨١) ((مجموعة التوحيد ص١٥)). ((مُؤَلَّفَاتُ الشَّيْخِ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ الْوَهَّابِ،(١/ ٣٧٦، ٣٧٨)).

لاي طاغوت تا دادوەريان لە نێواندا بكەن و چارەسەرى كێشەكانيان بكەن، لەكاتێكدا بە ڕاستى فەرمانيان پێدراوە كە باوەڕيان بە طاغوت نەبێت، شەيتانيش دەيەوێت گومڕاييەكى دوورو بێ سنوور.

٣. اَلَّذِي يَحْكُمُ بِغَيْرِ مَا أَنْزَلَ اللّه. واتا: ئەوەى حوكم بەوە نەكات كە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دايبەزاندووە، اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّه فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ (المائدة:٤٤). واتا: جا ئەوەى حوكم و داوەرى بەو بەرنامەيە نەكات كە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دايبەزاندووە، ئائەوانە بێ باوەڕن.

٤. اَلَّذِي يَدَّعِي عِلْمَ الْغَيْبِ مِنْ دُونِ اللّهِ. واتا: ئەوەى بانگەشەى زانينى شتەنادیارەكان بكات، بەڵگەش ئەم ئايەتەيە: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّه وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ (النمل : ٦٥). واتا: ئەى محمد صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پێيان بڵێ: جگە لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەرچى لە ئاسمانەكان و زەويدا هەيە هيچيان ئاگادارينين لە پەنهان و شاراوەكان، هەستيش ناكەن كەى زيندوو دەكرێنەوە.

٥. اَلَّذِي يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللّهِ وَهُوَ رَاضٍ بِالْعِبَادَةِ. واتا: هەركەسێك بپەرستێت لەشوێنى اللّه و ئەويش ڕازى بێت بەو بەندايەتييە، يان خەڵك بانگهێشت بكات بۆ پەرستنى خۆى، وەك اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّي إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ

كَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ﴾ (الأنبياء:٢٩). واتا:خۆ ئەگەر یەکێک لە فریشتەکان (لە خۆی غەڕا بێت) بڵێت: بەڕاستی منیش پەروەردگارم بێجگە لەو، ئەوە پاداشتی دەدەینەوە بە دۆزەخ، هەر بەو شێوەیە پاداشتی ستەمکاران و یاخیەکان دەدەینەوە. جابەندایەتی کردن مافێکی تەنها اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە، بۆکەس نییە داوای ئەوەبکات بیپەرستن، یان کەسێکی تر جگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بپەرستێت، هەر کەسێک وابکات یان وای نەکرد بەڵام پێی ڕازی بوو بەو بەندایەتیەی بۆجگە لە ئەنجام دەدرێت، ئەوا ئەویش طاغوتە.

خوێنەری بەڕێز ئینسان نابێتە ئیماندار هەتا کوفر بەطاغوت نەکات بەڵکو کوفر کردن بەطاغوت ڕوکنی تەوحیدە (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـه) اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ واجبی کردووە کوفری پێ بکەیـن)[٢٨٢] وەك باسمان کرد گوتمان: وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ: ﴿فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ﴾ واتا: ئەوەی باوەڕی نەبێت بە طاغوت کوفری پێبکات. ئەوە مانای ڕوکنی یەکەمە؛ کە بریتییە لە ((لَا إِلَهَ)). وە وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ :﴿وَيُؤْمِن بِاللَّه﴾ واتا:باوەڕی دامەزراو بهێنێت بە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ . ئەوەش مانای ڕوکنی دووەمە؛ کە بریتییە لە ((إِلَّا اللَّهُ))[٢٨٣]

---

٢٨٢) قال محمد بن عبدالوهاب رَحِمَهُ اللَّهُ : ((وَافْتَرَضَ اللهُ عَلَى جَمِيعِ الْعِبَادِ الْكُفْرَ بِالطَّاغُوتِ وَالإِيمَانَ بِاللهِ....وَهَذَا هُوَ مَعْنَى: لا اله إلا اللهُ)). واتا: محمدی کوڕی عبدالوهاب رَحِمَهُ اللَّهُ دەفەرموێت: اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کوفرکردن بەطاغوتی کردووە بەواجب لەسەر هەموو بەندەکانی (ئەوانەی تەکلیفیان لەسەرە لەئینسانەکان و لە جنۆکەکان) ئەوەش مانای لا اله إلا الله ـیە. ((شرح ثلاثة الأصول، ص:٣٠١)).

٢٨٣) مانای کوفر بەطاغوت وئیمان بەاللَّه :الكفر بالطاغوت هو معنى:(لا إلهَ) (والإيمان بالله هو معنى: (إلاَّ اللَّه). ((شرح ثلاثة الأصول، ص:٣٠١)).

رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ دەربارەی طاغوت و ئەوانەشی شوێنی کەوتوون دەفەرموێت: ((يَجْمَعُ اللَّهُ النَّاسَ، فَيَقُولُ: مَنْ كَانَ يَعْبُدُ شَيْئًا فَلْيَتْبَعْهُ. فَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الشَّمْسَ، وَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الْقَمَرَ، وَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الطَّوَاغِيتَ))[٢٨٤] واتا: ڕۆژی قیامەت اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ هەموو خەڵک کۆ دەکاتەوە ،ئینجا دەفەرموێت: هەرکەس هەرچی پەرەستوە با دوای بکەوێت، ئەوسا هەرکەس خۆری پەرەستوە دەکەوێتە شوێنی و هەرکەس مانگی پەرەستوە دەکەوێتە شوێنی و هەرکەس ملهوڕان و طاغوتی پەرەستوە شوێنیان دەکەوێت و هەمویان بەرەو ئاگر دەچن.

محمدی کوڕی عبدالوهاب (١٢٠٦ هـ) رَحِمَهُٱللَّهُ دەفەرموێت: ((اعْلَم أَنَّ أَوَّلَ مَا فَرَضَ اللهُ على ابن آدمَ الْكُفْر بالطاغوت والايمان باللّه))[٢٨٥] واتە:بزانە یەکەم واجب کە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لەسەر نەوەی ئادمی کردبێت کوفر بەطاغوت و ئیمان هێنانە بە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ.

هەروەها محمدی کوڕی عبد الوهاب (١٢٠٦ هـ) رَحِمَهُٱللَّهُ دەفەرموێت: ((وَاعْلَم أَنَّ الْإِنْسَانَ مَا يَصِيرُ مُؤْمِنًا باللَّهِ إلاَّ بِالْكُفْرِ بِالطَّاغُوتِ))[٢٨٦] والدليلُ قولُهُ تعالى: ﴿فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّه فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّه سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة:٢٥٦). واتا: بزانە ئینسان نابێتە ئیماندار ئیللا بەکوفر کردن بە طاغوت نەبێ بەڵگەش وتەی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ یە

---

٢٨٤) ((أخرجه البخاري (٦٥٧٣) ومسلم (١٨٢). من حديث أبي هريرة رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ

٢٨٥) ((الدرر السنية: ١/١٦١)).

٢٨٦) ((مجموعة التوحيد ص١٥- ١٦)).

کەدەفەرموویت: ئەوەی باوەڕی نەبێت بە طاغوت کوفری پێبکات و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، جا بێگومان ئەوکەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کەبریتییە لە (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللّه) کە هیچ پسان و هەڵوەشاندنەوەیەکی بۆ نی یە و هەمیشە پتەو و دامەزراوە، اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بیسەرو زانایە.

شێوازی کوفرکردن بە طاغوت چۆنە ؟

محمدی کوڕی عبد الوهاب (١٢٠٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَأَمَّا صِفَةُ الْكُفْرِ بِالطَّاغُوتِ فَهُوَ أَنْ تَعْتَقِدَ بُطْلاَنَ عِبَادَةِ غَيْرِ اللهِ، وَتَرْكَهَا، وَتُبْغِضَهَا، وتُكَفِّرَ أَهْلَهَا، وَتُعَادِيَهُمْ، وَأَمَّا مَعْنَى الْإِيمَانِ بِاللهِ فَهُوَ أَنْ تَعْتَقِدَ أَنَّ اللهَ هُوَ الْإِلٰهُ الْمَعْبُودُ وَحْدَهُ دُونَ مَنْ سِوَاهُ، وَتُخْلِصَ جَمِيعَ أَنْوَاعِ الْعِبَادَةِ كُلِّهَا لِلهِ، وَتَنْفِيَهَا عَنْ كُلِّ مَعْبُودٍ سِوَاهُ، وَتُحِبَّ أَهْلَ الْإِخْلاَصِ وَتُوَالِيَهُمْ، وَتُبْغِضَ أَهْلَ الشِّرْكِ، وَتُعَادِيَهُمْ وَهٰذِهِ مِلَّةُ إِبْرَاهِيمَ الَّتِي سَفِهَ نَفْسَهُ مَنْ رَغِبَ عَنْهَا، وَهٰذِهِ هِيَ الْأُسْوَةُ الَّتِي أَخْبَرَ اللهُ بِهَا فِي قَوْلِهِ: ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حتى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾ (الممتحنة: ٤))) [٢٨٧] واتا: سیفەت و چۆنیەتی کوفر کردن بە طاغوت بریتییە لەوەی کە : بیرو باوەڕت وابێت ئەو شتانەی جگە لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەپەرستریّن باطل و ناڕەوان، وە وازی

٢٨٧) ((الدرر السنية :(١٦١/١)).

لێ بهێنیت و لێی دوور بکەویتەوە، وە ڕقت لێی ببێتەوە، وە ئەهلەکەی بە کافر بزانیت و تەکفیریان بکەیت وە دژایەتیان بکەیت ، بەڵام مانای ئیمان هێنان بە اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بریتیە لەوەی کە : بیرو باوەڕت وابێت کە اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ تاکە پەرستراوی حەقە، هیچ پەرستراوێکی تر نیە ، وە هەموو جۆرەکانی عیبادەت و پەرستن تەنها بۆ اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ئەنجام بدەی ، وە دوور بکەویتەوە لە هەر پەرستراوێکی دیکە جگە لە اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ، وە موسڵمانانی دڵسۆزت خۆشبوێت و دۆستایەتی و پشتیوانیان بکەیت ، وە ڕقت لە موشریکان ببێتەوە و دژایەتیان بکەیت ، وە ئەمە ئەو میلەتی ئیبراهیمەیە کە هیچ کەسێک پشتی لێ ناکات مەگەر کەسێکی گێل و نەفام نەبێت ، وە ئەمە ئەو پێشەنگە چاکەیە کە اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ هەواڵی پێ داوە لەم وتەیەی کە فەرموویەتی: ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حتى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾ (الممتحنة: ٤). واتا: بەڕاستی بۆ ئێوە هەیە سەر مەشقێکی جوان و چاك لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون کە بە گەلەکەی خۆیانیان وت : بەڕاستی ئێمە بێزار و بەرین لە ئێوە وە لەو شتانەش کە دەیان پەرستن لە جیاتی اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ، ئێمە باوەڕمان نییە بە ئایینی ئێوە وە پەیدا بوو لە نێوان ئێمە و ئێوەدا دوژمنایەتی و کینە بۆ هەمیشە تا کاتێك کە بڕوا بە اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ تەنیا دەهێنن .

هەروەها فەرموویەتی:((وَمَعْنَى الْكُفْرِ بِالطَّاغُوتِ: أَنْ تَبْرَأَ مِنْ كُلِّ مَا يُعْتَقَدُ فِيهِ غَيْرَ اللَّه : مِنْ جِنِّيٍّ ، أَوْ إِنْسِيٍّ ، أَوْ شَجَرٍ ، أَوْ حَجَرٍ ، أَوْ غَيْرَ ذَلِكَ ؛ وَتَشْهَدَ

عَلَيْهِ بِالْكُفْرِ ، وَالضَّلَالِ، وَتُبْغِضُهُ . وَلَوْ كَانَ أَبُوكَ أَوْ أَخُوكَ ؛ فَأَمَّا مَنْ قَالَ أَنَا لَا أَعْبُدُ إِلَّا اللَّه ، وَأَنَا لَا أَتَعَرَّضُ السَّادَة ، وَالْقُبَاب عَلَى الْقُبُورِ، وَأَمْثَالُ ذَلِكَ، فَهَذَا كَاذِبٌ فِي قَوْلِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّه ، وَلَمْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ ، وَلَمْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ))[٢٨٨] **واتا: وه مانای کوفرکردن به طاغوت ئەوەیە کە : خۆت بەری بکەیت لە هەرشتێک کە خەڵکی باوەڕیان پێیەتی بێجگە لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبێت :لە جنۆکە، یان مرۆڤ، یان درەخت، یان بەرد، یان بێجگە لەمانە جا هەرشتێک بێت، وە شایەتی کوفر و گومڕای بدەی بەسەری و ڕقت لێی بێتەوە، ئەگەرچی باوکت بێت یان برات بێت ؛ جا ئەو کەسەی کە دەڵێت من بێجگە لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هیچ شتێک ناپەرستم ، بەڵام من لە دڕی و قوبەی سەر گۆڕەکان و هاوشێوەی ئەمانەش ناوەستمەوە و بەرپەرچیان نادەمەوە ، ئەوا ئەو کەسە درۆی کردووە لە گوتنی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّه) ، وە ئیمانی نەهێناوە بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ، وە کوفری نەکردووە بە طاغوت.**

تێبینی: وتەی شێخ محمد (١٢٠٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **کە دەڵێ:** ((وَتَشْهَدَ عَلَيْهِ بِالْكُفْرِ)) **واتا: شایەتی کوفر بدەی بەسەری. لێرەدا ئاشکراکردن و إظهار کردنی تەکفیرکردن و بەڕائەتکردن لەئەصڵ و بنچینەی دین نییە، ڕوونتر بڵێم کەسێك کاتێك شایەتی کوفر دەدات بەسەر طاغوتێك مەرج نییە ئاشکرای بکات بۆ هەمووان، هەروەکو چۆن هاوەڵان ئیمانی خۆیان شاردەوە لەمەککە، وە بەهەمان شێوە پیاوە ئیماندارەکەی ئالی فیرعەون ، اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ**

---

٢٨٨) ((الدرر السنية :(٢/١٢٢)).

آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءَكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ مِنْ رَبِّكُمْ وَإِنْ يَكُ كَاذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُ وَإِنْ يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُمْ بَعْضُ الَّذِي يَعِدُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ﴾ (غافر : ٢٨) واتا: یاوێکی ئیماندار له خزمانی فیرعەون کە باوەڕەکەی شاردبۆوە تا ئەو کاتە ، وتی : ئایا ڕەوایە پیاوێك بکوژن تەنها تاوانی ئەوەیە کە دەڵێت: پەروەردگارم اللّٰە ، لەکاتێکدا چەندەها بەڵگە و نیشانەشی لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون و نیشانی داون، خۆ ئەگەر درۆزن بێت ئەوە درۆزنیەکەی بە زەرەری خۆی تەواو دەبێت، خۆ ئەگەر ڕاستگۆش بێت هەندێك لەو بەڵایانەتان بەسەردێت کە پێی ڕاگەیاندوون، بەڕاستی من دڵنیام کە: اللّٰە هیدایەت و ڕێنموویی کەسێك ناکات کە زیادەڕەو و درۆزن بێت (واتا : ئەگەر مووسا درۆزن بوایە، ئەو هەموو پشتیوانیەی لێ نەدەکرا لەلایەن اللّٰەوە). سەرنج بدە اللّٰە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەکەسێکی ئیماندار وەسفی کرد سەرەڕای شاردنەوەی ئیمانەکەی، لێرەوە بۆمان بەدەر دەکەوێت إظهار کردن و ئاشکرا کردنی بەڕائەت و تەکفیر بۆ موشریکان بریتی نییە لە کوفر کردن بە طاغوت، بەڵکو لە لەوازم و واجبیەکانیەتی لەگەڵ هەبوونی هێز و قودرەت، وە هەبوونی إعتقاد بۆ هەردووکیان بەسە بەبێ ئاشکرا کردنیان، هەروەکو چۆن زانای پایەبەرز شێخ عبداللطیف بن عبدالرحمان آل شیخ (ت١٢٩٣) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَمَسْأَلَةُ إِظْهَارِ الْعَدَاوَةِ غَيْرُ مَسْأَلَةِ وُجُودِ الْعَدَاوَةِ؛ فَالْأَوَّلُ يُعْذَرُ بِهِ مَعَ الْعَجْزِ وَالْخَوْفِ، لِقَوْلِهِ تَعالى إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً وَالثَّانِي لَابُدَّ مِنْهُ، لِأَنَّهُ يَدْخُلُ فِي الْكفْرِ بِالطَّاغُوتِ، وَبَيْنَهُ وَبَيْنَ حُبِّ اللَّهِ وَرَسُولِهِ تَلَازُمٌ كُلِّيٌّ، لَايَنْفَكُّ عَنْهُ الْمُؤْمِنُ))[٢٨٩] واتا: بابەتی دەرخستنی

---

٢٨٩) ((الدرر السنية (٨/ ٣٥٩)).

دوژمنایەتی وەك بابەتی هەبوونی دوژمنایەتی نییە، یەکەمیان: (دەرخستنی دوژمنایەتی بۆ کافران) ئینسان عوزری بۆ هەیە لەکاتی هەبوونی بێ توانایی و ترسدا، لەبەر وتەی اللّٰە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کە دەفەرموویّت: مەگەر لە حاڵی ترس و تۆقیندا بن، کە بە سەر زارەکی خۆتانیان لێ دانابڕن و دوژمنایەتیان ناکەن. دووەمیان: (هەبوونی دوژمنایەتی کافران) هەر دەبێ هەبێ و عوزری بۆ نییە چونکە دەچێتە ناو کوفر کردن بەطاغوت، لەنێوان خۆشەویستی اللّٰە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرەکەی پێك بەستنەوەیەکی کولی هەیەو کە ئیماندار لێی جیانابێتەوە.

وە بەهەمان شێوە هاوەڵان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ کەتمی ئیمانەکەیان کردبوو لە بەرامبەر موشریکەکانی قورەیش لە مەککەدا ، وەك: صەحابەی بەڕێز بیلاڵی حەبەشی و چەندینی تر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ لەو هاوەڵانەی کە موسڵمان بوون و نەیان ئەتوانی ئیمانەکەیان دەربخەن لەبەر ترسانیان لە ئەشکەنجەی موشریکەکانی قورەیش ، لەگەڵ ئەمەشدا عبداللّٰەی کوڕی مەسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ یەکێك بوو لەوانەی کە کوفر بە طاغوت و تەکفیری موشریکەکانی دەرخستبوو ، وە غەیری ئەویش هەبوون کە ئەمانەیان دەرنەئەخست، رسول اللّٰەش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بە هیچ شێوەیەك حوکمی کوفری نەدا بەسەر هیچ یەکێك لەو کەسانەی کە بەڕائەت و تەکفیر کردنی موشریکەکانی دەرنەئەخست، بەڵکو حوکمی ئیسلامەتی دابوو بەسەر هەموویان.

شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات خەڵکی تووشی هەڵگەڕانەوە بکات لەدین

اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿إِنَّ الَّذِينَ ارْتَدُّوا عَلَىٰ أَدْبَارِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْهُدَى الشَّيْطَانُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ لَهُمْ﴾ (محمد: ٢٥). **واتا:** ﴿إِنَّ الَّذِينَ ارْتَدُّوا عَلَىٰ أَدْبَارِهِمْ﴾ **واتا: ئەو کەسانەی کە هەڵگەڕاونەتەوە بۆ کوفرو پاشگەز بوونەتەوە لە ئیسلام** ﴿ومِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْهُدَى﴾ **لە دوای ئەوەی کە هیدایەتیان بۆ ڕوون بۆتەوەو تێگەیشتوونەو موعجیزەی ئاشکرایان بینیوە** ﴿الشَّيْطَانُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ لَهُمْ﴾ **ئەمە شەیطان ئەم تاوان و کوفرەیان بۆ ئەڕازێنێتەوەو بۆیان ئاسان ئەکات، وە بەڵێنی هیواو ئومێددرێژی و تەمەن درێژیان پێ ئەدات و هەڵیاندەخەڵەتێنێت .**

قَتَادَةَ (ت١١٧هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایتە:** ﴿الشَّيْطَانُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَىٰ لَهُمْ﴾ **دەڵێ:** ((يَقُولُ : زَيَّنَّ لَهُمْ))[٢٩٠] **واتا: اللە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەڵێ: شەیتان بۆی ڕازاندوونەوە.**

---

٢٩٠) تفسير الطبري ((ج:٢٢/ ص:١٨٢)).

ئیمامی الطبري (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی ئەو ئایەتە دەڵێ: ((وَقَوْلُهُ ﴿الشَّيْطَانُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَى لَهُمْ﴾ يَقُولُ - تَعَالَى ذِكْرُهُ: الشَّيْطَانُ زَيَّنَ لَهُمُ ارْتِدَادَهُمْ عَلَى أَدْبَارِهِمْ ، مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْهُدَى))[٢٩١] دەڵێ: اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: شەیطان هەڵگەڕانەوەی لەدین بۆ پازاندوونەوە، لە دوای ئەوەی کە هیدایەتیان بۆ ڕوون بۆتەوەو تێگەیشتوونە.

خوێنەری بەڕێز کەواتە شەیتان ئینسان توشی ڕیددە هەڵگەڕانەوە لەدین دەکات بەوەی کە وتەو کرداری کوفری پێ دەکات بەو هۆیەوە لەدین دەردەچێت.

هەڵگەڕانەوە (الردة) چییە ؟

پێناسەی هەڵگەڕانەوە (الردة) لەڕووی زمانەوانی و شەرعەوە:

هەڵگەڕانەوە لەڕووی زمانەوانییەوە: ((الرُّجُوعُ عَنْ الشَّيءِ إِلَى غَيْرِهِ))[٢٩٢] واتا:گەڕانەوە لەشتێك بۆشتێکی تر.

هەڵگەڕانەوە لەڕووی شەرعەوە: ((الرُّجُوعُ عَنِ الْإِسْلَامِ))[٢٩٣] واتا: هەڵگەڕانەوە لەئیسلام.

---

٢٩٢) ((مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج)) (٤٢٧/٦). دار الكتب العلمية. ط١ - ١٤١٥هـ)).

هەڵگەڕاوە (المرتد): ((الْمُرْتَدُّ شَرْعًا الَّذِي يَكْفُرُ بَعْدَ إِسْلَامِهِ نُطْقًا أَوْ اِعْتِقَادًا، أَوْ شَكًّا، أَوْ فِعْلًا))[٢٩٤] واتا: هەڵگەڕاوە لەڕووی شەرعەوە ئەوەی کافر دەبێ لەدوای موسوڵمان بوونی ئەوەش بەهۆی وتەیەک یان بیروباوەڕێک یان شکێک یانیش کردارێک.

یان بریتییە: ((الْمُرْتَدُّ: هُوَ الرَّاجِعُ عَنْ دِينِ الْإِسْلَامِ إِلَى الْكُفْرِ))[٢٩٥] واتا: هەڵگەڕاوە: ئەو کەسەیە لەدینی ئیسلام هەڵدەگەڕیتەوە بۆ کوفرو بێباوەڕی.

خوێنەری بەڕێز ئاگادارببە ئینسان جار وایە بەیەک وتە یان کردار یان گاڵتەیەک، لەدین دەچێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی مەبەستی چونە دەرەوەش بێ لەدین ! اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە ئایەتێکدا دەفەرموێت: ﴿يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ مَا قَالُوا وَلَقَدْ قَالُوا كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُوا بَعْدَ إِسْلَامِهِمْ﴾ (التوبة:٧٤). واتا: دووڕووەکان سوێند دەخۆن کە قسەیەکی نابەجێیان نەکردووە، ﴿وَلَقَدْ قَالُوا كَلِمَةَ الْكُفْرِ﴾ بە دڵنیایی ئەوان قسەیەکی کوفریان کرد ﴿وَكَفَرُوا بَعْدَ إِسْلَامِهِمْ﴾ وە کافر بوون لە دوای ئەوەی کە پێشتر موسڵمان بوونی خۆیان ئاشکرا کردبوو. سەیرکە خوێنەری بەڕێز تەنها بەیەک قسەی کوفر کافر بوون پەنا بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

---

٢٩٣) ((المغني ج ٨، ص ١٢٣، (البدائع» ج ٧، ص ٤١٣). (مغني المحتاج، ج ٤، ص :١٣٣)).

٢٩٤) ((كشاف القناع: [١٣٦/٦)).

٢٩٥) (المغني لابن قدامة (٩/ ٣).

وەهەروەها رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: ((وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لَهَا بَالاً يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ))[٢٩٦] پیاوی وا هەیە قسەیەك دەكات، لەتورە بوونی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەر گوێشی پێنادات بەقسەكە (واتا: لەعاقیبەت و گەورەیی قسەكە ناكۆڵێتەوە) ئەوە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەو قسەیە دەیباتە دۆزەخ.

وەهەروەها رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: ((يَخْرُجُ فِيكُمْ قَوْمٌ تَحْقِرُونَ صَلاتَكُمْ مَعَ صَلاتِهِمْ وَصِيَامَكُمْ مَعَ صِيَامِهِمْ وَعَمَلَكُمْ مَعَ عَمَلِهِمْ وَيَقْرَءُونَ الْقُرْآنَ لا يُجَاوِزُ حَنَاجِرَهُمْ يَمْرُقُونَ مِنْ الدِّينِ كَمَا يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنْ الرَّمِيَّةِ))[٢٩٧] واتا: قەومێك لەئێوە دێنە دەرەوەو پەیدا دەبن، ئێوە نوێژەكانتان لەگەڵ نوێژی ئەوان لەبەر چاو دەكەوێ، وە ڕۆژوو گرتنتان لەگەڵ ڕۆژوو گرتنیان لەبەر چاو دەكەوێ، وە كاروكردەوەتان لەگەڵ كارو كردەوەیان لەبەر چاو دەكەوێ، ئەوانە قورئان دەخوێنن لە قورگیان ناچێتە خوارەوە، لەدین دەردەچن وەك چۆن تیر لەكەوان دەردەچێت.

ڕوونە كە هەموو ئەوانە نایانەوێ لەدین دەرچن و مەبەستیشیان ئەوە نییە، لەبەر ئەو عیبادەتە گەورانەی كە ئەنجامی دەدەن كە لەو فەرموودە دەربارەیان هاتووە بەبێ ئەوەی هیچ دووڕوییەك لەدڵیان هەبێ ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئینسانی وا هەیە لەدین دەردەچێت بەبێ ئەوەی مەبەستیشی ئەوە بێ لەدین دەرچێ.

---

٢٩٦) أخرجه البخاري (٦٤٧٨). ومسلم (٢٩٨٨) من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٢٩٧) أخرجه البخارى (٥٠٥٨) ومسلم (١٠٦٤)

ئیمامی الطبري (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دوای ئەوەی باسی فەرموودەی خەواریج و دەرچوونیان لەدین دەکات دەڵێ: ((فِيهِ الرَّدُّ عَلَى قَوْلِ مَنْ قَالَ لَا يَخْرُجُ أَحَدٌ مِنَ الْإِسْلَامِ مِنْ أَهْلِ الْقِبْلَةِ بَعْدَ اسْتِحْقَاقِهِ حُكْمَهُ إِلَّا بِقَصْدِ الْخُرُوجِ مِنْهُ عَالِمًا فَإِنَّهُ مُبْطِلٌ لِقَوْلِهِ فِي الْحَدِيثِ ((يَقُولُونَ الْحَقَّ وَيَقْرَءُونَ الْقُرْآنَ وَيَمْرُقُونَ مِنَ الْإِسْلَامِ وَلَا يَتَعَلَّقُونَ مِنْهُ بِشَيْءٍ)) وَمِنَ الْمَعْلُومِ أَنَّهُمْ لَمْ يَرْتَكِبُوا اسْتِحْلَالَ دِمَاءِ الْمُسْلِمِينَ وَأَمْوَالِهِمْ إِلَّا بِخَطَإٍ مِنْهُمْ فِيمَا تَأَوَّلُوهُ مِنْ آيِ الْقُرْآنِ عَلَى غَيْرِ الْمُرَادِ مِنْهُ))[٢٩٨] واتا: ئیمامی طەبەری دەڵێ: لەپاش ئەوەی باسی ئەو فەرموودانەی کرد (دەربارەی ئەوانەی کە لەدین دەردەچن) دەفەرموێ: ئەو فەرموودەیە ڕەدو وەڵامی بۆ ئەو کەسە تێدایە کەدەڵێ هیچ کەسێك لە ئەهلی قیبلە لەدین دەرناچێ، ئیلا ئەگەر مەبەستی چونەدەرەوە بێت لەدین بەزانینەوە، ئەوەش باطڵە لەبەر وتەکەی رسول الله صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ کەدەڵێ (دەربارەی خەواریج): ((وتەی حەق دەڵێن و قورئان دەخوێنن، لەئیسلام دەردەچن و هیچ پەیوەندییەکیان بەئیسلامەوە نامێنێ)) وەمەعلومەو زانراوە کە ئەوانە خوێن و ماڵی موسوڵمانانیان حەڵاڵ نەکردووە ئیلا بەهەڵەی خۆیان نەبێ کە ئایەتەکانی قورئان تەئویل دەکەن بەوشێوەیەی کەبەبێ ئەوەی ماناو ویستی ئایەتەکان بەو شێوەیە بێت.

ابن هبيرة (ت ٥٦٠ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((أَنَّ مِنَ الْمُسْلِمِينَ مَنْ يَخْرُجُ مِنَ الدِّينِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يقْصِدَ الْخُرُوجَ مِنْهُ وَمِنْ غَيْرِ أَنْ يَخْتَارَ دِينًا عَلَى دِينِ الْإِسْلَامِ))[٢٩٩]

---

٢٩٨) ((فتح الباري (١٢/٣٠٠)).

٢٩٩) ((فتح الباري (١٢/٣٠١)).

واتا:کەسی وا هەیە لەموسوڵمانان لەئیسلام دەردەچێت، بەبێ ئەوەی مەبەستیشی چونەدەرەوە بێت لەدینی ئیسلام، وە بەبێ ئەوەی دینێکی تر بەسەر دینی ئیسلام هەڵبژێرێ.

ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَالرَّجُلُ لَوْ تَكَلَّمَ بِكَلِمَةِ الْكُفْرِ لِمَصَالِحِ دُنْيَاهُ مِنْ غَيْرِ حَقِيقَةِ اعْتِقَادٍ صَحَّ كُفْرُهُ بَاطِنًا وَظَاهِرًا؛ وَذَلِكَ لِأَنَّ الْعَبْدَ مَأْمُورٌ بِأَنْ يَتَكَلَّمَ بِكَلِمَةِ الْإِيمَانِ مُعْتَقِدًا لِحَقِيقَتِهَا، وَأَنْ لَا يَتَكَلَّمَ بِكَلِمَةِ الْكُفْرِ أَوْ الْكَذِبِ جَادًّا وَلَا هَازِلًا، فَإِذَا تَكَلَّمَ بِالْكُفْرِ أَوْ الْكَذِبِ جَادًّا، أَوْ هَازِلًا كَانَ كَافِرًا))[٣٠٠] واتا: ئەگەر کەسێك قسەیەکی کوفری کرد، بۆ بەرژەوەندی دونیاکەی بەبێ ئەوەی بیروباوەڕی کوفرکردن بێ ئەوە پێی کافر دەبێ، لەنهێنی و ئاشکرادا، لەبەر ئەوە بەندە فەرمانی پێکراوە، قسە بەوتەی ئیمان بکات و بیروباوەڕی بەو ڕاستیەش هەبێ، وقسە بەوتەی کوفری یان درۆ نەکات، نەبەجدی و نە بەگاڵتە، جا ئەگەر قسەیەکی کوفری کرد بەجدی یان بەگاڵتەوە ئەوە کافر دەبێ.

هەروەها ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ لەوتەیەکی تردا دەڵێ: ((فَمَنْ قالَ أَوْ فعَلَ ما هُوَ كُفْرٌ كَفَرَ بذلكَ وَإِنْ لَمْ يقْصِد أَنْ يكونَ كافرًا؛ إِذْ لا يَكادُ يَقصِدُ الكُفْرَ أَحَدٌ إِلَّا ما شاءَ اللَّه))[٣٠١] واتا: هەرکەسێك وتەیەك بڵێت یان کارێکی کوفری بکات، ئەوا کافر دەبێت با مەبەستی کافربونیش نەبێت، چونکە هیچ کەسێك مەبەستی کوفر نییە ئیلا ئەوە نەبێ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ویستی لێبێ.

---

٣٠٠) ((الفتاوى الكبرى (٧٥/٦)).

٣٠١) ((الصارم المسلول، ص: ١٨٤)).

تێبینی: لەحاڵەتێك ئەگەر هاتوو ئەو كەسەی كوفری كرد بەڵام بەزۆر ئەو كوفرەی پێكرابوو (مُكْرَه) بوو زۆر لێكراو بوو، ئەوە لێرەدا حوكمی جیایەو پێی كافر نابێ، اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٦﴾ ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اسْتَحَبُّوا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الآخِرَةِ﴾ (النحل: ١٠٦- ١٠٧). واتا: هەر كەسێك كوفر بكات بە اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لە پاش ئیمان هێنانی مەگەر كەسێك زۆری لێ بكرێ و بە زۆر كوفری پێ بكرێ پێی بڵێن: ئەگەر كوفر نەكەی ئەتكوژین ئەویش تەنها بە دەم كوفر بكات و دڵی پڕ لە باوەڕ بێ ئەوا ڕێگای پێدراوەو عوزری هەیە وەكو ((عەممارى كوڕى یاسر كاتێك كە دایك و باوكیان كوشت ئەگەر كوفری نەكردایە خۆیشیان ئەكوشت كوفری كردو دواتر پرسیاری لە رسول اللَّه صَلَّىٰاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ كرد اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ئەم ئایەتەی دابەزاند))[٣٠٢] بەڵام زانایان كۆدەنگن لەسەر ئەوەی كە ئەگەر ئەو كەسە خۆی بگرێت و كوفر نەكات تا دەیكوژن ئەوا باشترەو بەهەشت بۆ خۆی مسۆگەر دەكات بەڵام كەسێك كوفر بكات و ڕازی بێ پێی و دڵی پێی ئارام بێ بەو كوفرەی كە كردوویەتی ئەوانە غەزەبی اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ی لەسەرەو اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لێیان تووڕە ئەبێ وە سزایەكی زۆر گەورەیان بۆ هەیە. چونكە ئەمانە ژیانی دونیایان هەڵبژاردووە بەسەر قیامەتداو بەلایانەوە خۆشتر بووەو لە پێناو دونیادا كوفریان كردووەو لە دین

---

٣٠٢) ((تفسير الطبري (ج١٧/ ص: ٣٠٥)).

هەڵگەڕاونەتەوە وە بە دڵنیایی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هیدایەتی کەسانی کافر نادات .

صەحابەی بەڕێز ابْنِ عَبَّاس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ﴾ واتا: مەگەر کەسێك زۆری لێ بکرێ و بە زۆر کوفری پێ بکرێ. دەفەرموێت: ((فَأَخْبَرَ اللَّهُ سُبْحَانَهُ أَنَّهُ مَنْ كَفَرَ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ ، فَعَلَيْهِ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ ، فَأَمَّا مَنْ أُكْرِهَ فَتَكَلَّمَ بِهِ لِسَانُهُ وَخَالَفَهُ قَلْبُهُ بِالْإِيمَانِ لِيَنْجُوَ بِذَلِكَ مِنْ عَدُوِّهِ ، فَلَا حَرَجَ عَلَيْهِ ، لِأَنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ إِنَّمَا يَأْخُذُ الْعِبَادَ بِمَا عَقَدَتْ عَلَيْهِ قُلُوبُهُمْ))[٣٠٣] واتا: اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵی داوە ئەو کەسەی کافر بێتەوە دوای ئیمان هێنانی، ئەوە تووڕەیی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەرەو اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لێی تووڕە ئەبێ وە سزایەکی زۆر گەورەی بۆ هەیە، بەڵام کەسێك زۆر لێکراوبوو جا بەزمانی قسەیەکی کوفری کردو لەدڵەوە پێچەوانکەی مەبەست بوو دڵی پڕ لەئیمان بوو، بۆ ئەوەی بەو قسەیە لە دوژمنەکەی ڕزگاری بێت، ئەوە هیچی لەسەر نییە، لەبەر ئەوەی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەوە لەبەندەکانی دەگرێت ئەگەر هاتوو لەدڵەوەیان ئەو کوفرکردنە دامەزرابێ.

ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەربارەی ئەو ئایەتە دەفەرموێت: ((كُلّ مَنْ تَكَلَّمَ بِالْكُفْرِ كَافِرًا إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ، فَقالَ بِلِسانِهِ كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمانِ. وَقَالَ تَعالى فِي حَقِّ الْمُسْتَهْزِئِين: ﴿لاَ تَعْتَذِرُواْ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ (التوبة:٦٦).

---

٣٠٣) ((تفسير الطبري (ج ١٧/ ٣٠٥)).

فَبيّنَ أَنَّهُمْ كُفَّارٌ بِالْقَوْلِ، مَعَ أَنَّهُمْ لَمْ يَعْتَقِدُوا صِحَّتَهُ))[٣٠٤] واتا: هەموو ئەوانەی قسەیەکی کوفری دەکات پێی کافر دەبێت، مەگەر کەسێك زۆر لێکراوبێ، جا بەزمانی قسەیکی کوفری کردو دڵیشی پڕ لەباوەڕو ئیمان بێ. اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی ئەوانەی گاڵتەیان بەدین کرد، دەفەرموێ: پاکانە مەکەن چونکە بەڕاستی ئێوە کافر بوون، پاش بڕوا هێنانتان. جا اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕونی کردەوە کە ئەوان کافربوون بەو وتە، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بەدروستی ئەو وتەیە نەبوو.

هەروەها ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَقَدْ أَخْبَرَ أَنَّهُمْ كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ مَعَ قَوْلِهِمْ: إنَّا تَكَلَّمْنَا بِالْكُفْرِ مِنْ غَيْرِ اعْتِقَادٍ لَهُ بَلْ كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ وَبَيَّنَ أَنَّ الِاسْتِهْزَاءَ بِآيَاتِ اللَّهِ كُفْرٌ وَلَا يَكُونُ هَذَا إلَّا مِمَّنْ شَرَحَ صَدْرَهُ بِهَذَا الْكَلَامِ وَلَوْ كَانَ الْإِيمَانُ فِي قَلْبِهِ مَنَعَهُ أَنْ يَتَكَلَّمَ بِهَذَا الْكَلَامِ))[٣٠٥] واتا: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵی داوە کە ئەوانە بێباوەڕ بوونەوە دوای ئەوەی ئیمانیان هێنابوو، لەگەڵ ئەوەش کە دەیان گوت: ئێمە وتەی کوفرمان کردووە بەبێ ئەوەی بیروباوەڕمان وابێ کە ئەو وتەیە کوفرە، بەڵکو ئێمە دەمەتەقێ و گاڵتەمان دەکرد، اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕوونی کردەوە کە گاڵتەکردن بەئایەتەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کوفرە ئەو کوفرەش ڕوونادات ئیلا لەکەسێك کە کوفر بکات و دڵی پێی ئارام بێت بەو وتەیە، جا ئەگەر ئیمان لەدڵی هەبوایە ئەوە ڕێگری لێ دەرکرد لەوتنی ئەو کوفرە.

---

٣٠٤) ((الصارم المسلول (٣/٩٧٥)).

٣٠٥) (مجموع الفتاوى(٧/ ٢٢٠)

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی خەتەری هەڵگەڕانەوە لەدین و ئەوانەی لەدین هەڵدەگڕێنەوە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَٰئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ (البقرة: ٢١٧). واتا: هەر کەسێك لە ئێوە ئەی موسڵمانان لە دینی خۆی پاشگەز بێتەوە وە بە کافری بمرێت ئەوانە کردەوەکانیان بەتاڵ ئەبێتەوە لە دونیاو لە قیامەتیشدا وەئەوانە هاوەڵی ئاگری دۆزەخن و بە نەمری تێیدا ئەمێننەوە.

هەروەها لەئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَنْ تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الضَّالُّونَ﴾ (آل عمران: ٩٠). واتا:ئەو کەسانەی کە کافر بوونەو هەڵگەڕاونەتەوە لە دوای ئەوەی کە ئیمانیان هێناوە، وە دواتر کوفرەکەیان زیاتر کردوەو بەردەوام بوونە لەسەری، لەسەرەمەرگدا ڕۆح بگاتە غەرغەرەیان ئەگەر تەوبەش بکەن تەوبەی ئەو کەسانە قبوڵ ناکرێ وە ئەو کەسانە بە دڵنیایی گومڕان و جارێکیتر هیدایەت وەرناگرن.

وەهەروەها لەفەرموودەیەکدا ئەبو هورەیرە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ لە رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بۆمان دەگێڕێتەوە: ((عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ قَالَ: بَادِرُوا بِالأَعْمَالِ فِتَنًا كَقِطَعِ اللَّيْلِ الْمُظْلِمِ يُصْبِحُ الرَّجُلُ مُؤْمِنًا وَيُمْسِي كَافِرًا أَوْ يُمْسِي مُؤْمِنًا وَيُصْبِحُ كَافِرًا يَبِيعُ دِينَهُ بِعَرَضٍ مِنَ الدُّنْيَا))[٣٠٦]

٣٠٦) أخرجه مسلم (١١٨). من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

واتا: ئەبوهورەیرە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی :بۆکردەوەی چاك پەلەبکەن پێش ئەوەی تووشی فیتنەو ئاشووب ببن کەوەك شەوەزەنگ دونیا تاریك دەکات پیاوی واهەیە لەو ڕۆژەدا بەیانی بڕوادارەو، وەبۆ ئێوارە کافردەبێت یان بەئێوارە بڕوادارەو بۆبەیانی کافردەبێت بەوەی کەدینی خۆی بۆدونیا دەفرۆشێ.

ئینسان بەچی توشی ((الردة)) هەڵگەڕانەوە دەبێت ؟

خوێنەری بەڕێز هەرکاتێك ئینسان هەڵگەڕێتەوە لەدین ئەوە کارو کردەوەی هەموو پوچەڵ دەبێتەوە و بەهەتا هەتایی لە دۆزەخ دەمێنێتەوە، بۆیە وەك باسکرا جار وایە ئینسان بەوتەیەك یان کرداریك کە بەئەنقەست بێت یاخود بەگاڵتەوە بێت، یان بەڕق لێبوونەوە لەئایەتێك یان فەرموودەیەکی صەحیح، ئەوە پێی لەدین دەچێتە دەرەوە بۆیە پێویستە زۆر ئاگاداربین، بۆیە ئاماژە بە دە خاڵ دەکەین کە بە کۆدەنگی زانایان بەپاڵ پشتی قورئان و سوننەت ئەگەر هاتوو ئینسان هەریەکێك لەو شتانەی تێدابێ یان تەنها خاڵێکی تێدابێ ئەوە پێی لەدین دەچێتە دەرەوە.

شێخی پایە بەرز محمدی کوڕی عبدالوهاب رَحِمَهُ اللَّهُ لەدەخاڵدا باسی هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلاممان بۆ دەکات و دەفەرموێت: ((اعلَمْ أَنَّ نَوَاقِضَ الإِسْلَامِ عَشْرَة))[٣٠٧] واتا: بزانە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام دە دانەیە.

---

٣٠٧) ((مجموعة التوحيد، (ج:١/ ص: ٣٨- ٣٩)).

تێبینی: ((زانایان دەفەرموون هۆکارەکانی هەڵگەڕانەوە زۆرن بەڵام محمدی کوڕی عبدالوهاب رَحِمَهُ ٱللَّهُ ئەو دە هەڵوەشێنەرەوەی بۆیە هەڵبژاردووە لەبەر هەبوونی کۆدەنگی موسوڵمانان، یانیش لەبەر ئەوەی هەڵگەڕانەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەم دە خاڵە))[٣٠٨]

هەڵوەشێنەرەوەی یەکەم: ((الشِّرْكُ فِي عِبَادَةِ اللهِ تَعَالَى))، وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ (النساء:٤٨). وقال تعالى: ﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾ (المائدة:٧٢). ((وَمِنْ ذِلِكَ: دُعَاء الْأَمْواتِ ، وَالْاسْتِغَاثَةِ بِهِم ، وَالنَّذْرِ وَالذَبْحِ لَهُم)). واتا: هاوبەش دانان لە پەرستنی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەروەك چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: (بەدڵنایيەوە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەرگیز لەکەسێك خۆش نابێت کەشەریك و هاوبەش بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بڕیار بدات وە جگە لە شەریك دانان بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چەندێك مرۆڤ تاوانی گەورەی هەبێ ئەوە ئەکەوێتە بەر ویست و مەشیئەتی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ویستی لێ بێت لێی خۆش ئەبێت بە فەزڵی خۆی، وە ویستی لێ بێت سزای ئەدات بە دادپەروەری خۆی، بەڵام بەهەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوە). وە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: (هەرکەسێ شیرک بۆ بڕیار بدات ئەوە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات.وە شوێن و جێگای دۆزەخە وە ئەو کەسە ستەمکارو موشریکانە هیچ کەسێك نییە پشتیوانیان بێ). هاوشێوەی ئەو شیرکەی کە اللَّه

٣٠٨) ((التبيان شرح نواقض الإسلام (ص:٦)).

سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ باسیکردووە: هاوارکردنە مردووەکان داوای یارمەتی کردن لێیان نەزر و قوربانی کردن بۆ غەیری اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ.

شیکردنەوە: شیرك دەبێتە دوو جۆر:

جۆری یەکەم: شِرْكٌ أَكْبَرُ. واتا: شیرکی گەورە. ئەو جۆرە شیرکە چوار جۆری تری لێدەبێتەوە. (یەکەم: شِرْكُ الدَّعْوَةِ. واتا: شیرکی هاوارکردن. دووەم: شِرْكُ النِّيَّةِ، وَهِيَ: الْإِرَادَةُ وَالْقَصْدُ. واتا: شیرکی نیەت کە بریتییە لەویست و مەبەست. سێیەم: شِرْكُ الطَّاعَةِ. واتا: شیرکی گوێڕایەڵی. چوارەم: شِرْكُ الْمَحَبَّةِ. واتا: شیرکی خۆشەویستی). إن شاءاللّٰه دانە دانە باسیان دەکەین.

جۆری دووەم: شِرْكٌ أَصْغَرُ.

جۆری یەکەم: شِرْكٌ أَكْبَرُ. واتا: شیرکی گەورە کە اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ لەبکەرەکەی خۆش نابێ و بەهەتا هەتایی لە ئاگری دۆزخ دەمێنێتەوە اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ (النساء:١١٦). واتا: بەدڵنیایی اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ خۆش نابێ لەهیچ کەسێك کە شەریك بۆ اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بڕیار بدات وە جگە لە شەریك دانان بۆ اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ تاوان چەندێك گەورە بێ هەر کەسێك ئەنجامی بدات حەڵاڵی نەکات اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ خۆش ئەبێ لە هەر کەسێك کە ویستی لێ بێت

ئەکەوێتە بەر ویست و مەشیئەتی اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ وە هەر کەسێك شەریك بۆ اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بڕیار بدات ئەوە گومڕاو وێڵ بووە گومڕابوونێکی زۆر دوورو لە حەق دوورکەوتۆتەوە.

هەروەها اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾ (المائدة:٧٢). واتا: بەڕاستی هەرکەسێك هاوبەش و شەریك بۆ اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دابنێ ئەوە بێگومان اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات وە جێی و شوێنی ئاگر دەبێت وە ئەو ستەمکارانە هیچ یارمەتیدەرێك نییە.

وەك وتمان شیرکی گەورەش دەبێتە چوار جۆر:

یەکەم: شِرْكُ الدَّعْوَةِ. واتا: شیرکی هاوارکردن: شیرکی هاوارکردن، بەڵگەش لەسەری وتەی اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰیە کە فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴿٦٥﴾ لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾ (العنكبوت : ٦٥_ ٦٦). واتا: هەر کاتێک خەڵکی (باوەڕ لاوان) سواری کەشتی دەبن ، مەترسی نوقم بوون و تیاچوون ڕوویان تێدەکات ، زۆر بەکوڵ ، هاناو هاوار بۆ اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەبەن و بە دڵسۆزی و ملکەچیەوە باوەڕ دەهێنن ، بەڵام کاتێک اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ڕزگاریان دەکات و دەگەنەوە وشکانی دەستبەجێ لە ڕێبازی یەک اللّە پەرستی دەترازێن و هاوەڵ و هاوبەش بۆ اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بڕیار دەدەن جا با ئەوانە هەر ناشوکرو بەدنەمەک بن لە بەرامبەر ئەو هەموو

بەخششانەی ئێمەوە ، با نازو نیعمەتەکانی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەکار بهێنن بەو شێوازەی کە پێی ڕازی نییە، سەرەنجام لە داهاتوودا خۆیان دەبینەوە و بەئاگا دێنەوە.

دووەم: شِرْكُ النِّيَّةِ، وَهِيَ: الْإِرَادَةُ وَالْقَصْدُ. واتا: شیرکی نیەت کە بریتییە لە ئیرادەت و مەبەست: بەڵگەش لەسەری ، وتەی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە کە فەرموویەتی:﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لا يُبْخَسُونَ ۝١٥ أُولَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا فِيهَا وَبَاطِلٌ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (هود : ١٥-١٦) واتا: هەر کەسێك تەنها ژیانی دونیا و ڕازاوەیی و (خۆشگوزەرانی) یەکەی بوێت، ئەوە پاداشتی هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە دەدەینەوە لە دونیادا ، ئەوانیش تێیدا هیچیان لێکەم ناکرێتەوە ئا ئەوانە ئەوانەن کە لە ڕۆژی دوایدا جگە لە ئاگری دۆزەخ هیچی تریان بۆ نیە و ئەوەی کە کردیان لە دونیادا پووچەڵ بۆوە و بێ نرخە ، هەروەها ئەو کارو کردەوەی کە دەیانکرد بەتاڵ و پووچ و بۆشە.

سێیەم: شِرْكُ الطَّاعَةِ. واتا: شیرکی گوێڕایەڵی. بەڵگەش لەسەری وتەی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە کە فەرموویەتی: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ (التوبة : ٣١). واتا: (گاور و جوو) حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ (ملکەچ و فەرمانبەردارییانن ، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان شتیان بۆ حەڵاڵ یان حەرام دەکەن) هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش (بە کوڕی اللە

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى دەزانن) لەکاتێکدا کە فەرمانیان پێنەدراوە جگە لە پەرستنی تاکە اللَّەیەک سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى بێگومان جگە لەو زاتەپەروەردگارێکی تر نییە ، پاکی و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەیە ، کە (ئەو نەفامانە) هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار دەدەن. شەریک دانانیان بۆ اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ئەوەبوو کە حەڵاڵیان بۆ حەرام ئەکردن ئەمان شوێنیان ئەکەوتن، وە حەرامیان بۆ حەڵاڵ ئەکردن و ئەمان شوێنیان ئەکەوتن، ئەوە پەرستنیان بوو.

((تەفسیرەکەی ئەو تەفسیرەیە کە هیچ گرفتێکی تێدا نییە ،کە ئەویش بریتییە لە گوێڕایەڵی کردنی زاناکان و عابیدەکان لە سەرپێچی کردنی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى دا، کە حەڵاڵیان بۆ حەرام دەکەن و حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەکەن، نەوەک دوعا کردن و پاڕانەوە بێت لێیان ، هەروەکو چۆن رسول اللَّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ بۆ عەدی کوڕی حاتەمی تەفسیر کرد ، کاتێک پرسیاری لێ کرد و گوتی : ئێمە ئەوانمان نەدەپەرست ، رسول اللَّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ بۆی باسکرد کە پەرستنیان بریتی بوو لە گوێڕایەڵی کردنیان لە سەرپێچی کردنی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى دا بەوەی حەڵاڵیان بۆ حەرام دەکردن و حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەکردن))[٣٠٩]

---

٣٠٩)لە عدی کوڕی حاتم دەڵێت:رسول اللَّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هات منیش ملوانکەیەکی ئاڵتوونم لە ملدا بوو رسول اللَّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: فرێی بدە ئەو بتەی لە ملتایە، عدی کوڕی حاتم وتی تەواو لامبرد رسول اللَّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سورەتی براءة خوێند ئایەتی: ﴿اِتَّخَذُوا أَحْبَارهمْ وَرُهْبَانهمْ أَرْبَابًا مِنْ دُون اللَّه﴾واتا:گاورو جوولەکە زاناو اللَّە پەرستەکانی خۆیانیان و حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ملکەچ و فەرمانبەردارییانن، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان شتیان بۆ حەڵاڵ یان حەرام دەکەن. وتم:یا رسول اللَّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئێمە نەمان دەپەرستن فەرمووی:ئایا ئەو شتانەی حەرام نەدەکرد کە اللَّە حلالی کردبوو وە ئەوانەیان حلال دەکرد کە اللَّە حەڕامی کردبوو وتی : بەلێ، رسول اللَّە فەرمووی: ئەوە پەرستنە).

صەحابەی بەڕێز ابن عباس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿اِتَّخَذُوا أَحْبَارهمْ وَرُهْبَانهمْ﴾ دەڵێ: ((الْأَحْبَارُ: الْقُرَّاءُ))[٣١٠] واتا: أحبار واتا: قورئان خوێنەکان.

هەروەها ضەحاك رَحِمَهُ اللَّهُ دەربارەی: ((الْأَحْبَارُ، دەڵێ: قُرَّاؤُهُمْ، وەدەربارەی: وَرُهْبَانُهُمْ: دەڵێ: عُلَمَاؤُهُمْ))[٣١١] واتا: أحبار قورئان خوێنەکانیان، وە رهبانهم، زاناکانیان.

شيخ الإسلام محمد بن عبد الوهاب (ت١٢٠٦هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێ: ((وَالْأَرْبَابُ: مَنْ أَفْتَاكَ بِمُخَالَفَةِ الْحَقِّ وَأَطَعْتَهُ؛ مِصْدَاقًا لِقَوْلِهِ تَعَالَى: ﴿اِتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ (التوبة : ٣١).))[٣١٢] واتا: أرباب ئەو کەسەیە کە فەتوات بۆ دەدات بەپێچەوانەی حەق و تۆش شوێنی دەکەوی لەبەر بەڕاست دانانی وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى کەدەفەرموێت: (گاور و جوو) حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى (ملکەچ و فەرمانبەرداریانن ، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان شتیان بۆ حەڵاڵ یان حەرام دەکەن) هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش (بە کوڕی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى دەزانن) لەکاتێکدا کە فەرمانیان پێنەدراوە جگە لە پەرستنی تاکە اللَّهێک سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى بێگومان جگە لەو زاتەپەروەردگارێکی تر نییە

---

٣١٠) (تفسير الطبري(١٠٠٥٥).

٣١١) (تفسير الطبري(١٠٠٥٦).

٣١٢) (مَجْمُوعَةِ الرَّسَائِل وَالْمَسَائِل النَّجْدِيَّةِ، ٤/ ٣٤).

، پاکی و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەیە ، کە (ئەو نەفامانە) هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار دەدەن.

جا گوێڕایەڵی زاناکانیان و عابیدەکانیان دەکردن لە سەرپێچی کردنی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دا، کە حەڵاڵیان بۆ حەرام دەکردن و حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەکردن.

چوارەم: شِرْكُ الْمَحَبَّةِ. واتا: شیرکی خۆشەویستی بەڵگەش لەسەری وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە کە فەرموویەتی: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ﴾ (البقرة :١٦٥). واتا: (لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە ئاشکرایانەدا) هەندێك کەس هەیە لەجیاتی ئەوەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پەرست بێت، شتانی تر دادەتاشێت بۆ خۆی و (شوێن ڕێنموونییەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ناکەوێت و) خۆشەویستی و سۆزی دەدات بەو بت و بەرنامۆلکە و تووڵە ڕێگەیانە و خۆشی دەوێن ، وەك چۆن ئیمانداران اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان خۆش دەوێت ، بەڵام ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە زۆر زیاتر اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان خۆش دەوێت (هەر بەراورد ناکرێت) جا ئەوانەی کە ستەمیان کردووە گەر دەیانزانی لەکاتێکدا کە بەچاوی خۆیان ڕووبەڕووی ئەو سزایە دەبنەوە ،کە بەڕاستی بۆیان دەردەکەوێت کە هێزو تواناو دەسەڵات هەر هەمووی بە دەست اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە و دڵنیا دەبوون کە ئەو اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە سزاکەی زۆر بە ئازارە (بۆ ستەمکاران) بەڕاستی ئەوانە هەرگیز لە دۆزەخ دەرچوونیان نییە.

تێبینی: ((**ئەو چوار جۆرەی شیرکی گەورە خاوەنەکەی لەدین دەکاتە دەرەوە لەبەر ئەوەی عیبادەتەو عیبادەتیش بۆ غەیری اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **شیرکە هەروەکو چۆن اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ (المؤمنون : ١١٧).
واتا: هەر کەس بپەرستێ پەرستراوێکی تر لەگەڵ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ**دا کە هیچ بەڵگەیەکی نەبێ لەسەر ئەو (پەرستنە) ئەوە بەڕاستی لێپرسینەوەی تەنها لای پەروەردگارێتی بێگومان کافران ڕزگار نابن. جا اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ناوی کافری لێناون لەبەر هاوار کردنیان بۆ غەیری اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ)) [٣١٣]

جۆری دووەم: شِرْكٌ أَصْغَرُ. **واتا: شیرکی بچوك. کە بریتییە لەڕوپامایی (الریاء). بەڵگەش لەسەری ، وتەی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ**یە کە فەرموویەتی:** ﴿فَمَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا﴾ (الكهف : ١١٠). **واتا: جا ئەوەی دەیەوێت بەدیداری پەروەردگاری شادببێت ، بەخۆشنودیەوە با کارو کردەوەی چاک و دروست ئەنجام بدات و بەهیچ شێوەیەک لە پەرستندا هیچ کەسێک نەکاتە هاوەڵ و شەریک بۆی.**

تێبینی: ((**ئەو جۆرە شیرکە ئەگەر خاوەنەکەی بەو شیرکەوە گەیشتەوە بە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئەوا دەچێتە ژێر ویستی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەسەر وتەی ڕاست و دروست، ئەگەر ویستی لێبێ لێی خۆشدەبێ و**

---

٣١٣) ((التبيان شرح نواقض الإسلام، ص:١٣)).

دەیخاتە بەهەشتەوە، وە ئەگەر اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ویستی لێبێ سزای دەدات، بەڵام لەدوای سزایەکە دەیباتە بەهەشتەوە، چونکە شیرکی بچوك خاوەنەکەی تا هەتایی لە ئاگری دۆزەخ ناهێڵێتەوە))[٣١٤]

لەجۆرەکانی ئەو شیرکە: سوێند خواردن بەغەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەگەر مەبەستی گەورەیی و تەعظیمکردنی ئەوکەسە نەبێ کەسوێندی پێخوراوە چونکە ئەگەر وابوو ئەوە دەبێتە شیرکی گەورە.

وەك چۆن رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ((مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللَّهِ فَقَدْ أَشْرَكَ))[٣١٥] واتا: هەرکەسێك سوێند بە غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بخوات ئەوە شەریکی بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ داناوە.

هەروەها پیاییەکی کەم کە بۆ خەڵکی کارەکە بکرێت بۆ بەرچاوی، رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ((إِنَّ أَخْوَفَ ما أخافُ عليكم الشِّركُ الأَصْغَرُ، قالوا: وما الشِّركُ الأَصْغَرُ يا رسولَ اللَّهِ؟ قال: الرِّياءُ))[٣١٦] واتا: ئەوەی کە زۆر لێی دەترسم توشتان بێت و زیانتان پێبگەیەنێت شیرکی پچوکە، گوتیان شیرکی بچوک چییە؟ فەرمووی: ڕیایە.

کردەوەش بۆ غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چەند حاڵەتێکە)[٣١٧] :

---

٣١٤) ((التبيان شرح نواقض الإسلام، ص:١٤)).
٣١٥) رواه أبو داود (٣٢٥١) والترمذي (١٥٣٥). من حديث ابْن عُمَرَ
٣١٦) أخرجه أحمد (٢٣٦٣٠) واللفظ له، والبيهقي في ((شعب الإيمان)) (٦٨٣١)، والبغوي في ((شرح السنة)) (٤١٣٥).
٣١٧) ((التبيان شرح نواقض الإسلام، ص:١٤- ١٨)).

حاڵەتی یەکەم: ئەگەر کردەوەکە هەمووی بۆ ڕیایی بێت، خاوەنی کردەوەکە هیچ مەبەستێکی نییە تەنها بۆ دونیا نەبێ، یانیش بۆ پیش چاوی خەڵکی بێت، وەکو دووڕووەکان کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلَاةِ قَامُوا كُسَالَى يُرَاءُونَ النَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ (النساء: ١٤٢). واتا: ئەم منافیقانە هەرکات هەڵسن بۆ نوێژ بە تەمەڵی و تەوەزەلی یەوە ڕاست دەبنەوە و، نوێژیش دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی بیان بینن، وەیادی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ش ناکەن مەگەر کەمێك نەبێ.

جا ئەو کردەوە هیچ موسوڵمانێك گومانی نییە کە پۆچەڵەو وەرنەگیراوە، وە خاوەنەکەشی شایستەی سزای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە.

حاڵەتی دووەم: کردەوەکە بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت، بەڵام ڕیایی تێیدا بەژدار بێت و تێیدا بێت، ئەوەش دوو حاڵەتی هەیە:

١. ئەصڵی کارەکەی ڕیایی تێدا کردۆتە شەریك تا کۆتاییەکەی.

٢. یان ئەوەتا ڕیاییکەی بەسەر داهات (واتا: سەرەتا لەکردەوەکەی نیەتی تەنها بۆ اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بوو بەڵام دوای ڕیایی تێکەوت). جا یەکەمیان: کردەوەکەی بەتاڵەو وەرناگیرێ، بەبەڵگەی ئەو فەرموودەی کە ئیمامی موسلم لە صەحیحەکەی هیناویەتی لە ئەبو هوڕەڕەوە دەڵێ: رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ((أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنْ الشِّرْكِ مَنْ

عَمِلَ عَمَلاً أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ))[٣١٨] واتا: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێ: من دەوڵەمەندترم لەوەی کەس بکرێ بەشەریک و هاوبەشم لە عیبادەت و پەرستن دا، جا هەرکەس عیبادەت و کردارێک بکات و لەمەبەست و نیەتەکەی دا کەسیکی تر بکاتە شەریکم، ئەوا واز لە خۆی و هاوتاکەی دێنم. دووەمیان: بەشێک لەزانایان کردەوەکەی بەباتڵ دەزانن هەمووی، وەهەندێکیان دەفەرموون:بەپێی ئیخڵاصەکەی پاداشتی بۆ هەیەو وەپێی ڕیاییەکەش سزای بۆ هەیە، بەڵام کەسێک ڕیایی بەسەری زاڵ بووبوو ئەویش لەنەفسی خۆی تێکۆشانی و جیهادی لەگەڵ ئەو ڕییاییە دەرکرد و لایدا، (واتا: وای لەخۆی دەکرد بەسەر ڕیایەکە زاڵ بێت) ئەوە ئەو کەسە بەشێکی دەبێت لەو ئایتەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کە دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَىٰ٤٠ فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَىٰ﴾ (النازعات:٤٠- ٤١). واتا: بەڵام ئەوەی لە پایەو شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەکی بێگومان هەر بەهەشت جێگەی مانەوە و حەوانەوە و گوزەرانیەتی.

جا خوێنەری بەڕێز پێویستە زۆر ئاگاداربین و خۆمان بپارێزین لەشیرک وە ئینسان موعەڕەزە بۆ ئەوەی توشی شیرک بێت و پێویستە زۆر ترسمان لەشیرک هەبێت، بەڵام ئێمە بێ ئاگاین وترسمان نییە هەروەکو چۆن ابن عباس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەڵێ: ((إِنَّ الشِّرْكَ فَزِعَتْ مِنْهُ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ وَالْجِبَالُ، وَجَمِيعُ الْخَلَائِقِ إِلَّا الثَّقَلَيْنِ، فَكَادَتْ أَنْ تَزُولَ مِنْهُ

---

٣١٨) أخرجه مسلم(٢٩٨٥) من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

لِعَظَمَةِ اللَّهِ))[٣١٩] واتا:ابن عباس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەڵێ: بەڕاستی شیرک ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان و هەموو دورستکراوان لێی دەترسن، جگە لە ئینسان و جنّ نەبێ. وە پێویستە شارەزابین چ شتێك شیرکە نەبادا توشی ئەو شیرکە ببین، چونکە ئیسلامەتیمان هەڵدەوەشێتەوە هەروەکو چۆن ئیمامی عومەر (ت٢٣ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((إِنَّمَا تُنْقَضُ عُرَى الْإِسْلَامِ عُرْوَةً عُرْوَةً، إِذَا نَشَأَ فِي الْإِسْلَامِ مَنْ لَا يَعْرِفُ الْجَاهِلِيَّةَ))[٣٢٠] واتا: پەتی ئیسلام هەڵدەوەشێتەوە پەت بە پەت، ئەگەر کەسێك لەئیسلام گەورە بووبێ و هیچ دەربارەی جاهیلیەت نەزانێ. ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەربارەی ئەو وتەی ئیمامی عومەر (ت٢٣ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((وَهَذَا لِأَنَّهُ إِذَا لَمْ يَعْرِفِ الْجَاهِلِيَّةَ وَالشِّرْكَ، وَمَا عَابَهُ الْقُرْآنُ وَذَمَّهُ وَقَعَ فِيهِ وَأَقَرَّهُ، وَدَعَا إِلَيْهِ وَصَوَّبَهُ وَحَسَّنَهُ، وَهُوَ لَا يَعْرِفُ أَنَّهُ هُوَ الَّذِي كَانَ عَلَيْهِ أَهْلُ الْجَاهِلِيَّةِ، أَوْنَظِيرُهُ، أَوْ شَرٌّ مِنْهُ، أَوْ دُونَهُ، فَيَنْقُضُ بِذَلِكَ عُرَى الْإِسْلَامِ عَنْ قَلْبِهِ، وَيَعُودُ الْمَعْرُوفُ مُنْكَرًا، وَالْمُنْكَرُ مَعْرُوفًا، وَالْبِدْعَةُ سُنَّةً، وَالسُّنَّةُ بِدْعَةً، وَيَكْفُرُ الرَّجُلُ بِمَحْضِ الْإِيمَانِ وَتَجْرِيدِ التَّوْحِيدِ، وَيُبَدَّعُ بِتَجْرِيدِ مُتَابَعَةِ الرَّسُولِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَمُفَارَقَةِ الْأَهْوَاءِ وَالْبِدَعِ، وَمَنْ لَهُ بَصِيرَةٌ وَقَلْبٌ حَيٌّ يَرَى ذَلِكَ عِيَانًا))[٣٢١] واتا: ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە شیرك ناناسێ بۆیە ئیسلامەتیەکەی هەڵدەوەشێتەوە، نازانێ کە قورئان سەرزەنشتی کردووەو عەیبداری کردووە، بۆیە دەکەوێتە ناو ئەو شیرکەوەو دانی پێدا ئەنێت، وە بانگەشەی بۆ دەکات و بەصەواب و ڕاست و چاکی دەناسێنێ و دەزانێ، وە ناشزانێت ئەوەی کە

---

٣١٩) (تفسير ابن كثير (٥ /٢٦٦)

٣٢٠)(مدارج السالكين (١/ ٣٥١ـ ٣٥٢).

٣٢١)(مدارج السالكين (١/ ٣٥١ـ ٣٥٢).

لەسەریەتی لەدین و بەرنامەی جاهیلیەتە، یان هاوشێوەیەتی یان لەو خراپترە یان جگە لەوەیە، بەمەش پەتی ئیسلامەتی ئەو کەسە هەڵدەوەشێتەوەو چاکەی لێ دەبێتە خراپەو خراپەشی لێ دەبێتە چاکە، وە بیدعەی لێ دەبێتە سوننەت و سوننەتیشی لێ دەبێتە بیدعە، جا پیاو بەتەنها بەهەبوونی ئیمان هێنان بەنەمان و دارمانی تەوحید توشی کوفر دەبێ، وە توشی بیدعە دەبێ بەوازهێنان لەشوێنکەوتنی رسول اللّەو ﷺ جیابوونەوە لەئەهلی هەواو بیدعە، جا ئەوەی بەرچاو ڕوونی هەبێ ئەوە زۆر بەدیارو ئاشکرایی ئەو شتە دەبینێ.

هەروەها شیرك ئینسان بەهیلاك دەبات هەروەکو چۆن رسول اللّه ﷺ ناوی لەحەوت تاوانە بەهیلاك بەرەکە هێناوە، ئەبو هوڕەیرە رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە: ((عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ، قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ ؟ قَالَ: الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلاَتِ الْمُؤْمِنَاتِ)) [٣٢٢]

واتا:خۆتان بەدوور بگرن لەو حەوت تاوانە فەوتێنەرانەی کە مرۆڤ لەناو دەبەن، وترا : ئەی پەیامبەری اللّه ﷺ ئەوانە کامانەن ؟ فەرمووی: شیرك ئەنجامدان بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، وە سیحر و جادوو کردن، وە کوشتنی ئەو کەسەی کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کوشتنی حەرام و قەدەغە کردووە ئیللا بە حەق نەبێت، وە خواردنی مالی یەتیم، وە خواردنی ڕیبا و سوو، وە پشت هەڵکردن لەبەرەی جەنگ لە ڕۆژی پێشڕەوی کردندا،

---

٣٢٢) أخرجه البخاري(٦٨٥٧) ومسلم(٨٩). من حديث أبي هريرة رضي الله عنه

وه تاوانبارکردن و تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێن پاکی بێئاگای ئیماندار بە بەدڕەوشتی و داوێن پیسی.

شیرک گەورەترین شتە کە مەعصیەت و تاوانی پێدەکرێت لەدەرهەق اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ، کەبریتیە لەگەورەترین هەڵوەشێنەرەوەی ئیسلام، اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ لەسەر خۆی پێویست کردووە لەبکەرەکەی خۆشنەبێت ئیلا ئەگەر خاوەنەکەی تەوبە لەوشیرکە بکات، هەروەها هیچ یەکێک لەو کردەوە چاکانەی دەبێتە کەفارەتی گوناهـ شیرک لانابات ئیلا ئەگەر کەسەکە تەوبە لەوشیرکەی بکات، هەروەکو چۆن اللّه دەفەرموێ:﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ (النساء:١١٦). واتا: بەدڵنیاییەوە اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ هەرگیز لەکەسێك خۆش نابێت کەشەریك و هاوبەش بۆ اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ بڕیار بدات وە جگە لە شەریك دانان بۆ اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ چەندێك مرۆڤ تاوانی گەورەی هەبێ ئەوە ئەکەوێتە بەر ویست و مەشیئەتی اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ، اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ویستی لێ بێت لێی خۆش ئەبێت بە فەزڵی خۆی، وە ویستی لێ بێت سزای ئەدات بە دادپەروەری خۆی، بەڵام بەهەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوە.

شیرک بریتیە لەزوڵمی هەرەگەورە، اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَٰئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ (الأنعام ٨٢) واتا: ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و ستەمیان تێکەڵ بە ئیمانەکەیان نەکردووە، ئاسوودەیی و هێمنی هەر بۆ ئەوانەیە، هەر ئەوانەش ڕێنموومایی کراون.

کاتێك ئەو ئایەتە دابەزی: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ﴾ صەحابە وتیان ئەی نێردراوی اللَّە جا کێ هەیە لە ئێمە زوڵمی نەکردبێت؟ رسول اللَّە ﷺ فەرمووی: ((لَيْسَ كَمَا تَقُولُونَ: ﴿لَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ﴾ بِشِرْكٍ، أَوَلَمْ تَسْمَعُوا إِلَى قَوْلِ لُقْمَانَ لِابْنِهِ: ﴿يَا بُنَيَّ لاَ تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾))[٣٢٣] واتا: ماناکەی ئاوا نیە کە بیری لێدەکەنەوە ووشەی (ظُلْمٍ) بە مانای (شِرْكٍ) دێت ئەی ئێوە ئەو ئایەتەتان نەخوێندۆتەوە کە لوقمان بە کوڕەکەی ئەفەرموێت ﴿يَا بُنَيَّ لاَ تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ واتا: ئەی کوڕی خۆم شەریك و هاوبەش بۆ اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بڕیار مەدە بەڕاستی شەریك دانان بۆ اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ گەورەترین زوڵم و ستەمە کە کرابێت.

جا چۆن شیرك نابێتە گەورەترین تاوان و گەورەترین زوڵم و گەورەترینی کەبائیرەکان، کە بریتییە لەلێکچواندنی دروستکراوەکان بەخالق کە اللَّەیە، شیرك گوناهێکە لێخۆشبوونی نییە، جا کەسێك شتێکی تر بکاتە هاوبەش و شەریکی اللَّە ئەوا دژایەتی اللَّەی کردووەو نکوڵی لێ کردووە، وەشتێکی بۆ اللَّە داناوە کە اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خۆی داینەناوەو پاك و بێ عەیبە لەوشتە اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی باروگوزەرانی موشریکان لەگەڵ پەرستراوەکانیان لەڕۆژی دوای دەڵێ: ﴿تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ (الشعراء: ٩٧_٩٨) واتا:

---

٣٢٣) أخرجه البخاري(٣٣٦٠) من حديث عبدالله بن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

ژێردەستەکان بە سەرکردەو گەورەکانیان ئەڵێن: سوێند بە اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئێمە لە گومڕاییەکی زۆر ئاشکرادا بووین. کاتێك ئێوەمان یەکسان کرد بە پەروەردگاری هەموو جیهان.

رسول اللَّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێ: ((أَكْبَرُ الْكَبَائِرِ الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ..))[٣٢٤] واتا: گەورەترینی تاوانەکان بریتیە لە: هاوبەشی پەیداکردن بۆ اللَّه.

صەحابەی بەڕێز ابن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((إِنَّ أَكْبَرَ الكَبائِرِ الإِشْراكُ بِاللَّهِ عَزَّوَجَلَّ))[٣٢٥] واتا: بەڕاستی گەورەترینی تاوانەکان بریتیە لە: هاوبەشی پەیداکردن بۆ اللَّه عَزَّوَجَلَّ.

خاوەن شیرك بەهەشتی لەسەر حەرامە، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾ (المائدة:٧٢). واتا: بەڕاستی هەرکەسێك هاوبەش و شەریك بۆ اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دابنێ ئەوە بێگومان اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات وە جێی و شوێنی ئاگر دەبێت وە ئەو ستەمکارانە هیچ یارمەتیدەرێك نییە.

---

٣٢٤) (أخرجه البخاري (٢٦٥٤).

٣٢٥) (سنن سعيد بن منصور (٧ / ٤٥٩).

وه خاوەنی شیرك هەموو کردەوەکانی بەتاڵە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (الأنعام:٨٨). واتا: بەڵام ئەگەر ئەمانە یان هەر کەسێکی تر شەریك بۆ اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بڕیار بدەن ئەوە کردەوە چاکەکانی پێشتریان هەموو بەتاڵ ئەبێتەوە. (اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پێش ئەو ئایەتە باسی هەژدە پێغەمبەر دەکات پاشان دەڵێ گەر شیرك ئەنجام بدەن کردەوەکانیان بەتاڵ دەبێتەوە ئەی من و تۆ چی ؟ با وریای شیرك بین نەبادا کردەوەکانمان هەموو بەتاڵ بێتەوە)

هەروەها اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بەرسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: ئەگەر شەریك پەیا بکەی بۆمن کردەوەت بەتاڵ دەکەمەوە هەروەکو چۆن دەفەرموویت: ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (الزمر:٦٥). واتا: ئەگەر شەریك بۆ اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ بڕیار بدەی ئەوە کردەوەکانت هەموو بەتاڵ ئەبێتەوە وە لە زەرەرمەندان دەبیت.

هەڵوەشێنەرەوەی دووەم: ((مَنْ جَعَلَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ اللهِ وَسَائِطَ يَدْعُوهُمْ وَيسْأَلُهُمْ الشَّفَاعَةَ وَيَتَوَكَّلُ عَلَيْهِمْ كَفَرَ إِجْمَاعًا)) وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَضُرُّهُمْ وَلا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّه﴾ (يونس:١٨). واتا: هەرکەسێ شتێک لە نێوان خۆی و اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات بە واسیتە هاواری بکات و داوای شەفاعەتی لێبکات و پشتی پێ ببەستێت ئەوە کافر بووە بە ئیجماع. بەڵگەش وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە کە دەفەرموویت: (بێ باوەڕان وخوانەناسان شتێک دەپەرستن لەجیاتی اللَّه

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **نە زیانیان پێدەگەیەنێت نە قازانج، دەشڵێن: ئا ئەو بت و شتانە تکا کارمانن لەلای اللّٰه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ

ئەو هەڵوەشێنەرەوەیەش کۆدەنگی زانایانی لەسەرە ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **کۆدەنگی زانایان نەقڵ دەکات و دەڵێ:** ((فَمَنْ جَعَلَ الْمَلَائِكَةَ وَالْأَنْبِيَاءَ وَسَائِطَ يَدْعُوهُمْ وَيَتَوَكَّلُ عَلَيْهِمْ وَيَسْأَلُهُمْ جَلْبَ الْمَنَافِعِ وَدَفْعَ الْمَضَارِّ مِثْلَ أَنْ يَسْأَلَهُمْ غُفْرَانَ الذَّنْبِ وَهِدَايَةَ الْقُلُوبِ وَتَفْرِيجَ الْكُرُوبِ وَسَدَّ الفاقات: فَهُوَ كَافِرٌ بِإِجْمَاعِ الْمُسْلِمِينَ))[٣٢٦] **واتا: هەر کەسێ فریشتە یان پێغەمبەرێک بکاتە واسیتە، هاواری بکات و پشتی پێ ببەستێت وە داوای لێبکات بۆ دەست کەوتنی سودێک یان لابەردنی زەرەرێک، بۆ نمونە : داوای لێبکات کە لە گوناهەکانی خۆش بێت، یان هیدایەتی دڵی بدات، یان ناخۆشی و ناڕەحەتی لەسەر لابات، ئەوە کافرە بە کۆدەنگی موسڵمانان.**

هەروەها ابن المفلح (ت٧٦٣هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **کۆدەنگ نەقڵ دەکات دەربارەی ئەوانەی کە خەڵکی دەکەنە واسیتەو لەغەیری اللّٰه دەپارێنەوە دەڵێ:** ((لِأَنَّ ذَلِكَ كَفِعْلِ عَابِدِي الْأَصْنَامِ قَائِلِينَ: ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾ (الزمر: ٣))[٣٢٧] **واتا: لەبەر ئەوە ئەو کارەی وەکو کاری بتپەرستەکانە کەدەیانگوت: ئەوان ئەڵێن: ئێمە ئەزانین ئەمانە ئێمەیان دروست نەکردووەو ڕزقی ئێمە نادەن بەڵام نایانپەرستین تەنها بۆ ئەوە نەبێ کە لە اللّٰه نزیکمان بکەنەوەو شەفاعەتمان بۆ بکەن.**

---

٣٢٦) (مجموع الفتاوى (١٢٤/١).

٣٢٧) (كشاف القناع عن متن الإقناع (١٦٨/٦).

بەهەمان شێوە المرداوي (ت٨٨٥هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ کۆدەنگ لە ابن تیمیەوە نەقڵ دەکات لەبابی (الردة) هەڵگەڕانەوە دەڵێ: ((وَكَذَا الْحُكْمُ لَوْ جَعَلَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ اللَّهِ وَسَائِطَ يَتَوَكَّلُ عَلَيْهِمْ وَيَدْعُوهُمْ وَيَسْأَلُهُمْ إجْمَاعًا))[٣٢٨] واتا: هەروەها حوکمی کوفر بەسەر ئەو کەسە دەدرێت کەسێ: لەنێوان خۆی و اللّە واسیتە دانێ، هاواری بکات و پشتی پێ ببەستێت وە داوای لێبکات بەکۆدەنگ پێی کافر دەبێت.

هەڵوەشێنەرەوەی سێیەم: ((مَنْ لَمْ يُكَفِّرْ الْمُشْرِكِينَ أَوْ شَكَّ فِي كُفْرِهِمْ أَوْ صَحَّحَ مَذْهَبَهُم كَفَرَ)). واتا:هەرکەسێ موشریکەکان کافر نەکات یان گومانی هەبێت لە کافربوونیان یان بەرنامەکەی بەڕاست بزانیت ئەوە کافر بووە.

خوێنەری بەڕێز ئەو هەڵوەشێنەرەوەیە تەفصیلّی زۆری تێدایەو پێویستە ئاگاداربین:

وە بزانە کە ئەو هەڵوەشێنەرەوەیە کۆدەنگی هەموو زانایانی لەسەرە هەروەکو چۆن أبو الحسين الملطي الشافعي (ت ٣٧٧ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَجَمِيعُ أَهْلِ الْقبْلَةِ لَا اخْتِلَاف بَيْنَهُم أَنَّ مَنْ شَكَّ فِي كَافِرٍ فَهُوَ كَافِرٌ))[٣٢٩] واتا: هەموو ئەهلی قیبلە هیچ ڕاجیایان نییە، لەوەی هەرکەسێك گومانی هەبێت لەکوفری کافرێك ئەوا کافرە.

---

٣٢٨) (الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف للمرداوي (١٠/ ٣٢٧).

٣٢٩) ((التنبيه والرد على أهل الأهواءوالبدع (ص:٤٠)).

هەروەها الزركشي (ت٧٩٤هـ) ئیجماع نەقڵ دەکات و دەڵێ: ((الْإِجْمَاعِ عَلَى كُفْرِ مَنْ لَمْ يُكَفِّرْ أَحَدًا مِنْ النَّصَارَى وَالْيَهُودِ، وَكُلُّ مَنْ فَارَقَ دِينَ الْمُسْلِمِينَ وَوَقَفَ فِي تَكْفِيرِهِمْ أَوْ شَكَّ، لِقِيَامِ النَّصِّ وَالْإِجْمَاعِ عَلَى كُفْرِهِمْ. فَمَنْ وَقَفَ فِيهِ فَقَدْ كَذَّبَ النَّصَّ))[٣٣٠] واتا: کۆدەنگی زانایان هەیە لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی کە یەهودو نەصرانیەکان و هەموو ئەوانەی لەدینی موسوڵمانان جیادەبنەوە تەکفیر ناکات یان گومانی هەبێ لەکافربونیان، لەبەر بەرپابوونی دەق (قورئان سوننەت) و کۆدەنگ لەسەر کافرێتیان جا کەسێك بوەستێ لەتەکفیرکردنیان ئەوە دەقی (قورئان و سوننەت) بەدرۆ خستۆتەوە

سەرەتا بزانە کە تەکفیرکردن دەبێتە دوو بەش: یەکەم: تەکفیر کردنی ڕەها (مطلق). دووەم: تەکفیر کردنی دیاری کراو (معین).

تەکفیر کردنی ڕەها (مطلق) بریتییە لە:حوکمدان لەسەر وتەیەک یان کردەوەیەک.

تەکفیر کردنی دیاری کراو (معین) بریتییە لە: دابەزاندنی حوکمەکە بەسەر ئەو کەسەی کە قسەکە دەکات یان کردەوەکە دەکات بۆ نمونە دەڵێی هەرکەسێك ئەو قسەیە بکات یاخود ئەو کارە بکات بێباوەڕە.

کوفرکردن دەبێتە سێ بەش:کوفری بیرو باوەڕی (إعتقادی) کوفری وتەیی (قولي) کوفری کرداری (عملي).

---

٣٣٠) ((البحر المحيط ج٨ ص٢٧٩)).

جا کوفرکردن لەڕووی قەولی و عەمەلیەوە پێویست بە حەڵاڵ کردن ناکات (واتا: بە ئەنجامدانی کافر دەبێت نەوەک تەنها کاتێک حەڵاڵی کرد ئینجا کافر بێت).

کافرەکان دەبنە دوو بەش:کافری بنەڕەتی (أصلي) کافرێکی هەڵگەڕاوە (مرتد).

کافری ئەصلی بریتییە: لەو کەسەی کە هیچ پێشینەیەکی نییە لەنێو ئیسلامەتیداو موسوڵمان نەبووە.

کافرێکی مورتەد بریتییە: لەو کەسەی کە کافر بووەتەوە لەدوای موسلمان بوونیدا.

خوێنەری بەڕێز تەکفیرکردن حوکمێکی شەرعیە چەند پلەیەکی هەیە بۆیە دەبێ وریابی و شارەزای مەرج و ڕێگرەکانی بی.

ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((التَّكْفِيرُ حُكْمٌ شَرْعِيٌّ ، يَرْجِعُ إِلَى إِبَاحَةِ الْمَالِ وَسَفْكِ الدَّمِ ، وَالْحُكْمِ بِالْخُلُودِ فِي النَّارِ فَمَأْخَذُهُ كَمَأْخَذِ سَائِرِ الْأَحْكَامِ الشَّرعِيَّةِ ؛ فَتَارَةً يُدْرَكُ بِيَقِينٍ ، وَتَارَةً بِظَنٍّ غَالِبٍ ، وَتَارَةً يُتَرَدَّدُ فِيهِ وَمَهْمَا حَصَلَ تَرَدُّدٌ فَالْوَقْفُ فِيهِ عَنْ التَكْفيرِ أَوْلَى ، وَالمُبَادَرَةُ إِلى التَّكْفيرِ إِنَّمَا تَغْلِبُ عَلى طِبَاعِ مَنْ يَغْلِبُ عَلَيْهِم الْجَهْل))[٣٣١] واتا: تەکفیر حوکمێکی شەرعیە، دەبێتە هۆکاری حەڵاڵکردنی مال و ڕشتنی خوێن، وە حوکمدان بەمانەوەی تاهەتایی لەدۆزەخ، جا وەکو گشت حوکمە شەرعیەکانی تر، لەشەرعەوە سەرچاوە دەگرێت و وەردەگیرێت، ئینجا جاری وا هەیە بەیەقینی

٣٣١) ((بغية المرتاد في الرد على المتفلسفة والقرامطة والباطنية(ص:٣٤٥))

دەزاندرێ، وە جارى واش هەیە بەگومانێکى بەهیز دەزاندرێت، وەجارى واش هەیە دوودڵى تێدایە، جا هەرکاتێك دوودڵى ڕوویدا وەستان لەتەکفیرکردن باشترە، وەدەستپێشخەرى لەسەر تەکفیرکردن بەسەر سروشتى ئەو کەسانە زاڵە کەجەهل و نەفامى بەسەریان زاڵە.

زاناو تابیعى بەڕێز بکر بن عبدالله المزني (ت ١٠٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ:((فَإِيَّاكَ أَنْ تَقُولَ لِرَجُلٍ مُسْلِمٍ كَافِرٌ أَوْ لِرَجُلٍ كَافِرٍ مُسْلِمٌ))[٣٣٢] واتا: وریاى ئەوەبە بەکەسێکى موسوڵمان بڵێى کافر، یان بەکەسێکى کافر بڵێى موسوڵمان.

الشهرستاني (ت ٥٤٨هـ) دەڵێ: ((التَّكْفِيرُ حُكْمٌ شَرْعِيٌّ، وَالتَصْوِيبُ حُكْمٌ عَقْلِيٌّ))[٣٣٣] واتا: تەکفیر حوکمێکى شەرعیە، وە پێکانیش حوکمێکى عەقڵییە.

عبيدالله العيشي. (ت ٢٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((مَا أَمَرَ اللَّهُ تَعَالَى عِبَادَهُ بِأَمْرٍ إِلَّا وَلِلشَّيْطَانِ فِيهِ نَزْعَتَانِ: فَإِمَّا إِلَى غُلُوٍّ، وَإِمَّا إِلَى تَقْصِيرٍ فَبِأَيِّهِمَا ظَفَرَ قَنَعَ))[٣٣٤] واتا: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هیچ فەرمانێکى بەبەندەکانى نەکردووە ئیلا شەیطان دوو دەستى دەخاتە ناوى، جا یان بەزێدە ڕەوى یانیش بەشلى، جا بەهەر کامیان بێت شەیطان ڕازییە.

---

٣٣٢) ((القدر، للفريابي (ص:٢٥٦)).

٣٣٣) ((الملل والنحل" (١/ ٢٠٠)).

٣٣٤) ((أخرجه الخطابي في العزلة (ص:٩٧)).

عبدالله بن عبدالرحمان أبا بطين (ت ١٢٨٢هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَقَدْ اسْتَزَلَّ الشَّيْطَانُ أَكْثَرَ النَّاسِ فِي هَذِهِ الْمَسْأَلَةِ، فَقَصَّرَ بِطَائِفَةٍ، فَحَكَمُوا بِإِسْلَامِ مَنْ دَلَّتْ نُصُوصُ الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ وَدَلَّ الْإِجْمَاعُ عَلَى كُفْرِهِ، وَتَعَدَّى بِآخَرِينَ فَكَفَّرُوا مَنْ حَكَمَ الْكِتَابُ وَالسُّنَّةُ مَعَ الْإِجْمَاعِ بِأَنَّهُ مُسْلِمٌ، وَمِنَ الْعَجَبِ: أَنَّ أَحَدَ هَؤُلَاءِ لَوْ سُئِلَ عَنْ مَسْأَلَةٍ فِي الطَّهَارَةِ، أَوْ فِي الْبَيعِ أَوْ نَحْوِهِمَا، لَمْ يُفْتِي بِمُجَرَّدِ فَهْمِهِ، وَاسْتِحْسَانِ عَقْلِهِ؛ بَلَ يَبْحَثُ عَنْ كَلَامِ الْعُلَمَاءِ، وَيُفْتِي بِمَا قَالُوهُ، فَكَيْفَ يَعْتَمِدُ فِي هَذا الْأَمْرِ الْعَظِيمِ، الَّذِي هُوَ أَعْظَمُ أُمُورِ الدِّينِ، وَأَشَدُّهَا خَطَرًا عَلى مُجَرَّدِ فَهْمِهِ وَاسْتِحْسَانِهِ؟!))[٣٣٥] **واتا: بەڕاستی شەیطان زۆربەی خەڵکی لاداوە لەسەر حەق لەو بابەتە وای لەکۆمەڵێك کردووە شل بن، جا حوکمی ئیسلامیان داوە بەسەر کەسێك کە دەقی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایان بەڵگەیە لەسەر کوفرەکەی، وە وای لەهەندێك کۆمەڵیك کردووە کە زیادەڕەوی و سنوربەزاندن بکەن، جا کەسێکیان تەکفیر کردووە کە قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایان بەڵگەن لەسەر موسوڵمانێتی ئەو کەسە، جا ئەوەی زۆر سەیرە ئەگەر یەکێك لەوانە پرسیاری بابەتێکی طەهارەی لێ بکرێت یان لەکڕین و فرۆشتن و هاوشێوەکانی، ئەوا تەنها بە تێگەیشتنی خۆی و بەچاکزانینی وبڕیاری خۆی فەتوا نادات، بەڵکو لەوتەی زانایان دەگەڕێت و بەوتەی ئەوان فەتوا دەدات، جا چۆن لەو بابەتە گەورەدا کە بریتییە لە گەورترین کاری دین و ترسناکترینیان بەتەنها تێگەیشتنی خۆی و بەچاك زانینی بیروڕای خۆی.**

---

٣٣٥) ((الدرر السنية في الأجوبة النجدية(١٠/ ٣٧٥)).

ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((فَإِنَّ الْكُفْرَ وَالْفِسْقَ أَحْكَامٌ شَرْعِيَّةٌ، لَيْسَ ذَلِكَ مِنَ الْأَحْكَامِ الَّتِي يَسْتَقِلُّ بِهَا الْعَقْلُ ، فَالْكَافِرُ مَنْ جَعَلَهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ كَافِرًا، وَالْفَاسِقُ مَنْ جَعَلَهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ فَاسِقًا، كَمَا أَنَّ الْمُؤْمِنَ وَالْمُسْلِمَ مَنْ جَعَلَهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ مُؤْمِنًا وَمُسْلِمًا... فَهَذِهِ الْمَسَائِلُ كُلُّهَا ثَابِتَةٌ بِالشَّرْعِ))[٣٣٦] **واتا: کوفرو فیسق حوکمی شەرعین، وە لەو حوکمانە نین کەتەنها عەقڵ بەتەنها بیاندات، جا کافر ئەوەیە کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرکەی بەکافریان داناوە، وە فاسق ئەوەیە کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرکەی بە فاسقیان داناوە، هەروەکو چۆن ئیماندار و موسوڵمان ئەوەیە کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پێغەمبەرەکەی بەئیماندار و موسوڵمانیان داناوە، وە ئەو بابەتانەش هەموویان لەشەرعدا جێگیر بووە.**

وە هەروەها ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((الْإِيمَانُ وَالْكُفْرُ هُمَا مِنَ الْأَحْكَامِ الَّتِي ثَبَتَتْ بِالرِّسَالَةِ، وَبِالْأَدِلَّةِ الشَّرْعِيَّةِ يُمَيَّزُ بَيْنَ الْمُؤْمِنِ وَالْكَافِرِ، لَا بِمُجَرَّدِ الْأَدِلَّةِ الْعَقْلِيَّةِ))[٣٣٧] **واتا: ئیمان و کوفر لەو حوکمانەن کە بەپەیامی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چەسپاون، وە بەبەڵگەی شەرعی ئیماندار و بێباوەڕ لێک جیا دەکرێتەوە، نەک بەتەنها بەبەڵگەی عەقڵی.**

تقي الدين السبكي (ت٧٥٦ هـ) **دەڵێ:** ((التَّكْفِيرُ حُكْمٌ شَرْعِيٌّ سَبَبُهُ جَحْدُ الرُّبُوبِيَّةِ أَوْ الْوَحْدَانِيَّةِ أَوْ الرِّسَالَةِ أَوْ قَوْلٍ أَوْ فِعْلٍ حَكَمَ الشَّارِعُ بِأَنَّهُ كُفْرٌ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ جَحْدًا))[٣٣٨] **واتا: تەکفیرکردن حوکمێکی شەرعیە، هۆکارەکەی ئینکاری**

---

٣٣٦) ((منهاج السنة النبوية (٩٢/٥)).

٣٣٧) ((مجموع الفتاوى (٣٢٨/٣)).

٣٣٨) ((فتاوى السبكي(ج ٥ ص: ٥١)).

کردنی ڕبوبیەتە یانیش تاك و تەنهایی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە یانیش پەیامی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە وەحی، وە یانیش بەهۆو وتەیەکە یانیش کردارێکە کە شەرع دانەر بەکوفری داناوە، ئەگەرچی ئینکاریش نەبێت.

خوێنەری بەڕێز ئەوانەی دەوەستن لە تەکفیرکردنی بێباوەڕان پلەو حاڵەتی هەیە جا بەهۆی ئاشکرایی حوکمی شەرعی و ئاشکرایی حاڵی ئەو کەسەی کەوتۆتە ناو کوفرەکە، کار دەکاتە سەر ئەو پلەو حاڵەتانەو حوکمی ئەوەی کە دەوەستێ لەتەکفیرکرنی بێباوەڕان جا زانایان لەو بارەوە دەفەرموون:

ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((فَإِنَّ الْمُشْرِكَ الْمُقِرَّ بِصِفَاتِ الرَّبِّ خَيْرٌ مِنَ الْمُعَطِّلِ الْجَاحِدِ لِصِفَاتِ كَمَالِهِ، كَمَا أَنَّ مَنْ أَقَرَّ لِمَلِكٍ بِالْمُلْكِ، وَلَمْ يَجْحَدْ مُلْكَهُ وَلَا الصِّفَاتِ الَّتِي اسْتَحَقَّ بِهَا الْمُلْكَ، لَكِنْ جَعَلَ مَعَهُ شَرِيكًا فِي بَعْضِ الْأُمُورِ، يُقَرِّبُهُ إِلَيْهِ، خَيْرٌ مِمَّنْ جَحَدَ صِفَاتِ الْمَلِكِ وَمَا يَكُونُ بِهِ مَلِكًا، وَهَذَا أَمْرٌ مُسْتَقِرٌّ فِي سَائِرِ الْفِطَرِ وَالْعُقُولِ فَأَيْنَ الْقَدْحُ فِي صِفَاتِ الْكَمَالِ وَالْجَحْدِ لَهَا، مِنْ عِبَادَةِ وَاسِطَةٍ بَيْنَ الْمَعْبُودِ الْحَقِّ وَبَيْنَ الْعَابِدِ، يَتَقَرَّبُ إِلَيْهِ بِعِبَادَةِ تِلْكَ الْوَاسِطَةِ إِعْظَامًا لَهُ وَإِجْلَالًا؟ فَدَاءُ التَّعْطِيلِ هَذَا الدَّاءُ الْعُضَالُ الَّذِي لَا دَوَاءَ لَهُ))[٣٣٩] **واتا: کەسێکی موشریك کە دان دەنێت بە صیفاتەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ باشترە لەکەسێك کە ئینکاری لە صیفاتی کەمالی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکات، هەروەکو چۆن کەسێك دان دەنێت بەموڵکی پاشایەك و ئینکاری موڵکی ئەو پاشایە ناکات وە ئینکاری ئەو صیفاتانە ناکات کە شایەنی پاشایەکەیە، بەڵام لەهەندێك کاردا هاوبەشی بۆ پاشاکە داناوە تاکو**

---

٣٣٩) ((الداء والدواء (ص:١٤٤)).

لەپاشاکەی نزیك بکاتەوە، جا ئەو کەسە باشترە لەو کەسەی ئینکاری صیفاتەکانی پاشایەکە دەکات و ئینکاری ئەو شتانە دەکات کە پاشاکە پێی بۆتە پاشا، جا ئەوەش شتێکە جێگیر بووە لەهەموو عەقڵ و فیطرەتێکدا، تانە دان لەصیفاتەکانی کەمالی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەکۆ و پەرستش و عیبادەتکردنی ئەو کەسەی بەواسیتە لەنێوان پەرستراوی بەحەق و کەسی عیبادەتکار لەکۆ ؟ دەردی نەفی کردنی صیفاتەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەردێکی بێ چارەسەرەو دەرمانی نییە.

هەروەها ابن القیم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی شیرکی بت پەرستان و هاوشێوەکانی لەگەڵ شیرکی جەهمیەکان دەڵێ: ((فَشِرْكُ عُبَّادِ الْأَصْنَامِ وَالْأَوْثَانِ وَالْكَوَاكِبِ وَالشَّمْسِ وَالْقَمَرِ خَيْرٌ مِنْ تَوْحِيدِ هَؤُلَاءِ بِكَثِيرٍ فَإِنَّهُ شِرْكٌ فِي الْإِلَهِيَّةِ مَعَ إِثْبَاتِ صَانِعِ الْعَالَمِ وَصِفَاتِهِ وَأَفْعَالِهِ وَقُدْرَتِهِ وَمَشِيئَتِهِ وَعِلْمِهِ بِالْكُلِّيَّاتِ وَالْجُزْئِيَّاتِ وَتَوْحِيدُ هَؤُلَاءِ تَعْطِيلُ الرُّبُوبِيَّةِ وَالْإِلَهِيَّةِ وَسَائِرِ صِفَاتِهِ وَهَذَا التَّوْحِيدُ مُلَازِمٌ لِأَعْظَمِ أَنْوَاعِ الشِّرْكِ وَلِهَذَا كُلَّمَا كَانَ الرَّجُلُ أَعْظَمَ تَعْطِيلاً كَانَ أَعْظَمَ شِرْكًا))[٣٤٠] واتا: شیرکی بتپەرستان و هەسارە پەرستان و ڕۆژو مانگ پەرستان زۆر چاکتر لەتەوحیدی جەهمیەکان چونکە شیرکی ئەوانە (بت پەرستان) لەبەندایەتی کردن دایە بەڵام لەگەڵ ئەوشدا دان بەوە دەنێن کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دروستکەری گەردوونە وە دان دەنێن بە صیفاتەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و کردەوەکانی و قودرەتی و ویستی و زانستی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەتەواوی شتەکان و شتە جوزئیەکان و وردەکاریەکان، بەڵام تەوحیدی ئەوانە جەهمیەکان لە نەفی کردن و

٣٤٠) ((مختصر الصواعق المرسلة(ص:١٨٦)).

ڕەتکردنەوەی ڕبوبیەت و ئولوهیەت و هەموو صیفاتەکانی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، وە ئەم جۆرە تەوحیدە گەورەترین جۆری شیرکی لێدەکەوێتەوە، بۆیە کەسێك چەندە نەفی کردنەکەی گەورەتربێ ئەوە شیرکەکەی گەورەتر دەبێ.

جا لێردا ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ باسی دیاری و ئاشکرایی شیرکی بت پەرستان دەکات لەگەڵ ئەوەشدا شیرکی جەهمیەکان کە نەفی صیفاتەکانی اللَّە دەکەن زۆر تووندترو گەورەترە لەهی بتپەرستەکان، هەروەکو چۆن ابن تيمية رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَالتَّعْطِيلُ شَرٌّ مِنْ الشِّرْكِ وَكُلُّ مُعَطِّلٍ فَلَا بُدَّ أَنْ يَكُونَ مُشْرِكًا))[٣٤١] واتا: پەك خستنی صیفاتەکانی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زۆر خراپترە لەشیرك، وە هەموو پەکخەرێك هەردەبێ موشریك بێ. جا ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەهێزی بەڵگەی شەرعی و ئاشکرایی کوفرو شیرکەکان کاریگەری دەبێ لەسەر ئەو کەسانەی کەدەوەستن لە تەکفیرکردن.

محمد بن عبدالوهاب (ت١٢٠٦هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَهَؤُلَاءِ الطَّوَاغِيتُ الَّذِينَ يَعْتَقِدُ النَّاسُ فِيهِمْ، مِنْ أَهْلِ الْخَرْجِ وَغَيْرِهِمْ، مَشْهُورُونَ عِنْدَ الْخَاصِّ وَالْعَامِّ بِذَلِكَ، وَأَنَّهُمْ يَتَرَشَّحُونَ لَهُ، وَيَأْمُرُونَ بِهِ النَّاسَ، كُلُّهُمْ كُفَّارٌ مُرْتَدُّونَ عَنْ الْإِسْلَامِ؛ وَمَنْ جَادَلَ عَنْهُمْ، أَوْ أَنْكَرَ عَلَى مَنْ كَفَّرَهُمْ، أَوْ زَعَمَ أَنَّ فِعْلَهُمْ هَذَا، لَوْ كَانَ بَاطِلاً فَلَا يُخْرِجُهُمْ إِلَى الْكُفْرِ، فَأَقَلُّ أَحْوَالِ هَذَا الْمُجَادِلِ، أَنَّهُ فَاسِقٌ لَا يُقْبَلُ

٣٤١) ((مجموع الفتاوى (١٦/ ٥٦٧)).

خَطُّهُ وَلَا شَهَادَتُهُ، وَلَا يُصَلَّى خَلْفَهُ))[٣٤٢] واتا: ئەو طاغوتانەی کە خەڵکی خەرج و شوێنی تریش، بڕوایان وایە تایبەت مەندی خوایەتیان تێدایە، وە ناسروان لەلای خەڵکی زاناو نەزان (عەوام) جا ئەوانە خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ طاغوتی و فەرمان بەخەڵکیش دەکەن بۆئەم کارە،جا ئەوانە هەموویان بێباوەڕن و هەڵگەڕاونەتەوە لەئیسلام، وە هەرکەسێك موناقەشەیان لەسەر بکات، یان ئینکاری لە کەسانە بکات کە تەکفیریان دەکەن، ئەوا کەمترین پلەی ئەم کەسە ئەوەیە کە فاسقە وە شایەتی قەبوڵ ناکرێت چ بە نوسین بێ یانیش بەدەم بێ، وە نوێژی لەپشت ناکرێت. خوێنەری بەڕێز سەرنج بدە وتەکەی، چۆن پلەی دانا بۆ ئەو کەسانەی کەدەوەستن لەتەکفیرکردنی موشریکان ئەوەش بەگوێرەی بەهێزی بەڵگەی شەرعی و ئاشکرایی کوفرو شیرکەکە دەبێت.

خوێنەری بەڕێز: زانایان ڕایان جیاوازە دەربارەی ئەو هەڵوەشێنەرەوەیە هەیە بەرەهایی باسی ئەو هەڵوەشێنەرەوەی کردووە، هەیە تەکفیری ئەو کەسەی کردووە کەوەستاوە لەتەکفیرکردنی ئەوانەی لەسەر دینی ئیسلام نین بەگشتی، وە هەیە باسی تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کردووە کە دەوەستێ لەتەکفیرکردنی چەند کۆمەڵێك بەدیاری کراوی کەلەسەر دینی ئیسلام نین، وە هەیە باسی تەکفیرکردنی ئەو کەسانەیان کردووە کە دەوەستێ لەتەکفیرکردنی کۆمەڵێکی دیاری کراو کە کەوتونەتە ناو کوفر بەڵام هەر خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام، وە هەیە باسی تەکفیری ئەو کەسەی کردووە کە دەوەستێ لەتەکفیرکردنی کەسێك کە کەوتۆتە ناو جۆرێك لەجۆرەکانی کوفر.

---

٣٤٢) ((الدرر السنية (١٠/ ٥٢)).

جا ئێمە لێرەدا باسی ئەو کەسە دەکەین کەدەوەستێ لەتەکفیرکردنی کافرێکی ئەصلی ئەوا ئەو کەسە خۆی کافر بووەتەوە بە کۆدەنگی زانایان چونکە ئەوانە کوفرەکانیان بەزەرۆرەت زانراوە لەدینداِ. (مَعْلُومٌ مِنَ الدِّينِ ضَرُورَةً)

تێبینی: وتەی مَعْلُومٌ مِنَ الدِّينِ ضَرُورَةً واتا: لەدینداِ بەزەرۆرەت زانراوە. واتا: ئەو شتانەی کە زاناو کەسی عەوام وەکو یەک دەیزانن وەکو واجب بوونی نوێژ.

اللّٰە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ یەهودو نەصارِاو موشریکەکانی بەکافر داناوە لەچەندان ئایەت لەقورئانە پیرۆزەکەی وە فەرمانی کردوە بەدژایەتی کردنیان بەهۆی شیرك و کوفرەکانیان، وە اللّٰە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بەکافردانان و دژایەتی کردن و رِق لێبونیانی فەرزکردوە لەسەر موسوڵمانان بۆیە ئیسلامەتی هیچ کەسێك دروست نییەو نەهاتۆتە ناو بازنەی ئیسلامەتی هەتا تەکفیری کافری ئەصڵی نەکات چونکە خۆی کافر دەبێت گەر وا نەکات.

لەبەرچی دەبێ کافری ئەصڵی بەکافر بزانین و ئەوەش بەکافر بزانین کە کافری ئەصڵی بەکافر نازانێ ؟

وەڵام: چونکە کەسێك کافرێکی ئەصڵی بەکافر نەزانێ ئەوە قورئانی بەدرۆ خستۆتەوە پەنا بە اللّٰە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ، وەفەرموودەشی بەدرۆخستۆتەوە، هەروەها گوێرایەڵی فەرمانی اللّٰە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰی نەکردووە، بەپێچەوانەوە ئەگەر بێباوەرِێکت بە بێباوەرِ دانا ئەوا گوێرایەڵێ اللّٰە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰو رسولەکەیت صَلَّىٰاللّٰهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ کردووە، ئیمامی

بەربەهاری (ت ٣٢٩هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَلَا نُخْرِجُ أَحَدًا مِنْ أَهْلِ الْقِبلَةِ مِن الْإِسْلَامِ حَتَّى يَرُدَّ آيَةً مِنْ كِتَابِ اللَّهِ، أَوْ يَرُدَّ شَيْئًا مِنْ آثارِ رَسولِ اللَّهِ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، أَوْ يَذْبَحَ لِغَيرِ اللَّهِ، أَوْ يُصَلِّيَ لِغَيْرِ اللَّهِ، فَإِذَا فَعَلَ شَيْئًا مِنْ ذَلِكَ فَقَدْ وَجَبَ عَلَيْكَ أَنْ تُخْرِجَهُ مِنَ الْإِسْلَامِ، وَإِذَا لَمْ يَفْعَلْ شَيْئًا مِنْ ذَلِكَ فَهُوَ مُؤْمِنٌ مُسْلِمٌ بِالْإِسْمِ لَا بِالْحَقِيقَةِ))[٣٤٣] واتا: هیچ کەسێک لە ئەهلی قیبلە لە ئیسلام نایخەینەوە دەرەوە تاوەکو ئایەتێک لە قورئان ڕەت دەکاتەوە، یان شتێک لە فەرموودەکانی ڕسول اللَّه صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەت دەکاتەوە، یان ئاژەڵ سەردەبڕێ بۆ غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، یان نوێژ دەکات بۆ غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، جا گەر هەر یەکێک لەمانەی ئەنجامدا ئەوا واجبە لەسەرت بیخەیتە دەرەوە لە ئیسلام، وە ئەگەر هیچ کام لەمانەی ئەنجام نەدا ئەوا ئیماندارێکی موسڵمانە بە ناو نەک بە حەقیقەت.

سەرنج بدە ئیمام گوتی: ((هیچ کەسێک لە ئەهلی قیبلە لە ئیسلام نایخەینەوە دەرەوە تاوەکو ئایەتێک لە قورئان ڕەت دەکاتەوە، یان شتێک لە فەرموودەکانی رسول اللَّه صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەت دەکاتەوە)) کەواتە کەسێك کافرێکی ئەصڵی یان ئەوەی کە کەوتۆتە ناو کوفرێکی ئاشکرا کەبەبەڵگەی قورئان و سوننەت کوفرەو خاوەنەکەی لەدین دەکاتە دەرەوە بەبێ باوەڕی نەزانێ ئەوە خۆی بێباوەڕ دەبێتەوە، چونکە وەك ئیمام فەرووی ئایەتی قورئان و فەرموودەی ڕەتکردۆتەوە.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ﴾ (آل عمران: ١٩)

واتا: بەڕاستی دین و ئاینی پەسەند لای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ تەنها ئاینی ئیسلامە.

---

٣٤٣) (شرح السنة للبربهاري (ص: ٦٤))

وەهەروەها اللە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (آل عمران:٨٥) واتا: جائەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لەقیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە. جا هەرکەسێك دوای ناردنی رسول اللە صَلَّىٰ‌ٱللَّهُ‌عَلَيْهِ‌وَسَلَّمَ بوەستێ لە تەکفیرکردنی ئەو کەسەی کەلەسەر دینێکی تر جگە لەدینی ئیسلام، ئەوە ئەوکەسە ئەو ئایەتانەی بەدرۆخستۆتەوە کە بەڵگەن بێجگە لەدینی ئیسلام هیچ دینێکی تر قەبوڵ نییە.

اللە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (المائدة:٧٣) واتا: سوێند بێت بە اللە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ بێگومان ئەوانەش بێ باوەڕ بوون (کافربوون) کە وتیان: اللە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ یەکێکە لە سێ دانە اللە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ لە حاڵەتێکدا هیچ پەروەردگارێک نییە جگە لە اللە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ یەکی تاکو تەنها، خۆ ئەگەر لەو گوفتارە نابەجێیەیان کۆڵ نەدەن، سوێند بە اللە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ئەوانەیان کە بێ باوەڕ بوون سزایەکی بەئێشیان تووش دەبێت.

هەروەها اللە سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (آل عمران : ٨٥) واتا: جائەوەی بێجگە

لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لەقیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە.

هەروەها دەفەرموویت: ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَاهِهِمْ يُضَاهِئُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَبْلُ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾ (التوبة:٣٠) واتا: جوولەکەکان وتیان عوزێر کوڕی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە گاورەکانیش وتیان مەسیح کوڕی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە ئەوە وتەی ئەوانە بەدەمی خۆیان دەیڵێن وەک وتەی ئەوانە دەڵێنەوە کە پێشتر بێ بڕوا بوون اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەناویان بەرێ چۆن درۆ دەکەن و لەهەق و ڕاستی لادەدەن.

هەروەها رسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: ((وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ يَهُودِيٌّ وَلَا نَصْرَانِيٌّ ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَّا كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ))[٣٤٤] واتا: سوێند بەوەی گیانی محمدی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بەدەستە هەرکەسێک گوێ بیستی پەیامی من ببێت گاوربێ یان جولەکە پاشان بمرێت و باوەڕ نەهێنێت بەو پەیامەی کە بۆ من هاتووە ، ئەوا ئەم کەسە ئەهلی دۆزەخە.

هەر بۆیەئەوکەسەی ڕێبازی بێباوەڕان بەڕاست وباش بزانێت ئەوە بێباوەڕە بەئیجماعی زانایان وموسڵمانان، چونکە ئیسلامی نەناسیوە وەک خۆی چونکە ئیسلام بریتیە لە: ((الِاسْتِسْلَامُ لِلّهِ بِالتَّوْحِيدِ، والِانْقِيادِ لَهُ بِالطَّاعَةِ، وَالبَرَاءَة مِن الشِّرْكِ وَأَهْلِهِ)) واتا: تەسلیم بون بۆ اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ

٣٤٤) أخرجه مسلم(١٥٣) من حديث هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

بەتەوحید و ملکەچ بون بۆی بەگوێڕایەڵی و خۆبەریکردن لە شیرک و موشریکان.

اللّە سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **فەرمانی پێکردوین بەتەکفیرکردن (کافرکردن) و دژایەتیکردن و ڕقایەتی کردنی موشریکان و بەباتڵ دانانی ڕێبازەکەیان هەروەکو چۆن دەفەرموێت:** ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ﴾ **واتا: بە دڵنیایی لە ئیبراهیم و ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون ماموّستایەتی و پێشەوایەتیەکی باش بۆ ئێوە هەبوو، واتە: ئیبراهیم و شوێنکەوتوانی ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ماموّستاو پێشەواو پێشەنگی چاکن بۆ ئێوە، ئێوەش شوێن ئەوان بکەون و بەڕائەت لە کافران بکەن** ﴿إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ **کەوتیان بەگەلەکەی خۆیان: ئێمە بەرین لە خۆتان و دین و ڕێبازو ئەو بتانەیشی کە جگە لە اللّە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **دەیانپەرستن** ﴿كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا﴾ **ئێمە کافرو بێبڕوەڕین بە دین و ڕێبازی ئێوە، وە لە نێوان ئێمەو ئێوەیشدا دژایەتی و ڕق و کینە سەری هەڵداو دەستی پێ کرد بۆ هەمیشەیی و هەتا هەتایی تا ئێوە لەسەر کوفرتان بەردەوام بن و شەریك بۆ اللّە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **دانێن، تەنها مەرجیشمان ئەمەیە کە** ﴿حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾ (الممتحنة: ٤) **تا بەتاك و تەنها ئیمان بە اللّە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **دێنن و بە تاك و تەنها دەیپەرستن، وە دەستبەرداری کوفرو شیرکتان ئەبن ئەو کاتە لە دوژمنەوە ئەبن بە دۆست و خۆشەویستمان.**

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ (مائدة:٥١) **واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوەجولەکە وگاورەکان مەکەن بەدۆستی خۆتان ئەوان هەندێکیان دۆستی هەندێکی تریانن هەرکەس لەئێوە ئەوان بکاتە دۆست و پشتیوانیان لێ بکات ئەویش هەر لەوانە وە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **رێنمای گەلی ستەمکارناکات.**

وەهەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿لا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ﴾ (آل عمران:٢٨) **واتا: ئیمانداران کافران ناکەن بەدۆستی خۆیان هەرکەس وابکات ئەوا هیچ بەشێکی بۆنیە لەلای اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

هەروەها دەفەرموویت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُمْ مِنَ الْحَقِّ﴾ (الممتحنة:١) **واتا: ئەی باوەڕداران دوژمنی من و دوژمنی خۆتان مەکەن بە دۆست و خۆشەویستی خۆتان کە خۆشەویستیان بۆ دەربڕن، لە کاتێکدا ئەوان کوفریان کردووە بەو حەقەی کە بۆ ئێوە هاتووە لەلایەن اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **وە کە قورئانی پیرۆزە** ﴿يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَنْ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ﴾ **لە کاتێکدا کافران رسول اللّه و** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **ئێوەی موسڵمانیشیان لە مەککە دەرکردووە تەنها لەبەر ئەوەی کە ئێوە ئیمانتان بە خوای گەورە هێناوە** ﴿إِنْ كُنْتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاءَ

مَرْضَاتِي﴾ کاتێك کە ئێوە دەرچوونە بۆ جیهاد کردن لە پێناو اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، وە مەبەستتان دەستخستنی ڕەزامەندی خوای گەورەیە ئێوە چۆن ئەبێ لەو کاتەدا خۆشەویستی بۆ کافران دەربڕن ﴿تُسِرُّونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنْتُمْ﴾ کە ئێوە خۆشەویستی بۆ ئەوان دەرئەبڕن بە نهێنی وە من ئەزانم ئەوەی کە ئێوە شاردووتانەتەوەو ئاشکرای ئەکەن و زانیاریم بەهەمووی هەیەو هیچ شتێك لە من ناشاردرێتەوە ﴿وَمَنْ يَفْعَلْهُ مِنْكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ﴾ وە هەر کەسێك لە ئێوە کاری وا بکات ئەوە لە ڕێگای ڕاست لایداوە.

کەواتا ئەگەر تەکفیری کافری ئەصڵیت نەکرد و بەکافرت نەزانین و ڕقت لێیان نەبوو خۆتت لێیان بەری نەکرد تۆ بێباوەڕی، چونکە قورئان و فەرموودەت بەدرۆ خستۆتەوە رسول اللَّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((مَن قالَ: لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَكَفَرَ بما يُعْبَدُ مَن دُونِ اللهِ، حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ، وَحِسَابُهُ علَى اللَّهِ))[٣٤٥] واتا: هەرکەسێک بڵێت: لا إِلَهَ إِلَّا اللَّه (واتا: هیچ پەرستراوێک بەهەق نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبێت) وە کوفربکات بەوانەی دەپەرستێن لەغەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ خوێن ومااڵی حەرام دەبێت وە حسابیشی لەلای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە. کەواتە وتنی لا إِلَهَ إِلَّا اللَّه بەس نییە بەڵکو دەبێ خۆت بەری بکەی لەهەموو بەرنامەو ڕێبازێك جگە لەبەرنامەی ئیسلام چونکە رسول اللَّه

٣٤٥) أخرجه مسلم (٢٣) من حديث طارق بن أشيم الأشجعي رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ **فەرمووی:** ((وَكَفَرَ بِما يُعْبَدُ مَن دُونِ اللهِ)) **واتا: کوفر بکات بەوانەی دەپەرستریّن لەغەیری اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى.

هەروەکو چۆن زانای بەڕێز عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنِ حَسَنِ بْنِ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ الْوَهَّابِ (ت ١٢٨٥هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەربارەی ئەو بەشەی فەرموودەکە:** ((وَكَفَرَ بِما يُعْبَدُ مَن دُونِ اللهِ)) **واتا: کوفر بکات بەوانەی دەپەرستریّن لەغەیری اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى. **دەڵێ:** ((فَهٰذَا: شَرْطٌ عَظِيمٌ، لاَ يَصِحُّ قَوْلُ: لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللهُ إِلاَّ بِوُجُودِهِ. وَإِنْ لَمْ يُوجَدْ، لَمْ يَكُنْ مَنْ قَالَ لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللهُ، مَعْصُومَ الدَّمِ وَالْمَالِ؛ لِأَنَّ هٰذَا هُوَ مَعْنَى: لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللهُ؛ فَلَمْ يَنْفَعْهُ الْقَوْلُ، بِدُونِ الْإِتْيَانِ بِالْمَعْنَى؛ اَلَّذِي دَلَّتْ عَلَيْهِ، مِنْ تَرْكِ الشِّرْكِ، وَالْبَرَاءَةِ مِنْهُ وَمِمَّنْ فَعَلَهُ، فَإِذَا أَنْكَرَ عِبَادَةَ كُلِّ مَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللهِ، وَتَبَرَّأَ مِنْهُ وَعَادَى مَنْ فَعَلَ ذٰلِكَ: صَارَ مُسْلِمًا، مَعْصُومَ الدَّمِ وَالْمَالِ))[٣٤٦] **واتا: ئەم بێبڕاوەڕبوونە بەهەرچی شتێك کەوا لە جگە لە اللّه دەپەرستریّت مەرجێکی گەورەیە کە وتەی: لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللّٰهُ دانامەزرێت ئیللا بەبوونی ئەم مەرجە نەبێت، هەرکەسێك ئەم مەرجەی تیادا نەبێت ئەو کەسەی دەڵێت لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللّٰهُ ئەوا خوێن و ماڵەکەی پارێزراو نابێت چونکە ئەمە بڕیتییە لەمانای لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللّٰهُ، وتنی ئەم کەلیمەیە سودی بۆی نابێت بەبێ کارکردن و تەواوکردنی بەو مانایەی کە دەلالەتە لەسەری، لەوازهێنان لەشیرك و بەرائەت کردن لێی و لەو کەسەشی ئەنجامی دەدات، ئەگەرهاتوو کەسەکە ئینکاری هەموو پەرستنێکی کرد کە بۆ جگە لە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى **ئەنجام دەدرێن وە بەرائەتیشی لێکرد وە دوژمنایەتی ئەو کەسەیشی کرد کە عیبادەت بۆ جگە لە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى

---

٣٤٦) (الدرر السنية: (٢٤٣/٢)

ئەنجام دەدات ئەوا ئەم کەسە موسڵمان دەبێت و بەموسڵمان حیسابە، خوێن و ماڵەکەی پارێزراو دەبێت.

هەروەها محمدی کوڕی عبدالوهاب (١٢٠٦ ھ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ لەشەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: ((وَهَذَا مِنْ أَعْظَمِ مَا يُبَيِّنُ مَعْنَى «لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ»؛ فَإِنَّهُ لَمْ يَجْعَلِ التَّلَفُّظَ بِهَا عَاصِمًا لِلدَّمِ وَالمَالِ، بَلْ وَلَا مَعْرِفَةَ مَعْنَاهَا مَعَ لَفْظِهَا، بَلْ وَلَا الإِقْرَارَ بِذَلِكَ بَلْ وَلَا كَوْنُهُ لَا يَدْعُو إِلَّا اللَّهَ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، بَلْ لَا يَحْرُمُ مَالُهُ وَدَمُهُ حَتَّى يُضِيفَ إِلَى ذَلِكَ الكُفْرَ بِمَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللَّهِ، فَإِنْ شَكَّ أَوْ تَوَقَّفَ لَمْ يَحْرُمْ مَالُهُ وَلَا دَمُهُ، فيَا لَهَا مِنْ مَسْأَلَةٍ مَا أَعْظَمَهَا وَأَجَلَّهَا! وَيَا لَهُ مِنْ بَيَانٍ مَا أَوْضَحَهُ، وحُجَّةٍ مَا أَقْطَعَهَا لِلمُنَازِعِ!))[٣٤٧] واتا: ئەمە لەگەورەترین ڕوونکەرەوەکانە بۆ مانای لَا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰه چونکە رسول اللّٰه صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەتەنها وتنی لا إله إلا اللّٰهی نەکردە هۆکاری حەرامبوونی و خوێن و ماڵی ئەو کەسەی دەیڵێت بەڵکو زانینی مانای لا إله إلا اللّٰه و دانپێدانانیش و هاوارنەکردنە غەیری اللّٰه شی نەکردە هۆی حەرامبوونی مالْ و خوێنەکەی تاکو لەگەڵ ئەوانەدا بێباوەڕبێت بەوانەی لەغەیری اللّٰه دەپەرستێن، جا ئەگەر گومانی هەبوو یانیش دوودڵ بوو ئەوا خوێن و ماڵەکەی حەرام نابێت، ئای چەند بابەتێکی ڕوونە وە چەند ڕونکەرەوەیەکی ئاشکرایە وە چەند بەڵگەیەکی بەهێز و بڕاوەیە بۆ کەسی ناکۆکیکار.

وەهەروەها هیچ پێغەمبەرێک نەهاتووە ئیلا تەکفیری موشریکانیان کردووە، بە کۆدەنگی زانایانیش وەک باسمان کرد کەسێک

٣٤٧) ((كتاب التوحيد الذي هو حق الله على العبيد (٢١/١)))

کافرێکی ئەصڵی یان کەسێك وازی لەدینی ئیسلام هێنابێ کافر نەکات و بەبێ بڕوای نەزانێ خۆی کافر دەبێتەوە.

برهان الدين البقاعي (ت٨٨٥ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَإِنَّهُ لَمْ يَأْتِ نَبِيٌّ إِلَّا بِتَكْفِيرِ الْمُشْرِكِينَ))[٣٤٨] واتا: هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە ئیلا بەتەکفیرکردنی هاوبەشدانەران هاتووە.

ئیمامی قاضي عياض (ت ٥٤٤ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ کۆدەنگی زانایان نەقڵ دەکات دەربارەی بەکافردانانی ئەوانەی تەکفیری کافران ناکەن، دەفەرموێت: ((وَلِهَذَا نُكفِّر مَنْ لَمْ يُكَفِّر مَنْ دَانَ بِغَيْرِ مِلَّةِ الْمُسْلِمِينَ مِنَ الْمِلَلِ، أَوْ وَقَفَ فِيهِمْ، أَوْ شَكَّ، أَوْ صَحَّحَ مَذْهَبَهُمْ وَإِنْ أَظْهَرَ مَعَ ذَلِكَ الْإِسْلَامَ وَاعْتَقَدَهُ وَاعْتَقَدَ إِبْطَالَ كُلِّ مَذْهَبٍ سِوَاهُ فَهُوَ كَافِرٌ بِإِظْهَارِهِ مَا أَظْهَرَ مِنْ خِلَافِ ذَلِكَ))[٣٤٩] واتا: لەبەر ئەوە ئەو کەسە تەکفیر دەکەین، کەتەکفیری کەسێك ناکات کەلەسەر دینێکە لەدینەکان جگە لەدینی موسوڵمانان، یان بوەستێ لەبەکافر دانانیان یان گومانی هەبێ یان بیروباوەڕیان بەڕاست دانێ ، ئەگەر چی ئیسلامەتی خۆی نیشان بدات و باوەڕی بەئیسلام هەبێت، وەباوەڕی وابێت جگە لەئیسلام هەموو بیروباوەڕێك باطڵە ئەو کەسە بێبەشەوەڕە بەهۆی نیشاندانی شتێك کەپێچەوانەی ئەو شتەیە کەنیشانی دەدات.

---

٣٤٨) ((تفسير نظم الدرر (ج٢،ص:٤٤٦)).

٣٤٩) ((الشفا بتعريف حقوق المصطفى(٢/ ٢٨٦)).

الإمام أبو بكر بن العياش (ت١٩٣هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((أَيُشَكُّ فِي الْيَهُودِيِّ وَالنَّصْرَانِيِّ، أَنَّهُمَا كَافِرَانِ؟ فَمَنْ شَكَّ فِي هؤُلاءِ أَنَّهُم كُفَّارٌ، فَهُوَ كَافِرٌ))[٣٥٠] واتا: ئایە گومان دەکرێت لە یەهودو نەصارا کەکافربن؟ هەرکەسێك گومانی لەکافربوونیان هەبێت ئەوە کافرە.

ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَمَنْ لَمْ يُحَرِّمْ التَّدَيُّنَ - بَعْدَ مَبْعَثِهِ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِدِينِ الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى، بَلْ مَنْ لَمْ يُكَفِّرْهُمْ وَيُبْغِضْهُمْ فَلَيْسَ بِمُسْلِمِ بِاتِّفَاقِ الْمُسْلِمِينَ))[٣٥١] واتا: هەرکەسێك دوای ناردنی پێغەمبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مانەوە لەسەردینی یەهودو نەصارای پێ حەرام نەبێت، بەڵکو هەرکەسێك بەکافریان نەزانێت و ڕقی لێیان نەبێت، ئەو کەسە موسوڵمان نییە بە کۆدەنگی موسوڵمانان.

عبدالله بن عبدالرحمان أبا بُطَيْن (ت١٢٨٢هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَقَدْ أَجْمَعَ الْمُسْلِمُونَ عَلَى كُفْرِ مَنْ لَمْ يُكَفِّرِ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى، أَوْ شَكَّ فِي كُفْرِهِمْ))[٣٥٢] واتا: موسوڵمانان یەکدەنگن لەسەر کافربوونی ئەو کەسەی یەهودو نەصارا بەکافر دانانێت، یان گومانی هەیە لەکافربوونیان.

سليمان بن سحمان (ت١٣٤٩هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَنَقْطَعُ أَنَّ أَكْثَرَ الْيَهُودِ وَالنَّصارَى الْيَوْمَ جُهَّالٌ مُقَلِّدُونَ، وَنَعْتَقِدُ كُفْرَهُم، وَكُفْرَ مَنْ شَكَّ فِي كُفْرِهِم، وَقَدْ دَلَّ الْقُرآنُ عَلى أَنَّ الشَّكَّ فِي أُصُولِ الدِّينِ كُفْرٌ... وَلَا عُذْرَ لِمَنْ كَانَ حَالُهُ هَكَذا

---

٣٥٠) ((السنة لحرب الكرماني (١١٢٩/٣)).

٣٥١) ((مجموع الفتاوى (ج٢٧ ص٤٦٤)).

٣٥٢) ((الدرر السنية (٦٩/١٢)).

لِكَوْنِهِ لَمْ يَفْهَم حُجَجَ اللَّهِ وَبَيِّنَاتِهِ لِأَنَّهُ لَا عُذْرَ لَهُ بَعْدَ بُلُوغِهَا وَإِنْ لَمْ يَفْهَمْهَا))[٣٥٣]

واتا: ئەوە بڕاوەتەوە کە زۆرینەی جولەکە و گاوری ئەم سەردەمە نەزان و موقەللیدن و تەقلیدکەرەوەن و شوێنکەوتەیەکی کوێرانەن، وە بیروباوەڕیشمان وایە کە کافرن وهەرکەسیش بەکافریان نەزانێت کافرە وەک ئەوان، بەڵگەی قورئان لەسەر ئەوەیە کە شک و گومان لە عەقیدەدا کوفرە، وە بیانوو نییە بۆ کەسێک کە ئەوە حاڵی بێت، لەبەر ئەوەی تێناگات لە بەڵگەکانی اللّە، بیانووی نییە لەدوای گەیشتنی بەڵگەکان پێی ئەگەر لێشی تێنەگات.

کەواتە ئەو کەسەی وەستاوە لە بەکافر دانانی یەهودو نەصارا هاوشێوەی ئەوان، ئەوا ئەو ئایەت و فەرموودانەی بەدرۆ خستۆتەوە هەروەها کۆدەنگی قەتعی زانایانیشی بەدرۆ خستۆتەوە کە بەپاڵ پشتی قورئان و فەرموودەیە. قاضی عیاض رَحِمَهُ ٱللَّهُ **لە باقلانیەوە** رَحِمَهُ ٱللَّهُ **هۆکاری تەکفیرکردنی ئەو کەسەمان بۆ باس دەکات کە وەستاوە لەتەکفیرکردنی یەهودو نەصارا ئەوانەی واز لەدینی ئیسلام دەهێنن، دەڵێ:** ((لِأَنَّ التَّوْقِيفَ وَالإِجْماعَ اِتَّفَقَا عَلَى كُفْرِهِمْ، فَمَنْ وَقَفَ فِي ذَلِكَ فَقَدْ كَذَّبَ النَّصَّ وَالتَّوْقِيفَ، أَوْ شَكَّ فِيهِ، وَالتَّكْذِيبُ أَوِ الشَّكُّ فِيهِ لَا يَقَعُ إِلَّا مِنْ كافِرٍ))[٣٥٤] **واتا: لەبەر ئەوەی دەقە شەرعیەکان (لەقورئان و سوننەت) و کۆدەنگی زانایان یەکدەنگن لەسەر کوفرەکەیان، جا کەسێك بوەستێ لەتەکفیرکردنیان ئەوا دەقی شەرعی کە بریتییە لەقورئان و سوونەت بەدرۆخستۆتەوەو یانیش گومانی هەیە، جا بەدرۆخستنەوەو گومان لەدەقی شەرعی ڕوونادات ئیلا لەلای کەسی بێباوەڕ نەبێت.**

---

٣٥٣) ((كشف الشبهتين: ص٩٢)).

٣٥٤) ((الشفا بتعريف حقوق المصطفى(٢/ ٢٨٠)).

هەڵوەشێنەرەوەی چوارەم : ((مَنْ اعْتَقَدَ أَنَّ غَيْرَ هَدْيِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَكْمَلُ مِنْ هَدْيِهِ، وَأَنْ حُكَمَ غَيْرِهِ أَحْسَنُ مِنْ حُكْمِهِ ، كَالَّذِي يُفَضِّلُونَ حُكْمَ الطَّوَاغِيتِ عَلَى حُكْمِهِ فَهُوَ كَافِرٌ)). قَوْلُهُ تَعَالى: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء: ٦٥). واتا: هەرکەسێ بیروباوڕی وا بێت کە بەرنامە و یاسای غەیری یاسا و بەرنامەی رسول اللە ﷺ چاکتر و تەواوترە یان حوکمی کەسی تر چاکترە لە حوکمی ئەو، نمونەی ئەو کەسانەی کە: حوکمی طاغوتەکان بەسەر حوکمی ئەو دەدەن، ئەوانە کافرن. وەك اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کەدەفەرموێت: (نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕووەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەک دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی کە داوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بەتەواوی تەسلیم بن و ڕازیی بن).

هەڵوەشێنەرەوەی پێنجەم: ((مَنْ أَبْغَضَ شَيْئًا مِمَّا جَاءَ بِهِ الرَّسُول صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَلَوْ عَمِلَ بِهِ كَفَرَ)) قَوْلُهُ تَعَالى: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ﴾ (محمد:٩). واتا: هەرکەسێ ڕقی لەشتێک بێتەوە لەوەی کە رسول اللّە ﷺ هێناویەتی ئەگەرچی کار و کردەوەشی پێ بکات، ئەوە کافر بووە وەک اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت:(ئا ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە بێگومان ئەوان ڕقیان لە قورئان بۆتەوە و حەزیان لە

بەرنامەی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبووە بۆیەش اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کردەوەکانیان هەڵدەوەشێنتەوە)

ابن بطة (ت٣٨٧هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((مَنْ كَذَّبَ بِآيَةٍ أَوْ بِحَرْفٍ مِنَ الْقُرْآنِ، أَوْ رَدَّ شَيْئًا مِمَّا جَاءَ بِهِ الرَّسُولُ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَهُوَ كَافِرٌ))[٣٥٥] واتا: هەر کەسێک ئایەتێک یان پیتێک لە قورئان بەدرۆ بخاتەوە، یان شتێک ڕەت بکاتەوە کە لە رسول اللّەوە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە، ئەوە کافرە.

هەڵوەشێنەرەوەی شەشەم: ((مَنْ اِسْتَهْزَأَ بِشَيْءٍ مِنْ دِيْنِ الرَّسُولِ صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَوْ ثَوَابِهِ أَوْ عِقَابِهِ كَفَرَ)) وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالى: ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ (التوبه:٦٥- ٦٦). واتا: هەر کەسێ گاڵتە بە شتێک لە دینی رسول اللّە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بکات یان گاڵتە بە پاداشتێکی یان سزایەکی بکات ئەوە کافر بووە بەڵگەش وتەی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یە کە دەفەرموێت: (ئەی محمد صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پێیان بڵێ ئەوە ئێوە گاڵتە بە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و ئایەتەکانی و پێغەمبەرانی دەکەن ؟ هیچ عوزرێکتان بۆ نییە کافر بوون پاش ئەوەی کە ئیمانتان هێنابوو).

ئەو هەڵوەشێنەرەوەیە کۆدەنگی زانایانی لەسەرە کە هەرکەسێك گاڵتە بەدین بکات پێی لەدین دەردەچێت اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ٦٥ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ

---

٣٥٥) (الإبانة الصغرى (٢٦٣).

إِيمَـانِكُمْ﴾ (التوبه:٦٥- ٦٦). **واتـا: ئـەی محمـد** صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ **پێيـان بڵێ ئەوە ئێـوە گـاڵتە بـە اللّـە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **و ئايەتەكـانی و پێغەمبەرانـی دەكەن ؟ هيچ عوزرێكتان بۆ نييە كـافر بـوون پـاش ئەوەی كە ئيمانتـان هێنـابوو.**
ابن تيمية (ت٧٢٨هـ) رَحِمَهُٱللَّهُ **دەربـارەی ئـەو ئايـەتـە دەڵـێ:** ((فَدَلَّ عَلَى أَنَّهُمْ لَمْ يَكُونُوا عِنْدَ أَنْفُسِهِمْ قَدْ أَتَوْا كُفْرًا بَلْ ظَنُّوا أَنَّ ذَلِكَ لَيْسَ بِكُفْرٍ فَبَيَّنَ أَنَّ الِاسْتِهْزَاءَ بِاَللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُفْرٌ يَكْفُرُ بِهِ صَاحِبُهُ بَعْدَ إيمَانِهِ))[٣٥٦] **واتـا: ئـەو ئايـەتـە بەڵگـەيـە كـە ئـەوان لـەنـەفسـی خۆيـان نـەيـان دەزانـی ئـەو شـتە كـوفرە، بەڵكو وا گومانيان برد ئەوە كوفر نييە، جا اللّه** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **ڕوونی كـردەوە كـە گاڵتـە كـردن بـە اللّـە** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **و ئايـەتـەكـانی و پێغـەمبـەرەكـەی كوفرەو خاوەنەكەی بێباوەڕ دەبێت لەپاش ئيمان هێنانی.**

ناصر السعدی (ت١٣٧٦هـ) رَحِمَهُٱللَّهُ **دەڵـێ:** ((أَصْلُ الدِّينِ مَبْنِيٌّ عَلَى تَعْظِيمِ اللَّهِ وَتَعْظِيمِ دِينِهِ وَرُسُلِهِ، وَالِاسْتِهْزَاءُ بِشَيْءٍ مِنْ ذَلِكَ مُنَافٍ لِهَذَا الْأَصْلِ وَمُنَاقِضٌ لَهُ أَشَدَّ الْمُنَاقَضَةِ))[٣٥٧] **واتـا: بنچينـەی دين بينـا كـراوە لەسـەر بە گەورەدانـانی اللّه** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **وە بە گەورەدانانی دينەكەی و پێغەمبەرانی گـاڵتە كـردن بە يەكێک لەوانە پێچەوانەی بنچينەی دينـە، وە يەكێكە لە بەهێزتـرين هەڵوەشێنەرەوەی ئيسلامەتی.**

هەروەها ئيمامی قاضي عياض (ت ٥٤٤ هـ) رَحِمَهُٱللَّهُ **كۆدەنگی زانايان نـەقـڵ دەكات بڕوانە:** (الشفاء) (٩٣٢/١)

---

٣٥٦) (مجموع الفتاوى (٧/ ٢٧٣).
٣٥٧) (تيسير الكريم الرحمن (ص:٣٤٢).

هەڵوەشێنەرەوەی حەوتەم: ((السِّحْرُ وَمِنْهُ الصَّرْفُ وَالعَطْفُ، فَمَنْ فَعَلَهُ أَوْ رَضِيَ بِهِ كَفَرَ)) وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالى: ﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ﴾ (البقرة:١٠٢). واتا: سیحر لەوانەش سیحری گۆڕینی خۆشەویستی بۆ یەکتر ژن و پیاو لەیەک کردن و ژن و پیاو لەلای یەک خۆشویست کردن هەر کەسێ ئەم کارە بکات یان پێی ڕازی بێت ئەوە کوفری کردووە بەڵگەش وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى یە کە دەفەرموێت: (فریشتەکان فەرموویان : هیچ کەسێکیان فێرە سیحرو جادوو نەئەکرد هەتا پێیان نەوتنایە کە ئێمە تاقیکردنەوەین اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ئێوە تاقیئەکاتەوە بەهۆی ئێمەوە، وە ئێوە کوفر مەکەن و خۆتان فێرە سیحرو جادوو مەکەن لەبەر ئەوەی سیحرو جادوو کوفرە هەر کەسێک فێری بێت کافر ئەبێ).

هەڵوەشێنەرەوەی هەشتەم: ((مُظَاهَرَةُ المُشرِكِينَ وَمُعَاوَنَتُهُمْ عَلَى المُسْلِمِينَ)) وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالى: ﴿وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ (المائدة:٥١). واتا: سەرخستنی موشریکان و بەرەی موشریکان وە یارمەتی دانیان بەسەر موسڵمانان ئەوەش کافر دەبێتەوە. بەڵگەش وتەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى یە کە دەفەرموێت:(ئەو کەسانەی پشت بەکافران ببەستێت ئەوە لەوانە، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى هەرگیز هیدایەتی گەلی ستەمکاران نادات).

هەڵوەشێنەرەوەی نۆیەم: ((مَنْ اعْتَقَدَ أَنَّ بَعْضَ النَّاسِ يَسَعُهُ الْخُرُوجُ عَنْ شَرِيعَةِ مُحَمَّدٍ صَلَّ اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَمَا وَسِعَ الْخَضِرَ الْخُرُوجَ عَنْ شَرِيعَةِ مُوسَى عَلَيْهِ السَلَامُ فَهُوَ كَافِرٌ)) وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالى: ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (آل عمران:٨٥). واتا: هەر کەسێ باوڕی وابێت دروستە دەربچیت لە شەریعەتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ وەک چۆن خَضِر لە موسا دەرچوو بوو ئەوە کافرە وەك چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى دەفەرموێت: (هەرکەسێ جگە لە ڕێچکە و ڕێبازی ئیسلام بەرنامەیەکی تر بگرێتە بەر ئەوە لێی قەبوڵ ناکرێت وە لە دواڕۆژدا لە بەخەسارچوانە).

هەڵوەشێنەرەوەی دەیەم: ((الإِعْرَاضُ عَنْ دِينِ اللَّهِ، لَا يَتَعَلَّمُهُ وَلَّا يَعْمَلُ بِهِ)) وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالى: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَا إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنْتَقِمُونَ﴾ (السجدة:٢٢). واتا: پشت کردن یان ڕوو وەرگێڕان لە دینی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى بەوەی کە بیەوێت فێری نەبێت و کردەوەی پێ نەکات بەڵگەش اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى یە کە دەفەرموێت: (جاکێ لەوە ستەمکارترە کە بە فەرموودەکانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ئامۆژگاری کرابێت پاشان پشتی تێ هەڵکردبێت و گوێی پێ نەدات بەڕاستی ئێمە تۆڵە لە تاوانباران و موجریمان دەستێنین).

رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ، يَهُودِيٌّ، وَلَا نَصْرَانِيٌّ، ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي

أُرْسِلْتُ بِهِ، إِلَّا كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ»[٣٥٨] **واتا: سوێند بەوەی کە گیانی موحەمەدی بەدەستە هیچ یەکێک نییە کە هەواڵی ناردنی منی بیستبێت لەم ئوممەتە جولەکە بێت یان گاور وپاشان بمرێت و باوەڕ بەو پەیامە نەهێنێت کە منی پێ نێردراوم ئیلا دەخرێتە ئاگرەوەو هاوەڵی ئاگرە.**

پشتهەڵکردن لەدینی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، **ئەو پشتهەڵکردنەی کە ئینسان پێی لەدین دەچێتە دەرەوە، بریتییە لەپشتهەڵکردن لەئەسڵ و بنچینەی دین، جا پشتهەڵکردن لەدینی اللّەو واز لێهانی و ڕەتکردنەوەی بەوە دەبێت کە بیەوێت فێری نەبێت و کردەوەی پێ نەکات، جا ئینسان بەو پشتهەڵکردنەو واز لێهێنانە لەدین دەچێتە دەرەوە، اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا عَمَّا أُنْذِرُوا مُعْرِضُونَ﴾ (الأحقاف:٣). **واتا: کافران و بێباوەڕان لەو ئاگادارکردنەوەو ترساندنەی کە کراون لە قورئانی پیرۆزدا ئەوان پشتی تێ ئەکەن.**

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿قُلْ أَطِيعُوا ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ (الأحقاف:٣). **واتا: ئەی محمد** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **پێیان بڵێ: گوێڕایەڵی اللّەو** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **رسول اللّه** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **بکەن، ئەگەر پشتیان هەڵکرد لە گوێڕایەڵی اللّەو** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **رسول اللّه** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **ئەوە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **کافرانی خۆش ناوێ .**

---

٣٥٨) (حادي الأرواح إلى بلاد الأفراح (ص:٦٩)).

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **نەفی ئیمان لەو کەسانە دەکات بەبێ ئیمان وەسفیان دەکات ئەوانەی کردەوە ناکەن ئەگەرچی بەقسەش دەڵێن ئیمانمان هێناوە هەروەکو چۆن دەفەرموێت:** ﴿وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ وَمَآ أُولَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ (النور:٤٧).

واتا: ئەڵێن: ئێمەش ئیمانمان بە اللّەو سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **وە رسول اللّه** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **هێناوە، لە دوای ئەوە کۆمەڵێک لەم مونافیقانە پشت هەڵئەکەن لە گوێرایەڵی للّەو** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **رسول اللّه** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **ئا ئەم کەسانە بەڕاستی باوەڕدار نین.**

ئیمامی ابن القیم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێ:** ((وجَعَلَ الإعْراضَ عَمّا جاءَ بِهِ الرَّسُولُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِفْتاحَ كُلِّ بِدْعَةٍ وَضَلَالَة))[٣٥٩] **واتا: اللّه پشت هەڵکردن لەوەی کە رسول اللّه** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **پێی هاتووە، کردووە بە کلیل و سەرچاوەی هەموو بیدعە و گومڕاییەک.**

ئیمامی ابن القیم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ **دەڵێ:** ((وَكُلُّ مَنْ أَعْرَضَ عَنِ الِاهْتِدَاءِ بِالْوَحْيِ الَّذِي هُوَ ذِكْرُ اللَّهِ فَلَا بُدَّ انْ يَقُولُ هَذَا يَوْمُ الْقِيَامَةِ: ﴿يَٰلَيْتَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ﴾ (الزخرف:٣٨). فَإِنْ قِيلَ فَهَلْ لِهَذَا عُذْرٌ فِي ضَلَالَةٍ إِذَا كَانَ يُحْسَبُ انْهُ عَلَى هُدًى كَمَا قَالَ تَعَالَى ﴿وَيَحْسَبُونَ انَّهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ قِيلَ لَا عُذْرَ لِهَذَا وَامِثَالُهُ مِنَ الضَّلَالِ الَّذِينَ مَنْشَأُ ضَلَالِهِم الِإعْرَاضُ عَنِ الْوَحْيِ الَّذِي جَاءَ بِهِ

---

٣٥٩) (أخرجه مسلم(١٥٣).

الرَّسُولُ صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ وَلَوْ ظَنَّ أَنَّهُ مُهْتَدٍ فَإِنَّهُ مُفرِطٌ بِاعرَاضِهِ عَنْ اتِّبَاعِ دَاعِي الْهُدَى فَإِذَا ضَلَّ فَإِنَّمَا أَتَى مِنْ تَفْرِيطِهِ وَاعرَاضِهِ))[٣٦٠] واتا: هەركەسێك پشت لەهیدایەتی وەحی هەڵبکات کە بریتییە باسکردنی اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ئەوە هەردەبێ لەڕۆژی دوای بڵێ: خۆزگە نێوانی من و تۆ بە قەدەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەیەك دوور بوایە، ئای کە هاوڕێیەکی نالەبارو خراپ بووبێت. ئەگەر گوترا ئایە بۆ کەسێکی وا بیانووی گومڕایی هەیە ئەگەر وای گومان دەبرد لەسەر هیدایەتە هەروەکو چۆن اللَّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: وایان ئەزانی کە ئەوان لەسەر ڕێگای هیدایەتن. گوتراوە بۆ ئەو کەسانەو هاوشێوەی ئەوانە بیانوو عوزر نییە لەو گومڕاییەی کەتێیدانە چونکە سەرچاوەی گومڕاییان پشتهەڵکردنە لەوەحی (قورئان و سوننەت) کە پێغەمبەر پێی هاتووە، ئەگەرچیش گومانی وابێت هیدایەتدراوە، چونکە ئەو زیادەڕەوی کردووە لەپشتێهەڵکردن لەشوێن کەوتنی بانگێشتکاران بۆ هیدایەت، جا ئەگەر گومڕا بوو ئەوە بەهۆی زیادەڕەوی و پشتهەڵکردنیەتی لەدین.

٣٦٠) (مفتاح دار السعادة (١/ ٤٣).

شەیتان هەوڵی گومڕاکردنی خەڵکی دەدات بەوەی دروستکراوی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بگۆڕن

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الْأَنْعَامِ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ وَمَنْ يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِّن دُونِ اللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا﴾ (النساء :١١٩). واتا: ﴿وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ﴾ واتا: گومڕایان دەکەم و لە ڕێگای ڕاستی تۆ دەریان دەکەم وە هیواو ئومێدو ئاواتی پووچەڵیان پێ ئەبەخشم و لەلایان جوانی ئەکەم بۆ ئەوەی تەوبە نەکەن ﴿وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الْأَنْعَامِ﴾ فەرمانیان پێ ئەکەم کە گوێی ئاژەڵەکان ببڕن (کە کافرانی قورەیش لەم شتانەدا شوێنی شەیتان کەوتبوون کە گوێی هەندێك لە ئاژەڵەکانیان ئەبڕی وە حەرامیان ئەکرد لەسەر خۆیان) ﴿وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ﴾ وە شەیتان ئەڵێ: ئەی پەروەردگار ئەبێ فەرمانیشیان پێ بکەم ئەبێ دروستکراوی تۆ بگۆڕن ﴿وَمَنْ يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِّن دُونِ اللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا﴾ وە هەر کەسێك شەیتان بکات بە دۆستی خۆی لە غەیری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ شوێن شەیتان بکەوێ و گوێڕایەڵی شەیتان بکات بەڕاستی ئەمە خەسارەتمەندو زەرەرمەندی دونیاو دواڕۆژ بووە زەرەرمەندێکی زۆر

ئاشـــــــ

شەیتان بەڵێنی پوچ
بەئادەمیزاد دەدات

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُورًا﴾ (النساء:١٢٠). **واتا: شەیتان تەنها بەڵێن و هیواو ئومێدی پووچەڵ و درۆیینەیان پێ ئەدا، ئەو وەعدو بەڵێنانەی کە شەیطان پێیان ئەدا هەمووی وەسوەسەی بەتاڵەو بەهۆیەوە لە خشتەیان ئەبات و زەرەرێکی تەواوەو هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەن.**

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەربارەی ئەو بەڵێنە پوچانەی شەیتان هەواڵمان پێدەدات کە شەیتان چۆن بەڵێنی پوچی بە ئینسانەکان داوە و ڕاستی نەکردووە لەگەڵیان وەچۆن لەڕۆژی دوایی خۆی لەشوێنکەوتوانی بەری دەکات ! اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (إبراهيم: ٢٢). **واتا:کاتێك كه بڕیار ئەدرێ ئەهلی بەهەشت ئەچنە بەهەشت وە**

ئەهلی دۆزەخ ئەچنە دۆزەخ شەیتان وتار بۆ دۆزەخییەکان دەدات و پێیان ئەڵێت: بەڕاستی ئەو بەڵێنەی کە اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ پێی دابوون بەڵێنێکی حەق بوو، منیش بەڵێنێکی پووچەڵم پێدان و خیلافم لەگەڵ کردن و راستگۆ نەبووم لەگەڵتان، وە من لێرە هیچ تواناو دەسەڵاتێکم نیە کە ڕزگارتان بکەم، تەنها من بانگم کردن بۆ کوفرو تاوان و ئێوەش وەڵامتان دامەوە، بۆیە ئێستا کە چوونەتە ناو دۆزەخ لۆمەی من مەکەن و تەنها لۆمەی خۆتان بکەن،من ناتوانم فریای ئێوە بکەوم وە ئێوەش ناتوانن فریای من بکەون، ن بێبراوەڕم و نکوڵی لەوە دەکەم کە لە دونیا ئێوە منتان کردە شەریك بۆ اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ ، بەدڵنیایی هاوبەشبڕیاردەران و ستەمکاران هەر هەموویان سزای بەئێش و ئازاریان بۆ هەیە.

شەیتان ئەیەوێ دژایەتی بخاتە ناوموسوڵمانان و بێ ئاگایان بکات لەزیکری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەهۆی عەرەق خواردنەوەو قومار کردن

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾ (المائدة:٩١). واتا: شەیتان ئەیەوێ دژایەتی و ڕق و کینە بخاتە نێوانتانەوە بەهۆی عەرەق خواردنەوەو قومار کردنەوە وەئەیکاتە ڕێگریەک لە زیکرو یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لە نوێژ کردن ئایا ئێوە کۆتایتان پێ هێناو بە یەکجاری و هەمیشەیی وازتان لێ هێنا؟

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ سەبارەت بەقومار و عەرەقەوە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (المائدة: ٩٠) واتا: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە باش بزانن کە عەرەق و قومار و یانسیبو فاڵگرتنەوە بۆ دەرکەوتنی باریکی خراپ یان چاك، هەمووی پیسن و کاروکرداری شەیتانە، بۆیە ئێوە پێویستە لەسەرەتان خۆتانی لێ بپارێزن، تاوەکو لە دونیاو قیامەتدا ڕزگارو بەختەوەربن.

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەئایەتێکی تردا دەفەرموێت:** ﴿وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوًّا مُبِينًا﴾ (الاسراء : ٥٣). **واتا: ئەی محمد** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **بە بەندەکانم بڵێ: با باشترین وتە بەرامبەر یەکتری بەکار بهێنن و زبری و رەقی و تووندوتیژی تیا نەبێ لەبەر ئەوەی ئەگەر قسەی خراپ بکەن بە دڵنیایی شەیتان ڕق و کینەو دژایەتی ئەخاتە نێوانیانەوە بە دڵنیایی شەیتان بۆ مرۆڤ دوژمنێکی زۆر ئاشکرایە.**

هەروەها لەئایەتێکی تردا اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئاگادارمان دەکاتەوە لەشەیتان کە ناکۆکی دەخاتە نێوان موسوڵمانان اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلإِنْسَانِ عَدُوًّا مُّبِينًا﴾ (الاسراء: ٥٣). **واتا: ئەی محمد** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **بە بەندەکانم بڵێ: با باشترین وتە بەرامبەر یەکتری بەکار بهێنن و زبری و رەقی و تووندوتیژی تیا نەبێ لەبەر ئەوەی ئەگەر قسەی خراپ بکەن بە دڵنیایی شەیتان ڕق و کینەو دژایەتی ئەخاتە نێوانیانەوە بە دڵنیایی شەیتان بۆ مرۆڤ دوژمنێکی زۆر ئاشکرایە.**

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هەواڵی چیرۆکی پێغەمبەر یوسف و براکانیمان بۆ بەیان دەکات کە چۆن شەیتان برایەتی نێوانی تێکدان اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُمْ مِنَ الْبَدْوِ مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ

الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ (يوسف:١٠٠). واتا: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چاکەی لەگەڵ من کرد کەمنی لەبەندیخانە رزگارکردو ئێوەی هێنا بۆ ئێرە پاش ئەوەی شەیطان نێوانی من و براکانمی تێکدا، بەڕاستی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەگەر ویستی شتێك بکات هۆکارەکانی بۆدەڕەخسێنێت (لطیف)ە، ئەگەر بەلای مرۆڤەوە ئەستەمیش بێت ئەوشتە، بەڕاستی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زاناو کارسازو دانایە.

هەروەها رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((إِنَّ الشَّيْطَانَ قَدْ أَيِسَ أَنْ يَعْبُدَهُ الْمُصَلُّونَ فِي جَزِيرَةِ الْعَرَبِ، وَلَكِنْ فِي التَّحْرِيشِ بَيْنَهُمْ))[٣٦٢] واتا: بەڕاستی شەیتان نائومێد بووە کە نوێژکەران لە دوورگەی عەرەبیدا بیپەرستن، بەڵام هەوڵ دەدات هانیان بدات دژی یەکتر.

هەروەها شەیتان ناکۆکی دەخاتە نێوان ژن و مێرد هەتا لێکیان جیا دەکاتەوە، هەروەکو چۆن رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((إِنَّ إِبْلِيسَ يَضَعُ عَرْشَهُ عَلَى الْمَاءِ ، ثُمَّ يَبْعَثُ سَرَايَاهُ فَأَدْنَاهُمْ مِنْهُ مَنْزِلَةً أَعْظَمُهُمْ فِتْنَةً ، يَجِيءُ أَحَدُهُمْ ، فَيَقُولُ : فَعَلْتُ كَذَا وَكَذَا ، فَيَقُولُ : مَا صَنَعْتَ شَيْئًا ، قَالَ : ثُمَّ يَجِيءُ أَحَدُهُمْ ، فَيَقُولُ : مَا تَرَكْتُهُ حَتَّى فَرَّقْتُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ امْرَأَتِهِ ، قَالَ : فَيُدْنِيهِ مِنْهُ ، وَيَقُولُ : نِعْمَ أَنْتَ))[٣٦٣] واتا: ئیبلیس عەرش و جێگاکەی لەسەر ئاو دا ئەنێت واتە (لەسەر بحرو دەریاکان) پاشان هەموو دەستە و پێوەندەکانی ئەنێرێ بەسەر زەویدا و بڵاوەیان پی دەکات بۆ خراپەکاری، نزکترین کەسیان لێ یەوە ئەوەیە کەخراپەی زۆر و گەورە بکات ، یەکێکیان دێت ، ئەڵێت: ئەم خراپەم پێکرد و ئەو خراپەم پێکرد (ابلیسیش) دەڵێت

---

٣٦٢) ((أخرجه مسلم (١٧٣٠)). من حديث جَابِرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٣٦٣) ((أخرجه مسلم (٢٨١٣)).

هیچت نەکردوە، ئەفەرموویت: یەکێکی تریان دێت و دەڵێت : وازم لێ نەهێنا تاوەکو جیاوازیم نەخستە نێوان خۆی و ژنەکەیەوە (تەلاقیدا)، ابلیس: نزیکی دەکاتەوە لەخۆی و دەڵێت : تۆ باشترین کەسی.

خوێنەری بەڕێز دوای ئەوەی بۆت ڕوون بوویەوە کە شەیتان ڕق و کینەو دووبەرەکی دەخاتە نێوان موسوڵمانان ئەوا ئاگادارببە دروست نییە ئینسانی موسوڵمان ڕقی لەموسوڵمان بێتەوەوە و پشت لەیەك هەڵ بکەن و دەنگ دابڕن، رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ فەرموویەتی: ((لاَ تَبَاغَضُوا، وَلاَ تَحَاسَدُوا، وَلاَ تَدَابَرُوا، ولاتقاطعوا وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا، وَلاَ يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلَاثٍ))[٣٦٤] واتا: ڕقتان لەیەکتری نەبێت و حەسودی بەیەکتر مەبەن و پشت لەیەکتر هەڵمەکەن و دەنگ لەیەکتر دامەبڕن، هەموتان بەندەی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بن وبرای یەکتربن، وەدروست نییە هیچ موسڵمانێك زیاتر لەسێ ڕۆژ قسەلەگەڵ براکەی خۆیدا نەکات.

وە رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ لەفەرموودەیەکی تردا ترسناکی دەنگدابڕین و قسەنەکردنی نێوان موسوڵمانانمان بۆ باسدەکات و دەفەرموێت: ((عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ قَالَ: تُفْتَحُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَيَوْمَ الْخَمِيسِ، فَيُغْفَرُ لِكُلِّ عَبْدٍ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا، إِلَّا رَجُلاً كَانَتْ بَيْنَهُ وَبَيْنَ أَخِيهِ شَحْنَاءُ، فَيُقَالُ : أَنْظِرُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا، أَنْظِرُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا، أَنْظِرُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا))[٣٦٥] واتا: لە ئەبو

---

٣٦٤) أخرجه البخارى (٦٠٦٥) ومسلم (٢٥٥٩) من حديث أنس بن مالك رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ

٣٦٥) أخرجه مسلم (٢٥٦٥) من حديث أبي هريرة رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ

هـوڕەیـڕەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵـێ: رسـول اللّـه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فـەرمـووی: هەمـوو ڕۆژانێکـی دووشـەممەو پێنجشـەممە دەرگـانی بەهەشـت دەکـرێنەوە، لەو ڕۆژەدا اللّـه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەهەمـوو بەنـدەیەک خۆشـدەبێت، بەمەرجێـک ئەو بەندە هیـچ هاوبەشێکی بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دانەنـابێ، وە لەو دووکەسـەش خۆشنابێت کە ناکۆکن و لەنـاو خۆیانداو ڕقیـان لەیەکتـرەو قسـە لەگەڵ یەک نـاکەن، دەوترێـت: وازبهێـنن لەو دووکەسـە هەتـا ئاشـت دەبـنەوە، ئەوکاتە قەڵەمی عەفو بنێن بەسەر تاوانەکانیاندا.

گوتم: کەواتە هەموو هەوڵی شەیتان ئەوەیە نێوانی بەندەکان تێـک بدات جا بەهۆی عارقەوە بێت یاخود قومار، یان هەرشتێکی تـر، بـەهـۆی ئەوەوە وا لەئینسـان دەکـات بـێ ئاگـا بـن لـە فـەرمـان و ئایـەتـەکـانی اللّـه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و پەنا بۆ شـتی خـراپ ببـەن هـەروەکـو چـۆن ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵـێ: ((إِيقَـاعُ الْعَـدَاوَةِ وَالْبَغْضَـاءِ هِيَ مُنْتَهَى قَصْـدِ الشَّيْطَـانِ))[٣٦٦] واتـا: خسـتنەوەی دوژمنایـەتـی و ڕق و کینـە، بریتتیـە لـەهـەرە ئامـانج و ویستەکانی شەیتان.

٣٦٦) (مجموع الفتاوى (١٥/ ٣٤٦).

شەیتان زیکرو یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەبیر بەندەکان دەباتەوە

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنْسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُولَٰئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ (المجادلة:١٩). **واتا:** ﴿اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنْسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ﴾ **ئەوانە شەیطان زاڵ بووە بەسەریانداو داگیری کردوون، بەو هۆیەوە یادی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ی لەبیر بردوونەوە،** ﴿أُولَٰئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ﴾ **ئا ئەمانە حیزب و کۆمەڵ و پێڕو شوێنکەوتەی شەیتانن** ﴿أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ **ئاگادار بن و بزانن کۆمەڵ و پێڕو شوێنکەوتوانی شەیتان زەرەرمەندی ڕاستەقینە ئەوانن.**

ئیمامی ابن کثیر (ت ٧٧٤ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنْسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ﴾ **دەڵێ:** ((أَيِ : اسْتَحْوَذَ عَلَى قُلُوبِهِمُ الشَّيْطَانُ حَتَّى أَنْسَاهُمْ أَنْ يَذْكُرُوا اللَّهَ ، عَزَّ وَجَلَّ ، وَكَذَلِكَ يَصْنَعُ بِمَنِ اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِ))[٣٦٧]. **واتا: یانی شەیطان بەسەر دڵیان زاڵ بوە تاکو لەبیری بردوونەوە زیکرو یادی**

---

٣٦٧) ((تفسير ابن كثير(ج:٨/ ص:٥٤)).

اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ بكەن، ئا هەر بەو شێوەیە دەکات ئەگەر بەسەرکەسێك زاڵ بێ.

پاشان ئیمامی ابن کثیر (ت ٧٧٤ هـ) رَحِمَهُ‌ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿أُولَٰئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ﴾ **دەڵێ:** ((يَعْنِي : الَّذِينَ اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنْسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ))[٣٦٨] **واتا: ئەوانەی کە شەیطان بەسەریان زاڵە زیکرو یادی اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ی لەبیر بردوونەوە.**

ئیمامی ابن القیم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ‌ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((أَشَدُّ عُقُوبةٍ فِي الدُّنيَا أَنْ يُمْسِكَ اللَّهُ لِسَانَكَ عَنْ ذِكْرِهِ أَوَّلُ قُيُودِ الشَّيْطانِ عَلى الْإِنْسَانِ تَقْيِيدُ اللِّسَانِ عَنْ الذِّكْرِ ، فَإِذَا قُيِّدَ اللِّسانُ اِسْتَسْلَمَتِ الْأَرْكانُ ﴿اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنْسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ﴾ فَكُنْ ذَاكِرًا لِلَّهِ))[٣٦٩] **واتا: قورسترین سزای اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ لەدنیادا ئەوەیە زمانت ببەستێ لە زیکری اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ یەکەم کۆتی شەیتان بەستنی زمانی مرۆڤەکانە لەزیکری اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ، کەزمانی بەست، ئەندامەکانی تری تەسلیمی شەیتان دەبێت، اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: شەیتان زاڵ بو بەسەریانداو زیکری اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ ی لەبیر بردنەوە کەواتە هەوڵ بدە هەمیشە لە زیکری اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ بیت.**

---

٣٦٨) ((تفسير ابن كثير(ج:٨/ ص:٥٤)).

٣٦٩) (الوابل الصيب :ص:٤٢)

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **له ئایەتێکی تردا دەفەرموویت:** ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنْ الصَّلاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾ (المائدة: ٩١). **واتا: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، بەتەئکید ئارەق و قومار وبت وئەوەش بەختی پێدەگرنەوە لەکاری شەیطانن ، لێی دوور کەونەوە بۆ ئەوەی سەرفراز بن ، بەدڵنیاییەوە شەیطان دەیەوێ دوژمنایەتی و ڕق بخاتە نێوانتانەوە بەهۆی ئارەق و قومارەوە و دوور تان بخاتەوە لەیادی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **و نوێژ کردن ئایا ئێوە واز دێنن و دەستی لێ هەڵدەگرن.**

خوێنەری بەڕێز یەکێك لەگەورەترینی ئەو شتانەی کە ئینسانی موسوڵمان پێی لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **نزیك دەبێتەوە بریتییە لەزیکرو یادی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، **اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا﴾ (الأحزاب:٤١). **واتا: ئەی باوەڕداران ئێوە زیکری اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بکەن زیکرێکی یەکجار زۆرو هەمیشە با زمانتان تەڕو پاراو بێت بە زیکری اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

صەحابەی بەڕێز ابْنُ عَبَّاس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا **دەربارەی ئەو ئایەتە دەڵێ:** ((إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَفْرِضْ عَلَى عِبَادِهِ فَرِيضَةً إِلَّا جَعَلَ لَهَا حَدًّا مَعْلُومًا، ثُمَّ عَذَرَ أَهْلَهَا فِي حَالِ عُذْرٍ، غَيْرَ الذِّكْرِ، فَإِنَّ اللَّهَ لَمْ يَجْعَلْ لَهُ حَدًّا يَنْتَهِي إِلَيْهِ، وَلَمْ يَعْذُرْ أَحَدًا فِي تَرْكِهِ))[٣٧٠] **واتا: اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هیچ عیبادەتێکی فەرز نەکردووە**

---

٣٧٠) ((ابن كثير في تفسيره (ج ٣ /ص ٤٩٥)).

ئیلا سنوریکی دیاریکراوی بۆ داناوە، وە عوزریشی داناوە بۆ نەکردنی، تەنها زیکری اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبێت کە هیچ سنوریکی دانەناوە بۆ تەواو بوونی، وە هیچ کەسێکیش عوزری نییە لە نەکردنی.

هەروەها زیکر نەکردن و یاد نەکردنەوەی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یەکێکە لەنیشانەکانی دووڕووەکان هەروەکو چۆن اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلَاةِ قَامُوا كُسَالَى يُرَاءُونَ النَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ (النساء: ١٤٢). واتا: ئەم مونافیقانە هەرکات هەڵسن بۆ نوێژ بە تەمەڵی و تەوەزەلی یەوە ڕاست دەبنەوە و، نوێژیش دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی بیان بینن، وەیادی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ش ناکەن مەگەر کەمێك نەبێ.

هەروەها اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەناو جەرگەی جەنگیشدا داوای لە ئیماندران کردووە زیکرو یاد اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زۆر بکەن هەروەکو چۆن دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُوا وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (الأنفال:٤٥). واتا: ئەی باوەڕداران ئەگەر ڕووبەڕووی هەر کۆمەڵێك لە موشریکان بوونەوە ئەوا جێگیر و دامەزراوبن و ڕانەکەن وە زۆر زیکرو یادی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکەن بەڵکو اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ سەرفرازو سەرکەوتوتان بکات.

هەروەها ئەو کەسەی زیکرو یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ناکات وەکو کەسێکی مردوو وایە، رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ((مَثَلُ الَّذِي يَذْكُرُ رَبَّهُ وَالَّذِي لاَ يَذْكُرُ رَبَّهُ، مَثَلُ الحَيِّ وَالمَيِّتِ))[٣٧١] واتا: نموونەی ئەو کەسەی کە یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکات وە ئەو کەسەی کە یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ناکات، وەك نموونەی زیندوو و مردوو وایە.

لەڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت: ((مَثَلُ الْبَيْتِ الَّذِي يُذْكَرُ اللهُ فِيهِ، وَالْبَيْتِ الَّذِي لاَ يُذْكَرُ اللهُ فِيهِ، مَثَلُ الْحَيِّ وَالْمَيِّتِ))[٣٧٢] واتا: ئەو ماڵەی یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ تێدا دەکرێتو ئەو ماڵەی یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ تێدا ناکرێ وەکو نمونەی زیندوو و مردوو وایە.

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ مەدحی ئەوانەی کردووە کە خاوەن ژیری و هۆشن بەوەی لەهەموو بارو حاڵێکدا زیکر و یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ (آل عمران:١٩١). واتا: ئەوانەی یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن لەکاتێکدا کە بەپێوەن یان دانیشتوون یان ڕاکشاوون (لە هیچ حاڵەتێکدا یادی ئەوزاتە فەرامۆش ناکەن)، هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروست بوونی ئاسمانەکان و زەوی (بیردەکەنەوە لە هەموو وردەکاریەک، سەرنجی هەموو دیاردەیەک دەدەن، سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا تۆ

---

٣٧١) ((أخرجه البخاري ٦٤٠٧)).

٣٧٢) ((أخرجه البخاري (٦٤٠٧)، ومسلم (٧٧٩)).

ئەم هەموو دروست کراوانەت بێ هوودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکیی و بێگەردیی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پاداشتێکی زۆر گەورەی ئامادەکردووە بۆ ئەو پیاو و ئافرەتانەی کە زۆر یادو زیکری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن، اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ (الاحزاب : ٣٥). واتا: بەڕاستی پیاوان و ئافرەتانی موسوڵمان، پیاوان و ئافرەتانی ئیمان دار، پیاوان و ئافرەتانی ملکەچ و فەرمانبەردار، پیاوان و ئافرەتانی ڕاستگۆ، پیاوان و ئافرەتانی خۆگر، پیاوان و ئافرەتانی لەخوا ترس، پیاوان و ئافرەتانی بەخشەندە، پیاوان و ئافرەتانی ڕۆژووان، پیاوان و ئافرەتانی داوێن پاك و ئەو پیاو و ئافرەتانەی کە زۆر یادی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن، بەخشین و لێ بوردەیی و پاداشتی زۆر مەزن و بێ سنووریان لەلایەن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰوە بۆ ئامادەکراوە.

هەروەها اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئاگاداری کردووینەوە لەوەی کەوا مال و منداڵ بێ ئاگامان بکات لەزیکرو یادی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەروەکو چۆن دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّه

وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ (المنافقون: ٩). واتا: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، هەوڵ بدەن نە مال و سامانتان، نە ڕۆڵەکانتان، نەبنە هۆی ئەوەی کە لەیادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو کەمتەرخەمی و بێ ئاگاتان بکەن، جا هەرکەس لە یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کەم تەرخەمی بکات، ئا ئەوانە هەر خۆیان خەسارەتمەندو زەرەرمەندن.

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئاگاداری رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەکاتەوە بەوەی زیکرو یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات و لە بێ ئاگایان نەبێ هەروەکو چۆن دەفەرموێت: ﴿وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ وَلاَ تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ﴾ (الأعراف: ٢٠٥) واتا: یاد و زیکری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکە بە ترس و نهێنی و لەسەر خۆییەوە لە هەموو بەرە بەیان و دەمەو ئێوارانێکدا، هەرگیزیش لە بێ ئاگایان مەبە.

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵی پێداوین هەر بەزبکرو یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دڵ ئارام دەبێت اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ (الرعد: ٢٨). واتا: بێگومان دڵەکان بە یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئارام دەگرن.

هەربۆیە رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ **لەهەموو کاتێکدا زیکرو یادی اللّەی دەکرد دایکمان عائیشە** رَضِيَٱللَّهُعَنْهَا **بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ:** ((كَانَ النَّبِيُّ صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ يَذْكُرُ اللَّهَ عَلَى كُلِّ أَحْيَانِهِ))[٣٧٣] **واتا: رسول اللّە** صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ **لەهەموو باروحاڵێکیدا زیکری اللّه** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **ی دەکرد.**

پیاوێك هاتە لای رسول اللّه صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ **گوتی:** ((إِنَّ شَرَائِعَ الإِسْلامِ قَدْ كَثُرَتْ عَلَيَّ فَأَخْبِرْنِي بِشَيْءٍ أَتَشَبَّثُ بِهِ، قَالَ: لا يَزالُ لِسانُكَ رَطْبًا مِنْ ذِكْرِ اللّهِ))[٣٧٤] **واتا: بەڕاستی ئاین و شەریعەتی ئیسلام زۆر بوونە لەسەرم، شتێکم پێ بڵێ، کە ئیسلامی تێدا کۆببێتەوە، تا وەکو دەستی پێوە بگرم رسول اللّەش** صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ **لە وەڵامدا فەرمووی: با بەردەوام زمانت تەڕبێت بە زیکر و یادی اللّه** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ.

هەروەها رسول اللّه صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ **دەفەرموویت:** ((سَبَقَ الْمُفَرِّدُونَ قَالُوا: وَمَا الْمُفَرِّدُونَ يَا رَسُولَ اللّهِ؟ قَالَ: الذَّاكِرُونَ اللّهَ كَثِيرًا، وَالذَّاكِرَاتُ))[٣٧٥] **واتا: یەك اللّه پەرستەکان پێش کەوتن، وتیان: یەك اللّه پەرستەکان کێن یا رسول اللّه** صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ **؟ فەرمووی: ئەو پیاو ژنانەی کە یادی اللّه** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **زۆر دەکەن.**

---

٣٧٣) ((أخرجه مسلم(٣٧٣) ، وعلقه البخاري)).

٣٧٤ سنن الترمذي (٣٣٧٥) سنن ابن ماجه(٣٧٩٣) مسند أحمد(١٧٦٨٠، ١٧٦٩٨)).

٣٧٥) ((أخرجه مسلم (٢٦٧٦)).

هەروەها رسول اللّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەفەرموودەیەکدا دەفەرموویت: حەوت کەس هەن لە ژۆژی دوایدا اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە لە ژۆژێکدا کە هیچ سێبەرێك نی یە تەنها سێبەری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبێت یەکێك لەوانە کەباسی دەکات دەڵێ: ((وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ))[٣٧٦] واتا: پیاوێك بە تەنها زیکر و یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات و هەردوو چاوی فرمێسکی پێدا بێتە خوارەوە.

هەروەها رسول اللّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ لەفەرموودەیەکی قودسی دەفەرموێ: ((يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي، وَأَنَا مَعَهُ حِينَ يَذْكُرُنِي، إِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي، وَإِنْ ذَكَرَنِي فِي مَلَإٍ ذَكَرْتُهُ فِي مَلَإٍ هُمْ خَيْرٌ مِنْهُمْ، وَإِنْ تَقَرَّبَ مِنِّي شِبْرًا تَقَرَّبْتُ إِلَيْهِ ذِرَاعًا، وَإِنْ تَقَرَّبَ إِلَيَّ ذِرَاعًا تَقَرَّبْتُ مِنْهُ بَاعًا، وَإِنْ أَتَانِي يَمْشِي أَتَيْتُهُ هَرْوَلَةً))[٣٧٧] واتا: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: من لەگەڵ گومانی بەندەی خۆمم، من لەگەڵیدام کاتێك یادم دەکات، ئەگەر لە دەروون و نەفسی خۆیدا یادم بکات، ئەوامنیش لەدەروون و نەفسی خۆمدا یادی دەکەم، ئەگەر لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا یادم بکات، ئەوام منیش یادی دەکەم لەناو کۆڕ و کۆمەڵێکدا لەوەی خۆی چاکتربن، ئەگەر یەك بست لەمن نزیك ببێتەوە ئەوا من یەك باڵ لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر یەك باڵ لە من نزیك ببێتەوە ئەوا من یەك گەز لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر بە ئاسایی بێت بۆلام، ئەوا من بەڕاکردن بەرەو ڕووی دەچم.

---

٣٧٦) ((أخرجه بخاري (٦٦٠) و (١٤٢٣) و (٦٤٧٩) و (٦٨٠٨) ، و مسلم (٢٣٧٧)).
٣٧٧) ((أخرجه البخاري (٦٩٧٠)).

هەروەها مەلائکەتەکان بالّی ڕەحمەت ڕادەکێشن بۆ مەجلیسی ئەوانەی زیکری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن بەو هۆیەوە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەوانەش خۆش دەبێ کە ئامادەی کۆڕو مەجلیسی زیکر دەبن، ڕسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: ((إِنَّ لِلَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى مَلَائِكَةً سَيَّارَةً، فُضُلاً يَتَتَبَّعُونَ مَجَالِسَ الذِّكْرِ، فَإِذَا وَجَدُوا مَجْلِسًا فيه ذِكْرٌ قَعَدُوا معهُمْ، وَحَفَّ بَعْضُهُمْ بَعْضًا بأَجْنِحَتِهِمْ، حتَّى يَمْلَؤُوا ما بيْنَهُمْ وبيْنَ السَّمَاءِ الدُّنْيَا، فَإِذَا تَفَرَّقُوا عَرَجُوا وَصَعِدُوا إلى السَّمَاءِ، قالَ: فَيَسْأَلُهُمُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ، وَهو أَعْلَمُ بهِمْ: مِن أَيْنَ جِئْتُمْ؟ فيَقولونَ: جِئْنَا مِن عِندِ عِبَادٍ لَكَ في الأرْضِ، يُسَبِّحُونَكَ وَيُكَبِّرُونَكَ وَيُهَلِّلُونَكَ وَيَحْمَدُونَكَ وَيَسْأَلُونَكَ، قالَ: وَمَاذَا يَسْأَلُونِي؟ قالوا: يَسْأَلُونَكَ جَنَّتَكَ، قالَ: وَهلْ رَأَوْا جَنَّتِي؟ قالوا: لَا، أَيْ رَبِّ قالَ: فَكيفَ لو رَأَوْا جَنَّتِي؟ قالوا: وَيَسْتَجِيرُونَكَ، قالَ: وَمِمَّ يَسْتَجِيرُونَنِي؟ قالوا: مِن نَارِكَ يا رَبِّ، قالَ: وَهلْ رَأَوْا نَارِي؟ قالوا: لَا، قالَ: فَكيفَ لو رَأَوْا نَارِي؟ قالوا: وَيَسْتَغْفِرُونَكَ، قالَ: فيَقولُ: قدْ غَفَرْتُ لهمْ فأعْطَيْتُهُمْ ما سَأَلُوا، وَأَجَرْتُهُمْ ممَّا اسْتَجَارُوا، قالَ: فيَقولونَ: رَبِّ فيهم فُلَانٌ عَبْدٌ خَطَّاءٌ، إنَّما مَرَّ فَجَلَسَ معهُمْ، قالَ: فيَقولُ: وَلَهُ غَفَرْتُ هُمُ القَوْمُ لا يَشْقَى بهِمْ جَلِيسُهُمْ))[٣٧٨] واتا: اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چەند فریشتەیەکی گەڕۆکی زیادەی هەیە، بەشوێن کۆڕی زیکردا دەگەڕێن، کاتێ کۆڕێکیان بینی یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن لەگەڵیان دادەنیشن بەباڵەکانیان یەکتری پەرژین دەکەن، تا وەکو نێوان خۆیان و نێوان ئاسمانی دونیا پڕدەکەن، کاتێ ئەو کۆڕە بڵاوەی لێدەکەن ئەوانیش سەردەکەونەوە بۆ ئاسمان دەڵێ: ئینجا اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لێیان دەپرسێت لەکاتێکدا ئەو خۆی لەوان

---

٣٧٨) ((أخرجه مسلم (٢٦٨٩)).

چاکتر دەزانێ؛ لە کوێوە هاتن؟ دەڵێن لای چەند بەندەیەکی خۆتەوە هاتینەوە لەسەر زەوییەوە هەمیشە (سبحان اللَّه، اللَّه أَكْبَر، لا إِلَهَ إِلَّا اللَّه والحَمْدُ لِلَّه) یان دەکرد و، لەتۆیش دەپاڕانەوە، فەرمووی: داوای چیم لێدەکەن! دەڵێن: داوای بەهەشتەکەت دەکەن. دەفەرموێت: جا بەهەشتی منیان دیوە؟ دەڵێن: نەخێر ئەی پەروەردگار، دەفەرموێت: جا ئەوە چۆن دەبوو ئەگەر بەهەشتەکەیان ببینایە؟ دەڵێن: پەنایشت پێدەگرن دەفەرموێت: لەچی پەنام پێ دەگرن؟ دەڵێن: لە ئاگرەکەت ئەی پەروەردگار. دەفەرموێت: ئایا ئاگرەکەیان دیوم، دەڵێن: نەخێر دەفەرموێت: جا چۆن دەبوو ئەگەر ئاگرەکەیان ببینیبایە؟ دەڵێن: داوای لێخۆشبونیشت لێدەکەن، ئەویش دەفەرموێت: ئەوا منیش لێیان خۆش بووم و، داوای چیشیان کردووە پێیان دەدەم و، پەنایشیان دەدەم لەوەی پەنام پێدەگرن لێی، ئەوانیش دەڵێن: ئەی پەروەردگار فلان کەسیان تێدایە زۆر گوناهبارە و هەر ڕابووردووە بەلایاندا، دانیشتووە لەگەڵیان دەفەرموێت: وا لەویش خۆش بووم، ئەوانە کۆمەڵێکن دانیشتوو لەگەڵیان بەدبەخت نابێت.

هەروەها رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ گرینگی زیکرو یادی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى مان بۆ بەیان دەکات لەناو جەرگەی شەودا، دەفەرموێت: ((أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الرَّبُّ مِنَ الْعَبْدِ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ الآخِرِ، فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَكُونَ مِمَّنْ يَذْكُرُ اللَّهَ فِي تِلْكَ السَّاعَةِ ،فَكُنْ))[٣٧٩] واتا: باشترین کات، کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى لە بەندەکەیەوە نزیکترینە، بریتیە لە ناو جەرگەی شەو،

---

٣٧٩) ((سنن الترمذي (٣٥٧٩) ، والنسائي (٥٧٢)).

ئەگەر توانات هەیە، کە لە وانە بیت، کە یادی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەن لەو کاتەدا، ئەوە ببە.

هەروەها رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ((وَإِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ فِي الْيَوْمِ مِائَةَ مَرَّةٍ))[٣٨٠] واتا: بە ڕاستی من لە ڕۆژێکدا سەد جار داوای لێ خۆشبوون لە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەکەم. جا رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ ئەوەندە زیکرو یادی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات لەکاتێکدا اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەگوناهەکانی پێش و پاشی خۆش بووە ئەی ئێمە چی ؟! ئاخۆ دەبێ چەندە پێویستمان بەدوعاو زیکرو یادی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بێت ؟ بەڵام ئەوە شەیتانە کە ڕێگرە دڵی ئێمەی ڕەقکردووە لەزیکر کردن و لەبیری بردووینەوەو ڕێگرە لەوەی زیکری پەروەردگاری جیهانیان بکەین، چونکە بەڵێنی داوە نەوەی ئادەم گومڕا بکات.

((جَاءَ رَجُلٌ إِلَى الْحَسَنِ الْبَصْرِيِّ رَحِمَهُ اللَّهُ يَشْكُو قَسْوَةَ قَلْبِهِ فَقَالَ لَهُ الْحَسَنُ الْبَصْرِيُّ رَحِمَهُ اللَّهُ: أَدِّبْهُ بِذِكْرِ اللَّهِ))[٣٨١] واتا: پیاوێک هات بۆلای حەسەنی بەصری رَحِمَهُ اللَّهُ پێی وت: ئامۆژگاریم بکە، ئاهو سکاڵای دڵ ڕەقیم بۆ لای تۆ هێناوە، حەسەنی بەصریش رَحِمَهُ اللَّهُ پێی وت: بە زیکر و یادی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەرمی بکەوە و بیخوسێنەوە.

---

٣٨٠) ((أخرجه مسلم (٢٧٠٢)).

٣٨١) ((الجامع لشعب الإيمان (٢ - ٣٩٦)).

ابْنِ عَبّاس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەڵێ: ((الشَّيْطانُ جاثِمٌ عَلى قَلْبِ ابْنِ آدَمَ فَإنْ سَها وغَفَلَ وسَوْسَ وإذا ذَكَرَ اللَّهَ خَنَسَ))[٣٨٢] واتا: شەیتان لەسەر دڵێ نەوەی ئادەم نیشتووە، جا ئەگەر نەوەی ئادەم هەڵەی کردو بێ ئاگا بوو ئەوا شەیتان وەسوەسەی بۆ دروست دەکات، وە کاتێکیش زیکری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی کرد ئەوا دەڕوات.

معاذ بن جبل (ت ١٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((مَا عَمِلَ ابْنُ آدَمَ عَمَلاً أَنْجَى لَهُ مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ))[٣٨٣] واتا: نەوەی ئادەم هیچ کردەوەیەکی نەکردووە کە ڕزگاری کردبێ لە سزای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەوێنەی زیکرو یادی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

أبو الدرداء (ت ٣١ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((إِنَّ لِكُلِّ شَيْءٍ جِلَاءً، وَإِنَّ جِلَاءَ الْقُلُوبِ ذِكْرُ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ))[٣٨٤] واتا: هەموو شتێک سپیکردنەوەی دەوێت و سپیکردنەوەی دڵیش بە زیکر و یادی اللَّه عَزَّوَجَلَّ خاوێن و سپی دەبێتەوە.

كَعْبُ بْنُ مَالِك (ت ٩٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((مَنْ أَكْثَرَ ذِكْرَ اللَّهِ فَقَدْ بَرِأَ مِنَ النِّفَاقِ))[٣٨٥] واتا: هەرکەسێك زیکرو یادی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زۆر بکات لەدووڕووی دوور دەبێت.

---

٣٨٢) ((مصنف ابن أبى شيبه (٣٥٩١٩)).
٣٨٣) ((شعب الإيمان (رقم: ٥١٩)).
٣٨٤) ((الجامع الشعب الايمان(٢/٢٥٥)).
٣٨٥) ((شعب الإيمان (١/ ٤١٥)).

مالك بن دينار (ت ١٢٣ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((مَا تَنَعَّمَ الْمُتَنَعِّمُونَ بِمِثْلِ ذِكْرِ اللهِ تَعَالَى))[٣٨٦] **واتا: ئاسوودەو خۆش گوزەرانەکان گوزەرانیان باش و ئاسوودە نەبووە بەوێنەی زیکری اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ.

ئیمامی الرَّبِيعُ بْنُ أَنَسٍ (ت ١٣٩ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((عَلَامَةُ حُبِّ اللَّهِ: كَثْرَةُ ذِكْرِهِ فَإِنَّكَ لَا تُحِبُّ شَيْئًا إِلَّا أَكْثَرْتَ مِنْ ذِكْرِهِ))[٣٨٧] **واتا: نیشانەی خۆشویستنی اللە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، **زۆر زیکردنیەتی، جا تۆ هیچ شتێکت خۆشنەویستوە ئیلا زیکرو یادت زۆر کردووە**

أبو الحسن الشاذلي (ت ٦٥٦ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((مِنْ عَلَامَاتِ النِّفَاقِ ثِقَلُ الذِّكْرِ عَلَى اللِّسَانِ، فَتُبْ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى يَخِفُّ الذِّكْرُ عَلَى لِسَانِكَ))[٣٨٨] **واتا: لەنیشانەکانی نیفاق دووڕووی گرانی زیکرە لەسەر زمان، جا تەوبە بکە بۆ لای اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئەوا زیکر کردن لەسەر زمانت ئاسان و سووک دەبێت.**

---

٣٨٦) ((صفة الصفوة (١٩٣/ ٣)).

٣٨٧) ((مدارج السالكين (٢/٢١٠)).

٣٨٨)) ((روضة الناظرين(ص٤٤)).

سهل بن عبدالله (ت ٢٨٣ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((مَا أَعْلَمُ مَعْصِيَةً أَقْبَحُ مِنْ تَرْكِ ذِكْرِ اللَّهِ تَعَالى))[٣٨٩] **واتا: وانازانم هیچ گوناهێك و مەعصیەتێك ناشریتر بێت لە وازهێنان لەزیکری اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بەرز و بڵند.**

ابن تيمية (ت ٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((الذِّكرُ لِلقَلْبِ مِثلُ المَاءِ لِلسَّمَكَةِ، فَكَيفُ يَكُونُ حَالُ السَّمَكِ إِذَا فَارَقَ المَاء؟))[٣٩٠] **واتا: یادی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بۆ دڵ وەکو ئاو وایە بۆ ماسی، حاڵی ماسی چۆن دەبێ گەر لە ئاو جیا بێتەوە؟**

ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((فَلِلذِّكْرِ تَأْثِيرٌ عَجِيبٌ فِي انْشِرَاحِ الصَّدْرِ وَنَعِيمِ الْقَلْبِ، وَلِلْغَفْلَةِ تَأْثِيرٌ عَجِيبٌ فِي ضِيقِهِ وَحَبْسِهِ وَعَذَابِهِ))[٣٩١] **واتا: زیکرکردن کاریگەریەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لە سینەفراوان کردن و خۆشیەکانی دڵ، وە بێ ئاگایش کاریگەریەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لە ناڕەحەتکردنی دڵ و بەستنەوەی و سزادانی.**

ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((أَنَّ فِي القَلْبِ قَسْوَةً لا يُذِيْبُهَا إِلَّا ذِكْرُ الله تَعَالى، فَيَنْبَغِي للعَبْدِ أَنْ يُدَاوِيَ قَسْوَةَ قَلْبِهِ بِذِكْرِ الله تَعَالى))[٣٩٢] **واتا: بەڕاستی**

---

٣٨٩) ((مفتاح الفلاح ومصباح الأرواح في ذكر الله الكريم الفتاح (ص: ١٩)).

٣٩٠) ((مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية (٨٥/١٠) . ونقله ابن القيم عنه في الوابل الصيب(ص: ٨٥)).

٣٩١) ((زاد المعاد (٢٤/٢)).

٣٩٢) ((الوابل الصيب (ص:٧١)).

لەدڵدا ڕەقیەك هەیە، نەرم نابێ ئیلا بەزیکری اللّه تعالی نەبێ، جا پێویستە لەسەر بەندە دڵی ڕەقی چارەسەر بکات بەزیکری اللّه تعالی.

هەروەها ابن القیم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((الْقَلْبُ كُلَّمَا اِشْتَدَّتْ بِهِ الْغَفْلَة اِشْتَدَّتْ بِهِ الْقَسْوَة، فَإِذَا ذَكَرَ اللَّهَ ذَابَت تِلْكَ الْقَسْوَة كَمَا يَذُوبُ الرَّصَاصُ فِي النَّارِ))[٣٩٣] واتا: هەرکاتێك دڵ زۆر بێئاگابوو ئەوە زۆر ڕەق دەبێت، وەکاتێك بەندە یادی اللّەی کرد ئەو ڕەقێتیەی دەتوێتەوە هەروەکو چۆن قورقوشم لەئاگردا دەتوێتەوە.

خوێنەری بەڕێز گەورەی فەزڵی زیکر کۆتایی نایێت، بەتایبەت ئەو زیکرانەی کە لە رسول اللّه وە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بۆمان هاتووەو فێری کردووین و پێی گوتووین پێی بپارێینەوە، لەوانە دەفەرموێت: ((مَنْ قَالَ: سُبْحانَ اللَّهِ وبِحَمْدِهِ، في يَومٍ مِئَةَ مَرَّةٍ، حُطَّتْ خَطاياهُ، وإنْ كانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ))[٣٩٤] واتا: هەرکەسێک لەڕۆژێک دا سەد جار ئەو زیکرە بخوێنێ: سُبْحانَ اللَّهِ وبِحَمْدِهِ، ئەوا گوناهەکانی لێ ڕەش دەبنەوە ئەگەر وەکو کەفی دەریاش بن.

هەروەها رسول اللّه صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ ئەو زیکرەی بەسەرکردەی زیکرەکان وەسف کردووە وە دەفەرموێت: هەرکەسێك بەیانیان بەیەقینەوە ئەم زیکرە بخوێنێت، ئەو ڕۆژە بمرێت دەچێتە بەهەشتەوە، وەئەگەر ئێوارە بیخوێنێت ئەوە ئەو شەوە بمرێت دەچێتە بەهەشتەوە.

---

٣٩٣) ((الوابل الصيب (ص:٧١)).

٣٩٤) ((أخرجه البخاري (٦٤٠٥) ومسلم (٢٦٩١)) من حديث أبي هريرة رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ.

زیکرەکەش بریتییە لە: ((اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي فَإِنَّهُ لَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ))[٣٩٥] واتا: یا اللّە تۆ پەروەردگارمیت و هیچ پەرستراوێکیش نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە تۆ، دروستت کردووم و منیش بەندەی تۆم، پەروەردگارە من لەسەر پەیمان و بەڵێنەکەی خۆمم کە بە تۆم داوە تا چەندە لە توانامدا بێت، یا اللّە پەنات پێدەگرم لە شەڕ و خراپەی ئەوەی کە ئەنجامم داوە، پەروەردگارە دان بەوەدا دەنێم کە تۆ بەخشش و نیعمەتت بەسەردا ڕشتووم، دانیش بە تاوانەکانمدا دەنێم و داوای لێ خۆش بوونت لێ دەکەم، هیچ کەسێکیش لە تاوانەکان خۆش نابێت جگە لە تۆ.

هەروەها رسول اللّه ﷺ دەفەرموێت: ((مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلا اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ؛ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ كَانَتْ لَهُ عَدْلَ عَشْرِ رِقَابٍ وكُتِبَتْ لَهُ مِائَةُ حَسَنَةٍ، وَمُحِيَتْ عَنْهُ مِائَةُ سَيِّئَةٍ، وَكَانَتْ لَهُ حِرْزًا مِنَ الشَّيْطَانِ يَوْمَهُ ذَلِكَ حَتَّى يُمْسِي، وَلَمْ يَأتِ أَحَدٌ بِأَفْضَلَ مِمَّا جَاءَ بِهِ إِلا رَجُلٌ عَمِلَ أَكْثَرَ مِنْهُ))[٣٩٦] واتا: هەرکەسێک ئەو زیکرە: (لاَ إِلَهَ إِلا اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ؛ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) بخوێنێ لەڕۆژێکدا سەدجار، وەکو ئەوە وایە کە ١٠ کۆیلەت ئازاد کردبێ، ١٠٠ چاکەت بۆدەنوسرێ، ١٠٠ گوناهیشت لەسەر ڕەش دەکرێتەوە، وەلە شەیتانیش دەپارێزرێی گەر بەیانی بێ تا مەغریب گەریش مەغریب بێ

---

٣٩٥) ((أخرجه البخاري (٦٣٠٦) عن شداد بن أوس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ .

٣٩٦)) ((أخرجه البخاري (٣٢٩٣) ومسلم (٢٦٩١)) من حديث أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

تابەیانی، وەکەسیش لەتۆ زیاتر پاداشتی نییە مەگەر کەسێک نەبێ کەلەتۆ زیاتری وتبێ.

هەروەها رسول اللّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پرسیاری لێکرا دەربارەی چ زیکرێك باشترینە: ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سُئِلَ : أَيُّ الْكَلَامِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ: مَا اصْطَفَى اللَّهُ لِمَلَائِكَتِهِ، أَوْ لِعِبَادِهِ : سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ))[٣٩٧] واتا: رسول اللّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پرسیاری لێ کرا، چ وتەیەک باشترینە ؟ فەرمووی: ئەوەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بۆ فریشتەکان یان بەندەکانی هەڵیبژاردووە: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ.

لەفەرموودەیەکی تردا رسول اللّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ بە أبو ذر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((أَلَا أُخْبِرُكَ بِأَحَبِّ الْكَلَامِ إِلَى اللَّهِ؟ قُلتُ: يا رَسُولَ اللهِ، أَخْبِرْنِي بِأَحَبِّ الْكَلَامِ إِلَى اللهِ، فَقَالَ: إِنَّ أَحَبَّ الْكَلَامِ إِلَى اللهِ: سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ))[٣٩٨] واتا: ئایە هەواڵت پێنەدەم ئەی أبو ذر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ بەخۆشەویسترین وتە لەلای اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ؟ أبو ذر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ گوتم هەواڵم پێبدە بەخۆشەویسترین وتە لەلای اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، رسول اللّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بەڕاستی خۆشەویسترین وتە لەلای اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ برتییە لە: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ.

---

٣٩٧) ((أخرجه مسلم (٢٧٣١)). من حديث أبو ذر الغفاري رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٣٩٨) ((أخرجه مسلم (٢٧٣١)) من حديث أبو ذر الغفاري رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

هەروەها رسول اللە ﷺ دەفەرموویت: ((أَحَبُّ الْكَلَامِ إِلَى اللهِ أَرْبَعٌ: سُبْحَانَ اللهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ. لَا يَضُرُّكَ بِأَيِّهِنَّ بَدَأْتَ))[٣٩٩] واتا: خۆشەویسترین وشە لای اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ چوارە (سُبْحَانَ اللهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ) زیانت پێناگەیەنێت بەهەرکامیان دەست پێ بکەیت.

هەروەها رسول اللە ﷺ لەفەرموودەیەکی تردا بۆمان بەیان دەکات کە زیکرکردن کاروباری ڕۆژانەمان بۆ ئاسان دەکات هەروەچۆن فاطیمەی کچی رسول اللە ﷺ دێتە لای رسول اللە ﷺ شەکوای ماندوو بونی خۆی دەکات بەهۆی ئیش و کارەوە جا داوای خزمەتکارێکی کرد رسول اللە ﷺ پێی فەرموو: ((أَلَا أَدُلُّكِ علَى ما هو خَيْرٌ لَكِ مِن خَادِمٍ؟ تُسَبِّحِينَ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَتَحْمَدِينَ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَتُكَبِّرِينَ أَرْبَعًا وَثَلَاثِينَ، حِينَ تَأْخُذِينَ مَضْجَعَكِ))[٤٠٠] واتا: ئایە هەواڵت پێبدەم بەشتێك کە لەخزمەتکار باشتربێ؟ ئەویش ئەوەیەکە دەچیتە سەر جێگا، سی و سێجار دەڵێی: سُبْحَانَ اللهِ، وە سی و سێجار دەڵێی: الْحَمْدُ لِلَّهِ، وەسی و چوارجار دەڵێی: اللهُ أَكْبَرُ .

---

٣٩٩) ((أخرجه مسلم (٢١٣٧)).

هەروەها وەصیەتی رسول اللە ﷺ بۆ صەحابەی بەڕێز: عَبْدَ اللَّهِ بنَ قَيْس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ کاتەك پێی فەرموو: ((أَلَا أَدُلُّكَ علَى كَلِمَةٍ مِن كَنْزٍ مِن كُنُوزِ الجَنَّةِ؟ قُلتُ: بَلَى يا رَسولَ اللَّهِ، فَدَاكَ أبِي وأُمِّي، قالَ: لا حَوْلَ ولَا قُوَّةَ إلَّا باللَّهِ))[٤٠١] واتا: ئایا وشەیەکت پێ نەڵێم کە گەنجینەیەکە لە گەنجینەکانی بەهەشت ؟ وتم: بەڵی ئەی رسول اللە ﷺ بە دایك و باوکمەوە بە قوربانت بم، فەرمووی: بڵێ: لا حَوْلَ ولَا قُوَّةَ إلَّا باللَّهِ.

هەروەها رسول اللە ﷺ لەزیکرێکی تر کە پاداشتێکی گەورەی لەسەرە ئاگادارمان دەکاتەوەو دەفەرموێت: ((أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَكْسِبَ كُلَّ يَوْمٍ ، أَلْفَ حَسَنَةٍ ؟ يُسَبِّحُ اللَّه مِائَةَ تَسْبِيحَةٍ ، فَيُكْتَبُ اللَّه لَهُ بها أَلْفُ حَسَنَةٍ ، أَوْ يُحَطُّ عَنْهُ أَلْفُ خَطِيئَةٍ))[٤٠٢] واتا: ئایە ناتوانێت یەکێك لە ئێوە بۆ خۆی بە دەست بێنێت هەموو ڕۆژێك هەزار خێر؟ سەد جار بڵێت (سُبْحَانَ اللّهِ) هەزار خێری بۆ دەنووسرێت، وەیان هەزار گوناهی ڕەش دەکرێتەوە.

---

٤٠١ ((أخرجه البخاري(٤٢٠٥)). من حديث أبو موسى الأشعري رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٤٠٢) ((أخرجه مسلم (٢٦٩٨)).

زیکرەکان زۆرن، هەروەها زیکرو دوعاکردن عیبادەتە هەروەکو چۆن رسول اللّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: ((الدُّعاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ))[٤٠٣] واتا: دوعاکردن بریتییە لە عیبادەت. جا بۆیە شەیتانی نەفرەت لێکراو دەیەوێت لەو پەرستشە گەورەیە بێ ئاگات بکات تاکو بێبەش بیت لەفەزڵ گەورەیی زیکری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وەزیکرو یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕزگارت دەکات لەشەیتان و فڕو فێڵەکانی هەروەکو چۆن رسول اللّه صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: ((الْعَبْدُ لَا يَنْجُو مِنَ الشَّيْطَانِ إِلَّا بِذِكْرِ اللّهِ))[٤٠٤] واتا: بەندە لەشەیتان ڕزگاری نابێت ئیلا بەزیکرو یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبێت.

٤٠٣) ((أخرجه أبو داود (١٤٧٩)، والترمذي (٢٩٦٩)، وابن ماجة (٣٨٢٨)).
٤٠٤) ((أخرجه الطيالسي (١١٦١) واللفظ له))

شەیتان هەوڵدەدات حەرامکراوەکان

بە مرۆڤ بخوات

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ (الأنعام:١٢١). **واتا:** ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ **ئێوە لەو سەربڕاوانە مەخۆن کە ناوی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەسەر نەهێنراوە، یان ئەوەی کە مردار بۆتەوە یان ئەوەی کە ناوی غەیری اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **لەسەر هێنراوە** ﴿وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ﴾ **ئەوە تاوانەو حەرامە** ﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ﴾ **وە شەیتانەکان وەحی ئەنێرن واتە: وەسوەسە دروست ئەکەن بۆ ئەولیاو دۆست و خۆشەویستانی خۆیان بۆ ئەوەی کە ئەوان مشتومڕو دەمەقاڵێ لەگەڵ ئێوەدا بکەن کە ئەیانووت: بۆچی ئێوە شتێك کە بەدەستی خۆتان ئەیکوژن واتە: سەری ئەبڕن حەڵاڵەو ئەیخۆن بەڵام شتێك کە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **کوشتوویەتی واتە: مردار بۆتەوە نایخۆن؟ ئەوە وەسوەسەی شەیتان بوو ئەیخستە دڵی دۆستەکانی خۆی بۆ ئەوەی کە مشتومڕو دەمەقاڵێ لەگەڵ موسڵمانانداا پێ بکەن، اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئەم ئایەتەی دابەزاند** ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ **وە ئەگەر ئێوە**

گوێرایەڵی ئەوان بکەن ئەوا ئێوەش لە موشریکان ئەبن، نابێ گوێرایەڵی موشریك بکەن و ئەوان حەڵاڵ و حەرامتان بۆ دیاری بکەن.

صەحابەی بەڕێز ابْن عَبَّاس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەربارەی ئەو ئایەتە دەڵێ: ((لَمَّا حَرَّمَ اللَّهُ الْمَيْتَةَ ، أَمَرَ الشَّيْطَانُ أَوْلِيَاءَهُ فَقَالَ لَهُمْ : مَا قَتَلَ اللَّهُ لَكُمْ ، خَيْرٌ مِمَّا تَذْبَحُونَ أَنْتُمْ بِسَكَاكِينِكُمْ! فَقَالَ اللَّهُ : ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾))[٤٠٥] واتا: کاتێك اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ گۆشتی مردارەوە بووی حەرام کرد، شەیتان فەرمانی بەدۆستەکانی کرد و پێی گوتن: ئەوەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کوشتویەتی بۆتان چاکترە لەوەی خۆتان سەری دەبڕن بە چەقۆکانتان ! جا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فەرمووی: ئێوە لەو سەربڕاوانە مەخۆن کە ناوی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەر نەهێنراوە، یان ئەوەی کە مردار بۆتەوە یان ئەوەی کە ناوی غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەسەر هێنراوە.

هەروەها صەحابەی بەڕێز ابْن عَبَّاس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەربارەی ئەو ئایەتە ﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ﴾ دەڵێ: ((شَيَاطِينُ الْجِنِّ يُوحُونَ إِلَى شَيَاطِينِ الْإِنْسِ))[٤٠٦] واتا: شەیتانە جنیەکان وەحی و وەسوەسەیان دەنارد بۆ شەیطانە ئینسیەکان واتا ئینسانەکان.

---

٤٠٥) ((تفسير الطبري(ج:١٢/ ص: ٧٩)).

٤٠٦) (تفسير الطبري (١٢/ ص:٧٩)

قَتَادَةَ (ت١١٧هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ﴾ **دەڵێ:** ((يَعْنِي عَدُوَّ اللَّهِ إِبْلِيسَ ، أَوْحَى إِلَى أَوْلِيَائِهِ مِنْ أَهْلِ الضَّلَالَةِ فَقَالَ لَهُمْ : خَاصِمُوا أَصْحَابَ مُحَمَّدٍ فِي الْمَيْتَةِ فَقُولُوا : أَمَّا مَا ذَبَحْتُمْ وَقَتَلْتُمْ فَتَأْكُلُونَ ، وَأَمَّا مَا قَتَلَ اللَّهُ فَلَا تَأْكُلُونَ ، وَأَنْتُمْ تَزْعُمُونَ أَنَّكُمْ تَتَّبِعُونَ أَمْرَ اللَّهِ! فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَلَى نَبِيِّهِ : ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾))[٤٠٧] **واتا: واتا ئیبلیس دوژمنی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، **وەحی و وەسوەسەی نارد بۆ دۆستەکانی خۆی ئەهلی گومڕا، پێی گوتن: مشتومڕو دەمەقاڵی بکەن لەگەڵ هاوەڵانی محمد دەربارەی شتی مردارەوە بوو، بڵێن: ئایە ئەوەی سەری دەبڕن و دەیکوژن دیخۆن ئەوشی کە اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بۆی کوشتوون (واتا: مردار بۆتەوە نایخۆن) ئێوە واش نیشان دەدەن کە شوێن فەرمانی اللّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **کەوتوون! جا ئەو ئایەتەی بۆسەر رسول اللّه** صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ **هێنا خوارەوە:** ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ **واتا: وە ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی ئەوان بکەن ئەوا ئێوەش لە موشریکان ئەبن، نابێ گوێڕایەڵی موشریك بکەن و ئەوان حەڵاڵ و حەرامتان بۆ دیاری بکەن.**

ئیمامی الطبری رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە دەڵێ:** ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ ((لَا تَأْكُلُوا ، أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ ، مِمَّا مَاتَ فَلَمْ تَذْبَحُوهُ أَنْتُمْ ، أَوْ يَذْبَحْهُ مُوَحِّدٌ يَدِينُ لِلَّهِ بِشَرَائِعَ شَرَعَهَا لَهُ فِي كِتَابٍ مُنَزَّلٍ ، فَإِنَّهُ حَرَامٌ عَلَيْكُمْ وَلَا مَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ مِمَّا ذَبَحَهُ الْمُشْرِكُونَ لِأَوْثَانِهِمْ ، فَإِنَّ أَكْلَ ذَلِكَ " فِسْقٌ " ،

---

٤٠٧) ((تفسير الطبري(ج:١٢/ ص: ٨٣)).

يَعْنِي : مَعْصِيَةَ كُفْرٍ))[٤٠٨] واتا: ئەی ئیمانداران ئەو شتەی مردووە ئێوە سەرتان نەبڕیوە یان موەحیدێك كە دینداری دەكات بەشەریعەتێك كەبۆی كردووە بەشەرع لەكتێبێكی دابەزێنراو لەلای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ، ئەوە حەرامە لەسەرتان خواردنی ئەوەشی بۆ غەیری اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ سەرئەبڕدرێت یان ناوی جگە لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی لێبهێنرێت ئەوانەی كە موشریكەكان سەریان بڕیوە بۆ بتەكانیان، جا خواردنی ئەوە تاوانەو حەرامە، واتا: تاوانی كوفرە.

گوتم: كەواتە مەرجە ئەو كەسەی سەربڕاوەكە سەر دەبڕێ موەحید بێت، چونكە قاعیدەیەكمان هەیە دەڵێ: ((الْأَصْلُ فِي الذَّبائِحِ التَّحْرِيمُ)) واتا: ئەسڵ لەسەربڕاودا حەرامكراوە. (هەتا بەڵگەیەك دەبێت حەڵاڵی دەكات) ئەو قاعیدەش كۆدەنگی هەرچوار مەزهەبی لەسەرە. مەزهەبی حەنبەلیەكان بڕوانە ئەو سەرچاوانە: ((الفروع)) لابن مفلح (٣٩٩/١٠)، ((المبدع شرح المقنع)) لبرهان الدين ابن مفلح (٢٠٧/٩)، ((شرح منتهى الإرادات)) للبهوتي (٤٢٩/٣). مەزهەبی شافیعیەكان بڕوانە ئەو سەرچاوانە: ((فتح العزيز)) للرافعي (٧٦/١)، ((المجموع)) للنووي (٨٠/٩)، وبُنظر: ((أسنى المطالب)) لزكريا الأنصاري (٤١/٢). مەزهەبی مالیكیەكان، بڕوانە ئەو سەرچاوانە: ((الشرح الكبير للدردير وحاشية الدسوقي)) (١٠٣/٢)، وبُنظر: ((أحكام القرآن)) لابن العربي (٣٥/٢)، ((الذخيرة)) للقرافي (١٧٩/٤). مەزهەبی حەنەفیەكان بڕوانە ئەو سەرچاوانە: ((العناية)) للبابرتي (١١٥/١)، ((الدر المختار)) للحصكفي (٢٩٤/٦)، وبُنظر: ((بدائع الصنائع)) للكاساني (٤٠/٥).

ئەو قاعیدەش هەڵقوڵاوی چەند بەڵگەیەكە لەوانە:

---

٤٠٨) ((تفسير الطبري (ج:١٢/ ص:٧٧)).

یەکەم: دوای ئەوەی عەدی کوڕی حاتم بە رسول اللّه ﷺ دەڵێ من سەگێکم ناردووە بۆ ڕاو وە بسم اللەم لەسەر کردووە رسول اللّەش ﷺ گوتی: ((إذا أرسَلْتَ كَلْبَكَ وسَمَّيْتَ، فأخَذَ فقَتَلَ فأكَلَ، فَلَا تأكُلْ؛ فإنَّما أَمْسَكَ عَلى نَفْسِهِ، قُلْتُ: إنِّي أُرسِلُ كَلْبي أَجِدُ مَعَهُ كَلْبًا آخَرَ، لَا أَدْرِي أَيُّهُمَا أخَذَهُ، فَقَالَ: لَا تَأْكُلْ؛ فإنَّما سَمَّيتَ على كَلْبِك، ولم تُسَمِّ على غَيرِه))[٤٠٩] واتا: ئەگەر سەگەت ناردوبسم اللّەت لەسەری کرد، ئەگەر ئەم سەگە نێچیرەکەی گرت و خواردی ئەوە مەیخۆ، چونکە ئەو سەگە بۆخۆی گرتووە، دەڵێ منیش گوتم: من سەگەکەی خۆم ناردووە بەڵام کاتێ دەچم سەگێکی تری لایە نازانم کامەیان ئەم نێچیرەیان گرتووە رسول اللەش ﷺ گوتی: مەیخۆ چونکە تۆ بسم اللّەت لەسەر سەگی خۆت کردووە نەوەك ئەوەی تر.

دووەم: لەرێوایەتێکی تردا رسول اللّه ﷺ بەعەدی دەڵێ: ((وَإِنْ أَدْرَكْتَهُ قَدْ قَتَلَ، وَلَمْ يَأْكُلْ مِنْهُ فَكُلْهُ، وَإِنْ وَجَدْتَ مَعَ كَلْبِكَ كَلْبًا غَيْرَهُ، وَقَدْ قَتَلَ فَلَا تَأْكُلْ ؛ فَإِنَّكَ لَا تَدْرِي أَيُّهُمَا قَتَلَهُ))[٤١٠] واتا: ئەگەر گەیشتی بەنێچیرەکە بینیت مردووەو هیچی لێ نەخوراوە ئەوا تۆ بیخۆ، بەڵام ئەگەر گەیشتی بەنێچیرەکەت بینیت مردووە نەخوراوە، بەڵام سەگێکی تری لەلایە ئەوا مەیخۆ چونکە نازانیت کامەیان کوشتویانە.

---

٤٠٩) ((أخرجه البخاري (٥٤٨٦) واللفظ له، ومسلم (١٩٢٩)).
٤١٠) ((أخرجه مسلم (١٩٢٩)).

كەواتە لێرە گومان دروست بوو بۆیە نێچیرەکە لەسەر ئەسڵی خۆی مایەوە کە حەرامە نابێ بیخۆی هەتا بۆت ڕوون دەبێتەوە ابن القيم رَحِمَهُ ٱللَّهُ لە کتیبی: ((إعلام الموقعين)) دەربارەی ئەو فەرموودە دەڵێ: ((لَمَّا كَانَ الْأَصْلُ فِي الذَّبَائِحِ التَّحْرِيمَ وَشَكَّ هَلْ وُجِدَ الشَّرْطُ الْمُبِيحُ أَمْ لَا؟ بَقِيَ الصَّيْدُ عَلَى أَصْلِهِ فِي التَّحْرِيمِ))[٤١١] واتا: مادام ئەسڵ لەسەر بڕاودا حەرامە، ئەوەش گومانی هەبوو ئایە مەرجێك بینراوە بۆ ئەوەی گۆشتەکە حەڵاڵ بکات یان؟ ئەوا بۆیەش نێچیرەکە لەسەر ئەسڵەکەی خۆی مایەوە کە حەرامە.

ئیمامی الطبري (ت٣١٠هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَأَوْلَى الْأَقْوَالِ فِي ذَلِكَ بِالصَّوَابِ أَنْ يُقَالَ : إِنَّ اللَّهَ أَخْبَرَ أَنَّ الشَّيَاطِينَ يُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوا الْمُؤْمِنِينَ فِي تَحْرِيمِهِمْ أَكْلَ الْمَيْتَةِ ... وَجَائِزٌ أَنْ يَكُونَ الْمُوحُونَ كَانُوا شَيَاطِينَ الْإِنْسِ يُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ مِنْهُمْ وَجَائِزٌ أَنْ يَكُونُوا شَيَاطِينَ الْجِنِّ أَوْحَوْا إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ مِنَ الْإِنْسِ وَجَائِزٌ أَنْ يَكُونَ الْجِنْسَانِ كِلَاهُمَا تَعَاوَنَا عَلَى ذَلِكَ ، كَمَا أَخْبَرَ اللَّهُ عَنْهُمَا فِي الْآيَةِ الْأُخْرَى الَّتِي يَقُولُ فِيهَا : ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنْسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا﴾))[٤١٢] (الأنعام:١١٢). واتا: واتا:نزیکترین وتە لەصەواب و ڕاست ئەویە کە دەگوترێ: اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ هەواڵی داوە کە شەیتانەکان وەحی و وەسوەسە دەنێرن بۆ دۆستەکانی خۆیان بۆ ئەوەی مشتومڕو دەمەقاڵی لەگەڵ ئیمانداران بکەن دەربارەی حەرامی خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو، وە دروستە ئەوانەی وەحی و وەسوەسە

٤١١) ((كتاب إعلام الموقعين عن رب العالمين (١/ ٢٥٦)).
٤١٢) ((تفسير الطبري(ج:١٢/ ص:٧٩)).

دەکەن بۆ دۆستانی خۆیان شەیتانی ئینس ئادەمیزاد بن، وە دروستیشە ئەوانەی وەحی و وەسوەسە دەکەن بۆ دۆستانی خۆیان شەیتانە جنەکان بن کە وەحی دەکەن بۆ ئینسانەکان، وە دروستیشە هەردوو جینس واتا: شەیتان و ئینسان، یارمەتی دەری یەك بن لەسەر ئەوە، هەروەکو چۆن اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەئایەتی تردا هەواڵی پێداوین دەربارەیان کە دفەرموویێت: هەر بەو شێوەیە کێشمە کێشی ئیمانداران و خوانەناسان بەردەوامە جا بۆ هەموو پێغەمبەرێک بۆ ئیماندارانیش دوژمنێکمان لە شەیتانەکانی ئادەمیزاد و جنی سازاندوە، کە بەردەوام قسەی زل و ڕازاوە دەدەن بەگوێی یەکداو خۆیان و خەڵکی پێ سەرگەردان و گومڕا دەکەن.

خوێنەری بەڕێز شەیتان هەوڵدەدات خەڵک شەریک بۆ اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دابنێن لەحەڵاڵ و حەرام کراوەکانی و هەروەها شەیتان دەیەوێ بەندەکان بکەونە ناو حەرامەوە حەرام بخۆن هەروەها دەیەوێت لەو شتانەشی کە حەڵاڵن[٤١٣] بیان کات بەحەرام بەجۆرێك وا لەخەڵکی بکات لەکاتی سەر بڕین ناوی کەسی تری لێبێنێ یان ئەوشتە حەڵاڵانە بۆ غەیری اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکرێت، وەك چۆن رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ((لَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ))[٤١٤] واتە: اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ

---

٤١٣) رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ((الْحَلَالُ بَيِّنٌ، وَالْحَرَامُ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا مُشَبَّهَاتٌ لَا يَعْلَمُهَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقَى الْمُشَبَّهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ كَرَاعٍ يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوشِكُ أَنْ يُوَاقِعَهُ)). واتا: بەڕاستی ئەو کاروکردەوانەی حەڵاڵ کراون لەلایەن اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕوون و ئاشکراو دیارن، هەروەها ئەو کاروکردەوانەش کەحەرام کراون لەلایەن اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ڕوون و ئاشکراو دیارن، لەنێوان ئەم دوانەدا هەندێ شت هەن جێگای گومانن، حەڵاڵی و حەرامیان ڕوون و ئاشکرا نییە زۆر کەس نازانن حەڵاڵە یان حەرامە جا هەرکەس خۆی لەو کارانە پاراست کەجێگەی گومانن ئەوە شەرەف و ناموس و دینی لەنەنگی دەپارێزێت و سەلامەت دەبێت، ئەوەی بکەوێتە ناو گومانەوە، دەکەوێتە ناو حەرامەوە.

٤١٤) أخرجه مسلم(١٩٧٨) من حديث علي بن أبي طالب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

لەعنەتی (نەفرەتی) کردووە لەو کەسەی حەیوان بۆ غەیری اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ سەرئەبڕێت.

گوتم: کەواتە لێرەدا شەیتان هەم دەیەوێت شیرکت پێ بکات هەمیش دەیەوێت بەر نەفرەتی پەروەردگارت بکەوی ! وە دەیەوێت حەرامکراوەکان حەڵاڵ بکەی و حەڵاڵ کراوەکانیش حەرام بکەی زوجاج رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾. دەڵێ: ((هَذِهِ الْآيَة فِيهَا دَلِيلٌ أَنَّ كُلَّ مَنْ أَحَلَّ شَيْئًا مِمَّا حَرَّمَ اللَّه عَلَيْهِ أَوْ حَرَّمَ شَيْئًا مِمَّا أَحَلَّ اللَّه لَهُ فَهُوَ مُشْرِكٌ، لَوْ أَحَلَّ مُحِلَّ الْمَيْتَةِ فِي غَيْرِ اِضْطِرَارٍ، أَوْ أَحَلَّ الزِّنَا لَكَانَ مُشْرِكًا بِإِجْمَاعِ الأُمَّةِ، وَإِنْ أَطَاعَ اللَّهَ فِي جَمِيعِ مَا أُمِرَ بِهِ، وَإِنَّمَا سُمِّيَ مُشْرِكًا لِأَنَّهُ اتَّبَعَ غَيْرَ اللَّهِ، فَأَشْرَكَ بِاللَّهِ غَيْرَهُ))[٤١٥] واتا زوجاج دەربارەی ئەو ئایەتە دەڵێ ئەو ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەو کەسەی شتێک حەڵاڵ بکات لەوەی کە اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ حەرامی کردووە ، یان شتێک حەرام بکات لەوەی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ حەڵاڵی کردووە، ئەو کەسە موشریکە، گەر مردارەوەبوو بەبێ ناچاربوون لەکاتی پێویستی بەحەڵاڵ بزانێ یاخود زینای پێ حەڵاڵ بێ، ئەوە موشریکە بەکۆدەنگی ئوممەت، ئەگەرچی گوێڕایەڵی اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکات لەهەموو ئەو شتانەی فەرمانی پێکراوە، لەبەر ئەوە ناوی لێنراوە موشریک چونکە شوێن ڕێبازی جگە لە اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کەوتووە، هاوبەشی بۆ اللَّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بڕیار داوە.

---

٤١٥) (معاني القرآن وإعرابه(٢/ ٢٨٧)

ئەهلی عیلم دەربارەی بسم اللّه نەکردن لەسەر سەر بڕاودا سێ ڕایان هەیە: ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ ئێوە لەو سەربڕاوانە مەخۆن کە ناوی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی لەسەر نەهێنراوە، یان ئەوەی کە مردار بۆتەوە یان ئەوەی کە ناوی غەیری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی لەسەر هێنراوە. ئەوانەی کە دەڵێن دروست نییە سەر بڕاو بخورێت ئەگەر هاتوو بسم اللّەی لەسەر نەکرابوو پشتیان بەو ئایەتە بەستووە کردویانە بەبەڵگە ئەگەر هاتوو سەر برەکە موسوڵمانیش بێ.

ڕای یەکەم: «کۆمەڵێکی زۆر لەزانایان، وەبەشێك لە صەحابەکانیش رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ گێڕدرایتەوە، کە ئەو سەربڕاوانەی بەو شێوەیە (واتا: بسم اللّەی لەسەر نەکراوە) دروست نییە، جا ئەوان پشتیان بەو ئایەتەی ڕاوکردن بەستووە: ﴿فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ﴾ (المائدة:٤). واتا: بخۆن لەوەی بۆتان دەگرن و ناوی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی لێ بهێنن کاتێک بەڕەڵای دەکەن و کاتێک لێی دەخۆن.

ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەری، وە پشتیان بەچەند فەرموودەیەکیش بەستووە کە فەرمان بە بسم اللّه کردن دەکات لەکاتی سەربڕین و ڕاوکردندا وەك دوو فەرموودەکەی عەدی کوڕی حاتەم و باوکی ثەعلەبە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا: دەڵێ: رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: «إِذَا

أَرْسَلْتَ كَلْبَكَ المُعَلَّمَ، وَذَكَرْتَ اسْمَ اللهِ عليه فَكُلْ))[٤١٦] واتا: کاتێک سەگە ڕاهێنراوەکەت نارد و ناوی اللَّەت لەسەر هێنا ئەوەی گرتی بیخۆ.

وەفەرموودەی رافیعی کوڕی خەدیج رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: ((مَا أَنْهَرَ الدَّمَ وَذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ، فَكُلُوهُ))[٤١٧] واتا: رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ئەوەی خوێنی لەبەر ڕۆیشت و ناوی اللَّەی لەسەر هێنرا بیخۆ.

وفەرموودەی ابن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: ((لَكُمْ كُلُّ عَظْمٍ ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ))[٤١٨] واتا: رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: خواردنی ئێوە هەموو ئێسکێکە کە مرۆڤ دەیخوات و بسم اللَّەی لێ کردبێت. (ئەوە دەربارەی پرسیاری جنەکان بوو کە پرسیاریان لە رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ کردبوو)

وەفەرموودەی جوندوبی کوڕی سوفیانی بەجەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: ((مَنْ ذَبَحَ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ فَلْيَذْبَحْ أُخْرَى مَكَانَهَا، وَمَنْ لَمْ يَذْبَحْ فَلْيَذْبَحْ بِاسْمِ اللَّهِ))[٤١٩] واتا: رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ دەڵێ: هەرکەسێك قوربانی کردووە پێش ئەوەی نوێژی جەژن بکات، ئەوە با لەجیاتی ئەو قوربانیە قوربانیەکی تر بکات، وە ئەوەشی نەیکردووە با بیکات و ناوی اللَّەی لەسەر بێنێ.

---

٤١٦) أخرجه البخاري (٥٤٨٧، ١٧٥، ٢٠٥٤، ٥٤٧٤، ٥٤٧٥، ٥٤٧٦، ٥٤٨٣، ٥٤٨٤، ٥٤٨٦، ٧٣٩٧). ومسلم (١٩٢٩). من حديث عدي بن حاتم الطائي رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٤١٧) أخرجه البخاري (٣٠٧٥، ٢٤٨٨، ٢٥٠٧، ٥٤٩٨، ٥٥٠٣، ٥٥٠٦، ٥٥٠٩، ٥٤٤٣، ٥٥٤٤) من حديث رافع بن خديج رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٤١٨) أخرجه مسلم (٤٥٠) من حديث عبدالله بن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٤١٩) أخرجه البخاري (٩٨٥، ٥٥٠٠، ٥٥٦٢، ٦٦٧٤، ٧٤٠٠،) ومسلم(١٩٦٠) من حديث جندب بن عبدالله رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

((عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا ، أَنَّ قَوْمًا قَالُوا لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ قَوْمًا يَأْتُونَا بِاللَّحْمِ، لَا نَدْرِي أَذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ أَمْ لَا. فَقَالَ : " سَمُّوا عَلَيْهِ أَنْتُمْ، وَكُلُوهُ ". قَالَتْ : وَكَانُوا حَدِيثِي عَهْدٍ بِالْكُفْرِ))[٤٢٠] واتا: لەدایکمان عائیشەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا دەفەرموویت: گوتیان بە رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ گۆشتمان بۆ دێنن، نازانین ئایە ناوی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى یان لەسەر هێناوە یان نا ؟ رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئێوە ناوی اللّەی لەسەر بێنن و بیخۆن. دایکمان عائیشە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا دەفەرموویت: ئەوانە تازە موسوڵمان بووبوون))[٤٢١]

ڕای دووەم: ((دەڵێن بسم اللّه کردن مەرج نییەو بەڵکو موستەحەببە، جا ئەگەر بەئەنقەست بسم اللّه نەکات یانیش لەبیری کرد ئەوە هیچ زیانێکی نابێ دروستە، ئەوەش مەزهەبی ئیمامی شافعی و هەموو هاوڕی کانیەتی رَحِمَهُمُ اللَّهُ، وە ڕیواتێکیش لە ئیمامی ئەحمەدەو ڕیوایتێکیش لە ئیمامی مالیکە رَحِمَهُمُ اللَّهُ ، وە لە دەستەیەك لە صەحابەکانیش رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ گێڕدراوەتەوە، وە ئیمامی شافعی رَحِمَهُ اللَّهُ ئەو ئایتەی کردۆتە بەڵگە ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ﴾ ئێوە لەو سەربڕاوانە مەخۆن کە ناوی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى لەسەر نەهێنراوە، یان ئەوەی کە مردار بۆتەوە یان ئەوەی کە ناوی غەیری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى لەسەر هێنراوە ئەوە تاوانەو حەرامە. لەسە ئەو شتەی کە بۆ غەیری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى سەر بڕاوە وەك وتەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى کە

---

٤٢٠) أخرجه البخاري(٢٠٥٧، ٥٥٠٧، ٧٣٩٨) من حديث عائشة أم المؤمنين رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا

٤٢١) ((مختصر تفسير ابن كثير (ج:٢/ ص: ٦٢ ـ ٦٣)).

دەفەرموویت: ﴿أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ﴾ (الأنعام:١٤٥). یان حەرامە کە بۆ غەیری اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ سەربڕابێت وەکو بۆ بتەکان، یان ناوی غەیری اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی لەسەر هێنرابێت. وەهەروەها ئیمامی بەیهەقیش ئەو فەرموودەی دایکمان عائیشەی کردووە بەبەڵگە ئەوەی لەپێشوو باسکرا: ((عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، أَنَّ قَوْمًا قَالُوا لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ قَوْمًا يَأْتُونَا بِاللَّحْمِ، لَا نَدْرِي أَذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ أَمْ لَا. فَقَالَ : " سَمُّوا عَلَيْهِ أَنْتُمْ، وَكُلُوهُ ". قَالَتْ : وَكَانُوا حَدِيثِي عَهْدٍ بِالْكُفْرِ)) واتا: لەدایکمان عائیشەوە دەفەرموویت: گوتیان بە رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ خەڵکی گۆشتمان بۆ دێنن، نازانین ئایە ناوی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ یان لەسەر هێناوە یان نا ؟ رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئێوە ناوی اللّەی لەسەر بێنن و بیخۆن. دایکمان عائیشە دەفەرموویت: ئەوانە تازە موسوڵمان بووبوون. جا دەفەرموویت ئەگەر بوونی بسم اللّە مەرج بوایە ئەوە رسول اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ ڕوخسەتی نەدەدان ئیلا بەوە نەبێ کە بسم اللّەی لەسەر کرابێ))[٤٢٢]

ڕای سێیەم: ((دەفەرموون ئەگەر لەسەر سەربڕاودا لەبیری چوو بسم اللّه بکات ئەوە زیانی نابێ واتا دروستە، بەڵام ئەگەر بە ئەنقەست بسم اللّەی نەکرد ئەوە دروست نییە، ئەوە لەمەزهەبی ئیمامی مالیك و ئیمامی ئەحمەد رَحِمَهُمُ اللَّهُ بەربڵاوەو مەشهورە، وە ئەبوحەنیفەو هاوڕی کانیشی ، وە ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەیهی لەسەر ئەو ڕایەن ، وە ئەوە لەدەستەیەك لە صەحابەکان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ و تابیعینەکانیش رَحِمَهُمُ اللَّهُ گێڕدراوەتەوەو ڕای

٤٢٢ ((مختصر تفسير ابن كثير (ج:٢/ ص: ٦٣)).

زۆرینەیە. ئیمامی ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر دەفەرموێت: هەرکەسێك سەبڕاوی دەستی ئەو کەسە حەرام بکات کە لەبیری کردووە بسم اللّه لەسەر بکات، ئەوە لە وتەی هەموو بەڵگەکان دەرچووەو پێچەوانەی خەبەرو هەواڵی جێگیری کردووە کە لە رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ هاتووە دەربارەی ئەوە»[٤٢٣]

٤٢٣) ((مختصر تفسير ابن كثير (ج:٢/ ص:٦٣ـ ٦٤)).

شەیتان دەیەوێت کوفر بەئایەتەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکەی

اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموێت:** ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ (الأنعام:٦٨). **واتا:** ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ **کاتێکیش ئەوانەت بینی کە دەم لە ئایەتەکانی ئێمەوە دەدەن و (دەیکەنە گاڵتەجاڕی خۆیان) ئەوە تۆ پشتیان تێ بکەو کۆڕو کۆبوونەوەیان بەجێ بهێڵە** ﴿حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ﴾ **هەتا ئەو کاتەی دەچنە ناو باسێکی تر،** ﴿وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ﴾ **کاتێکیش ئەگەر شەیطان لە بیری بردیتەوە (کە دوور بکەویتەوە لێیان)** ﴿فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ **جا دوای ئەوەی کە بیرت هاتەوە لەگەڵ قەومی ستەمکاران دامەنیشە.**

خوێنەری بەڕێز شەیتان دەیەوێت بکەویتە ناو کوفرەوە بەوەی ئەگەر هاتوو لەلای تۆ کوفر کرا تۆش ئەو شوێنە جێ نەهێڵی یان ئینکاری نەکەی چونکە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **فەرمانی بە ئیمانداران کردووە**

ئەگەر هاتوو گاڵتە بەئایتەکانی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کرا ئەو شوێنە جێ بێڵن و بڕۆن ئەگینا ئەوانیش وەکو ئەوانن هەروەکو چۆن اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا﴾ (النساء:١٤٠). واتا: ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا﴾ وە لە قورئانی پیرۆزدا بۆ ئێوە دابەزیوە ئەگەر لە هەر مەجلیس و شوێنێکدا بیستتان ئایەتەکانی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کوفری پێ ئەکرێ وە گاڵتەی پێ ئەکرێ ﴿فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ﴾ لەگەڵ ئەو کەسانەدا دامەنیشن و ئەو مەجلیسانە بەجێ بێڵن یاخود ئینکاری بکەن ﴿حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ﴾ تا ئەو قسانە ئەگۆڕن وە دەست ئەکەن بەقسەی تر ﴿إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ﴾ ئەگەر لەگەڵ ئەوانە دانیشن کە گاڵتە بە ئایەتەکانی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەکەن وە کوفری پێ ئەکەن وە ئینکاریتان نەکرد ئەوە بە دڵنیایی ئێوەش وەکو ئەوان وان، واتە: لە کوفردا ئێوەش کافر ئەبن بۆیە ئەبێ ئەو مەجلیسانە بەجێ بهێڵن یاخود ئینکاری بکەن ﴿إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا﴾ بە دڵنیایی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ منافیقان و کافران هەموویان لە ئاگری دۆزەخدا کۆ ئەکاتەوە ئەوانەی کە گاڵتەیان بە دینی اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ کردووە.

جا خوێنەری بەڕێز پێویستە ئاگاداربین و قسەیەك نەكەین كە لەڕەزامەندی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبێ چونكە جار وایە ئینسان بەیەك وتە یان كردار لەدین دەچێتە دەرەوە هەروەچۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ﴿٦٦﴾﴾ (التوبة: ٦٦_ ٦٥). واتا: ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ﴾ وە كاتێك كە پرسیاریان لێ بكەی بۆچی ئەم قسانەتان كردووەو تانەو تەشەر لە رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ لە صەحابەو لە دین ئەدەن ئەو كاتە ئەڵێن ئەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ ڕێگا دوور بوو دەمەتەقێمان ئەكرد بۆ ئەوەی دووری ڕێگاكە ببڕین وە گاڵتەمان ئەكردو كاتمان بەسەر ئەبرد ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ﴾ ئەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ پێیان بڵێ: ئایا ئێوە شت نەما گاڵتەی پێ بكەن ئیلا اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و ئایەتەكانی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ نەبێ ئایا ئێوە گاڵتە بەمانە ئەكەن؟ ﴿لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ پاكانە مەكەن چونكە بەڕاستی ئێ٤وە كافر بوون، پاش بڕوا هێنانتان.

عبداللَّەی كوڕی عومەر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەربارەی هۆكاری دابەزینی ئەو ئایەتە دەفەرموێت: ((عن عبدِ اللهِ بنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ، قَالَ: قَالَ رَجُلٌ في غَزْوَةِ تَبوكَ في مَجْلِسٍ يَوْمًا: مَا رَأَيْتُ مِثْلَ قُرَّائِنَا هَؤُلَاءِ، لَا أَرْغَبَ بُطُونًا، وَلَا أَكْذَبَ أَلْسِنَةً، وَلَا أَجْبَنَ عِنْدَ اللِّقَاءِ! فَقَالَ رَجُلٌ في الْمَجْلِسِ: كَذَبْتَ، وَلَكِنَّكَ مُنَافِقٌ، لَأُخْبِرَنَّ رَسولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ، فَبَلَغَ ذَلكَ النبيَّ

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ، وَنزلَ القرآنُ))[٤٢٤] واتا: عبداللّەی کوڕی عومەر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەڵێ: لە غەزای تەبووکدا کەسێك لە مونافیقان وتی: کەسم نەبینیوە وەکو رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ ئەم صەحابانە کە بەخەمی سکیانەوە بن، وە لە کاتی قسەکردندا درۆ بکەن، وە لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی دوژمن ترسنۆك بن، پیاوێك لە صەحابە فەرمووی: درۆت کرد بەڵکو تۆ منافیقی ئەبێ هەواڵ بە رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ بدەم، تا ئەوە گەیشتە لای رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ جا اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى ئەم ئایەتەی دابەزاند.

خوێنەری بەڕێز بەیەك وشە ئینسان لەدین دەچێتە دەرەوە بۆیە پێویستە زۆر ئاگاداربین اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ مَا قَالُوا وَلَقَدْ قَالُوا كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُوا بَعْدَ إِسْلَامِهِمْ﴾ (التوبة:٧٤). واتا: دووڕووەکان سوێند دەخۆن کە قسەیەکی نابەجێیان نەکردووە، ﴿وَلَقَدْ قَالُوا كَلِمَةَ الْكُفْرِ﴾ بە دڵنیایی ئەوان قسەیەکی کوفریان کرد ﴿وَكَفَرُوا بَعْدَ إِسْلَامِهِمْ﴾ وە کافر بوون لە دوای ئەوەی کە پێشتر موسڵمان بوونی خۆیان ئاشکرا کردبوو. سەیرکە خوێنەری بەڕێز تەنها بەیەك قسەی کوفر کافر بوون پەنا بە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى.

وەهەروەها لەفەرموودەش ئاماژە بەترسناکی قسەی کوفر کراوە کە جارواپە ئینسان بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێ چی دەڵێ توشی کوفر دەبێ !

---

٤٢٤) ((تفسير ابن كثير ج٢، ص:٣٠٣)).

رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ دەفەرموويت: ((إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ رِضْوَانِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لَهَا بَالاً يَرْفَعُهُ اللَّهُ بِهَا دَرَجَاتٍ ، وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لَهَا بَالاً يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ))[٤٢٥] واتا: پیاوی وا هەیە قسەیەك دەكات كە لەڕەزامەندی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ یە هەر گوێشی پێنادات بەقسەكە (واتا: لەعاقیبەت و گەورەیی قسەكە ناكۆڵێتەوە) ئەوە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بەو قسەیە بەچەندین پلە بەرزی دەكاتەوە، وە پیاوی واش هەیە قسەیەك دەكات، لەتورە بوونی اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ هەر گوێشی پێنادات بەقسەكە (واتا: لەعاقیبەت و گەورەیی قسەكە ناكۆڵێتەوە) ئەوە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ بەو قسەیە دەیباتە دۆزەخ.

جا وریابە بەر لەوەی قسەیەك بكەی بیربكەوە بزانە ئایە ئەو قسەیەت زەرەری بۆ دینت هەیە یان نا، جا ئەگەر سوودی بۆ دینت نەبوو ئەوە مەیڵێ، هەروەكو چۆن رسول اللّه صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَعَلَىٰآلِهِوَسَلَّمَ فەرموویەتی: ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ))[٤٢٦] واتا: ئەوەی باوەڕی بە اللّه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ و قیامەت هەیە با قسەیەكی خێر بكات ئەگەرنا بێدەنگ بێت.

٤٢٥) أخرجه البخاري (٦٤٧٨). ومسلم (٢٩٨٨) من حديث أبي هريرة رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ

٤٢٦) أخرجه البخاري (٦٤٧٥) ومسلم (٤٧). من حديث أبي هريرة رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ

شەیتان دەیەوێت موسوڵمانان هان بدات بۆ دڵتەنگکردنی یەکتری

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿إِنَّمَا النَّجْوَىٰ مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ (المجادلة:١٠). **واتا:** ﴿إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ **ئەو چپەچپەی کە بەتاوان و سەرپێچی کردن و دژایەتی کردنە ئەمە تەنها لەلایەن شەیطانەوەیە بۆ ئەوەی کە خەفەت بدات بە باوەڕداران و باوەڕداران خەفەت بخۆن بەڵام بە ئیزنی اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **هیچ زیانێکیان پێ ناگەیەنێ،** ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ **وە با باوەڕداران تەنها پشت بە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ببەستن وە کارەکانیان تەنها بە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **بسپێرن.**

لەفەرموودەیکی صەحیحدا کە عبداللَّەی کوڕی مەسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ:** ((عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " إِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً، فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ صَاحِبِهِمَا ؛ فَإِنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ))[٤٢٧] **واتا: لە عبداللَّەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **دەڵێ: رسول اللَّه** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموویت: ئەگەر سێ کەس بوون با دوانتان بە نهێنی و چپەچپ**

---

٤٢٧) أخرجه البخاری (٦٢٩٠) ومسلم (٢١٨٤). من حديث عبدالله بن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

قسه نەکەن ئیلا مەگەر ئیزنی سێیەم وەربگرن، چونکە پێی ناخۆشەو خەفەتی لێدەخوات.

خوێنەری بەڕێز دروست نییە ئینسان دڵی برا موسوڵمانەکەی تەنگ بکات، چونکە بەو هۆیەوە شەیتان دڵی خۆشدەبێت، وەهەروەها اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەخۆی تورە دەکات، ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَلَا شَيْءَ أَحَبَّ إِلَى الشَّيْطَانِ مِنْ حُزْنِ الْمُؤْمِنِ))[٤٢٨] واتا: هیچ شتێك هێندە خۆشەویستر نییە لەلای شەیتان لەدڵتەنگی ئیماندارێك.

---

٤٢٨) (طريق الهجرتين (ص:٢٧٩)

شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات خەڵکی بەدرەوشت و خراپەکار بن

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَنْ يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَىٰ مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (النور: ٢١). واتا: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ﴾ ئەی باوەڕداران ئێوە شوێنی نەخشەو پیلان و ڕێچکەو کردەوەی شەیتان مەکەون ﴿وَمَنْ يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾ چونکە هەر کەسێك شوێن هەنگاو و گومان و پیلان و ڕێچکەی شەیطان بکەوێت ئەوا بە دڵنیایی شەیتان فەرمان ئەکات بە بەدڕەوشتی و خراپەکاری و تاوان ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ﴾ وە دیسان ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەتی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبوایە، ﴿مَا زَكَىٰ مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ أَبَدًا﴾ ئەوا هەرگیز هیچ کەسێکی لە ئێوە پاك نەئەکردەوە لە تاوان ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ﴾ بەڵام اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ویستی لێ بێت هەر کەسێك پاك بکاتەوە لە تاوان پاکی ئەکاتەوە بە فەزڵ و ڕەحمەتی خۆی ﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ

عَلِيمٌ﴾ وه اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زۆر بیسەرەو هەموو شتێك ئەبیستێ وه زۆر زانایه.

گوتم: خوێنەری بەڕێز وریابه شەیتان دەیەوێت ئینسانەکان فاحیشه چی و بەدڕەوشت بن بۆ ئەوەی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەخۆیان بڕەنجێنن اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەئاتێکدا هەڕەشەیەکی توند لەوانه دەکات که پێان خۆشه کرداری فاحیشەو زینا بڵاو بێتەوه، دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلْفَٰحِشَةُ فِى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ (النور:١٩). واتا: بەڕاستی ئەوانەی پێیان خۆشه زینا (کرداری ناشرین) بڵاوبێتەوه لەناو خەڵکی ئیماندارداا سزای سەختیان بۆ هەیه له دنیاو ڕۆژی دوایی دا وه اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەزانێ و ئێوه نازانن.

هەروەها اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەقورئاندا ئێمەی ئاگادار کردۆتەوەی لەوەی شوێن هەنگاوی شەیتان نەکەوین چونکه شەیتان فەرمان دەکات بەبەدڕەوشتی و خراپەکاری هەروەها ئەوانەشی تۆمەتی ناپاکی دەدەن پاڵ ئافرەتانی داوێن پاك ئەوه نەفەرەتیان لێکراوه. اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَنْ يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَىٰ مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ۝٢١ ..... إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ

عَظِيمٌ﴿٢١﴾﴾ (النور: ٢١، ٢٣). واتا: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ﴾ ئەی باوەڕداران ئێوە شوێنی هەنگاو و نەخشەو پیلان و ڕێچکەو کردەوەی شەیتان مەکەون ﴿وَمَنْ يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾چونکە هەر کەسێك شوێن هەنگاو و گومان و پیلان و ڕێچکەی شەیتان بکەوێت ئەوا بە دڵنیایی شەیطان فەرمان ئەکات بە بەدڕەوشتی و خراپەکاری و تاوان ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ﴾ وە دیسان ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ نەبوایە، ﴿مَا زَكَىٰ مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ أَبَدًا﴾ ئەوا هەرگیز هیچ کەسێکی لە ئێوە پاك نەئەکردەوە لە تاوان ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ﴾ بەڵام اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ویستی لێ بێت هەر کەسێك پاك بکاتەوە لە تاوان پاکی ئەکاتەوە بە فەزڵ و ڕەحمەتی خۆی ﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ وە زۆر بیسەرەو هەموو شتێك ئەبیستێ وە زۆر زانایە. ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ ئەو کەسانەی کە ئافرەتانی داوێن پاکی بێئاگا لە تاوان و باوەڕدار تۆمەتبار ئەکەن بە زینا کردن وەکو (عائیشە) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا یان تۆمەتبار کرد کە مەبەست پێی (عبداللّه ی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) و هەندێکی تر لە مونافیقانە بەدڵنیایی ئەو کەسانە لەعنەتی پەروەردگاریان لێکراوە لە دونیا کە دوور ئەبن لە ڕەحمەتی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ، وە لە قیامەتیشدا بە ئاگری دۆزەخ ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ وە سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە، ئەم ئایەتەیش لەسەر

(عائیشه) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا دابەزی، بەڵام حوکمەکەی گشتیە زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە لە پاش ئەم ئایەتانە هەرکەسێك (عائیشه) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا تۆمەتبار بکات بە زینا ئەوا کافرە چونکە باوەڕی بەم ئایەتانە نییە.

هەروەها رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: ((لاَ أَحَدَ أَغْيَرُ مِنَ اللَّهِ جَلَّ وَعَلَا فَلِذَلِكَ حَرَّمَ الْفَوَاحِشَ))[٤٢٩] واتا: کەس لە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى بەغیرەتتر نییە، هەر لەبەر ئەوەیە کە بەدرەفتاری و فاحیشەی حەرامکردووە.

هەروەها دەفەرموویت: ((لَيْسَ المؤْمِنُ بِالطَّعَّانِ وَلَا اللَّعَّانِ وَلَا الفَاحِشِ وَلَا البَذِيءِ))[٤٣٠] واتا: بڕوادار تانەو تەشەر لێدەر و لەعنەت و نەفرینکەر و بەد ڕەفتار و جوێندەر دەم پیس نییە.

٤٢٩) أخرجه البخارى (٤٦٣٧) ومسلم (٢٧٦٠) من حديث عبدالله بن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٤٣٠) مسند أحمد(٣٩٤٨) عن عبدالله بن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لەسەر گومڕاکردنی زاناکان

اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانْسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ﴾ (الأعراف:١٧٥). واتا:﴿وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا﴾ بەسەرهاتێکی تریش ئەی محمد بۆ بەنی ئیسرائیل باس بکە ئەو کەسەی کە ئایەتی خۆمانمان پێ بەخشی کە پیاوێك بوو ناوی (بەلعام) بووە لە شاری دەسەلاتدارەکاندا (جەببارین) بوو ئەوەی کە موسی عَلَيْهِ‌السَّلَامُ بە قەومەکەی وت: برۆنە ژوورەوە، وتیان: ناچین، ئەو خراپەکارانە بەو پیاوەیان وت: کەسێك بووە کە اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ دوعای قبوول کردووە- وەرە دوعا بکە لەموسی بیگەڕێنێتەوەو لە کۆلمانی بکاتەوە چونکە ئەگەر زاڵ بێت بەسەرماندا لە ناومان دەبات، ئەویش وتوویەتی: ئەگەر دوعا لە موسی بکەم ئەوە اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ لەناوم ئەدات و دونیاو قیامەتم ئەفەوتێ، قەناعەتیان پێی کردو دوعای لە موسی کرد ئەویش ﴿فَانْسَلَخَ مِنْهَا﴾ ئیتر چۆن ئاژەڵ لە پێستەکەی دەرئەکرێ ئاوا لەو پیاوچاکیە دەرچوو کە اللّه سُبْحَانَهُ‌وَتَعَالَىٰ پێی بەخشیبوو ﴿فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ﴾ وە شەیطان شوێنی کەوت و بوو بە هاوەڵی

یان شەیطان گومڕای کرد ﴿فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ﴾ وە بووە کەسێك لەوانەی کە سەرکەش و سەرلێشێواون وە کافرو مورتەد بوو.

خوێنەری بەڕێز پێویستەو لەسەرمان و واجبە داوای زانست بکەین و خۆمان شارەزا بکەین بەو هۆیە لەدینەکەی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ تێبگەین هەرکاتێك حەقمان ناسی ئیتر ئەهلەکەشی دەناسین بەو هۆیەوە دەتوانین لەڕێگەی کەسانێك کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ فەزڵی لەگەڵ کردوون و شارەزای کردوون لەدینەکەی ئیمەش سوودیان لێ وەرگرین و لەدینەکەمان شارەزابین هەر بۆیە رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ لەفەرموودەیەکدا هەواڵی ئەوەمان پێدەدات کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەو زانستە هەڵدەگرێتەوە بەمردنی زانایان و خەڵکی پێشەواو زانای گومڕا هەڵدەبژێرن بەو هۆیەوە بەهۆی کەم زانستیان و گومڕاییان خەڵکیش گومڕا دەکەن بۆیە دەفەرموێت: «إِنَّ اللَّهَ لا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنْ الْعِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا، اتَّخَذَ النَّاسُ رُؤَسَاءِ جُهَّالاً، فَسُئِلُوا، فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا»[٤٣١] واتا: رسول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەم عیلمە لەناوتان هەڵناگرێت لەسینگتان دەری ناهێنێ، بەڵام بەمردنی عالمەکان (زانایەکان) عیلم هەڵدەگیرێت هەتا وایلێدێت عالمێک نامێنێ خەڵکان کەسانێکی نەزان دەکەن بە پێشەوایان پرسیاریان لێ دەکەن و فەتوایان بۆ دەدەن بە بێ عیلم، خۆیان گومڕان خەڵکیش گومڕا دەکەن.

---

٤٣١) أخرجه البخاري (١٠٠). ومسلم(٢٦٧٣) من حديث عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

لەفەرمـوودەیەکی تـردا رسـول اللّـه ﷺ وەسـفی ئەو پێشـەواو بانگخوازەنەمـان بـۆ دەکـات دوای ئـەوەی صـەحابـەی بـەڕێـز حوذەیفە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ پرسیار لە رسول اللّه ﷺ دەکات لەترسی ئـەوەی نـەوەك بـەبـێ زانسـت و زانیـاری بـێ ئـەگـەر هـاتوو گـەیشـت بەسەردەمێکی ئاوا کـە زانست و زانیـاری تێیـدا هـەڵگیـراوەتـەوە بـەهـۆی فیتنـەو مردنـی زانایـان جـا حـوذەیفـە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵـێ: ((كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُـولَ اللَّهِ ﷺ عَـنِ الْخَـيْرِ، وَكُنْـتُ أَسْـأَلُهُ عَـنِ الشَّرِّ، مَخَافَـةَ أَنْ يُدْرِكَنِي)) واتـا: حـوذەیفەی کـوڕی یەمـان دەڵێ:خەڵـک دەربـارەی خێـر پرسیاریان لە رسول اللّه ﷺ ئەکـرد، منـیش دەربـارەی شـەڕ پرسارم لێ ئەکرد ، لە ترسی ئەوەی توشم ببێت، ((فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ، فَجَاءَنَا اللَّهُ بِهَذَا الْخَيْرِ، فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ شَرٌّ؟)) جـا وتـم: ئەی پەیـامبەری اللّـه ﷺ ئـێمە لە جـاهلیەت و شـەڕدا بـووین اللّـه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەم خێـرەی بـۆ هێنـاین، ئایـا لە دووای ئەم خێـرە شەڕ هەیە ؟ ((قَالَ: «نَعَمْ» فَقُلْتُ: هَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيْرٍ؟ قَالَ «نَعَمْ، وَفِيهِ دَخَنٌ» قُلْتُ: وَمَا دَخَنُهُ؟)) فەرمووی: بەڵێ، هەیە، بەڵام لێڵی تێدایە وتم:لێڵییەکەی چییە ؟ ((قَالَ: «قَوْمٌ يَسْتَنُّونَ بِغَيْرِ سُنَّتِي، وَيَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي، تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ)) فەرمووی: کۆمەڵێک پەیدا ئەبن بەغەیـری سوننەتی مـن کـارئەکەن و بەغەیـری رێوشـوێنی منـدا ئەڕۆن، چـاک دەربارەیـان ئەزانیت و خراپیش دەربارەیان ئەزانیت و ئینکاری ئەکەیت ((فَقُلْتُ: هَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ؟ قَالَ:«نَعَمْ، دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ، مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا)) وتـم : ئایـا لە دوای ئەو خێـرە هـیچ شـەڕێک هەیە ؟ فەرمـووی: بەڵـێ، بانگخوازانێـک بەسـەر دەرگاکـانی دۆزەخەوەن، بـانگی

خەڵک ئەکەن بۆ دۆزەخ، ئەوەی وەڵامیان بداتەوە و بەدەنگیانەوە بچێت هەڵی ئەدەنەناویەوە ((فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا، قَالَ: «نَعَمْ،قَوْمٌ مِنْ جِلْدَتِنَا، وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا)) وتم:ئەی پەیامبەری اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ وەسفیان بکە بۆمان، فەرمووی: بەڵێ ، ئەوانەش کۆمەڵێکن لە هۆز و نەتەوەی خۆمان، بەزمانی خۆمان ئەدوێن، ((قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ فَمَا تَرَى إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ؟ قَالَ: تَلْزَمُ جَمَاعَةَالْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ)) وتم: ئەی پەیامبەری اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ چی بەباش ئەبینی ئەگەر ئەوەم توش بوو ؟ فەرمووی: جیا مەبەرەوە لە کۆمەڵی موسڵمانان و ئیمامەکەیان، ((فَقُلْتُ: فَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلاَ إِمَامٌ؟)) وتم: ئەی ئەگەر موسڵمانان کۆمەڵ و ئیمامیان نەبوو چی ؟ ((قَالَ: «فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا، وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ عَلَى أَصْلِ شَجَرَةٍ، حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ، وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ)) فەرمووی: دووربگرە لە هەموو ئەو پێڕگەلەو فیرقانە، ئەگەر قەپیشت کردبێت بەڕیش و ڕەگی دارێکەوە هەتا مردن دەتگاتێ تۆ لەسەر ئەو حاڵەبە))[٤٣٢]

اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی ئەوانەی شوێن حەق ناکەون و وەڵامی بانگخوازانی حەق نادەنەوە دەفەرموێت: ﴿كَالَّذِي اسْتَهْوَتْهُ الشَّيَاطِينُ فِي الْأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُ أَصْحَابٌ يَدْعُونَهُ إِلَى الْهُدَى ائْتِنَا﴾ (الأنعام:٧١). واتا: وەکو ئەو کەسانەی کە شەیتان وێڵی کردوون و سەری لێ شێواندوون لەسەر زەویدا کە نازانن بە چ ئاڕاستەو بە چ لایەکدا بڕۆن وە هاوڕێشیان هەیە لە ڕێگاکەدا کە بانگیان لێ ئەکەن بۆ ڕێگای ڕاست بەڵام ئەم لەبەر ئەوەی کە سەرلێشێواو بووە نازانێ کام ڕێگایە بگرێتەبەر، ئەمە نمونەی

٤٣٢) أخرجه البخاري(٣٦٠٦) ومسلم (١٨٤٧) من حديث حذيفة بن اليمان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

کەسێکە کە شوێن شەیتان کەوتووەو لە حەق لایداوەو وەڵامی خوای گەورەو بانگخوازانی حەق ناداتەوە.

صەحابەی بەڕێز ابْنِ عَبَّاس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿كَالَّذِي اسْتَهْوَتْهُ الشَّيَاطِينُ فِي الْأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُ أَصْحَابٌ يَدْعُونَهُ إِلَى الْهُدَى﴾ (الأنعام:٧١). دەڵێ: ((فَهُوَ الرَّجُلُ الَّذِي لَا يَسْتَجِيبُ لِهُدَى اللَّهِ ، وَهُوَ رَجُلٌ أَطَاعَ الشَّيْطَانَ ، وَعَمِلَ فِي الْأَرْضِ بِالْمَعْصِيَةِ ، وَحَارَ عَنِ الْحَقِّ وَضَلَّ عَنْهُ ، وَلَهُ أَصْحَابٌ يَدْعُونَهُ إِلَى الْهُدَى))[٤٣٣] واتا: ئەوە پیاوێکە کە وەڵامی ڕێگای ڕاست و هیدایەتی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ناداتەوە، ئەوە پیاوێکە کە گوێڕایەڵی شەیتانی کردووە، وە لەزەویدا کردەوەی خراپی کردووە، وە سەری لێ شێواوە دەربارەی حەق و گومڕا بووە، وە هاوڕێشی هەیە بانگی دەکەن بۆ ڕێگای ڕاست و هیدایەت.

گوتم: خوێنەری بەڕێز ئاگادارببە و بزانە زانست (عیلم) لەکێ وەردەگری، چونکەا ئەو زانستە دینە، ئیمامی عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((إِنَّ الحَقَّ لَا يُعْرَفُ بِالرِّجَال، فَاعْرِفِ الحَقَّ، تَعْرِف أَهْلَهُ))[٤٣٤] واتا: بەڕاستی حەق بە پیاوەکان (هەڵگرانیان) ناناسرێتەوە، حەق بناسە، ئەهل و هەڵگرانی ئەناسیت.

---

٤٣٣) ((تفسير ابن أبي حاتم (٧٤٧٥)).

٤٣٤) (البيان والتبيين ٣/٢١١)

ابن سيرين (ت ١١٠ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((إِنَّ هَذَا العِلْمَ دِينٌ فَانْظُرُوا عَمَّنْ تَأْخُذُونَ دِينَكُم))[٤٣٥] واتا:ئەو زانستە دینە، جا بزانن دین لەکێ وەردەگرن.

سوفیانی ثەوری (ت١٦١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: گوتراوە: ((احْذَرُوا فِتْنَةَ الْعَالِمِ الْفَاجِرِ وَالْعَابِدِ الْجَاهِلِ فَإِنَّ فِتْنَتَهُمَا فِتْنَةٌ لِكُلِّ مَفْتُونٍ))[٤٣٦] واتا: وتراوە خۆتان بپارێزن لە فیتنەی بەندەیەکی جاهل و نەزان وە زانایەکی خراپ و زیانبەخش چونکە فیتنەو شەڕی هەردووکیان تاقیکردنەو فیتنەیە بۆ هەموو کەسێك کە خۆی تووشی فیتنە بووە.

هەروەها پێویستە ئینسان وریابێت و شوێن پێ هەڵخلیسکانی هیچ زانایەك نەکەوێت ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ لەکتێبە بەسوودەکەی ((إعلام الموقعين)) دەروازەیەکی داناوە بەناوی: ((مَضَارُّ زَلَّةِ الْعَالِمِ)) واتا: زیانەکانی هەڵەو پێ هەڵخلیسکانی زانا. ئینجا دەربارەی پێ هەڵخلیسکانی زاناکان دەڵێ: ((وَأَنَّ الْعَالِمَ قَدْ يَزِلُّ وَلَا بُدَّ؛ إِذْ لَيْسَ بِمَعْصُومٍ، فَلَا يَجُوزُ قَبُولُ كُلِّ مَا يَقُولُهُ، وَيُنَزَّلُ قَوْلُهُ مَنْزِلَةَ قَوْلِ الْمَعْصُومِ؛ فَهَذَا الَّذِي ذَمَّهُ كُلُّ عَالِمٍ عَلَى وَجْهِ الْأَرْضِ، وَحَرَّمُوهُ، وَذَمُّوا أَهْلَهُ وَهُوَ أَصْلُ بَلَاءِ الْمُقَلِّدِينَ وَفِتْنَتِهِمْ، فَإِنَّهُمْ يُقَلِّدُونَ الْعَالِمَ فِيمَا زَلَّ فِيهِ وَفِيمَا لَمْ يَزِلَّ فِيهِ، وَلَيْسَ لَهُمْ تَمْيِيزٌ بَيْنَ ذَلِكَ، فَيَأْخُذُونَ الدِّينَ بِالْخَطَإِ - وَلَا بُدَّ - فَيَحِلُّونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَيُحَرِّمُونَ مَا أَحَلَّ اللَّهُ وَيُشَرِّعُونَ مَا لَمْ يُشَرِّعْ، وَلَا بُدَّ لَهُمْ مِنْ ذَلِكَ إِذْ كَانَتْ الْعِصْمَةُ مُنْتَفِيَةً عَمَّنْ قَلَّدُوهُ، وَالْخَطَأُ وَاقِعٌ مِنْهُ وَلَا بُدَّ))[٤٣٧] واتا: بەڕاستی زانا پێی هەڵدەخلیسکێ و

---

٤٣٥) رواه مسلم في مقدمته.

٤٣٦) مجموع الفتاوى (١٠/ ٥٤٢)

٤٣٧) (اعلام الموقعين(٢/ ١٣٢_١٣٣)

هەڵە دەکات، گومانی تێدا نییە، چونکە مەعصوم و پارێزراو نییە، بۆیە دروست نییە هەموو ئەو شتانەی کە دەیڵێ لێی وەرگیرێت و وتەکەی لەشوێن و پێگەی کەسێکی مەعصوم دانرێت؛ ئەوە ئەو شتەیە کە هەموو زانایەك لەسەر ڕووی زەوی زەمی کردووەو حەرامی کردووە، وە زەمی ئەهلەکەشی کردووە ئەو پێ خلیسکانە بنچینەو بەڵایە بۆ لاساییکەرەوەکانی و هۆکاری فیتنەیە بۆیان، چونکە لاسایکەرەوەکان تەقلیدو لاسایی ئەو زانایە دەکەنەوە لەو شتانەی کە پێی هەڵخلیسکاوەو هەڵەی کردووەو لەوەشی کە هەڵەی نەکردووە، وە ئەو لاساییکەرەوانە ناتوانن پێ هەڵخلیسکان و پێ هەڵنەخلیسان لێك جیابکەنەوە، جا دین بەهەڵە وەردەگرن بەبێ گومان، جا ئەو شتانە بەحەڵاڵ دەزانن کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ حەرامی کردووەو ئەوشتانەش حەرام دەکەن کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ حەڵاڵی کردووە، ئەو شتانە دەشەرعێنن و دەیکەن بەدین کە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەشەرع و دینی نەزانیوە، وە هەردەبێ ئەوە بکەن بێگومان چونکە ئەو کەسەی کە تەقلید و لاسایی دەکەنەوە پارێزراوی و مەعصوم نییە لەهەڵە ، جا هەڵە دەکەن بەبێ گومان.

ابن تيمية (ت٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((قِيلَ: احْذَرُوا زَلَّةَ الْعَالِمِ فَإِنَّهُ إِذَا زَلَّ زَلَّ بِزَلَّتِهِ عَالَمٌ))[٤٣٨] واتا: گوتراوە ئاگاداری هەڵەو پێ هەڵخلیسکانی زانا بن، چونکە ئەگەر زانا هەڵەی کردو پێی هەڵخلیسکا ئەوە خەڵکی بەهۆی ئەو هەڵەوە پێی هەڵدەخلیسکێ و هەڵە دەکەن.

٤٣٨) (مجموع الفتاوى(٢٠/ ٢٧٤)

هەروەها ابن القيم (ت٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((وَمِنْ الْمَعْلُومِ أَنَّ الْمَخُوفَ فِي زَلَّةِ الْعَالِمِ تَقْلِيدُهُ فِيهَا؛ إذْ لَوْلَا التَّقْلِيدُ لَمْ يَخَفْ مِنْ زَلَّةِ الْعَالِمِ عَلَى غَيْرِهِ فَإِذَا عَرَفَ أَنَّهَا زَلَّةٌ لَمْ يَجُزْ لَهُ أَنْ يَتْبَعَهُ فِيهَا بِاتِّفَاقِ الْمُسْلِمِينَ))[٤٣٩] واتا: وە زانراویشە کە ئەوەی ترسی لێدەکرێت لە پێ هەڵخلیسکان و هەڵەی زانا تەقلیکردنەوەیەتی، ئەگەر تەقلیدکردنەوە نەبوایە ئەوە ترس لەسەر ئەو کەسانە نەدەبوو کە لاسایی و تەقلیدی دەکەنەوە، جا ئەگەر تەقلیدکەرەوەکە زانی ئەوە پێ هەڵخلیسکانە، ئەوە دروست نییە شوێنی بکەوێت بەکۆدەنگی موسوڵمانان.

خوێنەری بەڕێز پێویستە زۆر وریای هەڵەو پێ هەڵخلیسکانی زانایان بین و لەکانیاوی قورئان و سوننەت بەتێگەیشتنی پیاوچاکانی ئوممەت لەدین بخۆینەوەو لێی تێ بگەین، وە پێویستە لاسایی کەسانێك نەکەینەوەو شوێنیان نەکەوین ئەگەر هاتوو پێچەوانەی دەقی شەرعیان کرد، وە ئەگەرنا سەرەنجامەکەی خراپ دەبێت، هەروەکو چۆن ابن تيمية (ت٧٢٨ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((فَمَنْ أَحَبَّ شَيْخًا مُخَالِفًا لِلشَّرِيعَةِ كَانَ مَعَهُ؛ فَإِذَا دَخَلَ الشَّيْخُ النَّارَ كَانَ مَعَهُ))[٤٤٠] واتا: هەرکەسێک زانایەکی خۆشبوێت پێچەوانەی شەرع بکات لەگەڵ ئەوە، ئەگەر زانایەکە بچێتە ناو ئاگر ئەویش لەگەڵ ئەوە.

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەقورئاندا نمونەی دوو زانامان بۆ دیاریتەوە کە یەکێکیانی بەسەگ و ئەوی تریانی بەگوێدرێژ شوبهاندووە، اللَّه

٤٣٩) (اعلام الموقعين(٢/ -١٣٣)
٤٤٠) ((مجموع الفتاوى (١٨/٣١٥))

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی ئەو زانایەی کەکار بەزانستەکەی ناکات و شوێن هەواو هەوەسی خۆی دەکەوێت، هەروەکو چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەربارەی ئەو زانایە دەفەرموویت: ﴿فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِنْ تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَثْ ذَٰلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (الأعراف: ١٧٦). واتا: نموونەی ئەم کەسە (ئەو زانایە) وەکو نموونەی سەگێك وایە کە ئەگەر بێتوو ئەو سەگە بیبەستیتەوە هەر زمان دەر ئەکات وە ئەگەر بەریدەیت هەر زمان دەرئەکات لە هەموو حاڵەتێکدا سەگ هەر زمانی دەرئەکات، واتە: حیکمەتی پێ بەخشی و نەیبەخشی هەر وەری ناگرێ، وە ئاموژگاری بکەی نەیکەی هەر وەری ناگرێ ئەمە نموونەی کەسانێکی نزم و بێ نرخە کە ئایەتەکانی ئێمە بەدرۆ ئەزانن ئەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تۆ ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانەیان بۆ بگێڕەوە بەڵکو بیر بکەنەوەو بەخۆیاندا بچنەوە.

دووەمیش: دەربارەی ئەو زانایەی کە بەهەمان شێوە کار بەزانستەکەی ناکات و سوود لەزانستەکەی وەرناگرێت بەو هۆیەوە خۆشی و خەڵکیش گومڕا دەکات هەروەکو چۆن اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ (الجمعة: ٥). واتا: جوولەکە کە تەوراتیان وەرگرت بۆ کارپێکردن پاشان وەکو خۆی هەڵیان نەگرت و کاریان پێ نەکردو دەستکاریان کرد نموونەی ئەمانە وەکو نموونەی گوێدرێژێك وایە کە بارێك کتێب هەڵبگرێ نازانێ کە لەسەری یەوە چەندێك زانست و کتێبی بەنرخی تیادایەو لێی

سوودمەند نابێت کە ئەمەیش خراپترین نموونەی قەومێکە کە ئایەتەکانی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بە درۆ ئەزانن وە اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەڕاستی هیدایەتی ئەو کەسانە نادات کە ستەمکارن.

خوێنەری بەڕێز ئەو دوو نمونە هەردووکی دەربارەی ئەهلی عیلم بوو!

هەروەها پێویستە بەزۆری زانست و عیلمی هیچ کەسێك هەڵنەخەڵەتێین هەتا دەبینین تاچەند موافق و هاوتای قورئان و سوننەتە، هەروەکو چۆن زانای بەڕێز حاتمی کوڕی ئەصەم (ت٢٣٧هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ:((وَلَا تَغْتَرَّ بِكَثْرَةِ الْعِلْمِ، فَإِنَّ بَلْعَامَ بْنَ بَاعُورَا لَقِيَ مَا لَقِيَ وَكَانَ يَعْرِفُ الِاسْمَ الْأَعْظَمَ))[٤٤١] واتا: مەغرور مەبە بە زۆری زانست، چونکە بەلعامی کوڕی باعورا ئەبینی چی بەسەرهات لەکاتێکدا ناوە گەورەکەی اللّە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ی دەزانی.

ئیمامی عومەر رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((يَهْدِمُ الْإِسْلَامَ ثَلَاثَةٌ: زَلَّةُ عَالِمٍ وَجِدَالُ الْمُنَافِقِ بِالْقُرْآنِ وَأَئِمَّةٌ مُضِلُّونَ))[٤٤٢] واتا: سێ شت ئیسلام لەناو دەبات: هەڵەی زانایەك، وە موناقەشە کردن لەگەڵ دووڕوویەك بە قورئان، وە پێشەوا گومڕاکەرەکان.

صەحابەی بەڕێز ابن عباس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا دەڵێ: ((وَيْلٌ لِلْأَتْبَاعِ مِنْ عَثَرَاتِ الْعَالِمِ، قِيلَ: وَكَيْفَ ذَاكَ يَا أَبَا الْعَبَّاسِ؟ قَالَ: يَقُولُ الْعَالِمُ مِنْ قِبَلِ رَأْيِهِ، ثُمَّ

---

٤٤١) (مدارج السالكين١/٥١٤)

٤٤٢) (الدارميّ في سننه (٢٢٠) وأبي نعيم في الحلية (٤/١٩٦)

يَسْمَعُ الْحَدِيثَ عَنْ النَّبِيِّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - فَيَدَعُ مَا كَانَ عَلَيْهِ))[٤٤٣] واتا: وەیل بۆ ئەو شوێنکەوتوانەی شوێن هەڵەی زانا دەکەون، گوتیان ئەوە چۆن دەبێ ئەی باوکی عەبباس؟ گوتی: زاناکە بۆچوونی خۆی دەڵێ، پاشان ئەو (شوێنکەوتەیە) گوێی لەفەرموودەیەک دەبێت لە رسول اللّەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ واز لەو شتە دێنێ کەلەسەریەتی (لەشوێن کەوتنی قورئان و سوننەت)

صەحابەی بەڕێز تَمِيم الدَّارِي (ت ٤٠ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((اتَّقُوا زَلَّةَ الْعَالِمِ، فَسَأَلَهُ عُمَرُ: مَا زَلَّةُ الْعَالِمِ؟ قَالَ: يَزِلُّ بِالنَّاسِ فَيُؤْخَذُ بِهِ، فَعَسَى.أَنْ يَتُوبَ الْعَالِمُ وَالنَّاسُ يَأْخُذُونَ بِقَوْلِهِ))[٤٤٤] واتا: خۆتان بپارێزن لە هەڵەو پێ هەڵخلیسکانی زانا، ئیمامی عومەر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ پرسیاری لێکرد وتی: هەڵەی زانا چییە ؟ گوتی: خەڵکی بەهەڵەدا دەبات و ئەو هەڵەی لێ وەردەگیرێت، جا لەوانەیە ئەو زانایە تەوبە بکات خەڵکیش هەر ئەو وتەی لێ وەردەگرن.

صەحابەی بەڕێز ابن مسعود (ت٣٢ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((لَا يَكُونَنَّ أَحَدُكُمْ إِمَّعَةً، قَالُوا : وَمَا الْإِمَّعَةُ ؟ قَالَ : يَجْرِي مَعَ كُلِّ رِيحٍ))[٤٤٥] واتە:با کەس لە ئێوە وەک إمعة نەبێت (إمعة: واتا: شوێنکەوتنی کوێرانەو لەگەڵ هەموو بیرو ڕایەک دایە جێگیر نابێ لەسەر یەک بۆچوون) وتیان ئیممعە چییە وتی: لەگەڵ هەموو بایەکدا بڕوات .

---

٤٤٣) (اعلام الموقعين (٢/ ١٣٣)

٤٤٤) (اعلام الموقعين (٢/ ١٣٣)

٤٤٥) (أحياءُ عُلومِ الدِّين (٣/١٥٨)

هەروەها صەحابەی بەڕێز ابن مسعود (ت٣٢ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((أَلَا لَا يُقَلِّدَنَّ أَحَدُكُمْ دِينَهُ رَجُلاً ، إِنْ آمَنَ آمَنَ وَإِنْ كَفَرَ كَفَرَ ، فَإِنْ كُنْتُمْ لَا بُدَّ مُقْتَدِينَ فَبِالْمَيِّتِ ، فَإِنَّ الْحَيَّ لَا يُؤْمَنُ عَلَيْهِ الْفِتْنَةُ))[٤٤٦] واتا: ئاگاداربن با کەسێك لە ئێوە لە دینەکەیدا لاسایی پیاوێك نەکاتەوە ئەگەر باوەڕی هێنا ئەمیش باوەڕ بێنێت، وە ئەگەر کوفری کرد ئەمیش کوفر بکات، وە ئەگەر هەر ناچار بوون شوێن کەسێك بکەون ئەوا شوێن مردوو بکەون، چونکە زیندوو دڵنیا نیت لەوەی کە توشی فیتنە ببێت.

هەروەها ابن عبد البر (ت٤٦٣ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەربارەی ترسناکی و شوێنکەوتنی هەڵەو پێ هەڵخلیسکانی زانا دەڵێ: ((وَشَبَّهَ الْعُلَمَاءُ زَلَّةَ الْعَالِمِ بِانْكِسَارِ السَّفِينَةِ؛ لِأَنَّهَا إِذَا غَرِقَتْ غَرِقَ مَعَهَا خَلْقٌ كَثِيرٌ))[٤٤٧] واتا: زانایان هەڵە و پێخلیسکانی زانایان چواندووە بە شکانی کەشتی چونکە ئەگەر نقوم بێت کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی لەگەڵی نقوم دەبێ.

زانایان هەمیشە خەڵکیان تەوصیەو پێنمایی کردووە کە دەست بگرن بەقورئان و سوننەت، وە خۆیان فێرە زانستی شەرعی بکەن چونکە بەمردنی زایانان عیلمیش هەڵدەگیرێتەوە هەروەکو چۆن صەحابەی بەڕێز أبو درداء رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((تَعَلَّمُوا قَبْلَ أَنْ يُرْفَعَ الْعِلْمُ، إِنَّ رَفْعَ الْعِلْمِ ذَهَابُ الْعُلَمَاءِ))[٤٤٨] واتا: فێرە زانست بن پێش ئەوەی عیلم هەڵگیرێتەوە، بەتەئکید هەڵگیرانەوەی زانستیش بەڕۆیشتن و مردنی زانایان دەبێت.

---

٤٤٦) (شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة(١/ ١٠٤)

٤٤٧) ((جامع بيان العلم وفضله، ٢/٩٨٢))

٤٤٨) (حلية الأولياء وطبقات الأصفياء(١/ ٢١٣)

ئیمامی زوهری (ت١١٢٤هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((الِاعْتِصَامُ بِالسُّنَّةِ نَجَاةٌ ، وَالْعِلْمُ يُقْبَضُ سَرِيعًا))[٤٤٩] واتا: دەستگرتن بەسوننەتەوە ڕزگاربوونە، وە زانست زوو هەڵدەگیرێتەوە، (بەمردنی زانایان).

کەواتە خوێنەری بەڕێز لەپاش ئەو هەمووە ئاگادارکردنەوە هێشتا قۆڵت لێی هەڵنەماڵیوە تاکو بزانی دین لەکێ وەردەگری و شوێن کێ دەکەوی ؟ خوێنەری بەڕێز بزانە هەموو تائیفەو گرۆیەک بەناوی دینەوە گومڕات دەکەن، بۆیە وریابە بزانە دین لەکێ وەردەگری بگەڕێوە سەر قورئان و سوننەت بەتێگەیشتنی پیاوچاکانی پێشینی ئوممەت.

٤٤٩) (شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة (١/ ١٠٦)

فێڵ و تەڵەکەی شەیتان

لەترساندنی بەندەکان

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٧٥). **واتا: ئەوە بەڕاستی تەنها شەیتانە یاوەرەکانی خۆی دەترسێنێت، ئێوەی (ئیماندار) لێیان مەترسن، بەڵکو هەر لە من بترسن ئەگەر ئیماندارن (بێگومان ترسان لە اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **ئاسوودەیی و ئارامیی دەبەخشێت بە ئیماندار).**

ابْنِ عَبَّاس (ت ٦٨ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ﴾ **دەڵێ:** ((يَقُولُ : الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ الْمُؤْمِنِينَ بِأَوْلِيَائِهِ))[٤٥٠] **واتا: اللَّه** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەڵێ: شەیتان ئیمانداران دەترسێنێ بەیاوەر و داروودەستەکانی.**

---

٤٥٠) (تفسير الطبري (٨٢٥٨).

مُجَاهِد (ت ١٠٤هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ﴾ **دەڵێ:** ((يُخَوِّفُ الْمُؤْمِنِينَ بِالْكُفَّارِ))[٤٥١] **واتا: شەیتان ئیماندارەکان بەکافرەکان دەترسێنێ.**

قَتَادَة (ت١١٧هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ﴾ **دەڵێ:** ((يُخَوِّفُ وَاللَّهِ الْمُؤْمِنَ بِالْكَافِرِ، وَيُرْهِبُ الْمُؤْمِنَ بِالْكَافِرِ))[٤٥٢] **واتا: سوێند بەپەروەردگار شەیتان ئیماندار بەکافر دەترسێنێ، ئیماندار چاوترس دەکات بەکافر.**

خوێنەری بەڕێز یەکێك لەفێڵ و تەڵەکانی شەیتان ئەوەیە بەندە ئیمانداڕەکان دەترسێنێ، وا لەبەندەکان دەکات فەرمان بەچاکە نەکەن و ڕێگری لەخراپە نەکەن بەهۆی ئەو ترسەی کەشەیتان دەیخاتە ناو دڵی بەندە ئیماندارەکان، جا ئیماندار پێویستە بەچەکی ئیمان بەهێزی ڕووبەڕووی ئەو دوژمنە ببێتەوەو کۆڵ نەدات چونکە هەرکاتێك ئینسان ئیمانێکی بتەوی هەبوو بەپشت بەستن بەقورئان و سوننەت ئەوا شەیتان ناتوانێ ئاوا بەئاسانی بەسەری زاڵ ببێت، هەروەکو چۆن ابن القيم (ت ٧٥١ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەڵێ:** ((فَكُلَّمَا قَوِيَ إِيمَانُ الْعَبْدِ زَالَ مِنْ قَلْبِهِ خَوْفُ أَوْلِيَاءَ الشَّيْطَانِ، وَكُلَّمَا ضَعُفَ إِيمَانُ الْعَبْدِ قَوِيَ خَوْفَهُ مِنْهُمْ))[٤٥٣] **واتا: هەرکاتێك ئیمانی بەندە زیاد بوو ئەوا ترسی لەدارودەستەی شەیتان و یاوەرانی**

---

٤٥١) تفسير الطبري (٨٢٥٧).

٤٥٢) (تفسير الطبري (٨٢٥٦).

٤٥٣) (إغاثة اللهفان (١١٠/١).

لەدڵدا نامێنێ، وەهەرکاتێکیش ئیمانی بەندە لاواز بوو ئەوا ترسی لەداروودەستەو یاوەرانی شەیتان زۆر دەبێت.

شەیتان ئینسان توشی لەبیرچونەوە دەکات

هەروەکو چۆن ئەوەی بەرامبەر باوکمان ئادەم کرد بەبەردەوام وەسوەسەی بۆکرد هەتا وای لێکرد فەرمانی اللە لەبیر بکات، اللە دەفەرموویت: ﴿وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا﴾ (طه: ١١٥). واتا: وە بە دڵنیایی ئامۆژگاری و وەسیەتمان بۆ ئادەم کردبوو لە پێشتردا کە لەو دارە نەخوات، بەڵام ئەو لەبیری کردو شەیتان خەڵەتاندی (بۆیە بە مرۆڤ وتراوە ئینسان چونکە لە بیری کرد)

هەروەها ئەو گەنجەی کە لەگەڵ پێغەمبەر موسا عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ بوو کاتێك ماسیەکەی لەبیرکرد گوتی: ﴿فَإِنِّى نَسِيتُ ٱلْحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ﴾ (الكهف:٦٣). واتا: من لەوێ ماسیەکەم لەبیر کرد وە لەبیریشم نەکرد تەنها شەیتان بوو وای لێ کردم کە لەبیری بکەم.

اللە تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ پەیامبەرەکەی و صەحابەکانی ئاگادارکردۆتەوە بەوەی لەگەڵ ئەو کەسانە دانەنیشن کە گاڵتە بە ئایەتەکانی اللە دەکەن هەروەکو چۆن اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ

ءَايَٰتِنَا فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَلَا تَقۡعُدۡ بَعۡدَ ٱلذِّكۡرَىٰ مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ (الأنعام:٦٨). واتا: کاتێکیش ئەوانەت بینی کە دەم لە ئایەتەکانی ئێمەوە دەدەن و (دەیکەنە گاڵتەجاڕی خۆیان) ئەوە تۆ پشتیان تێ بکەو کۆڕو کۆبوونەوەیان بەجێ بهێڵە هەتا ئەو کاتەی دەچنە ناو باسێکی تر،ەوە،کاتێکیش ئەگەر شەیتان لە بیری بردیتەوە (کە دوور بکەویتەوە لێیان) جا دوای ئەوەی کە بیرت هاتەوە لەگەڵ قەومی ستەمکاران دامەنیشە.

هەروەها پێغەمبەر یوسف عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ کاتێک داوای لەیەکێک لەو بەندکراوانە کرد کە گومانی برد لەبەندینخانە ڕزگاری دەبێت و دەگەڕیتەوە بۆ خزمەتکردنی پاشاکەی بەوەی لەلای پاشاکەی باسی پێغەمبەر یوسف بکات، بەڵام شەیتان وای لەو پیاوە کرد لەبیری بچێت باسی پێغەمبەر یوسف بکات لەلای پاشاکەی جا پێغەمبەر یوسف چەند ساڵێک لەبەندینخانە مایەوە، الله تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٖ مِّنۡهُمَا ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ ذِكۡرَ رَبِّهِۦ فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ﴾ (يوسف:٤٢). واتا: پێغەمبەر یوسف بەو کەسەی وت کە گومانی ئەبرد کە ڕزگاری ئەبێ و ئەگەڕێتەوە بۆ لای پاشاو مەی بۆ دروست دەکات، کاتێک گەڕایتەوە بۆ لای پاشا حاڵی منی بۆ باس بکە کە بەبێ تاوان خراومەتە بەندینخانەوە ئەویش بەربوو گەیشتەوە لای پاشا بەڵام شەیتان لەبیری بردەوە کە باسی یوسفی بۆ بکات لە ماوەی سێ تا نۆ ساڵ یوسف لە بەندینخانەدا مایەوە بەبێ تاوان

هەروەها هەرکاتێك شەیتان بەسەر ئینسان زاڵ بوو بەتەواوی، ئەوا بەتەواوی زیکرو یادی اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ لەبیر دەباتەوە، هەروەکو چۆن اللَّه تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ دەفەرموویت: ﴿اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنْسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُولَٰئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ (المجادلة:١٩). واتا: ئەوانە شەیتان زاڵ بووە بەسەریانداو داگیری کردوون، بەو هۆیەوە یادی اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەبیر بردوونەوە، ئا ئەمانە حیزب و کۆمەڵ و پێڕو شوێنکەوتەی شەیتانن ئاگادار بن و بزانن کۆمەڵ و پێڕو شوێنکەوتوانی شەیتان زەرەرمەندی ڕاستەقینە ئەوانن.

شەیتان تاوان بۆ ئینسان دەڕازێنێتەوە پاشان خۆی لێیان بەریدەکات

اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّى جَارٌ لَّكُمْ ۖ فَلَمَّا تَرَٰٓءَتِ ٱلْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكُمْ إِنِّىٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ ۚ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ (الأنفال: ٤٨). **واتا: وە کاتێك کە شەیتان کردەوەکانی بۆ ڕازاندنەوە بۆ ئەوەی کە بڕۆن کوشتاری موسڵمانان بکەن وە لەسەر شێوەی (سوراقەی کوڕی مالیك) هاتە ناویان وتی: ئەمڕۆ هیچ کەسێك نیە بتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئێوەدا وە من دراوسێی ئێوەم، واتە: پەناتان ئەدەم وە بەرگریتان لێ ئەکەم و ئەتانپارێزم لە دوژمنەکەتان وە کاتێك کە هەردوو کۆمەڵەکە موسڵمانان و موشریکان بۆ یەك دەرکەوتن شەیتان پاشگەز بوەوەو پشتاو پشت گەڕایەوە وە وتی: من بەریم لە ئێوە بەڕائەتی لە کافران کردو وتی: ئەوەی کە من ئەیبینم ئێوە نایبینن، کاتێك نیشانەکانی سەرکەوتنی بینی بۆ موسڵمانان، وە کاتێك کە جبریلی بینی لەگەڵ مەلائیکەتدا وە وتی: من لە اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ئەترسێم نەوەکو لەلایەن مەلائیکەتەوە تووشی شتێکم بکات وە سزای اللَّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ زۆر سەختە.**

خوێنەری بەڕێز شەیتان هەمیشە لەکەمین و بۆسە دایە بۆ نەوەی ئادەم تاوەکو تاوان و مەعصیەتیان پێ بکات و پاشانیش خۆی بەریدەکات ئەو ئایەتەی باسمان کرد لەجەنگی بەدر کاتێك شەیتان خۆی هێنایە سەر شێوەی سوراقەی کوڕی مالیك و موشریکانی هەڵخەڵەتاند لەپاش ئەوەی جوندی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بینی لە مەلائیکەتەکان بۆ نەصرەتدانی رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ هەڵات و پشتی تێکردن و تەسلیمی کردن، وە لەڕۆژی دوایشدا بەهەمان شێوە خۆی لەشوێنکەوتوانی بەری دەکات ! اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (إبراهيم: ٢٢). واتا:کاتێك کە بڕیار ئەدرێ ئەهلی بەهەشت ئەچنە بەهەشت وە ئەهلی دۆزەخ ئەچنە دۆزەخ شەیتان وتار بۆ دۆزەخییەکان دەدات و پێیان ئەڵێت: بەڕاستی ئەو بەڵێنەی کە اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ پێی دابوون بەڵێنێکی حەق بوو، منیش بەڵێنێکی پووچەڵم پێدان و خیلافم لەگەڵ کردن و راستگۆ نەبووم لەگەڵتان، وە من لێرە هیچ تواناو دەسەڵاتێکم نیە کە ڕزگارتان بکەم، تەنها من بانگم کردن بۆ کوفرو تاوان و ئێوەش وەڵامتان دامەوە، بۆیە ئێستا کە چوونەتە ناو دۆزەخ لۆمەی من مەکەن و تەنها لۆمەی خۆتان بکەن،من ناتوانم فریای ئێوە بکەوم وە ئێوەش ناتوانن فریای من بکەون، ن بێبراوەڕم و نکوڵی لەوە دەکەم کە لە دونیا ئێوە منتان کردە شەریك بۆ اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ ،

بەدڵنیایی هاوبەشبڕیاردەران و ستەمکاران هەر هەموویان سزای بەئێش و ئازاریان بۆ هەیە.

فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لەتێکدانی عیبادەتی بەندەکان

((عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ صَلَّى صَلَاةً قَالَ : " إِنَّ الشَّيْطَانَ عَرَضَ لِي فَشَدَّ عَلَيَّ لِيَقْطَعَ الصَّلَاةَ عَلَيَّ، فَأَمْكَنَنِي اللَّهُ مِنْهُ فَذَعَتُّهُ، وَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ أُوثِقَهُ إِلَى سَارِيَةٍ حَتَّى تُصْبِحُوا فَتَنْظُرُوا إِلَيْهِ، فَذَكَرْتُ قَوْلَ سُلَيْمَانَ عَلَيْهِ السَّلَامُ : رَبِّ هَبْ لِي مُلْكًا لَا يَنْبَغِي لِأَحَدٍ مِنْ بَعْدِي فَرَدَّهُ اللَّهُ خَاسِيًا))[٤٥٤]

واتا: لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەگێڕێتەوە کە ڕەسوڵ اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ نوێژێکی کرد فەرمووی بەڕاستی شەیتان لەسەری تووند کردم بۆ ئەوەی نوێژەکەم پێ ببڕێت، بەڵام اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى بەسەریدا زاڵی کردم و گرتم، وە ویستم لەلایەکی کۆڵگەکانی مزگەوتدا بیبەستمەوە تاکو کە بەیانی بۆوە بی بینن، بەڵام وتەکەی سولەیمانم بەبیرکەوتەوە کە دەڵێ: پەروەردگارە مولکێکم پێ ببەخشە کە تایبەت بەخۆم بێت وە لەدوای من بۆ هیچ کەسێك نەبێت، جا اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى بەسەر شۆڕی گەڕاندییەوە.

---

٤٥٤) أخرجه البخاري (١٢١٠) من حديث أبى هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

لەفەرموودەیەکی تردا کە عثماني كوڕی أبي العاص (ت٥٠ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ بۆمان دەگێڕێتەوە: ((عَنْ عُثْمَانَ بْنِ أَبِي الْعَاصِ الثَّقَفِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ، أَنَّهُ أَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنَّ الشَّيْطَانَ قَدْ حَالَ بَيْنِي وَبَيْنَ صَلَاتِي وَقِرَاءَتِي، يَلْبِسُهَا عَلَيَّ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : ذَاكَ شَيْطَانٌ يُقَالُ لَهُ : خِنْزَبٌ، فَإِذَا أَحْسَسْتَهُ فَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنْهُ، وَاتْفِلْ عَلَى يَسَارِكَ ثَلَاثًا قَالَ : فَفَعَلْتُ ذَلِكَ، فَأَذْهَبَهُ اللَّهُ عَنِّي))[٤٥٥] واتا: عثماني كوڕی أبي العاص رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ هاتە خزمەتی ڕەسوول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ وتی: یا ڕەسوول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ شەیتان بووەتە کۆسپ لە نێوان من و نوێژ و قورئان خوێندنەکەمدا لێم تێکدەدات، ڕەسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەوە شەیتانێکە پێی دەوترێ (خِنْزَب) ئەگەر هەستت پێکرد پەنا بگرە بە اللە لێی (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)، وە سێ جار تف بکە بەلای چەپدا، دەڵێ: ئەمەم کرد اللە سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ شەیتانی لێ دوور خستمەوە.

وە هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا ڕەسول اللە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ ئەفەرموێ: ((إِذَا أُذِّنَ بِالصَّلَاةِ أَدْبَرَ الشَّيْطَانُ لَهُ ضُرَاطٌ حَتَّى لَا يَسْمَعَ التَّأْذِينَ، فَإِذَا سَكَتَ الْمُؤَذِّنُ أَقْبَلَ، فَإِذَا ثُوِّبَ أَدْبَرَ، فَإِذَا سَكَتَ أَقْبَلَ، فَلَا يَزَالُ، بِالْمَرْءِ يَقُولُ لَهُ: اذْكُرْ مَا لَمْ يَكُنْ يَذْكُرُ حَتَّى لَا يَدْرِيَ كَمْ صَلَّى))[٤٥٦] واتە: ئەگەر بانگ درا بۆ نوێژ شەیتان پشت هەڵئەکاو دەنگێکی (تڕێکی) لێبەرئەبێ تا بانگ نەبیستێ، جا کە بانگدەر بێدەنگ بوو شەیتان ڕووئەکاتەوەو دێتەوە، جا کە دووبارە دەنگی بانگ ئەبیستێتەوە قامەت ئەکرێ دیسان شەیتان

---

٤٥٥) صحيح مسلم (٢٢٠٣) من حديث عثمان بن أبي العاص رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٤٥٦) متفق عليه، صحيح البخارى (١٢٢٢)، صحيح مسلم (٣٨٩). من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

پشت هەلدەکا، وە کە بانگدەر بێدەنگ بوو دیسان شەیتان ڕووئەکاتەوەو دێتەوە، بەردەوام ئەبێ شەیطان، خەریکی نوێژکەرەکە ئەبێ پێی دەڵێ: بیرت بێتەوە ئەوەی کە لە بیری نەبوو هەتا ئەو کەسە وای لێدێ نازانێ چەندی نوێژ کردووە لێی تێک دەچێ چەند رکاتی کردووە یان چی کردووە.

کەوایە ئاگادارە هۆی بیر ڕۆیشتنمان لەنوێژ شەیتانە، چارەسەریش ئەوەیە پەنا بە اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بگرین لەشەیتانی نەفرەتلێکراو تاکو لەوەسوەسەو فێڵی شەیتان پارێزراو بین هەروەها رَسُول اللّٰه صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَعَلَىٰ آلِهِ وَسَلَّمَ چارەسەرەکەی داناوە ئەگەر هاتوو لەناو نوێژدا بیرمان ڕۆیشت سێ تف لەلای چەپمان بکەین، وە لەپێشوو ئاماژەمان پێکرد لەفەرموودەکەی صەحابەی بەڕێز عوثمانی کوڕی باوکی عاص رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ.

فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لەدزینی نوێژی بەندەکان

((عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الِالْتِفَاتِ فِي الصَّلاةِ فَقَالَ: هُوَ اخْتِلاسٌ يَخْتَلِسُهُ الشَّيْطَانُ مِنْ صَلاةِ الْعَبْدِ))[٤٥٧] **واتە: لە عائیشە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا دەگێڕنەوە دەفەرموێت: پرسیارم لە ڕسوڵ اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد سەبارەت بە ئاوڕ دانەوە لەناو نوێژدا، فەرمووی: ئەوە دزیەکە، شەیتان لەنوێژی بەندە دەیدزێت.**

خوێنەری بەڕێز لەسەر ئینسان پێویستە نوێژەکانی بەجوانی و ڕێکی بکات و حەقی نوێژەکەی بدات و پەلەی تێدا نەکات و بزانێ لەناو نوێژ بەرامبەر کێ وەستاوە ! جا شەیتان ئەو هەلەی قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی بەندەکان لەنوێژ بێ ئاگا بکات، تاکو نوێژەکەی بەجوانی نەکات و کەم و کوڕی تێدابێ، نوێژیش ئەگەر کەم و کوڕی تێدابێ، ئەوە لەئەجرەکەی کەم دەبێتەوە یانیش قەبوڵ نابێ و باتڵە، هەر بۆیە ڕسوڵ اللّە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سێ جار نوێژی بەوکەسە دووبارە کردەوە کە بەجوانی بەجێی نەگەیاند ! ((عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَ الْمَسْجِدَ ، فَدَخَلَ رَجُلٌ فَصَلَّى ، ثُمَّ جَاءَ فَسَلَّمَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَرَدَّ النَّبِيُّ

---

٤٥٧) أخرجه البخارى(٧٥١). من حديث عائشة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَيْهِ السَّلامَ ، فَقال :ارْجِعْ فَصَلِّ ، فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ ». فَصَلَّى ، ثُمَّ جَاءَ فَسَلَّمَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقال : ارْجِعْ فَصَلِّ ، فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ. ثَلاثًا ، فَقال : وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالحَقِّ ، فَمَا أَحْسِنُ غَيْرَهُ ، فَعَلِّمْنِي ، قال : « إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلاةِ فَكَبِّرْ ، ثُمَّ اقْرَأ مَا تَيَسَّرَ مَعَكَ مِنَ القُرْآنِ ، ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعًا ، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِمًا ، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا ، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِسًا ، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا ، ثُمَّ افْعَلْ ذَلِكَ فِي صَلاتِكَ كُلِّهَا»[٤٥٨] **واتا:** «عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَ المَسْجِدَ ، فَدَخَلَ رَجُلٌ فَصَلَّى» **لە أبو هورەیرەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **دەفەرموێت: رسول اللە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **هاتە مزگەوتەوە ، پیاوێکیش هاتە ناو مزگەوتەوە نوێژی کرد،** «ثُمَّ جَاءَ فَسَلَّمَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَرَدَّ النَّبِيُّ ق عَلَيْهِ السَّلامَ ، فَقال :ارْجِعْ فَصَلِّ ، فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ» **پاشان هات سەلامی کرد لە رسول اللە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **رسول اللەش** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، جا پێی فەرموو: بگەڕێوە نوێژ بکە چونکە تۆ نوێژت نەکرد،** «فَصَلَّى ، ثُمَّ جَاءَ فَسَلَّمَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقال: ارْجِعْ فَصَلِّ ، فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ. ثَلاثًا» **جا پیاوەکە گەڕایەوە نوێژی کرد ، پاشان هاتەوە سەلامی کرد لە، رسول اللە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **وە دووبارە پێی فەرموو: بگەڕێوە نوێژ بکە چونکە تۆ نوێژت نەکرد، لە سێیەم جاردا** «فَقال : وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالحَقِّ ، فَمَا أَحْسِنُ غَيْرَهُ ، فَعَلِّمْنِي» **پیاوەکە گوتی: سوێند بەوەی کە تۆی بە حەق ناردووە لەمە چاکتر نازانم، فێرم بکە چۆن نوێژ بکەم،** «قال:إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلاةِ فَكَبِّرْ ،

---

٤٥٨) أخرجه البخاري (٧٥٧) ومسلم (٣٩٧) من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

ثُمَّ اقْرَأ مَا تَيَسَّرَ مَعَكَ مِنَ القُرْآنِ)) رسول اللّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەگەر هەڵسای بۆ نوێژ ویستت نوێژ بکەی ئەوا بڵێ: اللَّه أكبر، ئینجا ئەوەندەی بۆت ئاسانە لە قورئان کە لات هەیە یانی لەبەرتە بیخوێنە ((ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعًا ، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِمًا)) پاشان رکوع بەرە هەتا ئەمێنیتەوە بە شێوەیەک کە هەموو ئێسک و ماسولکەکان ئەوەستن لە ڕکوع، پاشان سەرت بەرز بکەوە هەتا ڕاست ئەبیتەوە و ئەوەستی، ((ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا ، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِسًا)) پاشان سوجدە بەرە تا ئەمێنیتەوە لە سوجدە ، پاشان سەر بەرز بکەوە هەتا ڕاست ئەبیتەوە و دائەنیشی، بە تەواوی ئەمێنیتەوە لە دانیشتنەکەت، ((ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا ، ثُمَّ افْعَلْ ذَلِكَ فِي صَلاتِكَ كُلِّهَا)) پاشان سوجدە بەرەوە تا ئەمێنیتەوە لە سوجدە (مەبەست لە مانەوە لەو ڕوکنانە مانەوەیە تا زیکرەکان بە ڕەوانی ئەخوێنی و پەلە نەکردنە) ، پاشان ئەوە بکە لە هەموو ڕکعاتەکانی نوێژەکەت.

الحارث بن قيس رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((إِذَا أَتَاكَ الشَّيْطَانُ وأَنْتَ تُصَلِّي فَقَالَ "إِنَّكَ تُرائِي" فَزِدْهَا طُولاً))[٤٥٩] واتا: ئەگەر شەیتان هاتە لات تۆ لەنوێژدا بووی پێی گوتی: تۆ ڕیایی دەکەی ئەوە زیاتر نوێژەکەت درێژ بکەوە.

٤٥٩) ((ابن أبي شيبة ٨٤٤٣)).

شەیتان وا لەمرۆف دەکات نوێژ نەکات

((عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ ثَلَاثَ عُقَدٍ إِذَا نَامَ، بِكُلِّ عُقْدَةٍ يَضْرِبُ: عَلَيْكَ لَيْلاً طَوِيلاً، فَإِذَا اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، وَإِذَا تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عَنْهُ عُقْدَتَانِ، فَإِذَا صَلَّى انْحَلَّتِ الْعُقَدُ، فَأَصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ، وَإِلَّا أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلَانَ))[٤٦٠] **واتا:** ((عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ ثَلَاثَ عُقَدٍ إِذَا نَامَ)) **واتە:لە ابوهریرەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **دەڵێ: رسول اللە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **فەرموویەتی: ئەگەر یەکێکتان خەوت شەیتان سێ گرێ دەدات لەپشتی سەری،** ((بِكُلِّ عُقْدَةٍ يَضْرِبُ: عَلَيْكَ لَيْلاً طَوِيلاً)) **لەهەر گرێیەکیدا دەڵێ: لەشەوێکی درێژدا بخەوە،** ((فَإِذَا اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ)) **بەڵام ئەگەر هەستاو ناوی اللە** سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى **هێنا گرێیەکیان دەکرێتەوە** ((وَإِذَا تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عَنْهُ عُقْدَتَانِ)) **ئەگەر دەستنوێژی گرت دووەمیشیان دەکرێتەوە،** ((فَإِذَا صَلَّى انْحَلَّتِ الْعُقَدُ)) **ئینجا ئەگەر نوێژی کرد هەرسێکیان دەکرێنەوە،** ((فَأَصْبَحَ

---

٤٦٠) متفق عليه، صحيح البخارى (١١٤٢)، صحيح مسلم(٧٧٦). من حديث أبي هريرة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ)) ئینجا چالاکو دەروون ئاسوودە دەبێت ((وَإِلَّا أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلَانَ)) ئەگەر وانەکات دڵپیس و تەمەڵ دەبێت.

لەپێشەوە باسمان کرد کە شەیتان ڕق و کینە دروست دەکات لەبەینی موسوڵمانان وەهەروەها ڕیگریان لێدەکات لەزیکر و لەنوێژ هەروەك چۆن اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ دەفەرموێت: ﴿وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ﴾ (المائدة:٩١). واتا: شەیتان ڕێگریتان لێدەکات لە زیکرو یادی اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ و لە نوێژ کردن.

هەروەها ابن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((ذُكِرَ عِنْدَ رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَجُلٌ نَامَ لَيْلَةً حتَّى أَصْبَحَ، قالَ: ذَاكَ رَجُلٌ بَالَ الشَّيْطَانُ في أُذُنَيْهِ))[٤٦١] واتا: باسی پیاوێک کرا لەلای پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شەو نوستووە تاوەکو بەیانی بەخەبەر نەهاتووە، فەرمووی: ئەوە کەسێکە شەیتان میزی کردووە بەگوێیەکانیدا.

خوێنەری بەڕێز بۆت بەدەرکەوت کەشەیتان ڕێگرە لەوەی تۆ نوێژ بکەی جا بزانە بەگوێی کێت کردووەو فەرمانی کێشت شکاندووە ! وەهەروەها بزانە نوێژکردن یەکێکە لەڕوکنەکانی ئیسلام بەهیچ شێوەیەك ناکرێ و ناگونجێ کەسێك بانگەشەی ئیسلامەتی بکات و نوێژ نەکات وەهەروەها نوێژکردن جیاکەرەوەی نێوان کافر و موسوڵمانە اللّٰه

---

٤٦١) متفق عليه، صحيح البخارى (٣٢٧٠)، صحيح مسلم(٧٧٤). من حديث عبدالله بن مسعود رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **دەفەرموویت:** ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ (الروم:٣١). **واتا: نوێژەکانتان بکەن و لەهاوەڵ پەیدا کەران مەبن.**

وتم: اللّٰه سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **خەڵکی لەوە ئاگادار کردۆتەوە کە نەبنە موشریك و هاوەڵ پەیدا نەکەن و نوێژ بکەن کەواتە نوێژ نەکەر موشریکە بەنەصی ئایەتی قورئان.**

ئیمامی ابن بطة (ت ٣٨٧ هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ **لە کتێبی** ((الإبانة الكبرى)) **دەربارەی ئەو ئایەتە:** ﴿مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ (الروم: ٣١). **دەڵێ:** ((فَجَعَلَ اللَّهُ مَنْ تَرَكَ الصَّلَاةَ مُشْرِكًا خَارِجًا مِنَ الْإِيمَانِ))[٤٦٢] **واتا: اللّٰه** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **ئەو کەسەی کە نوێژ ناکات بەدەرچوو لەئیمان و موشریك داناوە.**

هەروەها رسول اللّٰه صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموێت:** ((إِنَّ بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ تَرْكَ الصَّلَاةِ))[٤٦٣] **واتا: لەنێوان مرۆڤ و هاوەڵ پەیدا کردن بۆ اللّٰه** سُبْحَانَهُوَتَعَالَىٰ **و کوفردا نوێژ نەکردنە.**

نوێژنەکەر لەگەڵ فیرعەون حەشر دەکرێت ! وەك رسول اللّٰه صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **فەرموویەتی:** ((مَنْ حَافَظَ عَلَيْهَا كَانَتْ لَهُ نُورًا وَبُرْهَانًا وَنَجَاةً يَوْمَ

---

٤٦٢) ((الإبانة الكبرى لابن بطة (٧٩٢/٢)).

٤٦٣) أخرجه مسلم (٨٢) من حديث جابر بن عبدالله رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ

الْقِيَامَةِ. وَمَنْ لَمْ يُحَافِظْ عَلَيْهَا لَمْ يَكُنْ لَهُ نُورٌ وَلَا بُرْهَانٌ وَلَا نَجَاةٌ، وَكَانَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَعَ قَارُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَأُبَيِّ بْنِ خَلَفٍ))[٤٦٤] واتا: هەرکەسێك پارێزگاری لە نوێژەکانی بکات، لە ڕۆژی قیامەت بۆی دەبێت بە نورو بەڵگە و نەجات بوون بەدستیەوە، هەرکەسێکیش پارێزگاری لە نوێژەکانی نەکرد و تەرکی کرد، ئەوە لەڕۆژی قیامەت هیچ نور وبەڵگە ونەجات بوونێکی نییە، هەروەها لەگەڵ فیرعەون و هامان و قارون و ئوبەی کوڕی خەلەف حەشر دەکرێت.

((عَنِ الْمِسْوَرِ بْنِ مَخْرَمَةَ، وَعَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسِ بْنِ أَبِي رَبِيعَةَ، قَالَا: لَمَّا طُعِنَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ت٢٣ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ حَمَلْنَاهُ إِلَى بَيْتِهِ فَلَمَّا أَسْفَرَ قُلْنَا: نُهِبُّهُ بِذِكْرِ الصَّلَاةِ فَقُلْنَا لَهُ: الصَّلَاةَ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ فَقَالَ: «نَعَمْ لَا حَظَّ فِي الْإِسْلَامِ لِمَنْ تَرَكَ الصَّلَاةَ))[٤٦٥] واتا: لە میسوەری کوڕی مەخرەمەو عبداللّەی کوڕی عەباسی کوڕی أبی ڕەبیعەوە، وتیان: کاتێک لە ئیمامی عومەر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ درا هەڵمان گرت بردمانەوە بۆ ماڵەکەی، کاتێک سپێدە دەرکەوت و دونیا ڕوناکی کرد، هەڵمان دەستاند بەناوهێنانی نوێژ ،پێمان دەوت: نوێژ ئەی ئەمیری ئیمانداران، فەرمووی: بەڵێ، بەشی نییە لە ئیسلامدا ئەوەی تەرکی نوێژ بکات .

عَبْدُ الله بن مسعود (ت٣٢ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((مَنْ تَرَكَ الصَّلَاةَ فَلَا دِينَ لَهُ))[٤٦٦] واتا: ئەوەی واز لە نوێژ بێنێت دینی نییە.

---

٤٦٤) ((أخرجه أحمد (٦٥٧٦)) عن عبد الله بن عمرو رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٤٦٥) ((تعظيم قدر الصلاة(٣٩٥/٢)).

٤٦٦) ((تعظيم قدر الصلاة(٣٩٨/٢)).

أَبِو الدَّرْدَاءِ (ت٣٢ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەڵێ: ((لا إِيمَانَ لِمَنْ لا صَلاةَ لَهُ))[٤٦٧] واتا: له أبی دەردا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ فەرمووی: ئیمانی نییە ئەو کەسەی نوێژی نییە.

((عَنْ مَعْقِلٍ الْخَثْعَمِيِّ، أَنَّ رَجُلاً، سَأَلَ عَلِيَّ بْنَ أَبِي طَالِبٍ (ت٤٠ هـ) رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنِ امْرَأَةٍ، لَا تُصَلِّي فَقَالَ عَلِيٌّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: مَنْ لَمْ يُصَلِّ فَهُوَ كَافِرٌ))[٤٦٨] واتا: له مەعقیل الخثعمیەوە، وتی: پیاوێک لە عەلی کوڕی أبی طالیبیان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ پرسی دەربارەی ئافرەتێک کەنوێژ نەکات؟ فەرمووی: ئەوەی نوێژ نەکات کافرە.

((عَنِ الْحَسَنِ رَحِمَهُ اللَّهُ ، قَالَ: بَلَغَنِي أَنَّ أَصْحَابَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانُوا يَقُولُونَ: بَيْنَ الْعَبْدِ وَبَيْنَ أَنْ يُشْرِكَ فَيَكْفُرَ أَنْ يَدَعَ الصَّلَاةَ مِنْ غَيْرِ عُذْرٍ))[٤٦٩] واتا: حەسەن بەصری رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێت: پێم گەشتووە کە هاوەڵانی رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیان وت: نێوان بەندە و نێوان ئەوەی کە شیرک بکات و کافر ببێت، ئەوەیە کە واز لە نوێژ بهێنێت بەبێ بیانو.

((عَنْ مُجَاهِدِ بْنِ جَبْرٍ أَبِي الْحَجَّاجِ، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْأَنْصَارِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ صَاحِبِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: قُلْتُ لَهُ: مَا كَانَ يُفَرِّقُ بَيْنَ الْكُفْرِ وَالْإِيمَانِ عِنْدَكُمْ مِنَ الْأَعْمَالِ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ؟ قَالَ: الصَّلَاةُ))[٤٧٠] واتا: مجاهد بن جبر أبي الحجاج رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ، لە جابری کوڕی عبداللە

---

٤٦٧) ((تعظيم قدر الصلاة(٩٠٣/٢)).

٤٦٨) ((تعظيم قدر الصلاة(٣٩٨/٢)).

٤٦٩) ((الإبانة الكبرى لابن بطة(٥٧٣/٢).

٤٧٠) ((تعظيم قدر الصلاة(٣٧٧/٢)).

ئەنصاری رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ هاوەڵی رسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕایەوە، وتی : پێمگوت : واتە : وتم بەجابری کوڕی عبد اللّٰه ئەنساری : چ کردەوەیەک لەلای ئێوە لە کردەوەکان لە سەردەمی رسول اللّٰه دا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێوان کوفر و ئیمانی لە یەکتر جیا دەکردەوە ؟ جابر فەرمووی : نوێژ.

أبو داود السجستاني (ت ٢٧٥ هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ (صاحب السنن) دەڵێ: ((سَمِعْتُ أَحْمَد أَيْ ابن حَنْبَل رَحِمَهُ اللَّهُ يَقُولُ: إِذَا قَالَ الرَّجُلُ: لَا أُصَلِّي فَهُوَ كَافِرٌ))[٤٧١] واتا: أبو داود دەڵێ: گوێم لەئیمامی ئەحمەد بوو دەیگوت: ئەگەر پیاو گوتی من نوێژ ناکەم ئەوە بێباوەڕە.

خوێنەری بەڕێز کۆدەنگی صەحابە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ و تابعین رَحِمَهُمُ اللَّهُ هەیە لەسەر بێباوەڕی نوێژنەکەر؛ ئیمامی ترمذي رَحِمَهُ اللَّهُ لەجامعەکەی باسی دەکات لە عَبْدِ اللَّهِ بْنِ شَقِيقٍ الْعُقَيْلِيِّ (ت ١٠٨هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێ: ((كَانَ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ لَا يَرَوْنَ شَيْئًا مِنَ الْأَعْمَالِ تَرْكُهُ كُفْرٌ غَيْرَ الصَّلَاةِ))[٤٧٢] واتا: صەحابەکانی رسول اللّٰه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ واز لێهێنانی هیچ کردەوەیەکیان بەکوفر نەدەزانی بێجگە لەنوێژ. ئەوەش ئیجماع و کۆدەنگی صەحابەیە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ. ئیمامی ئەحمەد (ت٢٤١هـ) رَحِمَهُ اللَّهُ دەڵێ: ((الْإِجْمَاع إِجْمَاعُ الصَحَابَةِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ، وَمَنْ بَعْدَهُمْ تَبَعٌ لَهُمْ)) واتا: کۆدەنگ کۆدەنگی صەحابەیە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ ئەوانەی دوای ئەوان شوێنکەوتەی صەحابەن.

---

٤٧١) ((مسائل أحمد رواية أبي داود ((١٧٦١)).

٤٧٢) أخرجه الترمذي في ((جامعه))، ومحمد بن نصر المروزي في ((تعظيم قدر الصلاة)) (٩٤٨).

بەهەمان شێوە کۆدەنگی تابعینیشی لەسەرە؛ أَيُّوب بن أبي تَمِيمَة السُّخْتِيَانِي (ت١٣١هـ) رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەڵێ: ((تَرْكُ الصَّلاةِ كُفْرٌ لا نَخْتَلِفُ فِيهِ))[٤٧٣] واتا: نوێژنەکردن کوفرەو ڕاجیاییمان نییە تێیدا.

٤٧٣) ((تعظيم قدر الصلاة (٩٧٨)).

ناوەرۆك	لاپەڕ
پێشەکی (م. نیاز علی شوانی)	٤
پێشەکی (نوسەر)	٨
فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لەسەر تەوحیدی بەندەکان	٣٧
شەیتان خەڵکی فێرە سیحرو جادو دەکات	٢١٦
شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات خەڵکی بەناحەق بکوژرێت	٢٢٣
شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات خەڵکی ڕیبا بخۆن	٢٢٨
شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات پشت هەڵکەی لەجەنگدا	٢٣١
شەیتان دەیەوێت بەندەکان کوفر بەطاغوت نەکەن	٢٣٤
شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات خەڵکی توشی هەڵگەڕانەوە بکات لەدین	٢٥٢
شەیتان هەوڵی گومڕاکردنی خەڵکی دەدات بەوەی دروستکراوی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بگۆڕن	٣١١
شەیتان بەڵێنی پوچ بەئادەمیزاد دەدات	٣١٣
شەیتان ئەیەوێ دژایەتی بخاتە ناوموسوڵمانان و بێ ئاگایان بکات لەزیکری اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بەهۆی عەرەق خواردنەوەو قومار کردن	٣١٥
شەیتان زیکرو یادی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ لەبیر بەندەکان دەباتەوە	٣٢٠
شەیتان هەوڵدەدات حەرامکراوەکان بە مرۆڤ بخوات	٣٤١
شەیتان دەیەوێت کوفر بەئایەتەکانی اللّه سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ بکەی	٣٥٤
شەیتان دەیەوێت موسوڵمانان هان بدات بۆ دڵتەنگکردنی یەکتری.	٣٥٩
شەیتان هەوڵی ئەوە دەدات خەڵکی بەدرەوشت و خراپەکار بن	٣٦١
فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لەسەر گومڕاکردنی ژناکان	٣٦٥
فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لەترساندنی بەندەکان	٣٧٨
شەیتان ئینسان توشی لەبیرچونەوە دەکات	٣٨١
شەیتان تاوان بۆ ئینسان دەڕازێنێتەوە پاشان خۆی لێیان بەریدەکات	٣٨٤
فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لەتێکدانی عیبادەتی بەندەکان	٣٨٧
فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لەدزینی نوێژی بەندەکان	٣٩٠
شەیتان وا لەمرۆڤ دەکات نوێژ نەکات	٣٩٣
فەهرست	٤٠٠